# دەقنامە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# دەقنامە

**محەمەدعەلی قەرەداغی**
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

بەرگی یەکەم

ناوی کتێب: دەقنامە – بەیت و هۆنراوە کوردییەکان – بەرگی یەکەم
دانانی: محەمەدعەلی قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٠١
پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: بەسۆز هیمداد
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
بەرگ: ئاراس ئەکرەم
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٦٩ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# پێشەکی

لەمەوبەر چەند مامۆستای بیانی و کورد هەوڵی کۆکردنەوەی تێکستی کوردییان داوەو لەم بوارەدا شوێندەستیان دیارە و، پلەی پێشەنگی و پێشقافڵەیی بە دەستهێنان و فەراهەمکردنی سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەب و زمانی کوردییان پێ بڕاوە،(۱) بەندەیش شەرەفی ئەوەم هەیە لاسایی ئەوانەم کردووەتەوەو، شوێنپێیانم هەڵگرتووە، شانم داوەتە ژێر سووچێکی ئەو ئەرکە پیرۆزەو، لە ماوەی کارکردنم لە بواری کۆکردنەوەی کەلەپووردا چەند دەقێکی دەست پێ نەگەیشتووی پێش خۆمم خستووەتە ریزی ئەو کارانەی پێش من ئەنجامدراون و، ڕۆڵێکیان لە دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەی مێژووی ئەدەب و زمانی کوردیدا بووەو، تا ئەندازێك لەو لێکۆڵینەوە و باسانەدا لەسەر زمانی کوردیی نووسراون – بە شیعر و پەخشانەوە– ڕەنگیان داوەتەوە.

بەڵام بەری هەوڵەکانم پەڕاگەندەو لە هەندێ شوێندا دوورە دەستن و، هەندێکیشیان–

---

(۱) بڕوانە:

أ– تێکستی کوردی، کۆکردنەوەو بلاوکردنەوەی ئەلبێرت فۆن لۆکۆك. پێشەکی و لە چاپدانەوەی نەجاتی عەبدوڵڵا. دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چاپی یەکەم، ۲۰۰۷.

ب– تحفەی مظفریە بە زمانی کوردی موکریی، کرداری ئۆسکارمان، بەرلین ۱۹۰۵. پێشەکی و ساخکردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردی، هێمن موکریانی. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ۱۹۷۵.

ج– گەنجینەی بەیتی کوردی، سەرجەمی بەرهەمەکانی قادر فەتاحی قازی. چاپی یەکەم، هەولێر، ۲۰۰۷، دەزگای ئاراس.

د– گەنجی سەربەمۆر، ئەحمەدی بەحری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ۲۰۰۰.

ئەوانەیان بڵاوکراونەتەوە– بە ژمارەی کەم، کاتی خۆی، چاپ بوون و، ئێستە نوسخەیان دەگمەنەو، دەست لێکۆڵەرەوان و پسپۆڕان ناکەون. جگە لە بڵاوکراوەکانیش چەند دەقی بڵاونەکراوەی شیاوی بڵاوکردنەوەم دەست کەوتووە، وەك دەقە بڵاوکراوەکانیش لە سەردەمی بڵاوکردنەوەیاندا دەقی کەم و تاقانەیانم لە دەستدا بوو، دواتر نوسخەی باش و پوخت و جێگەی متمانەی زیاترم دەست کەوت.

ئەمانەو هۆگەلی دیکەو، بۆ ئەوەیش بە لێکۆڵینەوەی ڕەساترەوە دەقەکان بڵاو بکرێنەوە... وام بە باش زانی ئەم بەشەی بەردەستتان وەك (بەرگی یەکەمی) (دەقنامەی کوردی) بڵاو بکەمەوە، ئەگەر تەمەنیش بە بەریەوە بوو ئەوانەی لە لام ماون و ئەوانەیش لەمەولا بە یارمەتیی خوداو، بە هەوڵ و کۆششی کەلەپوور دۆستان دەست دەکەون، لە بەرگێك، یان لە بەرگانێکی دیکەدا، بڵاو بکەمەوە، خۆ ئەگەر بۆ منیش نەلوا، یان مەرگ مۆڵەتی نەدا، ئەوە ڕێگە لە بەردەمی شارەزایاندا ئاوەڵەیەو، دەکرێ ئەوەی من بۆم نەلواوە و پێم نەکراوە ئەوان ئەنجامی بدەن.

ئەم تێکستانەی ئێرە پەخشان و شیعرن. منیش بەو شێوە دەیانکەم بە دوو بەش و، بەپێی کۆنی و مێژووی دانان و نووسینەوەیان – ئەگەر زانرا– دابەشیان دەکەم.

بەو پێیە ئەم بەرگە ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتووە:

**بەشی یەکەم**

١– مەهدی نامە

٢– تذكرة العوام

٣– وەفاتنامەی پێغەمبەر (د.خ)

٤– بەیتی حسەین

٥– بەیتی شێخ جافر

٦– صەلەواتنامەی ئەحمەد

٧– کۆتایی صەلەواتنامەیەکی دی

٨– دەقێك لە هۆنراوەی صەلەوات

٩– بەیتی خالید پاشا

١٠– بەیتی میر یەحیا

١١– بەیتی دەروێش مصطەفا

١٢– بيت الحشر


## بەشی دووەم

### پەخشانی کوردی


١- عەقیدەی کوردی سەید طاهای شەمزینی

٢- عەقیدەی مەولەویی بە پەخشانی کوردی


٣- عەقیدەی کوردی عەبدولعەزیزی بەردەڕەشی بانەیی.



دەستخەتی عەقیدەی مەولەوی





سەرەتای دەستخەتی مەهدی نامە




هر حرکت شمل مخلوقات لە ازل دا لە نزیک اون معلومن لە لای خدای
عالم لە ازل تا آخر هرچە واقع ببی دبی مرا نین او نزیک پێسینه یکو معلومە
لە لای خدا اگر ف لی علاقه خدایه مخلوق سببه بو عملی اختیاری هرگه
اگر سببه لبوسوتانی و لی خدا الخیر راضیه و بشتر نا راضیه لە گەڵ ارادة
خواهش گهرەکیان تعلق هیه اما چونکه عبد جزء اختیاری هیه دبی
جزا و سزای عمل چاک خراپ ببرینوه یا بخوب اگر چاکه بی یا بعدا
خراپه بی والسلام


سەرەتای مەهدی نامە (نوسخەی محمد عبدالقادر)


والٓ ظهور دين الاسلام وكماله ونضته على ساير الاديان و
نسخه لها بالتمام ودوامه الى اخر الايام والٓ خلافة الخلفاء
الاربعة بعد النبي عليه الصلوة والسلام والٓ بعض علامات اخر
الزمان من السفياني والمهدي والدجال ونزول عيسى عليه السلام
وخروج ياجوج وماجوج ودابة الارض ورجوع الشمس والقمر
من المغرب الى جانب المشرق بعد غروبهما من الغروب والٓ النفختين
ومدة بينهما والٓ بعض اهوال القيمة واحوال الحشر والٓ بعض اوصاف
جهنم وبعض الصراط والمرور عليه والٓ بعض اوصاف الجنة وما فيها من
الحور والقصور والخيام والنسوان والغلمان والاشجار والثمار
والانهار والٓ احوال اهل الجنة من الحسن والجمال وساير الصفات
والٓ النعماء واللذات وحصول ما يتصور بالخيال نظمتها باللسان


سەرەتای (تذكرە العوام) دەستخەتی (محمد عبدالقادر)




دەستخەتی وەفاتنامە




دەستخەتی وەفاتنامە




**دەستخەتی بەیتی شێخ جافر**



صەلەوات نامەی ئەحمەد




صەلەوات نامەی ئەحمەد



دەستخەتی بەیتی میر یەحیا



دەستخەتی بەیتی میر یەحیا



بەیتی حسەین

بسم الله الرحمن الرحيم ۰ هرچه کسی عاقلا ابما مکا کاملا یک جهتو یکتا بیر
بیک شناسی یکدین بنی خلیل الله سما بقاین بن لا احب الآفلین ببی بو جهتو
وجهیا بناسی ابدبا خدی یکو دو نیا او خالق صمدا ارادة کو دلا ببدا ا
خلقاندی محمدا محمد امینا خاتم نبینا سید المرسلین رسول ثقلینیا نه وقاب
قوسینا غازی بیر وحتینا خالق او کرده کو رنادی برد بو پیغمبر قرآن تهاردک
نها رده کر ببغنا او کلاما مبینا دکنار ربعینا دسالا اربعین بو امام متقین و
بونبوت ببقینی بو قرآن حتو ببغنا صفقنا ادنیا تبدا منسوخ کو دینا بو
او خالق بینا دا آیه کر دمبینا دما علی الرسول الا البلاغ المبین او خالقی ع
رفعتی نازل کرد بو آیه کل نفس ذائقة الموت بما قول مبنی غوده هنک یکتینی
نیرو دبر کو کر مبتی او حالکی بطمطراق بهنا کو که مشتاق کلا اذا بلغت
التراقی وقیل من راق نازل دبن ناکهان قطنا مینی جبر فرمان وحسرو
بنمان درمان لبوی نیا تقدیرا ازلیا لبذ درد جیا لحوان بهی او عاقب
یک بیک تابی جماعت حتی تنین هرایب بهمان حصوصا ام آخرنی اعیوی
نافکر بکم دزنی زود رنی لفولی خنعجف وقرآن مطلقا فاذا نفخ فی
الصور فصعقا وخالقی بی علیا وکرد قولی قدیما ان زلزلة الساعة
لشيء عظيما نکوه دمنبی ز نجا راتیب وحین قعر ود برارا وزن لهی باهری
حیبارا او انشد قونا القول کیتبنا مبذرکی قاعا صفا صفا لا ترای فیها عوجا
ولا امتا جبل ئشابانزمار الفول دبدزظهار المنی الملاك الیوم لله الواحد القهار



نظمم دا قول صحیح بلفظ کردی نا فصیح　بو منصفان لا الکشن صحیح بو انتفاع عامته

منم محمد دل ریش حالم وکو حال درویش

پردە عثمان دایم لیش لبر خوف عاقبت

تمت المهدی نامه لابن الحاج

ابن الحاج حسن القراء

بیت الحشر شوقه رست مشهور بعبا زاده است

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الغنی تعالی لە نقص شر کتن　موجد لبو ارض سماحتە ابدا اقدرتە

حتە ابد قادر اوه رازق لبو ذیروح اوه　محیی الممات آخر اوه راحم لە قبر و ظلمتە

راحم لبو پیر و جوان وقتیکه نزع آید بوان　قاصد لبو روح روان نازل ببام هیبتە

نازل بوسر جسم دبی بی صبر و بی طاقت دبی　جسم شبیه مهمل دبی فریاد لبراو زحمتە

فریاد لبر او حر دنی روحم دکاتە کر دنی　قطع دکن لە ام دنی حتە دچینه مشییتە

حتە دچی روحی اسیر مطروح دبی جسم حقیر　فریاد کن قوم عشیر هممو دکیشن کربتە

مجموع هممو طیار دکن قبر لە سنگ خار دکن　سقف بدن احجار دکن واحد لقبر و حفرتە

واحد لە من بخلل شوقی لە روحی وگل　زبان دبیتن بیحل حاضر لبو کتابتە

حاضر لبو کرز جلیل قابل لبو مرد ذلیل　اکتب عمل جرم جمیل مشغول الحال و حضرتە

مشغول الحال حوی دبی اصبع قلم مداد دبی　ریق کفن کتب دبی مختوم بمور طغرتە

مختوم دبی کفن تنش مغلول دبی دوری دنش　نه خواب خور نه خور دنش حتە کورو قیامتە

حتی کو نکر دبیته خوار کالرعد فصل البهار مثل ابر بهار　فارق لبو قبر و دیوار داخل ببام هیبتە

داخل

سەرەتای دەستخەتی بیت الحشر

بفضلِ فیضِ عمیم بحق حبیبِ مختار ـ لە بهشتم بکات مقیم عفوم بکا ئن کجار

من زور وکم رجاتە لوکسە بیت بحی ـ لە حمد لە ثناتە لە خیران سرنە بیجی

بدل بکا دعاتە بو ملا محمد سیوجی

بخته بهیب ۱۳۱۲ سنه


هذا رسالە عقیدە کردیە نثر از کلام سید طە شمزینی رحمه الله که برای تعلیم عوام انشا نموده

بسم الله الرحمن الرحیم

ای برادر دینی بزانە رکنِ اسلامی پینجن لە سر هموو مسلمانان واجبە بیان زانین
عملی پی بکەن رکنِ اول کلیمە شهادتینە بمعنا وه اشهد امن شاهدی یقین
ودوم بدل تلفظ دکم بزبان بە اختیار ان لا اله که نین هیچ معبودی که لایق
پرستنی بی الا الله الا ذاتِ پاکِ بی مثل بی که نحن سرگردانن لە فکر او بدا هموو مخلوقات
ناوِ الله یە معبودیکە بحقە هر او وجودی خوی بخو بی خالق حاکم هموانە هموو
عالم محتاج بویە او احتیاجی بکس نیە فاعلیکِ مختارە بی جیکە ومکانە لە هموو
جیکی حاضرە لبو انسانِ لە روح نزیکترە لە ذاتِ خدا ئەمن هموو صفاتِ کمال
لە صفاتِ خدادا کو نیان قدیمن حیاتە وقدرتە وعلم واراده وبیستنە و
بینینە وتکلم ام صفاتانە قدیمن لە ذاتِ خدا جدا نابن خدا پاکە لە هموو عیب و
نقصان و اشهد امن شاهدی ددم ان محمداً بحقت وبە محمد صلى الله علیه وسلم
ادمیە عربیە قریشیە هاشمیە رومت ظریفە زور ناسک لطیفە بروی تراکشاوه
چاوی رشە نوچاوانِ بازە رنگِ سور و سپیە صورتِ مبارکِ وکو اد بینه

بلغاف

**سەرەتای عەقیدەی کوردی شێخ طاهای شەمزینی**



بهشتی لی دبڕنوه وچنه سر حوض کوثری جهنمی لی هلدخلیسکین دکونه ناو جهنمێ
شفاعت دکن بو گناهکاران گوره وبچوک مسلمانان پیغمبران اولیا ان
مشائخ صلحا وعلما کسی مسلمان بی نامینی به ابدی له جهنم دا نامانن بعصیان
کسی وکو کهدارد چنین سیدی پیش رو جهنم حوت طبقن ایسته له
ژیر حوت طبقه ارض دایه بهشت هشتن وان له ژور آسمان حوت تمین
دکن ششم باور کردنه بیعین که خیر وشر بدست قدرت خدان هموحرکات
علم مخلوقات لازلا نوسیا نه ان معلوم ن لای خدای عالم له اول تا آخر
هرچه واقع بی دبی موافق او نوسینه یه کو امعلومه له لای خدا که خالق
عملان خدایه مخلوق سببه بو عمل و اختیار هروک اگر سببه لبو سوتانه
ولی خدا بخیر راضیه وبشر نا راضیه اگرچه اراده وخواهش خدا
بهردوکیان تعلق هیه اما چونکه عبد جزء اختیار هیه
دبی جزا وسزای عمل چاک وخراب بدری پیوه
یا بثواب اگر چاکه بی یا بعذاب اگر
خراب بی والسلام من اتبع
الهدی ١٣١٦
تمت
حرره
ف
معروف

**کۆتایی عەقیدەی شێخ طاهای شەمزینی**

## وتەیەکیش لەسەر دەستخەتی کوردی

وەك لەتەك ئەوەدا نەبووم– و لەتەکیشیدا نیم– کە سەرەتای شیعرنووسین بە شێوەی کرمانجی خواروو لە نالییەوە دەستی پێکردبێت، لە تەك ئەوەیشدا نیم کە مام هێمن لۆمەو سەرزەنشتی مەلا و فەقێیانی کۆن دەکات کە نرخی هونەریان نەزانیوە و لەو ڕووەوە نووسیویە:

«ئەگەر مەلاو فەقێیەکانی زوومان نرخی هونەریان زانیبا و لەباتی سوڵتان جومجومەو ئیسماعیل نامە هەر یەکێ بەیتێك، لاوکێك، حەیرانێك و گەلۆیەکیان نووسیباوە، ئێستا کار لە جێیەکی دیکە دەبوو سامانی نەتەوایەتیمان دەگەیشتە پلەیەکی ترو فەرهەنگێکی دەوڵەمەندتر و گەورەترمان پێکەوە دەنا»(٢) چونکە، هەرچەند ڕەنگە مامۆستایانمان بایەخی زۆریان بە بەیت و باوی کۆمەڵایەتی لە بابەتی ئایینی کەمتر دابێت، فەقێ و مەلایان هەڵگری پەیامی ڕۆشنبیری بوون و، هەرچی ئەوان نەیاننووسیبێتەوە یان کۆیان نەکردبێتەوە کێی دی بووە ئەو کارەی ئەنجام دابێت؟ بەڵام قسەکە ئەوەیە: ئایا ئەوان هەرچییان نووسیوە و کۆیان کردوەتەوە هەمووی ماوەو پارێزراوەو لە دەستدایە تا بەو جۆرە حوکم بەسەر مەلاو فەقێیاندا بدەین؟ هیچ گومان لەوەدا نییە، نەك هەمووی، بەشی زۆر کەمی بەری ڕەنجی مەلاو فەقێیانی کۆنمان لە دەستدا نییەو ئەو ڕەنجەی ئەوان داویانە بەزۆریی تێداچووە و نەپارێزراوە، خۆ ئەگەر چەند کەسێکیان بەختیان یار بوایەت شوێنەوارەکانیان مابوایەت ئێستە وەڵامی بەهێزتری وتەکەی مام هێمنمان پێدەبوو، بەڵام هەرچۆن هەیە ئەم دەستخەتە شڕو نیوە ناتەواوەی سەعید عەبدوڵڵا موکری لە لای خۆیەوە بە مام هێمن دەڵێت: زۆر پەلە مەکە و تا باش نەگەڕێیت حوکمی بێ بناغە بەسەر سەربازانی ناو ونی کاروانی ڕۆشنبیریی کوردیدا مەدە.

دەستخەتی سەعید عەبدوڵڵا موکری یەکێکە لە دەیان دەستخەتی نەوازەی کوردی کە کاتی خۆی دڵسۆزان و خەمخۆرانی کەلەپووری کوردی وەك باربوو پێشکەشی کۆڕی زانیاری کوردیان کردبوو، بەڵام لەوێ خەمخۆریان نەبوو و بەشی هەرەزۆریان مۆرانە خواردنی. خۆشبەختانە من توانیم ئەو کاتە– زیاتر لە ٣٠ سی ساڵ لەمەوبەر– وێنەی ئەم دانەیانم گرتەووە و ڕزگارم کرد.

(٢) بڕوانە: تحفەی مظفریە، بەرگی یەکەم، ل: ٩.

هەر ئەو کاتەی مام هێمن ئەوەی نووسیوەو لە کۆڕ بۆیان چاپ کردووە، ئەگەر سەرێکی لە بەشی دەستخەتی کتێبخانەی کۆڕی زانیاری کورد بدایەت ڕەنگبوو چەندین دەستخەتی کوردی دیباو، دەستی ڕێزی بۆ خاوەنەکانیان بە سنگەوە گرتباو، بەو شێوەیش باسی مەلا و فەقێی نەکردبا.

لەم بارەوە زۆرم پێیەو لێرەدا جێگەی نابێتەوە و، وتارێکی درێژم بە ناونیشانی (شیوەنێك بۆ کۆڕی زانیاری کورد) نووسیوە، لەوێدا هەندێ لایەنی تێداچوونی سامانی کەلەپووری کوردیم ڕوون کردوەتەوە.

## باسێکی دەستخەتی بەشێك لەم دەقانە

لە پێشەکی چاپی یەکەمی ( تذکرة العوام)دا باسی دەستخەتی ژمارە (٤٤٨)ی کۆڕی زانیاریم بە کورتی کرد، بەڵام ئێستە کە کار بۆ چەند دانە لەو دەقانەی ناو دەستخەتەکە دەکەم، وا باشە هەندێك بە درێژی لەسەر ناوەرۆکی ئەو دەستخەتە بنووسم.

ئەم دەستخەتە لە سەردەمی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورددا لە لایەنی مامۆستا مەلا محەمەد عەبدوڵڵای سکتانیی پێشنوێژی گوندی (جەلی)یەوە بە دیاریی پێشکەشی کۆڕی زانیاریی کورد کراوە. دواتر لەتەك (٦٣٠) دەستخەتی کۆڕی زانیاریدا گوێزراوەتە بۆ (دار المخطوطات العراقیة) و ئێستە لەوێ پارێزراوە.

ئەو کاتە کە خەریکی لێکۆڵینەوەی (تذکرة العوام) بووم وێنەی ئەو دەستخەتەیشم گرتەوەو لای خۆم پاراستوومە.

دەستخەتەکە ئەم دانراوانەی تێدایە:

١- لاپەڕەیەکی کۆتایی نامیلکەیەکی صەلەوات بە زمانی کوردی.

٢- مەهدی نامە، ئەمەیش یەك لاپەڕەی لە سەرەتاوە هەیە.

٣- لە پەڕەی دووەمدا نوسخەیەکی (تذکرة العوام) دەست پێدەکات بەڵام سەرەتاکەی ناتەواوەو، بە:

بۆ نووری پەیغەمبەری
لەجوملە و مەکانەتی

دەست پێدەکات. لە پەڕەی (١٣) دا تەواو دەبێت. مێژووی ڕۆژی سێ شەمەی ١٦ی ڕەمەزانی ١١٩٩ك ی پێوەیە. ناوی نووسەرەوە دیار نییە، بەڵام پێدەچێت هەر مامۆستا سەعیدی کوڕی عەبدوڵڵای موکریی نووسیبێتییەوە.

لەو پەڕەو پەڕەی دواییدا وێنەی گوڵ و کەشتی و شتی وای کردووە.

٤- لە پەڕە (١٧)دا بەیتی (میر یەحیا) بە ناتەواوی دەست پێدەکات بە خەتێکی ورد و بێ سەرو بۆر نووسراوە. ئەمیش هەر خەتی مامۆستا سەعیدە. دوو لاپەڕەو نیوە. بەڵام لاپەڕەکانی بەخەتێکی وردو، لاپەڕەی (١٦) دێڕی تێدایە.

٥- لە پەڕەی (١٨)دا نامیلکەیەکی صەلەوات هەیە، لە کۆتاییدا ناوی ئەحمەدی تێدایە، دوور نییە دانراوی ئەحمەدی کۆر بێت.

لە کۆتایی ئەوەوە ناوی چەند گژوگیاو دەرمانی پزیشکی نووسراوە.

٦- لـه پـەڕەی (١٩)دا بـەیـتـی شێخ جـافـر دێت و، تـا پـەڕەی (٢٢) دەڕوات و، لـەوێدا دەبڕێتەوە، بەڵام نیشانەی تەواو بوونی پێوە دیار نییە.

٧- لە پەڕەی (٢٢)دا (مەهدی نامە) دەست پێدەكات بەڵام هەر یەك لاپەڕەیەو دوای ئەوە بچڕان و ناوبڕ هەیە.

لەو ناوبڕەدا جارێكی دی مەهدی نامەو شیعری خانای قوبادی و چەند بابەتی دی نووسراوە، حسەینی گڕگاشەیی ساڵی ١٣٣٤ نووسیویەتیەوە.

٨- دوای ئەو ناوبڕە هۆنراوەیەك دێت باسی بەسەرهاتی كۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) دەكات، ناوی كەسی بەسەرەوە نییەو، ناویش بۆ هۆنراوەكە دانەنراوە، بەڵام من ناوی (وەفاتنامە)م بۆ دانا. ئەمیش (١٢) پەڕەیە واتە (٢٤) لاپەڕە.

٩- لە پەڕەی (١٣)دا باسی نوێژی جەنازە لەسەر پێغەمبەر (د.خ) و باسی قەبر و ئەنەس و ئەموستیلەو... دەكا، تا كۆتایی لاپەڕەكە. بێ ئەوەی تەواوبوون دیار بێت بچڕان ڕوو دەدات.

لە لاپەڕەی دوای ئەوەدا پارچەیەك شیعر دێت ناوی شێخ عەلی تێدایە، لەوە دەچێت شیعری عەلی حەریری بێت، ئەمەیش دوو لاپەڕە دەخایەنێت.

١٠- بێ سەرەتایەكی دیار، دوای ئەوانە، سەرەتای بابەتێك دێت بە (دلۆ رابە! دلۆ رابە! مەبە غافڵ لە جەببارە) دەست پێدەكات ئەمەیش چوار لاپەڕە دەخایەنێت، بە خەتێكی ورد و بابەتێكی ئایینی بە شیعرو بەیتی كوردی.

ئەمە لە كۆتاییەوە دیارە كە دانەرەكەی (حسین)ی ناوە، بەڵام لەوە زیاتری لێ نازانرێت و، نازانین حسەینەكە كێیە، كۆتاییەكەی ئاوا هێناوە:

**بـە نـاوی خـۆت ئـەی غـەفـوورکـەی**
**بـە سەیـیـدی صاحـیب نـوورکـەی**
**بـە ئـاسانین ژە عـویـوورکـەی**
**دەگـەڵ هـەرچـە بـراو یـارا**
**بەفـەضلی هـەردوو شەیـخـەین کەی**
**بـە عـەلـی بـە ذیـنـنـوورەیـن کـەی**
**تـە غـوفـران ژە (حسەیـن) کـەی**
**دەگـەڵ جـەمـاتـی گـوێدارا**

***

تمت الكاتب سعيد بن عبدالله موكرى...

١١- دوای ئەمە سەرەتای بەیتی میر یەحیا دێت، دیارە یان هەر دەستخەتەکە شێواوە، یان لە کاتی (إستنساخ)دا تێکچووە بەسەر یەکدا.

# بەشی یەکەم

# مەهدی نامە

دانراوی

مەلا محەمەدی ئیبنولحاج

## پێشەکیی چاپی دووەم

لە دوای دەرچوونی چاپی یەکەمی (مەهدی نامە)وە تا ئێستە گەلێ زانیاریی تازە لەسەر ئەم ماموستایە دۆزراونەتەوە، خۆشبەختانە بەرهەمەکانیشی بوون بە کەرەستە و مادەی چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و، چەندین قوتابیی زرنگ و بە ئەمەکی کورد– و عەرەبیش– بە شوێن بەرهەم و شوێنەوارو دانراویدا گەڕاون و، چەند دانە لە کتێبەکانی بوونەتە باسی بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆرا و، بەردەوامیش قوتابیانی دی لەسەر ئەم ڕێبازە دەڕۆن و، ئومێدەوارین ئەو کۆششە گەرم و دڵسۆزانانە لە بەرەو پێشچووندابن تا سووچێکی قەرزی ئەم ماموستا و ماموستایانی دیکەمان بدرێتەوەو، لە ڕێگەی بەرهەمی ئەم ماموستایانەوە ئێمەیش ببین بە خاوەنی شارستانیەتێکی دیارو ناسراوی وەها لەڕوومان بێت لە ناو گەلانی خاوەن شارستانیەتدا شانازیی بە خۆیان و بەرهەمیانەوە بکەین.

جێگەی خۆیەتی لەسەرەتای ئەم چاپە نوێی (مەهدی نامە)دا گەشت و گێڵێك بە ناو ئەو بابەتە تازە زانراوانەدا بکەین و پوختەکەیان لەم پێشەکییە کورتەدا بخەینە ڕوو:

**ناو و ڕشتەی باو باپیری**

ئەوەندەی بە دروستیی زانراوە ئەوەیە ناوی (محەمەدی کوڕی حاجی حەسەن)ە.

**شوێنی لە دایکبوونی**

ماموستا ئیبنولحاج لە گوندی سینجوێی سەر بە ئالانی کوردستانی ئێران لە دایك بووە، ساڵی لە دایکبوونی نەزانراوە. هەرچی لەم ڕووەوە دەگوترێ تەخمین و دەمبڕە. یەکێك لەو بۆچوونانە ئەوەیە کە لە دەوروبەری ساڵانی (١١١٠– ١١١٥)ی کۆچیدا لە دایك بوویێت، بەڵام بەڵگەیەك لەسەر ئەم بۆچوونە لە دەستدا نییەو، دەبێ چاوەڕوان بین بەڵکو لە پەناو پەراوێزی دەستخەتەکاندا شتی باوەڕپێکراو بدۆزرێتەوە.

لێرەدا دەبێ بەسەر ئەوەدا نەڕۆم کە خوالێخۆشبوو شێخ ڕەئووفی نەقشبەندیی لە پێشەکیی کتێبی (رفع الخفا في شرح ذات الشفا) ی ئەم ماموستادا کۆمەڵێ قسەی کردبوو، هەندێکیان لە بارەی لە دایکبوونی و ژیانی و دانراوەکانی و کۆچی دواییەوە.

ئەو قسانە لەو دەمبڕانە بوون کە لە عاستی ڕاستیی و بەڵگەی بەسەرچاوەدا خۆیان ناگرن و خۆیان نەگرت و هەرەسیان هێنا[١].

هەر لەو قسانەیدا کە کردبوونی نووسیبووی (مەهدی نامە) دانراوی ئیبنولحاج نییەو، دانراوی ئاقا بەهائوڵڵا میرزا حسەنیعەلی نوورییە. بەڵام ئەم قسەیشی وەك قسەکانی تری بێ بناغە بوو، بە درێژیی بە بەڵگەوە وەڵامیم دایەوە و، ڕوونترین بەڵگەیش کە زۆر بە کورتیی لێرەدا بیهێنمەوە ئەوەیە: نوسخەی وەهای (مەهدی نامە)م لەلایە مێژووی نووسینەوەکەی پێش لە دایکبوونی باپیری بەهائوڵڵایە[٢]. لەبارەی ژیانی مامۆستا ئیبنولحاجەوە شتێکی پشت بە سەرچاوە بەستوو لەدەستدا نییە. ئەوەندە ڕوونە کە لە کوردستانی ئێرانەوە هاتووە بەم دیودا، ئەوەیش ئاشکرا نییە سەرەتا لە کوێ بووە. من وەك گومانێك بە دووری نازانم سەرەتا لە قەڵاچوالانی پایتەختی ئیمارەتی بابان دانیشتبێت؛ چونکە ئەو شوێنە دیاریترین خوێندنگای ئەو سەردەمەی ناوچەی سلێمانی بووەو، مامۆستا ئیبنولحاجیش شیاوی ئەوە بووە لەوێدا مامۆستا بێت، بەڵام چۆن چووەتە هەزار مێردو، کەی چووەو، چەند لەوێ ماوەتەوە و، ئایا لە شوێنی دیکە بووە یان نا؟ ئەمانەیش بە ڕوونیی نازانرێن و دەبێ چاوەڕوانی بین. ئەوەی کە لە دەستخەتەکان وەردەگیرێت ئەوە دەردەخات کە ماوەیەك لە شاری موصڵ[٣] بووەو ئەوەیش لە مێژووی (١١٧٨ك) دا بووەو، دوای ئەوە چووە بۆ سەفەری حەجی ماڵی خودا، ئیتر لەو سەفەرەدا

---

(١) بڕوانە: كتاب رفع الخفا شرح ذات الشفا، تأليف الشيخ العلامة محمد أبن الحاج حسن الآلاني الكردي، تحقيق حمدي عبدالمجيد السلفي، صابر محمد سعد الله الزيباري. ( لەتەك پێشەکییەکی فارسیدا نووسراوی شێخ عبدالرؤف نقشبندی) نشر إحسان، تهران، ( بێ ساڵی چاپ).

(٢) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ( ومیض) بەغداد، ل: ٣١١

هەروەها سەرچاوەی پێشوو. بەرگی سێیەم، چاپخانەی (شركة الخنساء) ل: ٦٣.

(٣) ئەم مامۆستا یەکەم مامۆستای کوردنییە لە شاری موصڵدا بووە- مەبەستم ئەوە نییە کە شاری موصڵ لە کۆندا زۆرینەی کورد نەبووە- بەڵکو بە پێوەری (ماسیی لە شیوەکۆڵەدا بە نەهەنگ نابێ) گەلێ لە مامۆستا ناودارو هەڵکەوتووەکانمان لە زادگاکانی خۆیان- کە بە زۆریی کوێرە دێ بوون- ترازاون، کەمێك ژیانیان زانراوە و ناوی نەمرییان لەسەر لاپەڕەکانی مێژووی زانایان با لە مەودایەکی تەسکیشدا بێت پێ بڕراوە.

دەتوانین ناوی گەلێ لەو مامۆستایانە بدۆزینەوە کە چوونەتە موصڵ و بەشێکیان بۆ هەتاهەتایی لەوێ ماونەتەوەو، بەشێکیشیان پاش ماوەیەك – لەبەر هەر هۆیەك- ئەوێیان بەجێ هێشتووە. =

چەندی پێ چووەو کوێ و کوێ گەڕاوەو، لە ڕێگەدا چەند زانای دیوەو، ئیجازەی بە چەندیان داوەو، ئیجازەی لە چەندیان وەرگرتووە[٤] ... ئەمانەیش لەوانەن کە ڕوون نین و دوور نییە لەمەولا زانیاریی لە بارەیانەوە بدۆزرێتەوە.

ئەوەیش کە ڕوونە ئیبنولحاج لە کۆتایی ژیانیدا گوندی هەزار مێردی بە جێهێشتووەو چووەتە گوندی زەنتای نزیکی عەقرەو تا دوا هەناسەی ژیانی لەوێ بووە و، وەك فەقێیەك لە کۆتایی نوسخەیەکی (رفع الخفا)ی ئیبنولحاجەوە نووسیویە مامۆستا ئیبنولحاج ساڵی (١١٨٩ك) لە گوندی ناوبراو ماڵئاوایی لە جیهان کردووە و گیانی پیرۆزی گەڕاوەتەوە بۆ لای پەروەردگاری خۆی[٥].

---

= یەکێکی دی لەوانە کە من باسم لەو بارەوە نەدیوە مامۆستا شێخ محەمەد سەلیمی ئەردەڵانییە، کە ماوەیەك لەدەوروبەری ساڵی ١١٨١ك دا لە موصڵ لە مزگەوتی (علي العمري) مامۆستا بووەو، جێگەی ڕێزی زانایان و تێکڕای خەڵك بووە، تەنانەت لە بارەیەوە وتراوە:

لقد ذلت له سبل المعانی

وفاق الخلق طرا بالبیان

( ئەمە لە کۆتایی دەستخەتی (٣٢٧٣٣ د.ع)ەوە نووسراوە.)

جگە لەم مامۆستایش مامۆستا مەلا عەبدوڵلای رەبتەکیی و مامۆستا یوسفی کوڕی عەبدولجەلیلی پیرخدریی و، مەلا جەرجیسی ئەربیلیی و... چەندین زانای دیکە لە موصڵدا نیشتەجێ بوون.

دەبێ بە کورتیی ئەوەیش بڵێم: بوونی ئەو مامۆستایانە لە موصڵدا گەلێ جار بووە بە هۆی ئەوەی بە بۆنەی ئەوەوە کەلیمەی (موصلی)یان لە دوای ناوی خۆیانەوە دابناوە پێناسەی کوردایەتییان شاراوەتەوە و لەوێدا ون بوون.

(٤) مەبەستم لەم قسە ئەوەیە حەجی ئەوسا وەکو ئێستە نەبووەو، جاری وا هەبووە یەکێك لەو مامۆستایانە لە سەفەری حەجیدا دوو سێ ساڵی پێ چووەو، ڕێگەیان کەوتووەتە شارە گەورەکانی ئەو سەردەمەی، وەك موصل و، حەلەب و، دیمەشق و، دیاربەکرو، گەلێ شوێنی دیکە، لەو شارانەیشدا ماوەی زۆر ماونەتەوە و چاویان بە زانایانی ئەوێ کەوتووە، پلەی خوێندەواریی و زانایی ئەمانیش دەرکەوتووە، لەو سەردەمانەدا باو بووە– بۆ پیرۆزیی– ئیجازەی جۆراوجۆریان لەو زانایانە وەرگرتووە.

نموونەی ئەم دیاردە لە ژیانی مامۆستایان مەلا یەحیای مزووریی و، مەولانا خالید و، مەلا محەمەدی گەرەوی و، مەلا یوسفی مەجمەرو...دا ئاشکرایە.

(٥) جگە لەو زانیارییانەی خۆم دەستم خستوون و لە کتێبخانەکەی خۆمدا هەن، بۆ هەندێك لەو زانیارییانەی لەم پێشەکییەدان سوودم لەو بڕوانامەی ماجستێر و دوکتۆرانە وەرگرتووە کە لەمەولا ناوەکانیان دەنووسم. کۆچی دوایی مامۆستایش لەو بابەتانەیە.

## دانراوەکانی

لە کاتی چاپی یەکەمی (مەهدی نامە)دا بەگەڕان و پشکنین لە کتێبخانەکان و ناو دەستخەتەکاندا چەند دانراوێکی ئەم مامۆستام دۆزییەوە – وەك لە پێشەکیی ئەو چاپەدا نووسیمن– لەو کاتەوە تا ئیستا بە کۆششی ئەو قوتابیانەی بۆ بڕوانامەی ماجستێر و دوکتۆرا لەسەر مامۆستا ئیبنولحاج و بەرهەمەکانییان نووسیوە، گەلێ دانراوی دیکەی دەرکەوتوون و منیش لە عاستی خۆمەوە چەند دانراویم دۆزیوەتەوەو، نوسخەی هەندێکیانم بە دەست هێناوە. لێرەدا ناوی سەرجەمی ئەو دانراوانە دەنووسم:

**لە بواری (فقه) شەرعدا**

١– إزالة الإلباس عن مسائل المكره والناسي.

٢– أيقاد الضرام على من لم يوقع طلاق العوام.

٣– حاشية على تحفة المحتاج.

٤– حاشية على الخلع والطلاق.

٥– حواش متفرقة على شرح جمع الجوامع.

٦– رسالة الاقطاع.

٧– رسالة الاكراه.

٨– رسالة الحلال والحرام.

٩– رسالة الزكاة.

١٠– رسالة في الفتاوي.

١١– رسالة المتعة.

١٢– معاشرة الازواج.

**لە بواری (علوم الحديث) و شەرحیدا**

١– تعليقات على نخبة الفكر في مصطلح الحديث.

٢– حاشية على شرح الجامع الصغير.

٣– حاشية على الفتح المبين في شرح الأربعين.

**لـه بواری (إصول الدين)دا**

١–تعليقات في آصول الدين.

٢– رسالة في توضيح العقائد الاسلامية.

٣– (مەهدی نامە) الرسالة المهدية باللغة الكردية. (ئەو ناميللكەی كە لێرەدا دەيبينی).

**لەبواری (السيرة النبوية)دا**

١–حاشية على قصيدة البردة.

٢– حاشية على المنح المكية في شرح الهمزية.

٣– رفع الخفا شرح ذات الشفا.

٤– الشمائل المحمدية.

٥– نظم محاسن الغرر.

**لـه بواری زمانی عەرەبيدا**

١– البسيط.

٢– تحف الخلان لاشحاذ الأذهان.

٣– حاشية على النهجة المرضية.

٤– حاشية على الحواشي العصامية.

٥– الحذف والتقدير.

٦– حواش متفرقة في الفرق بين الأعراب المحلي والتقديري.

٧– حواش وتعليقات على كتاب دستور اللغة العربية.

٨– مختارات من درة الغواص في اوهام الخواص.

٩– المقصور و الممدود[٦].

بە داخەوە تا ئێستە هەواڵێكمان لە ديوانی شيعری دەست نەكەوتووە، بەڵام من بڕوای

(٦) بەشێكی ئەم دانراوانە، بە (أستنساخ ) يان نوسخەی ئەصڵييان لە كتێبخانەكەی خۆمدا هەيە. بۆ هەندێكيشيان سوودم لە ماستەرنامەی (الحلال والحرام)ی ئبينولحاج وەرگرتووە، كە قوتابی(نامق أسماعيل مصطفي الگردي) نووسيويەتی.

پتەوم لەسەر ئەوەیە کە شیعری زۆری یان دیوانی شیعری بووە، بەڵام نازانین ماون و لەمەولا دەردەکەون یان هەر بە یەکجاری تێدا چوون!؟

ئەوەندەیش دەڵێم: دوای بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی (مەهدی نامە) دوو پارچە شیعری کوردیی ئەم مامۆستام دەست کەوت لە بەرگی یەکەمی ( کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی)دا بڵاوم کردنەوە(٧).

**ئەو نامەی ماجستێرو دوکتۆرانەی لەسەر دانراوەکانی ئیبنولحاجی خاوەنی مەهدی نامە وەرگیراون:**

وەك گوتم لەم ساڵانەی دواییدا دانراوەکانی مامۆستا ئیبنولحاج بوونەتە جێگەی بایەخ و سوود لێوەرگرتنی قوتابیانی خوێندنی باڵاو، تا ئێستە چەندین بڕوانامە لەسەر دانراوە جۆراوجۆرەکانی وەرگیراون، ئەوانەی من زانیومن بریتین لە:

١–حق الزوج على الزوجة و حق الزرجة على الزوج من كتاب ( معاشرة الأزواج) دراسة تقدم بها الطالب إسماعيل محمد سپیدارەیی، إلى كلية العلوم الأسلامية جامعة بغداد. ١٤٢٢ه ٢٠٠٢م (ماجستير)

٢– رسالة الحلال والحرام. دراسة تقدم بها الطالب نامق إيسماعيل مصطفى الگردي إلى كلية الشريعة، جامعة صلاح الدين أربيل. (ماجستير) ١٤٢٨هـ ٢٠٠٧م

٣– إزالة الإلباس عن مسائل المكره والناسي. دراسة وتحقيق. رسالة تقدم بها الطالب جمال عزيز أمين إلى كلية العلوم الاسلامية، جامعة بغداد، ١٤٢٨هـ ٢٠٠٧م (ماجستير)

٤– إيقاد الضرام على من لم يوقع طلاق العوام. بحث تقدم به الطالب ضرغام منهل الدليمي. إلى كلية العلوم الاسلامية، جامعة بغداد. ١٤٢٢ه ٢٠٠١م (ماجستير)

٥– حاشية أبن الحاج على النهجة المرضية، رسالة دكتوراه، تقدم بها الطالب محمد صابر مصطفى إلى كلية الآداب قسم اللغة العربية جامعة الموصل. ١٩٩٤.

٦– دوا کەسیش کە زانیومە خەریکی نووسینی بابەتێکە لەسەر ئیبنولحاج قوتابی (عزیر حافظ نذیر الهورامانی)یە کە باسێکی گەڵاڵە کردووە بە ناوی:

(إبن الحاج الآلاني الكردي حياته وأثاره الفقهية) پێشەکەشی ئەکات بۆ: (أكاديمية إبن سينا للدراسات الانسانية والعلمية– ماليزيا).

---

(٧) بڕوانە: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا، ١٩ ل:٣١.

## پێشەکیی چاپی یەکەم

ڕێزی خوێندنی ئاینیی لە کوردستاندا یەکجار جێگای بایەخ بووەو، سەرتاسەری شارو دێهاتەکانی مەڵبەندو شوێنی خوێندنی باشیان تیابووەو، فەقێ و قوتابی ڕووی لە هەر کوێ کردبێ بەوپەڕی ئازادییەوە بۆ خۆی گەڕاوەو، هەر جێگاو مەدرەسەیەکی بەدڵ بووبێ لەوێ خوێندوویە، هەر کاتێك جێگایەکی باشتر، یان مامۆستایەکی بەکەڵکتری بیستبێ یەکسەر لێفەکەی و کتێبەکانی بەسەری گۆپاڵەکەیا کردووەو بە نەڕی شانیا داوەو یاڵڵا بۆ ئەو جێگایەو، سەری لە مەرزو سنووری هیچ وڵاتێك نەکردۆتەوە؛ چونکە فەقێ وەك ئازادیی هەموو مزگەوت و مەدرەسەیەك، ئازادیی تەواوی لە گەڕانی وڵاتان و شاراندا هەبووە، بۆیە کە ژیانی زۆربەی مامۆستایانی کورد لەگەڵ گەڕانی زۆر بە شوێن خوێندندا دەستە لە ملانن و، بە ئاسانیی ناتوانرێ هەموو جێگا خوێندنەکانی مەلایەك دەستنیشان بکرێ.

جا هەر بەم پێودانگە کردنەوەی مەدرەسەو جێگای خوێندن لە هەموو مزگەوت و گوندێکدا ئازاد بووە هیچ کات لە کردنەوەی فێرگەو مەڵبەندی زانیاریدا دەست ڕێگەی کەس نەهێنراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو میر و پاشایەکی کوردستان هەمیشە شانازیی بەوەو کردووە کە فێرگەی گەورەو باشی بووەو مەلای چاك و زۆر خوێندەواری تیابووەو، کتێبی زۆری بە نووسینەوەو کڕین، بۆ بەدەست هێناوەو، باخ و زەوی و زاری باشی بۆ وەقف کردووە، خزمەتی چاکی مەلا و فەقێکانی کردووە. ئەمە بووە بە هۆی مونافەسەیەکی زۆری، لە هەمان کاتدا پیرۆزی، دانیشتوانی ناوچەی کوردستان لە کردنەوەی مەدرەسەو پێگەیاندنی خوێندەواری باشدا. ئەمە کارێکی وای کرد کە زۆربەی شار و دێهاتەکانی کوردستان فێرگەو جێگای فێربوونی زانیاری تیا بڵاو ببێتەوە، تەنانەت گوندێك هەر هیچی تیا نەبووبێ مەلایەکی بووە کە قوتابخانەی بووە و منداڵی فێری خوێندنی قورئان و کتێبی فارسی و کتێبە سەرەتاییەکان کردووە و لە پاش ئەوە بەرەو فێرگە بەرزەکان ڕێگەی خوێندنیان گرتۆتە بەر.

زۆربەی ئەو فێرگانەی کوردستان ناوو شوێنەواریان نەماوە، بەڵام گەلێ جێگای وا هەیە کە توانیویەتی بەربەرەکانیی لەگەڵ ئاڵوزیی و ناهەمواریی باری ڕۆژگاردا بکاو، شوێنەواری خۆی بە ڕوونیی و ورشەداریی بهێڵێتەوە و، گەلێ زاناو پیاوی بەرزیش بە هۆی ئەو جێگایانەوە ناویان ماوەتەوەو لە بیر نەکراون. لەو مەڵبەندە زانیارییانەی کوردستان گەلێ جێگای واش هەبوو، کە پشتاوپشت تیرەو بنەماڵەیەك ئەرکی فێرکردنی فەقێ و پێگەیاندنی مەلایان لە ئەستۆی خۆیان گرتووەو، هەمیشە نەوەکانیان بە چالاکیی

و لێهاتوویییەوە جێگاكانیان پڕ كردوونەتەوە. وەكو وتمان، هەندێك لەو فێرگە و مەڵبەندە زانیارییانە لەگەڵ دژواریی و نالەباریی ڕۆژگاردا هەڵیان كردووە و لە ئەنجامدا بەسەر كۆسپ و تەگەرەكاندا زاڵ بوون و ناویان لەوە زیاتر دەركردوە كە چەرخی گەردوون بتوانێ پێشێلیان بكاو شوێنەواریان كوێر بكاتەوە، ئەوەتا ئێستایش ناونیشانی گەلێك لەو مەڵبەندانە لەسەر لاپەڕەكانی مێژوو بە شانازییەوە تۆمار ئەكرێ و، هەندێكیشیان ناویان لە پەراوێزو كۆتایی كتێبە دەسنووسەكاندا ماوەتەوەو، هەندێكی دیكەیشیان لە بیری زاناو پیاوە بەتەمەنەكانی ئەم سەردەمەدا جێی خۆیان كردۆتەوە. بەڵام ئەو مەڵبەندانەی كە ئێستە ئەناسرێن وە نەبێ وێنەی بەشی زۆری ئەو مەڵبەندانەی پێشوو بن و لەبیركراوەكان لەمان كەمتر بن، بەڵكو ناسراوەكان لە عاستی نەناسراوەكاندا وەكو دڵۆپێك لە دەریایە.

كۆنترین مەڵبەندی زانیاریی من توانیبێتم هەواڵی لێ بەدەست بهێنم فێرگەی (چوڕ)ە كە مەلا ئەبوبەكری (مصنف) لە دەوروبەری ١٠٠٤ی كۆچیدا لە (وشكێن)ەوە هاتۆتە ئەوێ و لەوێدا كتێبی (وضوح)ی شەرحی (محرر)ی دانـاوە؛ جا ئەبێ پتر لە (٩٠٠) ساڵ پێش ئەو سەردەمە، كە ئایینی ئیسلام بە كوردستاندا بڵاوبۆتەوە، چەند مەڵبەند و كۆڕی زانیاریی پێكهاتبێ و، چەند زانای گەورەیان تێدا هەڵكەوتبێ كە ئێستە ئێمە هیچ هەواڵێكی ئەوتۆیان لێ نازانین؟ پاش ئەوە ئەتوانین وەك نموونە ناوی مەڵبەندی (ماوەران)[١] و (خەتێ)[٢] و (كۆیە)[٣] و (سۆران)[٤] و گەلێ فێرگەی گەورەی هەولێر و (موصل) و (ڕەواندز) و

(١) ماوەران: دێیەكە لە نزیكی جێگەی بنەماڵەی (حەیدەریی) بوە، ئەم چەند شیعرەی مامۆستا بێتووشیی جوانترین ئاوێنەی دەرخستنی ڕێزو جێگای ئەو بنەماڵەیە:

| | |
|---|---|
| **كل حـــر في فضله عبد رق** | **لمـــوال تـديروا (مــاوران)ا** |
| **واقروا لهم سوى من هـــواه** | **تــرك القلب منه أعمى ورانا** |
| **كم شفوا بالعلوم منا صدوراً** | **كان فيها من جهلنا ماورانا** |
| **سئلوا: هل وراكم من مـــرام** | **لمريد؟ فقيل: لا، مــاورانـــا** |

بڕوانە: البیتوشی. مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ، لاپەڕە ٢٣١.

(٢) لە زنجیرەو ناوی زانایانی كوردا مامۆستای خەتێ و مەدرەسەكەی جوانترین و بەرزترین ناوی هەیە.

(٣) لە كۆیەدا چەندین فێرگە هەبووە، یەكێك لەوانە كە لە پەراوێزی كتێبە دەستنووسەكاندا ناوی مابێ مەدرەسەی (دایە خەج)ە. هەروەها بنەماڵەی (جەلی) لە كۆیەدا ماوەیەكی زۆر پشتاوپشت سەرچاوەی زانیاری بوون و مەلاو خوێندەواری چاكیان پێگەیاندووە.

(٤) سۆران لە كتێبە دەسنووسەكاندا ناوی زۆر ئەهێنرێ و بە (صوران) ئەینووسن. ئەشگونجێ سۆران مەبەست ناوچەیەكی تایبەتیی بووبێ لە سەردەمێكدا. یان مەبەست ئیمارەتی سۆران بێ كە لە نێوان ئیمارەتی بابان و بەهدیناندا بووە.

(شەقڵاوە)[٥] و(قەڵاچوالان)ی پایتەختی بابانییەکان و چەندین جێگەی دەوروبەری (سلێمانی) وەك: (قەراداغ)[٦] و (تەکیە)[٧] و (خەرپانیی)[٨] و (خورماڵ)[٩] و

(٥) لە دەوروبەری شەقڵاوەو ڕەواندزدا گەلێ زانای پایەبەرز و بنەماڵەی دێرین بووە. بەناوبانگترین بنەماڵەی ئەو ناوچانە بنەماڵەی (حەیدەری)یە کە پتر لە (٣٠٠) ساڵ لە دەشتی حەریردا پشتاوپشت سەرۆکی گەورەترین مەڵبەندی زانیاریی بوون و، زنجیرەیەکی ئیجازەی مەلایەتی کوردستان بە زانایانی ئەو بنەماڵەیە پڕبۆتەوە. جگە لەو بنەماڵەیش گەلێ ناوی ورشەداری تر هەن کە هەر لەبیر نەکراون وەك (ابن آدم) و مامۆستا شێخ طاهای بالیسانی و مەلا محەمەدی مەلا نەبی بێتواتە و مەلا عوثمانی شەوەکی و چەندینی تر.

(٦) قەرەداغ : گەلێك زانای گەورەی تێدا پەیدا بووەو، دەرسیان وتووەتەوەو مەلای چاکیان پێگەیاندووە. لەو مەلایانە شێخ محەمەد و شێخ عەبدوڕەحمانی قەرەداخی و، شێخ عەبدوللەتیفی قەرەداخی و، شێخ مەعرووفی قەرەداخی، و شێخ عومەری کوڕی و، (ابن الخیاط) و، شێخ نەجیبی قەرەداخی و، شێخ مستەفای کوڕی و...

(٧) تەکیە: ماوەیەکی زۆر مەڵبەندێکی گەورەی زانیاری بووەو، پشتاوپشت مەلای تەکیەیی دەرسیان تیا وتووەتەوەو، لە هەموو لایەکەوە فەقێ بە دەنگ و شۆرەتی ئەو مەلا چاکانەوە چوون و لایان خوێندوون. زاناو ئەدیبی وەکو(نالی) لە تەکیەدا ماوەیەك خوێندوویە، زیاتر لەوەش، وەك لە پیاوێکی ڕیش سپی تەکیەم بیستووە سەرەتای ئەوینی نالی و پژان و تەقینەوەی سەرچاوەی شیعری لە تەکیەوە دەستی پێ کردووەو دڵدارەکەی (ئایشێ)ی ناو بووە کچێکی خەڵکی تەکیە بووە. بەڵام ئەمە لەگەڵ حەبیبەی (حەبیبەی ماڵییاوا...) دا چۆن ئەگونجێ؟ ئەوە نازانم و بەڵکو لە مەولا زیاتر لەم باسە ڕوون ببێتەوە.
لەو زانایانەی کە لە تەکییەدا دەرسیان وتووەتەوە: سەید شەریفوددین و، سەیید نووره ددین و، سەیید سەلاحەددین و، سەید عەوەزو، شێخ جامیی و شێخ یوسفی کوڕی و، مامۆستا شێخ بابا عەلی و شێخ نووری کوڕی و شێخ عەبدوڵڵای مەلا... تاد.

(٨) خەرپانیی: کە ئێستە جێگەو ناوێکی تایبەتیی بۆ خۆی هەیە و، بە کۆڕێکی زانیاریی سەربەخۆ ناسراوە، لقێکە لە مەڵبەندی زانیاریی تەکیە؛ چونکە سەرەتای بنەماڵەی خەرپانیی لە شێخ محەمەدە کۆستەوە دەست پێ ئەکات کە لە ساڵی (١١١٠)ی ك وە لە تەکیەوە چۆتە خەرپانیی و لەوێ جێگیر بووە و مزگەوتی شێخ محەمەدە کۆستەی لە خەرپانیی دروستکردووە. ئەوەی شایانی باس بێ: کاتێك وتارەکەی (الشیخ عبدالله الخرپانی من خلال مخطوطات مکتبته) م ئەنووسی، کە لە بەشی دووهەمی ژمارە دووی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردا بڵاوکرایەوە، بۆم ڕوون نەبووەوە شێخ محەمەدە کۆستە لە سەرەتاوە لە خەرپانی دانیشتوە یان لە (احمد آوا)، بەڵام لەم بەینەدا بۆم دەرکەوت کە لە خەرپانی دانیشتووە، لەگەڵ مەلا جەلالی گەورەی خورماڵدا ئەوەندە دۆستی گیانی بەگیانی یەك بوون وەصیەتیان بۆ یەك کردووە کە لە پاش مردنیش نزیکی یەکتربن و، بەیەکەوە ئەسپەردەی خاك بکرێن، بۆیە ئێستە گۆڕی شێخ محەمەدە کۆستە لە تەنیشت گۆڕی مەلا جەلالەوەیە لە ئەحمەد ئاوا. پیاوانی وەکو موفتیی زەهاوی و، نالی و ، مەولانا خالید لە لای شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی لە فێرگەی خەرپانیدا زۆری خوێندن و خوێندەوارییان فێر بوون.

(٩) خورماڵ: مەلا جەلالی گەورە و مەلا جەلالی بچووك و چەندین مەلای تر دەرسیان تیا وتووەتەوە.

(بیاره)[١٠] و (تەڕەمار)[١١] و (هەزارمێرد)[١٢] و ( پێنجوێن)[١٣] و دەیان جێگەی تر بێنین. خۆ کاتێك ئاوڕێك بەلای ئێران و تورکیادا ئەدەینەوە هەمان دەستوور ناوی دەیان مەڵبەندی زانیاری و صەدان زانای بەرزمان بەرچاو ئەکەوێ کە ئەوانیش هیچ کات لە قافڵەی زانیاری دوانەکەوتوون و لە هەموو قۆناغێکدا جێگە و ڕێبازی خۆیان دیاری کردووە.

ئەم هەموو مەڵبەندو فێرگانە بە درێژایی تەمەنیان، بێ وچان، لە ڕێگای پەرەپێدانی زانیاری و پێگەیاندنی مەلا و ئەدیب و هۆنەرو هونەرمەندی بەرزدا تێکۆشاون، لە هەمان کاتیشدا ئەو فەقێیانەی لەو جێگایانەدا بۆ خوێندن کۆبوونەتەوە، جگە لە فێربوونی زانیاری و بەرزبوونەوەی پلەی خوێندەواریی هیچ مەبەست و ئامانجێکیان نەبووە. تەنانەت فەقێی وا هەبووە کە لە کەسوکاری بڕاوەو ڕێگای خوێندنی گرتووەتە بەر تا کاتێ خوێندنی تەواوکردووە بۆ لای کەسوکاری نەگەڕاوەتەوەو، بە نانەڕەقەی حوجرە و راتبە ژیاوەو، پێداویستییەکانی ژیانیشی، بە گوێرەی سەردەمی خۆی، لە وەقفی مەدرەسەو خێرۆمەندانەوە، دەستکەوتووە. زیاد لەوە فەقێی وایش هەبووە پاش

(١٠) بیارە: خانەقای طەریقەی نەقشبەندی بووە و، شێخانی ئەم طەریقەیە، جگە لەوە کە خۆیان مەلا بوون و تا ئەندازەیەکی باش خوێندەوارییان بووە، هەمیشە مەلای چاکیان بووە و فێرگەیەکی باش لە خانەقادا بووەو، ڕێزی فەقێ و مەلایان زۆر لەلا بووە، بەرانبەری ئەو ڕێزو خزمەتە مەلا و ئەدیبانیش بە گەلێ جۆر هەستی خۆیان دەربڕیوەو خۆیان نواندووە. بۆ نموونە مەولەوی کتێبی (الفضیلة)ی بۆ شێخی (بهاالدین) داناوەو لە پێشەکییەکەیدا زۆر بە جوانی پێشکەشی کردووە. سەرەڕای ئەوەیش شێخانی طەریقەی نەقشبەندی زۆر ئەدەبدۆست بوون و گەلێ شیعری جوانیان هەیە و نازناوی تایبەتی خۆیان لە شیعردا هەیە. وەك (فەوزی) نازناوی شێخ عومەر، (نجم) نازناوی شێخ (نجم الدین).

(١١) تەڕەمار: بۆ ماوەیەك جێگای زانیاری بووە و لە هەموو لایەکەوە فەقێ بە ناوبانگی مامۆستای بەرز مەلا صاڵحی تەڕەمارییەوە چوون، شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی لە کۆتایی یەکێك لە دەسنووسەکانیدا دەسنیشانی ئەوە ئەکات کە لە تەڕەمار نووسیویەتیەوە.

(١٢) هەزارمێرد: یەکێکە لەو مەڵبەندە هەرە گەورانەی کە ڕووناکیی بە کوردستان داوە و ئەدیب و هونەرمەندی بەرزی تێدا پێگەیشتووە، نموونەی بێتووشی و، شێخ مارفی نۆدێ و زانایانی تر لەو مەڵبەندە پیرۆزەو مەشخەڵی ئەدەب و زانیارییان هەڵگرتووە وجیهانیان پێ ڕوون کردووەتەوە.

(١٣) پێنجوێن: لەم مەڵبەندەدا زانای وەکو: مامۆستا مەلا (عبدالرحمن)ی پێنجوێنی هەڵکەوتووە، کە مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان و مامۆستا مەلا حسەینی پیسکەندی و چەندی وەك ئەوان بە شانازییەوە لە خزمەتیا خوێندوویانەو ئیجازەیان لە لای وەرگرتووە.

تـەواوکـردنـی خـوێنـدن بـە مـەلایـەتـی لـە دێیـەك دانیشتووەو، بۆ یـەکجـاری دانکـەن و دەسبـەرداری خزم و کەسوکاری بووە.

شێوەی خوێندنیش لە مزگەوتانی ئەوسادا زۆر جیاوازیی لەگەڵ خوێندنی ئێستادا هـەبووە. مـەبـەست پۆلبڕین و کتێب تـەواوکردن و ئیجازە وەرگرتن نـەبووە. بـەڵکو مـەبـەست فێربوونی زانیاری و زانینی کتێبی پڕ وردەکاریی و گران بووە. بۆیە ئـەگەر فەقێیەك چەند ساڵ بە کتێبێکەوە خەریك بووبێ، یان چەند ڕۆژ لـەسەر یەك- یەك دەرسی خوێندبێ و دووپاتی کردبێتەوە جێگەی ڕەخنەو لۆمە نەبووە.

ئەمە شێوەی خوێندنی ساڵـەهـای ساڵی نـاو کوردستان بووەو لەسەر ئەو ڕچە و ڕێبازە خوێندەواران فێری خوێندەواری بوون و، زانیاری بەو جۆرە پەرەی سەندووە و بڵاو بووەتەوە. خوێندنێك بەو شێوە بووبێ و، لێبڕانێك بەو ئەندازە گەیشتبێ ئەبێ زانـای چۆن هەڵکەوتبێ؟ ئەبێ ژمارەی ئەو زانا بەرزانە چەند بووبێ؟ ئەبێ بەرهەم و دانراوی ئەو زانایانە تا چ ئەندازەیەك ڕۆیشتبێ؟

بـێگـومـان ئـەم پـرسیـارانـە و چـەنـدیـن پـرسیـاری جـۆراوجـۆر لـەم ڕێ و شوێنـانـەدا سەرهەڵدەدەن و خۆ دێننە پێش دەم، بەڵام وەڵامی ڕاستیی و تەواوی ئەم پرسیارانە- ئەگەر بتوانرێ بدرێتەوە- بێ هەوڵ و کۆشش و دەرەتان و ماوەیەکی زۆر لە تواناادا نییە، چ جـای بـاسێکـی ئـاوا کـورت و سەرپـێیـی، تـەنـهـا بـۆ نموونـە نـاوی چـەند مـەلایـەکـی سەردەمێکی کەمی ناوچەیەکی کوردستان لەوانەیە بارستایی و قەوارەی ئەو هەموو زانا و خوێندەوارانە تا ئەندازەیەك پێش چاو بخات؛ چونکە وەك پێشینان فەرموویانە: «مشتێ نموونەی خەروارێکە»(١٤).

لـە دەوروبـەری شاری سلـێمـانـی و قـەسەبـچـەو گوندەکـانیدا لـە دەوروبـەری سەدەی (١٢)هـەمی کۆچی و دوای ئەو سەدە وێنەی ئەم زانا و خوێندەوارانە هەڵکەوتوون:

---

(١٤) لـەم جێگادا دەست لە نووسینی پەراوێزی مەڵبەندو فێرگەکان هەڵئەگرم و دەسبەردار ئەبم؛ چونکە، زیاد لـەوە کە سەرچاوەیەکی ئەوتۆ دەربارەی ئەم مەبەستە نییە، ئەگەر بمانەوێ زیاتر لە باسەکە بکۆڵینەوە و قووڵتر بۆی بچین بە چەند بەرگ کتێب نابڕێتەوە، لێرەدا وەك نموونە ئەم باسەمان هێنا کایەوە. بەڵکو ڕۆژێك لە ڕۆژان زاناو لێهاتووانمان قۆڵی مەردانەی لێ هەڵماڵن و زانیاری و بەسەرهاتی ورد و بە بناغە بەدیی بێنن و، ئەم کەلێنە گەورەی (مێژووی زانیاری و زانایانی کوردستان) پڕ بکەنەوە و، بەو کارە گرنگە چاوی خوێندەواری کورد ڕوون بکەنەوە و، زانایانی کوردیش بە جێگاو شوێنی پێ شیاوی خۆیان بگەیەنن.

مەلا برایمی بیارەیی و، شێخ (عبدالكریم)ی بەرزنجی و، شێخ (عبدالرحیم)ی برایی و، مەلا محەمەدو مەلا مەحموودی غەزائی و، شێخ عەبدوڵڵای خەرپانیی و، هەردوو مەلا جەلالی خورماڵیی و، مەلا صاڵحی تەرەماری و، مەلا محەمەدی ئیبنولحاج و، مەولانا خالیدی نەقشبەندی و، مەلا عەبدوڵڵای ڕەش و، شێخ مصطەفاو شێخ سمایلی كوڕی و، شێخ محەمەدی خاڵی كوڕەزایی و، حاجی شێخ ئەمینی خاڵ و، مەلا عەبدوڕەحمان و مەلا ئەحمەدی نۆتشی و، موفتیی زەهاوی و، شێخ مارفی قەرەداغیی گەورە و، شێخ عەبدوڕەحمانی قەرەداغی و، شێخ ئەمینی قەرەداغی و، شێخ مارف و شێخ عومەری كوڕی و، شێخ عەبدوللەطیفی قەرەداغی و، شێخ عەبدوڕەحمانی قەرەداغی (ابن الخیاط)و، شێخ نەجیبی قەرەداغی و، شێخ مصطەفای كوڕی و، شێخ محەمەدە كۆستەو، شێخ جامی و، شێخ یوسف و شێخ بابا عەلی تەكیەیی و، بێتووشی و، شێخ مارفی نۆدێ[١٥] و، كاك ئەحمەدی شێخ و، شێخ حسەینی قازی و، مەلا ئەحمەدی چاومارو، مەلا ئەمینی كوڕی و، سەید عەبدولعەزیزی كوڕەزایی و، شێخ مصطەفای موفتی و، مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوێنی و، مەلا محەمەدی كەوانەدۆڵی و، مەلا قادری كانی كەوەیی و، ئەحمەد فائیز و، مەلا ئەحمەدی دێڵێژەیی و، مەلا عەلی نیظامی و، مەلا عەلی كانی كەوەی و، سەید ئەحمەدی نەقیب و، مەلا حەمەئەمینی بالیكەدەری و، مەلا مەحموودە سوور و، مەلا حسەینی پیسكەندی و، مەلا ڕەشید بەگی بابان و، مەلا عەبدوڕەحمانی چورستانی و... دەیان مەلای تر.

ئەمە نموونەی هەندێك لە زانایانی ناوچەیەكی كوردستان لە سەردەمێكدا بوو، وەك وتمان بە ئەرك و دەرەتانێكی زۆر نەبێ هیچ ڕەنگ نییە بتوانرێ ناوی زانایانی سەرتاسەری كوردستان بزانرێ.

كە ئاوڕێكیش بە لای پاشماوەو شوێنەواری ئەم مەلایانەدا بدەینەوە ئەبینین- مەگەر بە دەگمەن- كە هەموو تەئلیف و نووسراوی باشیان هەبووە، بەڵام بەداخەوە زۆر كەمیان ئەزانرێن و، لەوەش زۆر كەمتریان بە چاپ گەییوە و خوێندەواران كەڵكیان لێ وەرگرتوون. كە دووبارە سەرنجێكی تر لە بەرهەمی ئەو زانایانە بدەینەوە ئەوانەی بە كوردی شتیان نووسیبێ بە پەنجەی دەست ئەژمێررێن، وەك: شێخ مارفی نۆدێ و، مەولانا خالید و، شێخ حسەینی قازی و، مامۆستا مەلا حسەینی پیسكەندی و[١٦]،

---

(١٥) بڕوانە: (الشیخ المعروف النودهي) مامۆستا شێخ محەمەی خاڵ، لاپەڕە: ٨٤.

(١٦) لەم ماوەیەدا كتێبێكی بچكۆلەی ئەم مامۆستایەم بە هۆنراوەی كوردی دەستكەوت.

مامۆستا مەلا ڕەشید بەگی بابان و[١٧]، مەولەوی و، نالی و، سالم و، کوردی و، چەند مەلایەکی تر...

بەڵام ڕەنگە ئەم جۆرە حوکمە تا ڕادەیەك ناڕەوا بێ و، لەوانەیە زۆر مەلای کوردی وا هەبێ ئەگەر خۆی لەم کاتەدا زیندوو بوایە و ئەم باسەی لە من ببیستایە، زۆر چاك لێم ڕاست ببوایەتەوەو، پەنجەی بۆ ناوچاوم بهێنایەو بیگوتایە: ئەگەر تۆ توانای ئەوەت هەیە شت ساخ کەیتەوە و ئەنجامی مەبەست و کارت بە تەواویی بدۆزیتەوە، هەستە لە پێشدا بە وردی بگەڕێ و هەموو جێگەیەك بپشکنە، ئەگەر هیچت بە دەست نەهێنا ئەوسا حەق بە تۆیە چی بڵێی؛ بۆ تۆ نازانی من فلانە ساڵ لەسەر فلان باس نامەیەکی درێژم بە کوردی نووسی؟ فلانە مەلای تر لە فلان مێژوودا لە سەر فیسار باس کتێبێکی گەورەی دانا؟ بەڵگەی ئەمەش: تا دوێنێ و پێرێ، بەڵکو تا بڵاوبوونەوەی ئەم نامیلکە، هەموومان لەو بڕوایەدا بووین کە ئیبنولحاج کەلیمەیەکی کوردی سەر کاغەز نەنابێت و، ئەگەر لێمان بپرسرایە: ئیبنولحاج دانراوی کوردی هەیە یان نا؟ بێ سێ و دوو ئەمانوت: (نەء). بەڵام ئەبینین ئەم دانراوەی ئیبنولحاج لە پڕ سەر هەڵئەداو ئەوەمان ئەخاتە دڵ کە ڕەنگە زۆر مەلای کورد شتی باشیان بە کوردی نووسیبێ، بەڵام یان سووتاوەو دڕێنراوە و لە ناوبراوە، یان تا ئێستاش هەر لە ناو سنووقی لە بیرچوون و، لەسەر ڕەفەی پشتگوێخستندا ماون و، دڵۆپەو درۆنج و مشك و مۆرانە هەڕەشەی لەناوبردنیان لێ ئەکەن و، دەستی دۆست نییە ڕزگاریان بکاو چاوی خوێندەواری کوردیان پێ گەش کاتەوە[١٨].

ئەمانە هەر گلەیی و بناشت و هیوای شتی دوورن، ئەوەی من لەم کاتەدا لە توانامدا بێ با درێغی لێ نەکەم و ئەم نامیلکە بچکۆلەی مامۆستا ئیبنولحاج بۆ خوێندەوارانی کورد بڵاوبکەمەوە.

---

(١٧) ئەم مامۆستایە خاوەنی گەورەترین کتێبی کوردییە کە تا ئێستە دانرابێ. ناوی کتێبەکەی (اقتران النيرين في مجمع البحرين)ە، تەرجەمەی حەدیثەکانی پێغەمبەرە (د.خ) کە لە (مسلم) و (بخاری)دان، کتێبەکە بریتییە لە (١٠) بەرگ، بەرگی یەکەمی بە سەرپەرشتی خۆم چاپ کراوە.

(١٨) لەم چەندانە لە کتێبخانەی مۆزەخانە (متحف)ی عێراقی دوو سێ فەقێی هەولێری کتێبی دەستخەتیان هێنابوو، منیش هەروا چاوم پیا ئەگێڕان، کەچی لە پڕ دوو دەسنووسی کوردیم بەرچاو کەوت ئەوە یەکەم جار بوو ئەمبینین، بەڵام پاش ئەوەی گەییبوونە دەست ئەو کتێبخانە نەدەکرا لێیان وەرگرم.

## ناوەرۆکی نامیلکەکە

دانەری ئەم نامیلکەیە لە سەرەتاوە باسی ئەوە ئەکا کە ئەیەوێ بە گوێرەی فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (د.خ) باسی فیتنەی دونیاو سەرەتای هاتنی ڕۆژی قیامەت بکاو، ئەڵێ: هەرکەسێ ئەهلی ئیمان بێ ئەزانێ ئاخرزەمان نزیکەوە بووە و گەلێ لە نیشانەکانی دەرکەوتوون و، هەرکەسێ بیرو هۆشی ببێ ئەبێ بۆ خۆی بگریێ و لە هەولی ژیاندا نەبێ و مردن بکرێ. پاش ئەوە دەست بە هەڵدانی نیشانەکانی ڕۆژی قیامەت ئەکا و، هەر لە دەججالەوە دەست پێ ئەکات و باسی چۆنیەتی و نیشانەکانی نزیکبوونی هاتنی ئەکات و، دوایی باسی هاتنی سوفیان و مەهدی و شەڕی نێوان ئەوان و، لە ناوچوونی سوفیان و سەرکەوتنی مەهدی و، بڵاوبوونەوەی ئاسایش و خۆشی بە جیهاندا ئەکات . دوایی دێتە سەر ئەوە کە پاش ماوەیەك دەججال پەیدا دەبێ و فیتنەیەکی یەکجار گەورە بەرپا دەبێ، خەڵکێکی زۆری شوێن ئەکەون و لە پاشان حەزرەتی عیسا دێتە خوارەوە و دەیکوژێ. دوای ئەوە یەئجووج و مەئجووج و بەڵاو ناخۆشی ئەوان و، پاش ئەوە پەیدا بوونی (دابە) و گەڕانەوەی ڕۆژو، داخرانی دەرگای تەوبەو ، بەرزبوونەوەی قورئان و، هاتنی دووکەڵ و، پاش ئەوانە هەڵکردنی بایەکی گەورە لە شامەوە کە هەموو خەڵك دەمرێنێ و کەس نامێنێ و، دوای ئەوەیش زیندووبوونەوەی خەڵك.

لە کۆتاییدا ئەڵێ: کە لە ساڵی (١١٧٦) دا ئەم کتێبەی بۆ کەڵکی عەوام و پلە نزمانی خوێندەواری کورد داناوەو، خۆی ناوی (محەمەد)ە.

تەواوی نامیلکەکە (١٥٧) چوارینە، واتە: (٣١٤) شیعرە.

### باوەڕ بە ڕۆژی قیامەت

باوەڕ بە ڕۆژی قیامەت (ڕۆژێك کە ئەم جیهانە سەرانسەر، بە فەرمانی خودا، تێك ئەچێ و، جگە لە خوا کەس نامێنێ) یەکێکە لەو خاڵە سەرەکییانەی کە مەرجن بۆ باوەڕکردن بە خودا، هەموو ئایینە ئاسمانییەکان لەسەر ئەوەن کە هەرکەس باوەڕی بەو ڕۆژە نەبێ، باوەڕی بە خودا دانامەزرێ و پێی ناگوترێ خاوەن باوەڕی تەواو. ئاینی ئیسلامیش– دوا ئاینی ئاسمانی– هەمان مەبەستی دوویات کردۆتەوەو، پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) ئەم مەبەستەی بە موسوڵمانان ڕاگەیاندووەو، گەلێ نیشانەی فەرمووە کە ئەو نیشانانە

هەموو یەکە یەکە و بەرو دوا پێش ڕۆژی قیامەت دێنە دی و ئەوانە بەڵگەی هاتنی ئەو ڕۆژەن. لەم بارەیەوە گەلێك حەدیث لە پێغەمبەرەوە (د.خ) ڕیوایەت کراوەو، زانایانی ئیسلام ئەم باسەیان گەلێك بەگرنگ گرتووەو، زۆر بە فراوانی لێی دواون و، زۆر کتێبیان لەسەر داناوە. گەلێك زانای وا هەبووە هەر هەواڵێك دەربارەی ئەم باسە کە نەگەیشتبێتە جێگەی متمانەو تەواتور پشتگوێیان خستووە، تەنها ئەو هەواڵانەی کە سوور زانیبێتیان ڕاستن و لە پێغەمبەرەوە (د.خ) هاتوون نووسیویانەو بە بنەڕەتی ئەو مەسەلەیان زانیوە. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێك زانای وا هەبووە بێ وردکردنەوە و لێکۆڵینەوە هەموو هەواڵێکیان دەربارەی مەسەلەکە نووسیوە. زانایانی کوردیش- وەکو هەموو زانایانی جیهان- دەربارەی ئەم باسە بە هەردوو جۆر بە زمانی عەرەبی دواون و کتێبیان لەسەر داناوە. بەڵام بە زمانی کوردی دەربارەی ئەم باسە تا ئێستە شتێکی ئەوتۆ نەنووسراوە و ئەم دانراوەی (ابن الحاج) یەکەم نووسراوێکی کوردییە لەم بارەیەوە.

## نرخی ئەم نامیلکە

پاش تۆزێك سەرنجدان گرنگی ئەم نامیلکەمان لەم خاڵانەدا بۆ دەردەکەوێ:

١- بە لەهجەی موکریانی (ئەو لەهجەی ئەم کتێبەی پێ دانراوە) تا ئێستە جگە لە فۆلکلۆر، هیچ ئەدەبێکی نووسراونییەو، تازە لەم لەهجەیەدا هەندێ شتی فۆلکلۆریی ئەنووسرێتەوە. واتە ئەمە وێنەی یەکەمی ئەدەبی تۆمارکراوی لەهجەی موکریانە.

٢- ئەو عەرووضەی ئەم کتێبەی پێ دانراوە لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا -جگە لە شیعرەکانی (ئێل بەگی جاف) و (احمدی کۆر)- وێنەی نییەو نەبیسراوە. ئەبێ ئەم جۆرە عەرووضە لە سەردەمێکدا باو بووبێ و شیعری پێ هۆنرابێتەوە. بەڵام سەرەتای ئەو سەردەمەو، ئەو هۆنراوانەی بەو جۆرە هۆنراونەتەوە و، ئەوانەی کە لەسەر ئەم ڕچە و ڕێبازە ڕۆیشتوون و تاکەی ئەم شێوە دەوامی کردووە، تا ئێستە هیچی دەربارە نەزانراوە.

٣- یەکەم موحاوەلەیەکە بە زمانی کوردی بۆ بەکارهێنانی شیعر لە مەسائیلی دینی و فێرکردن و بڵاوکردنەوەی بیری ئایینیدا بە زمانی کوردی.

٤- مێژووی دانانی ئەم کتێبە بۆ پتر لە (٢٢٠) ساڵ ئەگەڕێتەوە،

٥- بەگوێرەی ئەوەی کە ئەم هۆنراوەیە هی (ابن الحاج)ەو، ئەویش مامۆستای بێتووشی و شێخ مارفی نۆدێ بووە، ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە (ابن الحاج) یەکەم کەسێکە لە ناوچەی سلێمانیدا کوردی نووسینی فێری فەقێیان کردبێ و ئەو هەستەی لە

دەروونیاندا بزواندبێ. تا لە نووکی خامەیانەوە چووبێتە سەر لاپەڕەی کتێب؛ چونکە بێتووشی[(١٩)] و نۆدێیی، یەکەم کەسێکن لە ناوچەی سلێمانیدا بە کوردی شتیان نووسیبێ و زۆری خوێندنیان لای (ابن الحاج) بووە.

٦- سەلماندنی ئەوەی کە ناوچەی سەردەشت (جێگەی لە دایکبوونی ابن الحاج) پێش کوردستانی ئەمدیو هەستی نووسینی کوردیی تێدا بوو.

٧- سەرەڕای ئەوانەی باسمان کردن، ئەم کتێبە کەلەپوورێکی ئەدەبیی گەلێکە کە لە ئەدەبی کوردیدا زۆر فەقیرو بێ مایەیەو، سامانی ئەدەبیی کۆنەکراوەتەوە و پێویستیی زۆری بە لێکۆڵینەوە و کەو و بێژنگ هەیە. بۆیە ئەم دانراوە- هەرچەند گەلێ شتی وای تیایە بەو شێوە جێگەی باوەڕ نییە- گەلێك بە نرخ و شتێکی زۆر نایابە و پێویستییەکی زۆری بە ژیاندنەوە و لێکۆڵینەوە هەیە.

### دەسنووسی یەکەم

ئەم دەستخەتە لە دەوروبەری ساڵی (١٢٨٠) ی ك. دا نووسراوەتەوە. کە تۆزێك سەرنجی ئەم دەستخەتە بدەین ئەوەمان بۆ ڕوون ئەبێتەوە – هەرچەند خۆی هەشت لاپەڕەیە- بە خەتی سێ کەس نووسراوەتەوە؛ یەکەمیان ئەوەندە بە شێوەی عەرەبی نووسیویەتیەوە تەنانەت سەرو ژێریشی بۆ کردووە، کەچی دووهەم و سێیەم وا نین.

بەڵام بەداخەوە وەك هەرسێکیان نیمچە خوێندەوار بووبن وایەو، دەستێکی زانای شارەزایان لەگەڵ نەبووە. بۆیە دەتوانین بڵێین: دەسنووسەکە پڕە لە هەڵەو جێگەی وا کە

---

(١٩) لە ڕاستیدا بێتووشی – ئەوەی تا ئێستە زانرابێ- یەك شیعری کوردی هەیە، بەڵام بڕوا ناکرێ ئەوێك هەستی ئەوەی بووبێ شیعری کوردی بنووسێ بە یەك شیعرەوە وەستا بێ، بەڵام گەڕانی زۆری و، دووریی لە خوێندەواری کوردو، ژیانی لە وڵاتێدا کە زمانی کوردیی تێدا لە بێتووشیی بیسترا بێ و، دەرچوونی لە جیهان لە ئاوارەییدا و، نەبوونی وەسائیلی هاتوچۆی گورج و گۆڵ لەو سەردەمەدا، باشە ئەو تاکە شیعرەیشان بۆ بەجێ هێشتووین کە ئەم بیرەی لە عاستدا بکەینەوە. ئەوەی شایانی باسە لەم ڕۆژانەدا لای مەلا مەحموود ئەحمەد قوتابیی پۆلی پێنجەمی کۆلیجی ئیمامی ئەعزەم شیعری (فارسی)م بینی لە پێشیانەوە نووسرابوو ( لملا عبدالله البیتوشی الملقب ب«مجمر».

واتە: «هۆنراوەی مەلا عەبدوڵڵای بێتووشیی کە نازناوی (مجمەر)ە». ئەم شیعرانە تا ئێستە بڵاونەکراونەتەوە و ئەو نازناوەی بێتووشیش نەبیسراوە. هەروەها شایانی باسە کە یووسفی گەبەیی سووررداشی هەمان نازناوی بە کارهێناوە.

وەك مەتەڵ دۆزینەوە نەبێ ساخ ناکرێتەوە. ئەمە کاتێکی زۆری خۆم و کەسانی شارەزای ئیملای کۆنی برد کە یارمەتییان دام.

## چۆنیەتی ساخکردنەوەی

١- وەکو وتمان دانراوەکە هەڵەی زۆری تیایە، لەبەر ئەوە نەمتوانی لە هەموو جێگایەکدا دەسنیشانی هەڵەکان بکەم. ئەگەر چەند جێگایەك دیاری کرابێ وەك نموونە وایە.

٢- بە گوێرەی توانا لەو ئیملایەوە کە پێی نووسراوەتەوە گۆڕیمە سەر ئیملای کوردیی ئێستە.

٣- لە ساخکردنەوەیدا پەنام بۆ سەرچاوەیەکی عەرەبی برد، ناوی (الاشاعة لاشراط الساعة) یە و دانراوی مامۆستا (شێخ محمدی بەرزنجییە)[٢٠] زیاد لەوە کە زۆر لە

(٢٠) ئەم مامۆستایە کوڕی شێخ (عبد الرسول) کوڕی (عبدالسید)ی بەرزنجییە. لە شەوی جومعەی ١٢ی مانگی مەولوودی ساڵی (١٠٤٠)ی ك. دا لە بەرزنجە هاتووە جیهانەوە، لای باوکی و مەلا زیرەك و مەلا محەمەد شەریفی کوڕی یوسفی صدیقی شاهۆیی و، مەلا ئیبراهیمی گۆرانی و گەلێ زانای تر خوێندوویەو، کەڵکی لێ وەرگرتوون. لە پاشان ماردین و، حەڵەب و، یەمەن و، دیمەشق و، میصر و، بەغدا و، گەلێ شوێن بۆ خوێندن گەڕاوە. دوای ئەوە کە خوێندنی تەواوکردووە چووەتە شاری مەدینە و لەوێ جێنشین بووە. بە ماوەیەکی کەم گەورەیی و خوێندەواری لە هەمووان ئاشکرا بووە و لە رەوضەی پیرۆزدا بووە بە مامۆستا و لە هەموو لایەکەوە فەقێ بە دەنگی زانیارییەوە هاتوون و زۆر بە پەرۆشەوە لە کۆڕی دەرسوتنەوەیدا بە چۆکا هاتوون و لە دەریای بێ پایانی زانستی کەڵکیان وەرگرتووە.

ئەم زانایە جگە لەو هەموو دەرسوتنەوەو، جگە لەوەی زۆری کاتی بە وەڵامی پرسیار و فتوای شەرعەوە بەسەر بردووە، بارەی نووسین و کتێبدانانی لەبیر نەکردووە، بەڵکو زۆر بە گەرمی ئەم لایەنەشی گرتووەو پتر لە (٩٠) بەرگ کتێبی پاش خۆی بەجێ هێشتووە. لەو کتێبانە:

١- الاشاعة لاشراط الساعة.

٢- انوار السلسبيل في شرح اسماء التنزيل

٣- الضاويى على صبح فاتحة البيضاوي.

٤- المصطلح على آلفية السيوطى .

٥- النوافض للروافض.

٦- مرقاة الصعود في تفسير أوائل العقود.

٧- الجاذب الغيبي الى الجانب الغربي.

٨- خالص التلخيص.

٩- تحصيل الامام. =

شارەزایانی کوردیی کۆن زۆریان یارمەتی داوم. بە تایبەتی مامۆستا شکوور مـستەفا

---

= ١٠– النفحة الفائحة.

١١– سداد الدين فی الدرجات والنجاة للوالدين... و گەلێ دانراوی کە.

وەکو وتمان، ئەم زانا بەرزە بەزۆریی زانیاری بێ پایانی و، خوورەوشتی جوانی و، خزمەتکردنی بە فەقێ و هاوەڵانی و، دەم و زمانی شیرینی و، وتاری بەرزی جوانی، لە جیهانی ئەو سەردەمەدا دەنگی دابووەوەو، لە هەموو لایەکی جیهانی ئیسلامییەوە، هەر کارێکی گرنگ یان مەسئەلەیەکی یاخیی ببوایە بۆ لای ئەبراو ئەویش بە زووترین کات و جوانترین شێوەو ڕاستترین وەڵام پەردەی لە ڕووی مەسەلەکە هەڵئەماڵی و، بێ گرێ و توێکڵ ئەیدایەوە دەستیان. بەم شێوەیە ئەم زانایە (٩٩) ساڵ تەمەنی بەسەر برد تا لە (١١٠٣)ی ك. دا لە شاری مەدینە لە جیهان دەرچووە، لە خاکی بەقیع لە گۆڕستانی بەرزنجییەکان بە خاك سپێررا. (بڕوانە: (ترجمة المصنف) لە کتێبی (الاشاعة)دا چاپی (مطبعة المشهد الحسيني) قاهیرە ساڵی (١٣٨٤).

پێش ئەوەی باسی مامۆستای بەرزنجی بپێچینەوە یەك دوو قسەی مامۆستای ناوبراو لە کتێبی (الاشاعة)دا هەیە لەوانەیە سوودی باشیان لێ وەربگیرێ، بۆیە نووسینیان لێرەدا بە پێویست ئەزانم.

مامۆستای بەرزنجی ئەڵێ:

«لە کاتێکدا من مناڵ بووم لە شاخەکانی شارەزووردا لە دێی (ئەزمك) محەممەد ناوێك پەیدا بوو ئەیوت: من مەهدیم و، خەڵکێکی زۆری شوێن کەوت، تا میری ئەو وڵاتە ئەحمەد خانی کوردیی هێرشی بردە سەری و شکاندی و، براکەی گرت و دێکەیانی وێران کردو، محەمەد خۆی ڕایکرد و کۆمەڵێك لە شوێنکەوتووانی کوژران و، هەرچیشیان مانەوە سووك و بێ نرخ بوون. دوایی زانایانی کورد لێی کۆبوونەوە و فتوایان بە کوفری دەرکردو ئیمانیان پێ تازە کردەوەو، سەرلەنوێ ژنەکانیان لێ مارە کردەوە. ئەویش تەوبەی کردو لە کارەکەی گەڕایەوە، بەڵام هەندێك لەوانەی کە نزیکی بوون و تێکەڵاوییان لەگەڵی بووە ئەیانوت: هەر بە ڕواڵەت گەڕاوەتەوە و بە دڵ هەر لەسەر بیرو ڕا کۆنەکەیەتی».

«من لە ساڵی (١٠٧٠) ك. دا لە گەڵی دانیشتم، دیم پیاوێکی خواپەرستی لە خواترس بوو، لەجل و بەرگ و خواردنیا خۆی زۆر لە حەرام ئەپاراست. براکەی کە لەسەر ئەو گیرا بوو زۆر لێی ناڕازی بوو».

وە هەر لە پاش ئەم قسە ئەفەرمووێ:

«بە ماوەیەکی کەم پێش دەستکردنم بە دانانی ئەم کتێبە پیاوێکی کورد لە شاخەکانی «عقره»و «عمادیە» پەیدا بوو، ناوی «عبدالله» بوو، ئەیوت: ئەو پیاوێکی شەریفی حسەینییە، کوڕێکی بچکۆلەی دە دوازدە ساڵانەی بوو ناوی نابوو «محمدی مەهدی» خەڵکێکی زۆری شوێن کەوت و، هەندێ قەڵاو شتی گرت. والیی موصل بۆی سوار بوو و شەڕ و خوێنڕژان لە نێوانیانا ڕووی دا، دوایی کۆمەڵی (مەهدی) شکان و باوك و کوڕ گیران و بە دیلی رەوانەی ئەستەمووڵ کران. دوایی سوڵتان لێیان خۆش بوو و گەڕانەوەی لێ قەدەغە کردن و هەردووکیان لەوێ مردن».

بڕوانە لاپەڕە: ١٢١ ی (الاشاعة).

(*) لەگەڵ چیرۆکێکدا لە مامۆستایەکم بیست کە مامۆستا (ابن الحاج) ماوەیەك لە (بصره) قازی بووە، بەڵام کەی بووە؟ نازانرێ.

ئەندامی یاریدەدەری (کۆڕی زانیاری کورد) کە بە تەواویی دەستخەتەکەی لەگەڵ خوێندمەوە.

٤- لەو دەسنووسەدا کە لە پێشدا دەستم کەوت هیچ جۆرە ئیشارەیەکی بۆ ناوی کتێبەکە تێدا نەبوو، بەڵام وەك باسی ئەکەین- لەم دوایییەدا نوسخەیەکی کەی هەمان کتێبم دەسکەوت بە روونی ناوی (مەهدی نامە)ی بۆ دانابوو بۆیە ئێمەیش ئەو ناوەمان بۆ دانا.

## دەسنووسی دووەم

کاتێك ئەم نامیلکەیە هەرچیم بۆ لەگەڵ کرابوو کردبووم و پێشکەشی (کۆڕی زانیاری کورد)م کردبوو و، بڕیاری لە چاپدانی درابوو و، لەوەدا بوو بخرێتە ژێر چاپەوە، لەپڕ لای برادەرێکەوە نوسخەیەکی نایابی ئەم نامیلکەیە سەری هەڵداو، هەر بە هەواڵزانینی، بە پەلە، ڕووم لە (کۆڕ) کردو کتێبەکەم وەرگرتەوە، دووبارە لە سەرەتاوە پێیداچوومەوەو هەرچی جیاوازییەکی نێوان دوو نوسخەکە بوو لە پەراوێزەوە دەسنیشانم کرد. لەبەرئەوەی نوسخەکەی لای خۆم کۆنتر بوو و زووتر نووسرابووەوە بە ئەصلم داناو بە (١) ئیشارەم بۆ کرد و بۆ ئەم نوسخە بە (٢) ئیشارەم کرد.

ئەم نوسخەیە بە خەتێکی زۆر جوان نووسراوەو، نووسەرەکەی گەلێ بە سەرنج بووەو، گەلێ جار دەسنیشانی جیاوازیی چەند نوسخەی کردووە.

ئەوەی لە ڕاستکردنەوەی عیبارەتەکاندا یارمەتیدەرێکی باش بێ ئەوەیە نووسەر وەك نووسینی عەرەبی بە وردی سەر و بۆری بۆ هەموو شیعرەکان کردووە.

گەلێ کەس دەسیان بۆ ناو کتێبەکە بردووەو قەڵەمیان تێدا گێڕاوەو مانای گەلێ وشەو جێگەیان لێکداوەتەوە. بەڵام ، بە داخەوە، ئەوەی جێگەی سەرنج بێ ئەوەیە ئەو نووسەرانە لێکدانەوەکەیان- لەگەڵ ئەوەدا کە کوردییان زانیوەو مانای کوردییان لێکداوەتەوە- یان بە فارسی یان بە عەرەبی بووە.

زیاد لەوەی ئەم دەستخەتە- جگە لە یەك چوارین- تەواوی دەستخەتی (١)ی تێدایە، گەلێ جێگەی زیادیشی تێدایە کە لە نوسخەی (١)دا نییەو، منیش ئەو زیادانەم هەموو نووسی و لە پەراوێزەوە دەسنیشانی ئەو جێگایانەم کرد. بەداخەوە- زیاد لەوە کە ئەم نووسەرە بەڕێزە ئەڵێ ناوم (محمد)ە- هیچ باس و ناونیشانێکی خۆی ناڵێ. ئەوەندەش

ئەڵێ کە لە شەوی یەك شەممە لە (ساوجبلاغ) نووسیویەتیەوە. لەم دەسنووسەدا ناوی چەند کتێبێك لە حاشیەکانیدا هەیە کە یان ناویان نەبیسراوە یان زۆر کەمن، وەك (حوض النهر) و (عنبر الفایح) و (مخزن الدرر) و (زینة الواعظین). ئەم دەسنووسە لە ساڵی (١٢٨٨)ی ك. دا نووسراوەتەوە.

**(إبن الحاج) کێییە؟**

ئیبنولحاج زانای گەورەو، ئەدیبی پایەبەرزو، شەرعزانی کەم وێنە و، (محدث)ی بە ناوبانگی کورد مەلا محەمەدی کوڕی حاجی حەسەنە، خەڵکی دێی (سنجوێ)ی سەر بە ناوچەی سەردەشتە.

سەرەتای ژیانی ئەم زانا گەورەیە نەزانراوە(*) تەنها ئەوەندە نەبێ کە لە سەرەتای ژیانیاو پاش تەواوکردنی خوێندن لە دێی (سنجوێ) بۆ ماوەیەك دەرسی وتووەتەوە و، زاناو خوێندەواری پێگەیاندووە. پاش ئەو ماوەیە لەبەر هۆیەکی نەزانراو (کەم وابووە مەلایەك پاش ئەوەی لە جێگەیەکدا بووبێ بە مامۆستا– بێ هۆیەك– ئەو جێگەی خۆی بەجێ هێشتبێ و بۆ وڵاتێکی تر، یا بۆ جێگایەکی دوور چووبێ) جێگە و شوێنی خۆی بە جێ هێشتووە و هاتووەتە دێی (هەزارمێرد)ی نزیکی تانجەرۆ و سلێمانی و، لەوێ دەستی بە دەرسوتنەوە کردووە و، لە هەموو لایەکەوە فەقێ بە پەرۆشەوە بۆ خزمەتی هاتوون و، لە کۆڕی دەرسوتنەوەیا بەوپەڕی ئەدەبەوە دانیشتوون و لە دەریای بێ پایانی دوڕ و گەوهەریان وەرگرتووەو، شەو و ڕۆژیان لە خۆیان هەراسان کردووە بۆ ئەوەی کاتیان لەکیس نەچێ و، زیاتر کەڵك لەو سەرچاوە ڕوونە وەربگرن. وەکو وتمان هیچ بەڵگەیەکمان دەربارەی سەرەتای ژیانی (ابن الحاج) بە دەستەوە نییە، هەروەها ژیانی کەسوکاری و چۆنیەتی بنەماڵەو جێگا و شوێنی، بەڵام لە نیوە شیعرێکی کتێبەکەیەوە کە دەفەرمووێ: «زانیومە بە ئیرثییەتی»

ڕوون و بێگومان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەم زانایە لە بنەماڵەیەکی ئایینیی کۆن بووەو، پشتاوپشتیان بە زانای بەرزی خوێندەواری چاك هاتوونەتە خوارەوەو، هەمیشە کەڵە پیاو و شاسواری مەیدانەکانی زانیاری بوون و، هەموو یەکێکیان گەییوەتە ئەو پلەیە کە پێی بوترێ: (محدث) و، زانیاریی حەدیث پشتاوپشت بە ئیرث بۆ یەکتر بەجێ بهێڵن.

بۆ پلەی (ابن الحاج) ئەوەندە بە سەکە ئەدیب و زانایانی وەکو مامۆستا مەلا (عبدالله)ی بێتووشی و شێخ مارفی نۆدێ قوتابیی ئەو بوون و، لەسەر سفرە و خوانی

ئەدەبیی ئەو توێشووی ئەو ئەدەبە بەرزەیان هەڵگرتووە کە جێ و شوێنێکی تایبەتیی هەیە. زیاد لەوە کە بێتووشی ئەو پارچە هۆنراوە بەرزەی کە تا ئێستەش لە عەرەبیدا وێنەی نەهۆنراوەتەوە و بە یەکێك لە شاکارە هەرە بە نرخەکانی ئەدەبی عەرەبی ئەژمێررێ، وەکو نامەیەك، بۆ (ابن الحاج)ی مامۆستای ناردووە[٢١].

مامۆستای گەورەمان وەك چەرخ و سەردەمی خۆی بەڵکو زیاتریش هەر بەلایەنی دەرس وتنەوەو زانای گەورە پێگەیاندنەوە نەوەستاوەو ئەسپی خۆی لە گەلێ مەیداندا تاوداوەو، لە هەموو ئەو مەیدانانەشدا شاسوار بووە. یەکێك لەو مەیدانانە شتێکی کەمی لێ بزانرێ مەیدانی تەئلیف و کتێب دانانە، لەم ڕووەوە ئیبنولحاج گەلێ کتێبی لە زانیارییە جۆراوجۆرەکانیدا داناوەو دانراوەکانیشی بە چاکترین کتێبی بابەتی خۆیان ئەزانرێن. بەڵام گومان لەوەدا نییە– وەك مێژووی ژیانی نازانرێ– زۆری کتێب و نووسراوەکانیشی تا ئێستە نەناسراون و ڕەنگە زۆریشیان بێ سەرو شوێن لە ناوچووبن. بەڵگەی ئەمەش ئەم کتێبەیە کە پێشکەش بە خوێندەوارانی ئەکەین، کە تا ئێستە هیچ سەرچاوەیەك لەوانەی باس لە (ابن الحاج)ەوە ئەکەن ناویان نەهێناوە و بەلایدا نەچوون. جا ئەبێ چەند کتێبی وا بە نرخی لەناوچووبێ و، ئەبێ دیوانی شیعر و هۆنراوەی چی بەسەر هاتبێ؟

بەهەرحاڵ ئەوەندەی پێمان بکرێ سەرنجی خوێندەواران بۆ ئەم باسە ڕائەکێشین و ئەوە ئەڵێین: پیاوێك بەو هەموو زانیارییەوە، بەو هەموو ئەدەبەوە، دانراوی شیعری زۆری هەبێ، هۆنراوەی کوردیشی هەبێ، ئەبێ دیوانی شیعری– عەرەبی یا کوردی– نەبێ؟ ئەبێ بۆ گەلێ بابەت و موناسەبە هۆنراوەی نایابی نەوتبێ؟ ئەبێ پیاوێك بێتووشی ئەو نامە بەرزەی بۆ ناردبێ بە نامەیەکی لەوە بەرزتر یا وەك ئەوە وەڵامی نەدابێتەوە؟ بێگومان خوێنەرانی بەڕێزیش لەگەڵ مندا ئەڵێن: (نابێ)، بەڵام ئایا ئەبێ لەمەولایش مێژووی ئەم زانایە هەروا بە نادیاریی بمێنێتەوە؟ من لام وا نییە ئەگەر هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی پاشماوەکانی بدرێ گەلێ شتی بە نرخ وەدەس نەکەوێ.

سەرەڕای ئەمانە بۆ ڕێزی ئەم زانایە هەمیشە ئەوە لەبیر ناکرێ کە یەکەم کەسە– تا ئێستە ناسرابێ– بەو کێش و لەهجەو عەرووضەی باسمان کرد شیعری کوردیی هۆنیبێتەوە.

---

(٢١) سەرەتای ئەو پارچە هۆنراوە ئەمەیە:

«یا سیدی زاد اکتسابی في الهوی کربی علا من زفرتي وعویلي»

بڕوانە «البیتوشی» مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لاپەڕە (٤٤).

ئەوا لە خوارەوە ناوی دانراوە پێ زانراوەکانی پێشکەشی خوێندەوارانی بەڕێز ئەکەین:

١- نظم محاسن الغرر.

٢- شرح نظم محاسن الغرر.

٣- رفع الخفا عن ذات الشفا.

٤- حاشیەی (مدونە)ی لەسەر کتێبی (البهجة المرضية فی شرح الألفية)

٥- الشمائل. تاکە نوسخەی ئەم کتێبە تازە لەگەڵ چەند کتێبێکدا بە کتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقیی فرۆشراوە.

٦- ایقاد الضرام علی من لم یوقع طلاق العوام[٢٢].

٧- رسالة فی بیان المقصور والمحدود.

٨- رسالة المحذوفات[٢٣].

٩- ئەم کتێبە کە پێشکەش بە خوێندەواران ئەکرێ (مەهدی نامە).

١٠- وەك -وتم- بڕوا ناکرێت ئەم مامۆستا دیوانی شیعری خۆی نەبووبێ، وەك بەڵگەی ئەوەیش دوو پارچە شیعری کوردیی ئیبنولحاجم دۆزییەوە کە لە زاری پیاوە بەتەمەنەکان وەرگیراون و ئەمەیش ئەوە دەردەخات کە شیعرەکانی باو و بڵاوبوون و کەوتوونەتە ناو کۆڕ و کۆمەڵی کوردەواریی و، سنووری حوجرە و مامۆستایان و کەشکۆڵەکانیشیانی بەزاندوە[٢٤].

(٢٢) مامۆستا بێتووشی(تقریظ) بە بەربڕینێکی زۆر جوانی بۆ نووسیوە.

(٢٣) ئەم نامیلکەیە تازە لەم ماوەیەدا سەری هەڵداوە و تا ئێستە هیچ سەرچاوەیەك باسی لێ نەکردووە، تەنها وێنەی ئەم کتێبە لای برادەری خۆشەویستم مامۆستا محەمەد مەلا ئەحمەد گەزنەییە.

(٢٤) بڕوانە: کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی بەرگی یەکەم، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا، چاپی یەکەم، ١٩٨٠ ل: ٣١.

**هذا رسالهٔ مهدی نامه کردی لعالیجناب ملا محمد الملقب بابن الحاج رحمة الله علیه**(١)

بسم الله الرحمن الرحیم

١

یـــا رەبـبـی تـۆی صاحـیب هـودا
حـیـفـظـم بـکـەی (یــا ذا الـنـدا)
وەقــتــێ دەبــن فــیــتــنــە بــەدا(٢)
بــە ئــیسمــی تــۆ بــیــدایــەتــی

***

٢

بــیــدایــەتــم بــە ئــیسمــی تــۆ
لــە ذیـکـری فـیـتـنـەی خـەلـقی تـۆ
ویـفـقـی حـەدیـثـی نـەبـیـیی تـۆ
زانــیــومــە بــە ئــیـرثــیــیــەتــی

***

٣

هــەر چــە کــەسێ ئــەهـلـی ئـیمـان
لــە جـوملـەیـی جیـنن و ئـینسان
دەزانـــێ هـــات ئـــاخـــر زەمـــان
فـــەوتـــاوە بـــابـــی راحـــەتـــی

***

٤

لــە کـوێیــە راحـەت بـۆ ئـینسان
خوصووص کە(٣) ئاخری زەمان

---

(١) واتە: ئەمە نامیلکەی مەهدی نامەی کوردی پایە بڵند مەلا محەمەدی ناسراو بە ئیبنولحاجە- رەحمەتی خودای لێ بێت.

(٢) لە (مع)دا ئەم دوو نیوە بەیتە پاش و پێشن.

(٣) کە (مع) لە.

پـڕە لـە ظـوڵـمـی[٤] بـێ ئـەمـان
کـەوتـووینـە دەرکـی فـیـتـنـەتـی

***

٥

ئـیـنسان ئـەگـەر تـێبـفـکـری
بـۆ حـاڵـی خـۆی دەبـێ بگـری
ژیــنــی نــەوێ مـردن بـکـڕی
لـە ئـەم دەوری مـەعـصیـیـەتـی

***

٦

دنـیـا هـەر بـۆ خـۆی فـیـتـنـەیـە
ئـەو عـەدووی ئـەهـلـی خـۆیـە
داوی دانــا لــە بــۆ مــەیــە
ئـیـنسان طـەیـرە دەیـکـەویـتـی

***

٧

دەیـکـەویـتـی پـۆل پـۆل ئینسان
غـاڵـبـە لـێی نـەفس و شەیـطـان
عـاصیـی دەبـێ لـە بـۆ ڕەحـمـان
فـکـرێ نـاکـا لـە قـیـامـەتـی

***

٨

قـیـامـەت لـێمـان نـیـزیك بـووە
ئـیـنسان تـەواو غـافـڵ بـووە

---

(٤) ظولمی (مع) ظولم و.

نـــيشانـــانـــی ظـــاهـــیـــر بـــووه
بـۆت بـکـەم وەصفـی عـەلامـەتـی

***

٩

یــەك لــە عــەلامــەتــان دەجـجـال
ئــەو کــافــری شەقـیــی بــەطـال
تــابــیــعــی وی ئــەهـلـی ضەلال
خـــۆ داویـــنـــە هـــیـــلاکـــەتـــی

***

١٠

دەبـــێ لـــە پـــێش ئـــەو شەیـطـان
بە حەوت[٥] ساڵ مەهدیی زەمان
لـەپێش مـەهـدیی دەبێ سوفیان
وا مـــەعـــلـــوومـــە بـــە ریـــوایـــەتـــی

***

١١

بـــە ڕیـوایـــەتـــی دە بـــێ مـــەعـــلـــووم
بیست ساڵ دەبێ سوفیانی شووم
بە بیست و حەوت[٦] مەهدیی (یقوم)
قـــەط دەرنـــاچـــێ لـــەو مـــوددەتـــی

***

١٢

بـەڵـکی خـەبـەر وەهـا مـن بـیست
لــە شێخــی مــاهــیــر و (مــثــبـت)

(٥) حەوت (مع) هەفت.

(٦) حەوت (مع) هەفت.

بـە پـازدەی تـر[٧] سوفـیـان دەبیت
ئــەهــلــی فــیسق و ضەلالــەتــی

***

١٣

نــیشانــەی سوفــیــان و دەجــجــال
کــەم دەبــی عــیلـم و زۆر جــەهــال
بــە دنــیــایــە زۆر ئــیشتــیــغــال
دەکــەونــە بــەحــری غــەفـلــەتـیـی

***

١٤

غــەفـلــەت یــەکـجــار تــەواو دەبــی
یــەك مــانگ وەکــو جــومــعــە دەبــی
لــە ئــەرضی بــوولــەرزە دەبــی
دەکــەن تــالآن ئــەمــانــەتــی

***

١٥

دانــی زەکــات دەبــیّ گــران
زۆر دەبــیّ غــەیـبــەت و بــوهــتــان
هــەم کــەم دەبــیّ[٨] رەحـمـی خـزمـان
نــادەن بــە یــەکــتــر ئـولــفــەتــی

***

١٦

چــی فــاسق بــیّ ئــەو بــە حــورمــەت
پـیـاوانـی چـاك[٩] دەکـەن ذیـللـەت

(٧) تر (مع) دی.
(٨) هەم کەم دەبیّ (مع) کەم دەبێتن.
(٩) پیاوانی چاك (مع) پیاوانی دەچاك.

کـەم دەبـێ لـە ئـەرضی بـەرەکـەت
پـەیـدا بـوون ئـەو لـەم حـالـەتـی

***

١٧

خـۆنـدن بـۆ جـاهـو مـاڵ دەبـێ
صددیـقـێ هـەر بـە زبـان دەبـێ
پـیـاو بـە قـصەی ژنـی دەبـێ
بـە کـەیـفـی دایك[١٠] نایەتی

***

١٨

لـە پـاش ئـەوێ سوفـیـان دەبـێ
لـە نـەسلی صەخری بـنی حـەربێ
خـاڵـی ئـەوین حـەیـیی کـەلـبێ
دەکـا لـە شام حـوکـوومـەتـی

***

١٩

کە خورووج بکەن تورك و گورجی
لا مـزگـەوتـی شام رۆدەچـی
نـیـزیـکـە سوفـیـان دەربـچـی
دەبـێ وەقـتـی ئـیـمـارەتـی

***

٢٠

دەکـەن خـورووج سێصەد سوار
بـۆی دێ لـە خـاڵان سێ هـەزار

(١٠) دایك (مع) داکی.

لـــه عـــێراق و جـــنگ و بـــنـــار
دەكـــەن تـــاڵانـــی كـــووفـــەتـــی
***
٢١
كـە كـووفـەی گـرت بـردی تـاڵان
یـــەخسیـری مـــاڵـــی و مـــنـداڵان
بـــە مـــەدیـــنـــیش دەكـــا جـــەولان
خـــەڵـــقـــی دەخـــاتـــە ضەیـقـەتـــی
***
٢٢
سێ ڕۆژ تـــاڵان لـــە مـــەدیـــنـــی
خـــوێن دەڕژێتـــە سەر زەمـــیـــنـــی
لـــە هـــاشمـــیـــان دەكـرێ قـیـنـی
دەچـــنـــە كـــێوان لـــە دەهشەتـــی
***
٢٣
لـــە مـــیـــحـــرابـــی دیمەشقـــی شام
لـــە سەر بـــەری یـــەك ژن (مـــدام)
چـــی بـڵـێ مـــەكـە كـوشتن (لـزام)
لـــە غـــایـــەتـــی جـــەهـــالـــەتـــی
***
٢٤
غـــاڵب دەبـــن جـــەیشی سوفـیـــان
لـــە ڕۆم و فـــارس و خـــۆراسان
خـۆ ون دەكـەن ئـەهـلـی ئـیـمـان
لـــەبـــەر زەحـــمـــەت و شیـددەتـــی
***

٢٥

هـــاشمــيــيــەك بــرای مــەهــدیــی
لـــە خـــۆراسان دێ بـــە تـــونـــدیـــی
بـــە پــێنـــج هـــەزار سواری مـــەردی
طـالـیب بـۆ مـەهـدیـی صوحـبـەتی

***

٢٦

ئـەو جـوانـێکـە یـەکـجـار تـونـدە[١١]
لـــەشکـــریشی یـــەکـــجـــار مـــەردە
ڕوو بـــکـــاتـــە کـــێو دەبـــێ (هـــدّا)
سوفـــیـــان بـــەوی دەنـــگـــویـــتـــی

***

٢٧

هـــــەژدە مـــــاهـــــان دەکـــا شەڕی
لـــە مـــەهـــدیـــی دەگـــات خـــەبـــەری
دەگـــەنـــە یـــەك لـــە ئـــەصطـــەخـری
سوفـــیـــان دەچـــێتـــە زیـــلـــلـــەتـــی

***

٢٨

لـــەو پـــاش مـــوقـــەددەر وا دەبـــی
قـەضـای خـودا[١٢] قـەط رەد نـابـی
جـــەیشی هـــــاشم شکست دەبـــی
دەشکـــێ دەچـــویـــتـــە مـــەککـــەتـــی

***

(١١) توندە (مع) توندا، هەروا مەردە– مەردا.

(١٢) خودا (مع) رەببی

٢٩

وەقــتــێ هــاشمــی مــیــر دەبــێ
هـەتا[١٣] مـەهـدیـی مـەعـلـووم دەبـێ
شەش ساڵــی بــەیــنــی وان دەبــێ
وا مــەعــلــوومــە بــە ریــوایــەتــی

***

٣٠

غــالب دەبــی فــیــتــنــە و شوروور
ڕێ دەگــــــرن نــــــەزدیك و دوور
حەوت[١٤] کەس عالم ئەهلی شوعوور
دێن هــەر یــەکــە لــە جـیـهـەتـی

***

٣١

هــەر یــەك لــە طــەرەفــێك[١٥] دەبی
هــەمــوان سێصەد لــەگــەڵ دەبــی
بــۆ خــەبــەری مــەهــدیــی دەبــی
لاقــیــی دەبــن لــە مــەککــەتــی

***

٣٢

لــە مــەککــەی دەبـیـنـن یـەکـدی
هــەمـوو طـالـیب لـە بـۆ مـەهـدیـی
دەڵــێن: دەزانین تــۆ مــەهــدیــی
بــە نــیشانــەو عــەلامــەتــی

***

---

(١٣) هەتا (مع) هەرتا.
(١٤) حەوت (مع) هەفت.
(١٥) طەرەفێك (مع) جیهەتێك.

٣٣

دەکـــا حـــاشا و (درو)[١٦] دەچی
هــەڵــدێ بــۆ مــەدیــنــەی دەچــی
ئــەو جــەمـعـیـیـەت لـە دووی دەچـی
دیسان دەیــهــێـنــە مــەککـەتــی

***

٣٤

لــە کــن مــەقــامــی حــەجــەری
دوعـــا دەکـــاو هـــەر دەگـــری
دەڵـــێن: دەبـــێ مــیــری بـگــری
یــان دەتـکــوژیــن بــە شیــددەتــی

***

٣٥

لــــە تـــرسان دەست درێژ دەکـــا
قـــەوم بــەیـعــەتــی لــەگــەڵ دەکـا
دوو رەکــعـــەت نـــوێژی بــۆ دەکـا
بــۆیــان دەخــویـنــی خـوطـبـەتـی

***

٣٦

خـوطـبـەی کـە خـونـد کـردی تـەمـام
ئــەو مــەهــدیــی شیــریــن کــەلام
ئــەهـلــی یــەمـەن کـووفـەو و شام
دەگــرن لـــەوی جـەمـعـیـیـەتـی[١٧]

***

(١٦) لە (مع)دا (دەردەچێ) نووسراوە، بەڵام لە ئەصڵەکەدا وەك (درۆ–دەڕوو) وایە.
(١٧) ئەم کۆپلەیە لە (مع) وەرگیراوە لە ئەصلەکەدا نییە.

٣٧

جـەمـاعـەت پـێ دەبـن[١٨] دڵخۆش
مـەهـدیـیـە ریش پـڕی چـاوڕەش[١٩]
ددانـــی وەك ئـــەســتـــێرەی گـــەش
خـــاڵـــی هـــەیـــە لـــە ڕوومـــەتـــی

***

٣٨

لـــە مـــەدیـــنـــە دەبـــێ وەلـــەد
نـــاوی مـــوحـــەممەدەو ئـــەحـــمـــەد
لـــە لای ڕاســتـــی خـــاڵـــی ئـــەسوەد
لـــە ئـــەولادی فـــاطـــیـــمـــەتـــی

***

٣٩

روومـــەتـــی هـــەر وەك گـــەوهـــەری
نـــاوی دایـــكـــی هـــەم پـــدەری
هـــەر بـــە مـیـثـلـی پـێغـەمـبـەری
شیـبـهـی ویـیـە لـە خـیـلـقـەتـی

***

٤٠

یەكجار رەحیم[٢٠] لە بوغضی دوور
خـەلـقـی زۆر پـێ دەبـێ مـەسروور
داخـڵ دەبـێ حـوبـبـی صودوور
حـــاكـــمـــی پـــڕ عـــەدالـــەتـــی

***

(١٨) دەبن (مع) دەبێ.
(١٩) چاوڕەش (مع) چاودەڕەش.
(٢٠) رەحیم (مع) حەلیم.

٤١

قسەی خـــراپ قـــەط نـــابـــێژی
خـوێنـی نـاحـەق هـیـچ نـاڕێژی
وەقـتـی کـەلامـی سست دەبـێژی(٢١)
دەستـــی دەدا لـــە روکـــبـــەتـــی

***

٤٢

دەستێك ظاهیر(٢٢) لـە ئـاسمـان
دەڵـــێ: (أمـــیـــرکـــم فـــلان)
یـەعنـی مـەهدیی نـەوەك سوفیـان
شادیـــی دەبـــێ بـــۆ ئـــوممەتـــی

***

٤٣

لـە مـوعـجـیـزەی پـێغـەممەری
(الـلـە) حـورمـەت نـای لـە سەری
ئەبدالی شام، گەورەی میصری
هـەمـوو دەکـەن ئـیـطـاعـەتـی

***

٤٤

کـە سوفـیـانـی خـەبـەری بـیست
جەیشی بۆ سەر مەهدیی دەچیت
دەڕوا(٢٣) لـە بـەیـدایـە دەخـیت
(فـــی لـــیـــلـــة مـــقـــمـــرتـــی)

***

---

(٢١) دەبێژی (مع) بێژی
(٢٢) ظاهیر لە (مع) ظاهیر دەبێ لە.
(٢٣) دەڕوا (مع) دەچێت.

٤٥

بـەیدا لـە کـەعـبـەی نـێزیـکـا
شوانـــێك دەزانـــێ و ڕادەکـــا
هەروا دەڕوات و[٢٤] بانگ دەکا
(یـــا ویـــح أهـــل مـــکـــتـــی !)

***

٤٦

کـــە شوان لـــەوێ غـــایب دەبـــێ
جـەیشی سوفـیـان خـەسف دەبێ
کـــە دێتـــەوە حـــەیـــران دەبـــێ
(آرتحلـــوا فـــي ساعـــتـــی)

***

٤٧

وەختێ[٢٥] تـەئـەممولـی دەکا
نـــەظـــەر لـــەو مـــەنـــزڵـــێ دەکـــا
ڕۆچـــوونـــی وان یـــەقین دەکـــا
بـــە دیـــنـــی لای قـــەطـیـفـەتـی

***

٤٨

ئـــەهـــلـــی مـــەککـــە دەبـــن سوروور
دەکـــەن شوکـــری ڕەبـــبـــی غـــەفـــوور
(حفظ کر) این لە ئەصلی شوروور
دەزانین ئـــــەو عـــــەلامـــــەتـــــی

***

(٢٤) هـەروا دەڕوات و (مع) هـەر دەچێت و هـەر
(٢٥) وەختێ (مع) وەقتێ.

٤٩

مـەهـدیـی لـە مـەککـەی دەردیٚ

بـەیـداخـی نـەبـی لـە بـۆ دەیـێ

دوازدە هـــەزاری لـــەگـــەڵ دیٚ

(او عشر مـــــع خــــمستــــــي)

***

٥٠

جـیـبـرەئـیـل چـەرخـچیی دەبیٚ

مـیـکـائـیـل دونـداری دەبـێ

ئـەرض و سەمـا سـەرخـۆش دەبیٚ

قـەصدی بـۆ شامـە هـیـجـرەتـی

***

٥١

فـــەرضی عـــیشا ئـــەدا دەکـــا

ئەووەڵ ڕوو لە[٢٦] حیجاز دەکا

چـــی بـــەنـــدیـــە ڕەهـــا دەکـــا

جـەواب دەگـا بـە کـووفـەتـی

***

٥٢

هـەر کـە صەخـری عـالـیم بووە

جـــەیشی ئـــەوی خـــەسف بـــووە

یـــەك نـــەفـــەری خـــەلاص بـــووە

خـورووج دەکـا لـە کـووفـەتـی

***

(٢٦) ئەووەڵ ڕوو لە (مع) ئەووەڵی ڕوو

٥٣

دێتــه دەرۆ[٢٧] عــازیـم بــه شام
جــەیشی دروست دەکــا تــەمــام
له پێش مەهدیی داخل به شام
(ألــــقـــی الـــیـــه طــاعـــتـــی)

***

٥٤

بــه خــەسفــی ئـیـعـتـیـبـار دەکـا
بـەیـعـەت لـەگـەڵ مـەهـدی دەکـا
مەهدی بۆ قوددووس ڕوو دەکا
سێ ساڵ دەکــا ئــیــقــامــەتــی

***

٥٥

صەخـری حـالـی وەعـار دەخـەن
نــاقـیض لــه بـۆ عـەهـدی دەبـن
مـوسـتـەحـەقـقی غـەضەب دەبن
واقـــیـــع دەبـــن لـــه ریـــددەتـــی

***

٥٦

سوفـیـان دەکــا عــەزمـی شەڕێ
مــەهــدیــی دەزانــێ خــەبــەرێ
جــەیشی عــەظـیـم دێـتـه دەرێ
ئــالای (کــثــیــر مــن مــأتــی)

***

(٢٧) دەرۆ (مع) دەرێ.

٥٧

نــەصرەت دەدا رەبـبـی غــەفـوور
شکست دێنن[٢٨] کەلبی شەروور
(ثـــم یـــولـــون الـــدبـــر)
(بشری لاهـــل الـــغـــزوتـــی)

***

٥٨

ئـــەولادی وان مـــەسبـــی دەبـــێ
حۆریـی بـەهـەشت شادیی دەبێ
سۆفـیـان لـەوێ یـەخسیـر دەبـێ
(یـــذبـــح مـــثـــل سخـــلـــتـــی)

***

٥٩

ذەبـــح لـــە ژێر شەجـــەرەتـــی
لـە کـن بـەحـری طـیـبریـیـەتـی
یـا لـە دورجـی[٢٩] طووریيەتی
خـــیـــلافـــە لـــەو ریـــوایـــەتـــی

***

٦٠

هــەر کـە کـوژا سوفـیـانـی شووم
غـەنـیـمـەتـان دەکـەن قـوسووم
فەتحی دەکەن حوصوونی رووم
بــە تــەهـلـیـل و تـەکـبـیـرەتـی

***

(٢٨) شکست دێنن (مع) مەهزووم دەبن
(٢٩) یا لە دورجی (مع) یا دورجی

٦١

جـەورو ظـولمی ریـحلـەت دەکـا
عـەدل و حـیلـمـی سوکـنـا دەکـا
دیــنــی نــەبــی قــایــم دەکــا
نــابــێ خــیـلافـی سونــنــەتــی

***

٦٢

قـوسطـەنطینـی مـەفـتـووح دەبێ
سێ ڕۆژ لــەوێ هــەر شەڕ دەبــێ
جـەیشی مـەهـدیـی غـاڵب دەبێ
قـیسمـەت دەکـەن غـەنـیـمـەتـی

***

٦٣

شەیـطـان لـەوێ بـانگێك دەكـات
جەیشی مەهدیی ئیعلام دەکات
دەجـجـال ئـەوا لـە بـۆتـان هـات
یــەخسیـر دەکــا ذوڕیــیــەتــی

***

٦٤

لــە قـیسمـەتـی بـەطـاڵ دەکـەن
روو بــە ئــەولادو مــاڵ دەکــەن
ئــەو خــەبــەرەی یــەقین دەکــەن
هــەر درۆیــە و(٣٠) شەیطانەتی

***

(٣٠) هەر درۆیە و (مع) کە هەر کیذب و

٦٥

ڕۆمــیــیــەتــی دەکــەن دیــار
شەهــری عــەظیـم و بــێ شومــار
لــێ دەکــوژن شەشصەد هــەزار
فــەتـتــاحـی ئــەو تــەکـبـیـرەتـی

***

٦٦

وەقــتــێ لــەوێ دەبــن رەهــا
(بــلــدة قــاطــع طــولــهــا)
(الــف مــیــل وعــرضـهــا)
(مــبــلــغ خــمسمــأتــی)

***

٦٧

تـێدایــە سێصەدو شەصت بــاب
صەد هەزار کەس لە کوللی باب
پیاوی جەنگیی تەواو ئەسباب
فــەتحی بــە چــار تــەکـبـیـرەتـی

***

٦٨

لــەوێ دەڕۆن رەهــا دەبــن
بــە قـوددووسی[٣١] داخـڵ دەبـن
بــە دەجـجـالـی مـوخـبـیـر دەبـن
ئــەو هــاتــە دەر بـۆ فـیـتـنـەتـی

***

---

(٣١) بە قوددووسی (مع) (بیت القدس)

٦٩

لـه وەقـتـی خـەلـقـی ئـادەمـی
فـیـتـنـە نـیـیـە بـەو ئـەعـظـەمـی
یـا رەبـبـی تـۆ مـونـتـەقـیـمـی
حـیـفـظـم بـکـەی لـەو فـیـتـنـەتـی

***

٧٠

هــەر لــە نــووحــی بــە پــاشەوە
چــی پــێغـــەممەری هـــاتـــووە
ئـــوممەتـــی ئـــاگـــا کـــردووە
دا بـــزانـــن ئــەو عــەلامــەتــی

***

٧١

(قـــال إمـــام الـــنـــووي)[٣٢]
بـوون سەلـەفـی لـە دیـن قـەوی
چاکە تەلقین بکەین[٣٣] صەبی
بـەحـثـی دەجـجـالـی لـەعـنـەتـی

***

٧٢

ئـەو فـیـتـنـەیـە بـۆ عـالـەمـی
عــەذابــی وی هــەر یــەك دەمــی
چــی صابـیـرە لــەو ئـەلـەمـی
خـەلاص دەبـێ لـە قـیـامـەتـی

***

(٣٢) قال امام النووي (مع) فەرمووی ئیمامی نەوەویی
(٣٣) بکەین (مع) دادەن

٧٣

لـە ئـەصفـەهـان پـەیـدا دەبـێ
حـەفـتـا هـەزاری[٣٤] هـەمرِاە دەبـێ
بـــەنـــاو عـــێراق و شامـــا دێ
بـــە راست و چـــەپ فـــەسادەتـــی

***

٧٤

ئـــەووەڵ دەعـــوای صـەلاح دەکـا
هــەمـوو کـەسێ گـوێی لـێ دەکـا
لـەو پـاش کـوفـری ئـیظـهـار دەکا
مـوئـمین دەکـەن لـێ فـیـرقـەتـی

***

٧٥

کــوفــری دەبــیــنــن ئــاشکــار
لـــە نـــاوی چـــاوانـــی دیـــیـــار
نـەیـخـوێنـدەبێ یـا خـۆنـدەوار
هـــەمـــوو دەزانـــن ئـــەو خـــەتـــی

***

٧٦

سواری کـــەرێکـــی خـــۆش بـــەزە
مـابـەیـنـی گـوێچکـەی چل گـەزە
حـــەفـــتـــا هـــەزاری پـــەلخوزە
لـەژێر گـوێی دەکـەن مـەشیـەتـی

***

(٣٤) حەفتا هەزاری (مع) حەفتا هەزار جووی

٧٧

چـــاوێکـــی دەرپـــەڕیـــو دەبـــێ
ئـــەویش لـــووس و پـــووس دەبـــێ
شیـبـــهـــی (عـبـدالـعـزی) دەبـێ
کـــە مـــردووە لـــە جـاهـیـلـیـەتـی

***

٧٨

ئـــەو کـــافـــرێکـــی[٣٥] بـــەدا
دەڵـــێ بـــەخـــەڵـقـــی: مـــن خـــودا!
چـــی مـــوئـمـیـنــە دەبـــێ جـــودا
نـــاکـــا لـــەبـــۆی ئـــیـطـــاعـــەتـــی

***

٧٩

شاخـی لـەنـاو چـاوان[٣٦] دەبێ
پــــڕ لـــە دووپشك و مــــار دەبـــێ
هـــەرکـــەس بـــەوی بـــاوەڕ نـــەبـــێ
بــــەری دەدا[٣٧] بـــۆ لـــەدغـــەتـــی

***

٨٠

ئـــەی شـەیـطـانـی رەفـیـقـی کـەر
تۆ زۆر مەڵێ و یەکجار مەوەڕ
ئـەگـەر تـۆ هـەی خـودای لـەسەر
چـاوی خـۆت بـێنـە صیحـەتـی

***

(٣٥) کافرێکی (مع) کافری یەکجار.
(٣٦) چاوان (مع) چاوی.
(٣٧) بەری دەدا (مع) تێ بەردەدا.

٨١

نـاكـا لـەوی تـەفـەكـكـوری:

كە خودای بۆچی سواری كەری؟!

خـودا نـابـێ مـوحـتـاج بـەكـەری

عـەجـایـەب لـەم غـەبـاوەتـی

***

٨٢

رەبـی خـالـیـقـی سەمـاو ئـەرض

عالیم بەطوول و هەم بەعەرض

حـاجـەت نـیـیـە بـڕوا لـە ئـەرض

بـەدوورە ئـەو لـە زیـلـلـەتـی

***

٨٣

لـەگـەڵـیـەتـی بـەهـەشت و نـار

چـی بـەهـەشتـی بكـا ئـیختیـار

ساتـێك لـەبـۆی دەبـێ بـەنـار

بـەوی دەقـیـقـەو لـەحـظـەتـی

***

٨٤

بـوی سێ چـیـروان قـەوی دەكـا

شەرق و غـەربـان ئـاگـا دەكـا

ئـەرضـی هـەموو هـەر طەی دەكا

ئـیـلـلا مـەگـەر مـەدیـنـەتـی

***

٨٥

بـەیـتـولـقـودوس مـەسجیدی طوور
دەبـــێ لــــەوانـــیش ئـــەو بـــەدوور
حــافـظ دەبــێ رەبــبــی غــەفــوور
ثـــابـــیت بـــەیـــەك ریـــوایـــەتـــی

***

٨٦

دەڕوا بـــەئـــــەرضا ئــــەو عـــــەدو
هـــــەروەك بـــارانـــی بـــا لـــە دوو
ئـــاوی صافـــی دەچـــوێ لـــە دوو
عـــەجـــایب لـــەو بـــەلـــیـــیـــەتـــی

***

٨٧

لـەگـەڵـیـەتـی سیـحـرو كـوهـهـان
كـێوان دەكــەن ساتـێك بــە نــان
هــەركـەس بـەوی نـەبێ[٣٨] ئیمان
داویـــتـــە نـــاری لـــەحـــظـــەتـــی

***

٨٨

زوڕنـــاو دەف و چـــەقـــانـــە و نـــەی
دایـــم دەبـــن لـــــە پـــێش (یدي)
مـــەفـــتـــوون دەبــێ سامـیـعـی وەی
ئـــەڵـــڵاە مـــەگـــەر دا عـیـصمـەتـی

***

(٣٨) نەبێ (مع) نەیبێ.

٨٩

ئـــەمـــری دەكـــاتـــە ئـــاسمـــان
دەڵـــێ: بـــــڕێژە بــــۆم بــــاران
ساتـــێك دەكـــا لـــەبـــۆی[٣٩] ڕێژان
ئـــەڵـــڵا دەداتـــن مـــوهـــلـــەتـــی

***

٩٠

قـــەومـــێ كـــە پـــێی بـــاوەڕ بـكـــا
حـەیـوانـێ گـوان پڕ شیـر[٤٠] دەكا
ئـــەرضی هـــەمـــوو گـیـــا شین دەكـــا
دەكـــەونـــە حـــاڵـــی ویسعـــەتـــی

***

٩١

ویسعـــەتـی هـــەر[٤١] یـــەك دەمـــێ
سەرخـــۆش دەبـــن ئـــەوی جـــەمـــێ
لـــەو پـــاش دەكـــێشن زۆر غـــەمـــێ
لـــە بـــۆ حـــەسرەت و شیـــددەتـــی

***

٩٢

ئـــەمـــرێ دەكـــاتـــە كـــێو بـــچـــی
دەر ساعـــەت ئـــەو لـــە دووی دەچی
هـــەركـــە بـــۆ نـــاو بـــەحـــری دەچـــی
دەیـــگـــاتـــە جـــای روكـــبـــەتـــی

***

---

(٣٩) دەكا لەبۆی (مع) لەبۆی دەكا.
(٤٠) شیر لە ئەصلەكەدا نەبوو لە (مع)م وەرگرت.
(٤١) هەر (مع) وان هەر.

٩٣

کـــە روو لـــە وێرانـــە دەکـــا
دەڵــێ: خــەزیـنــەت دەر بـکـا
دەر لـەحـظـە بۆی ئـیظـهـار دەکا
بـە مـیـثـلـی پـوورە نـەحـلـەتـی

***

٩٤

فـیـتـنـەی عـەظیم ئـەمری دیگـەر
دەڵــێ: مــنــم خــودای لـــەسەر
دایك و بـاوکت بـۆ بـێنـمـە دەر؟
شەیـطـان دەچـێتـە سوورەتـی

***

٩٥

ئەو خۆی بە شەکڵی وان دەکا
دەڵـــێن: کـــوڕە بـــاوەڕ بـکـــا
(فـــــــإن هـــــــذا ربك)
عـەظـیـمـە ئـەو لـە فـیـتـنـەتـی

***

٩٦

خــضر لـــەگـــەڵ وی دەگـــەڕی
دایـــم دەداتـــن خـــەبـــەری:
قـەط پـێ مـەکـەن هـیـچ بـاوەڕی
دوورکـەونـەوە لـەم بـەلـیـەتـی

***

٩٧

هەر بانگ دەکا: ئەی ئەهلی دین
دەجـجـالـە ئـەو مـەردی لـەعین
کـوفـری لـە نـاوچـاوی بـەبین
بـە دوورە ئـەو لـە رەحـمـەتـی

***

٩٨

کـە ئـەو لـەعین رووی تـێدەکـا
دەر سات بـە دوو کـەرتـی دەکـا
دیسان خـودا زیـنـدووی دەکـا
نـای بـێ لـەسەر وی قـودرەتـی

***

٩٩

ئـەیـامـی ئەو[٤٢] چـل ڕۆژ دەبـێ
یـەك ڕۆژی هـەر وەك ساڵ دەبـێ
ڕۆژی دووەم وەك مـانگ دەبـێ
سێیـەمین هـەر وەك جـومـعـەتـی

***

١٠٠

ڕۆژی ئـەوی ڕۆژی ئـێمـەن[٤٣]
ڕۆژ و شەوان مـەقـدوور دەکـەن
مانگ و جومعە مەحسووب دەکەن
بـۆ نـوێژ و ڕۆژوو و طـاعـەتـی

***

---

(٤٢) ئەو (مع) وی.

(٤٣) ڕۆژی... (مع) ڕۆژی ئەویش ڕۆژی دەمەن

١٠١

لــه پـێش ئـەو دەجـجـالـی کـەذذاب
سێ سالّ دەبێ قـەحطیی و عەذاب
حــەیـوان دەبــن هــەمـوو تــەبــاب
لـــه بـــەر زەحــمــەت و ضـەیـقــەتــی

***

١٠٢

دەچنه[٤٤] (بـــیت المقـــدّس)ی
مـــەهــدی حــەصار دەکــا حـەبسی
حـــەتـــتـــا دەخــۆن ژێی قـــەوسی
لەبەر[٤٥] قـەحطیی و برسییەتـی

***

١٠٣

تـــەقـــدیـــری رەبـــبـــی ذولجەلال
مــەقـتـوول دەبـێ شەقـیـی بـەطـاڵ
بـــه دەست عـیسی نـــازل لـــه عـــال
کـــه دێتـــه خـــوار بـــۆ نـــەصرەتـــی

***

١٠٤

نـــازڵ دەبــێ بــه ئـەمری رەحـمــان
دەستـــی لـــەسەر دوو مـــەلـــەکـــان
هـــەر وەك دوررِی عـــەرەق لـــه روان
لـــه کــن بـــەیـضا مـــەنـــارەتـــی

***

(٤٤) دەچنه (مع) دەچێته
(٤٥) لەبەر (مع) لە.

١٠٥

مــەنــارەی سپــی لــە دیمەشقــی
قـــەریــبـــە لـــە (بـــاب الشرقـــی)
مــەخلـووق پـڕ(٤٦) لــە شەوقــی
یـــــانــــی دەدا بــــەشارەتــــی

***

١٠٦

دەچـــی روو دەکـــا(٤٧) قودسی
لــە دەجـجـالـی بـبـڕێ نـەفـەسی
مەهدیی خەلاص بێ لە حەبسی
دا بـێـتــە دەر لــەو ضـەیـقــەتـی

***

١٠٧

کـــە دەگـــاتـــە وارشی قـــودسی
دەرگـــا بـــەنـــدە لـــە بـــەر تـــرسی
دەڵـــێ: وەیـکـــەن مـــنـــم عـــیسی
هــاتــووم بـۆ فـەتـح و نـەصرەتـی

***

١٠٨

واریـــد دەبـــێ لـــە سەحـــەری
دێتـــە صەفـــی نـــوێژی فـــەجـری
عـــیسی مـلــی مـــەهــدی دەگری:
تـــەواو بـکـــە ئـــیـــمـــامـــەتـــی

***

(٤٦) پڕ (مع) دڵ پڕ.

(٤٧) روو دەکا (مع) روو دەکاتە.

١٠٩

کـە ئـیـمـامـی داوە[٤٨] سەلام
نوێژی صوبحی کردیان تەمام
دەکەن [شوکری][٤٩] رەببی عەللام
لـــە سەر نـــوورو بـــەشارەتـــی

***

١١٠

دەرگـــای وارش دەکـــاتـــەوە
دەجـجـال هـەڵـدێ بـە پـاشەوە
هـــەر وەك عـــەرەق دەتـــوێتـــەوە
لـە تـرسی ضـەربـی حـەربـەتـی

***

١١١

دەڵـی بـە ئـەو خـەبـیـثـی شووم:
بـۆ کـوێ دەچـی قـاتـیـلـی تووم
زرگـی دەدا لـە ستـۆو حـەلـقـووم
دەیـکـوژێ بـە یـەك مـەڕڕەتـی

***

١١٢

لـەو پـاش دەچـنـە نـاو لـەشکری
لـێیـان دەبـنـە گـورگـی مـەڕی
خـەلاص نـابـن یـەك نـەفـەری
لـە ئـەتـبـاعـی ئـەو لـەعـنـەتـی

***

(٤٨) داوە (مع) دایەوە
(٤٩) لە ئەصڵدا نەبوو لە (مع)م وەرگرت.

١١٣

دارو بــــەردیش دەکـــا نـــیـــدا
دەڵـــێن: ئـــەوا لـــە ژێر مـــنـــدا
یـــەهـــوودی دەجـــجـــالـــی بـــەدا
دەیـکـێشنـــە دەر بـــۆ قـــەتـــڵـــەتـــی

***

١١٤

ئـــەرزی لـــە پـــیسی پـــا دەکـــا
هـــەمـــوو صەلـــیـــبـــان دەق دەکـــا
ذەبـــحـــی خـــەنـــازیـــران دەکـــا
دەکـــەونـــە خـــۆشیـــی و راحـــەتـــی

***

١١٥

وەحـــــی لـــــە بـــــۆ عـــیسی دێ
یـــەئـــجـــووج و مـــەئـــجـــووج دەردێ
بـــۆ هـــیـــلاکـــی عـــالـــەم دەبـــێ
خـــۆ نـــاوێنـــە نـــاو قـــەلـــعـــەتـــی

***

١١٦

دەچـنـە طووری دەکـەن حـەصار
قـەحطی دەبـێ لـەوان یـەکجار
سەری گاجووت بە صەد دینار
دەکـــەونـــە حـــالـــی ضەیـــقـــەتـــی

***

١١٧

ئەو دوو قەومی[٥٠] بێ حەددو زۆر
تەواو[٥١] موفسید ئەهلی شورروور
(کـــلَ یـــلـــد الـــف ذکـــور)
مـەخـلـووق دەخـەنـە زەحـمـەتـی

***

١١٨

لــە ئــەرضا نــایــەڵــن دەیــیــار
نــە فـیـل و وەحشی نــە ئــەطـیـار
دەخـــۆنـــەوە هـــەمـــوو رووبـــار
سوبـــحـــانـــە خـــێوی قـــودرەتـــی

***

١١٩

گوێیـەکیـان هـەر وەکوو پـەستـەکێ
هـــەنـــدێك رایـــەخـــن لـــێوەکـــێ
لـــێوی ژووروو وەك لـــێفـــەکـــێ
دەکـەن لـەنـاو وی نـەومـەتـی[٥٢]

***

١٢٠

یەك بە بیست (گەز) قەومێك لەوان
بـــەعـــضێکـــی تـــر وەصفـــی ئـــەوان

---

(٥٠) قەومی (مع) قەومن.
(٥١) تەواو (مع) زۆر.
(٥٢) ئەم کۆپلە لە زیادەی چاپەکەیە لە هیچ کام لە دوو نوسخە دەستخەتەکەدا نەبوو.

لێو کەوەی خواروخێچ ددان[٥٣]
مـوخـتـەلـیفـن لـە خـیـلـقـەتـی
***
١٢١
لە بەعضیٚ تەصنیفانی موشاع
قەومێك لەوان صەدو بیست ذیراع
لـە ئـاسمـانـیش دەکـەن نـیـزاع
تـیـران داوێنـە ریـفـعـەتـی
***
١٢٢
تـیـر دێنـە خـوار خـوێنی لـەسەر
مـەغروور دەبن خـاکـیـان بـەسەر
نـایـەڵـن ئـەوراقـی شەجـەر
هـەم نـە بـەحـری طـیـبـریـیـەتـی
***
١٢٣
عـیسا مـونـاجـاتـیٚ دەکـا:
یاخودا[٥٤] ئـەوانـە پـاك وەکـە
هـەریەك کرمێك لە ئەستۆی دەکا
هـەمـوو دەچـنـە هـیـلاکـەتـی
***
١٢٤
موددەی حەوت ساڵ لە پاش ئەوان
ئـاگـر دەکـەن ئـەهـلـی ئـیـمـان

(٥٣) لێو.... (مع) لێوی گویٚ خواروخێچی وان
(٥٤) یاخودا (مع) یارەبی

لــه تــیــرکــەوان مــەتــاڵــی وان
لــە بــەر زۆریــی و غــەڵــەبــەتــی
***
١٢٥
ئــەرض لــەوانــیش پــاك دەبــێ
قــەوم لــە بــەنــدی رەهــا دەبــێ
لە ئەرض بوولەرزە[٥٥] زۆر دەبێ
لــە شیــنــایــی و ثــەمــەرەتــی
***
١٢٦
موددەی عیسا دەبێ حەوت ساڵ
نــیــکــاح دەکــاو دەبــێ مــنــداڵ
لەو پــاش مــەوتــی نــازڵ بــەحــاڵ
مــەدفــوون دەبــێ لــە حــوجرەتــی
***
١٢٧
لە پاش مەوتی عیسای شەریف
دابــبــە خــورووج لــە بــۆ تــەخــویف
لــە صەفــاو مــەروەی ظــەریــف
یــا لــە وادی تــوهــامــەتــی[٥٦]
***
١٢٨
یــان لــە شەعــەبــی جــیــادی
سێ صەیــحــەتــان دەکــا بــادی

(٥٥) بوولەرزە (مع) بەرەکەت
(٥٦) ئەم کۆپلە لە (مع) وەرگیراوە لە ئەصڵەکەدا نییە، لە چاپەکەیشدا هەیە.

دەی بــیــیــە حــاضرو بــادی
ئــەرض دەیــەتــە زەلــزەلــەتــی

***

١٢٩

دەشوبــهــێ بــە زۆر حــەیــوانــێ
قسەی هــەر وەکــو ئــیــنسانــێ
پــێیــە مــۆری سولــەیمانــێ
پــێ رەش دەکــاتــن جــەبــهــەتــی

***

١٣٠

هــەم پــێیــەتــی عــەصای ثوعبــان
دەیــدا لــە رووی ئــەهــلــی ئــیمــان
دایسی وەکــو نــەجــمــی ئــاسمــان
لــە غــایــەتــی شەفــافــەتــی

***

١٣١

قــەضای رەبــبــی وەهــا دەبــێ
کەس لە چنگی[٥٧] خەلاص نابێ
کــوفــرو ئــیــمــان جــودا دەبــێ
دەیــنــاسن بــە عــەلامــەتــی

***

١٣٢

ئــەو رۆژە کــە (دابــە) دەردێ
رۆژیش لــە مــەغــریــبــێ هــەڵدێ

---

(٥٧) چنگی (مع) دەستی

مانگیش له جەنبی وی دەردێ[٥٨]
بــەرابــەرن لــە طــەلــعــەتــی

***

١٣٣

وای فـــەرمـــوە عــەسقـــەلانـــی
حــافـیـظ و حـیـبـری زەمــانــێ
(دابة الأرض)[٥٩] رۆژ لە ئاسمانێ
بــا هـــەم دەبــن عــەلامــەتــی

***

١٣٤

هەموو شەو رۆژ بە حەد لەسەر
لــە ژێر عـــەرشی دابــیــنــە دەر
ئـیـذن نـابـێ ئـەو شەو بـەدەر
سە شەو بـەدیـن کـەیـفـیـیـەتـی

***

١٣٥

صاحیب تـەهـەجـجودو ئەوراد
هـەڵدەستن وەك شەوان موعتـاد
نــوێژان دەکــەن دەبــن روقــاد
سە جـار دەکـەن ئـەو هـەیـئـەتـی

***

١٣٦

هــەر کــە دەکـەن نوێژی فـەجرێ
دڵ بـە تـەخـویـف دەکـەن فکرێ

---

(٥٨) دەردێ (مع) دی
(٥٩) (دابە الأرض) (مع) دابیە لە ئەرض رۆژ لە... ئەمە راستە

رۆژیش هــەڵــدێ لــەگــەڵ بــەدرێ
لە مەغریبێ بە دەهشەتی

***

١٣٧

دێن هـــەر تـــا نـــیـــوەی ئـــاسمـــان
دا نـــاس بـــەبـــیـــنـــن ئـــەو نـــیشان
لـەو پـاش راجـیـع بـە جـێـی جـاران
دەبـــەستـــی دەرکـــی[٦٠] تـەوبـەتی

***

١٣٨

هــەڵــدەگـیـرێن صوحـف و ئـەقـلام
بــەتــاڵ دەبــن کــاتــبــی کــیـرام
روومــەت بـۆ خـۆی شاهـیـد تـەمـام
چ حــاجــەتــە بــە کــیــتــابــەتــی؟

***

١٣٩

فەرمووی کوڕی عەمری بنی عاص
مەعدوود لە ئەصحابەی خەواص:
چـــی کـــافـــر بـــێ نـــابـــێ خـــەلاص
هـــەم گـــونـــەهـــکـــاری ئـــوممەتـــی

***

١٤٠

(عــن ابــن عــبــاس جــلــیــل[٦١])
مــەقــبــوولــە ئــیسلامــی طــەفـیـل

(٦٠) دەرکی (مع) دەرگای
(٦١) جلیل (مع) الجلیل

هــەم تــۆبــەی عــاصیــی ذەلــیـل
لــەپــاش ئــیــتــیــانــی ئــایــەت

***

١٤١

ظــاهــیــر لــە قــورئــان (اجـلّ)
هـــەم لـــە قـــەولـــی ئـــەووەڵ
ئــەصەح لــەوان قــەولــی ئــەووەڵ
فــەرمــووی عــولــەمــای ئــوممەتــی

***

١٤٢

لەو پاش دووکەڵ(٦٢) پەیدا دەبێ
مــەشریــق و مــەغــریب پــڕ دەبــێ
هەتا(٦٣) چل ڕۆژ بــاقــیی دەبێ
لــە پــێش ئــەشراطــی ساعــەتــی

***

١٤٣

بـۆ مـوئـمـیـنـان شیبـهی زوکـام
بــۆ کــافــران زەحــمــەت تــەمــام
دەردێ دووکـــەڵ دایـــم مـــودام
لە عەین و ئەنف و گوێ و ئوستی

***

١٤٤

لەو پاش دەنگوێ بایەك لە شام
دەکــا قــەبــضی ڕۆحــان تــەمــام

(٦٢) دووکەڵ (مع) دوخان
(٦٣) هەتا (مع) هەرتا

لـه موئـمینـی ئـیمـان تـەمـام
ئـــەوە ئـــاخـــری عـــەلامـــەتـــی
***
١٤٥
نـــامـێنـــی قـــورئـــانـــی غـــەفـــوور
مەرفووع دەبێ هەم لە صودوور
وێران[٦٤] دەبێ کەعبەی لە نوور
بـــە دەستـــی (ذي السویـقـتـي)
***
١٤٦
هـــەر دەمـــێنـــن (اشرار الـــنـــاس)
هـیـچ نـازانـن لـە کـەڕو کـاس
دەبـــێتـــە پـیـریـــان (الخنـــاس)
لـێ وەردەگـرن طـەریـقـەتـی
***
١٤٧
خـۆی دەکـاتـە شێخـی زەمـان
دەیـانـکـا بـە عـابـیـدی ئـەوثـان
نـە خـێر دەزانـن نـە ئـیـحسان
هـاوار لـە دەست ئـەو فـیتنـەتی!
***
١٤٨
ئـیسرافـیل بـە ئـەمری جـەببار
نـەفخی صووری دەکا ئیظهار

(٦٤) وێران (مع) خەراب.

هــەر چ دەبـیـە دەنـگـی کـوبـبـار
هــەمـوو دەمـرن بــە صـەیـحـەتـی

***

١٤٩

لەو پاش چل ساڵ چۆڵ و وێران
(الـــلـــە) دەبـــارێنـــی بـــاران
بە میثلی شەهوەتی[٦٥] ئینسان
ئــەجساد دەردێن بــە قــودرەتــی

***

١٥٠

نــەفـخــی دووەم کــەڕەت دەبــێ
ئـیـنسان هــەمـوو قــایـم دەبـێ
لــەسەر قــەبـری هــایـم دەبــێ
لــە بــەر حـیـرەت و دەهشەتــی

***

١٥١

دەیــانـبــەن لــە بــۆ مــەحشەرێ
لـــە بـــۆ جـــەزای خـــێرو شەڕێ
هــەمـوو هــەر غـەم دێتـە بـەرێ
دەکـــێشن ئـــاهـــو حـــەسرەتـــی

***

١٥٢

خـەتـمـی عـەلامـەتـان تـەمـام
ئــەمـجـار کـۆتـا بـکـەیـن کـەلام

(٦٥) بە میثلی... (مع) هەر بە میثلی مەنیی

ئەرجوو لە رەببی (ذي الانعام)
خـەلاصم کـا لـە قـیـامـەتـی

***

١٥٣

نـەظـم کـرا بـە نـاخـۆشێ
دڵ پـڕ لـە غـەم و بـێهـۆشێ
لـە تـەئـریـخـی حـەفـتـاو شەشێ
(بـعـد الـف ومـأتـی)

***

١٥٤

بـەحـثـی عـیسای عـالـی روتـبـەت
تـەقـدیـر وابـوو کـەوتـێ فـیـترەت
ویش لـە هـەشـتـادی (قـد تمت)
لـەگـەڵ بـاقـی عـەلامـەتـی

***

١٥٥

نـەظـم کرد لـە قـەولـی صەحـیح
بە لەفظی کوردیی و نافەصیح
بـۆ مـونـصـیـفـان (لا للشحـیح)
بـۆ ئـیـنـتـیـفـاعـی عـاممەتـی

***

١٥٦

مـنـم مـحـەمـەدی دڵـڕێش
حـاڵـم وەکـو حـاڵـی دەروێش
پـەردەی غـەمـان دایـم لـەپـێش
لـەبـەر خـەوفـی عـاقـیـبـەتـی

***

١٥٧

غـــەمـــم زۆرن لـــەسەر دڵـــێ

وەك مـــەنجەڵـــی پـــڕ دەكـــوڵـــێ

وەقـــتـــێ دەچـــیـــنـــە ژێـــر گـــڵـــێ

لـــە خـــودا دەخـــوازیـــن رەحـــمـــەتـــی

***

تمت شد فی سنة ١٢٣١[٦٦]

(٦٦) لە ساڵی ١٢١٣دا تەواو بوو، لە كۆتایی نوسخەی (مع)ەوە نووسراوە: «تمت المهدی نامە لابن الحاج، ابن الحاج حسن القراء»

# تذكره العوام

دانراوی

مەلا محەمەدی سیوچی

## پێشەکیی چاپی دووەم

لە کاری گەڕان و پشکنین و لێکۆڵینەوەی سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا هەمیشە بە ورەی بەرز و هیوای گەورە و پتەوەوە کارم کردووەو —هەروایشم— چونکە زۆر بە ئاشکرا دیارە و بۆم دەرکەوتووە کە ئەم سامانە گەنجینەیەکی دەست لێ نەدراو و نە پشکنراوەو دەگونجێ دەست بۆ هەر لایەکی بەریت گەوهەری گرانبەهات بەدەستەوە بێت.

ئەم هیوایشم لە زۆر جێگەدا دەربڕیوەو، لە کۆتایی گەلێ بابەت و باسەوە نووسیومە. ئەوەتا کاتێك پێشەکیم بۆ (تذكرة العوام) نووسي کۆتاییم بەوە هێنا:

«لەم ئەندازە زیاتر شتێکم دەست نەکەوت، بۆیە بەوەندە دەسبەردار دەبم، بەڵکو ڕۆژانی داهاتوو شتی نوێ و زۆرمان دەربارەی ئەم سەربازە نەناسراوە بۆ دەربخەن»

جا دوای ئەمە و دوای ئەوەیش کە ئەو هیوا هەر لە دەروونمدا گەورەتر دەبێت و بە هیوای زیاتر و زیاترم... ئێستە کە چاپی دووەمی ئەم بەرهەمە دەخەمە بەر باس دەڵێم:

بەپێی ئەو دەقانەی دەست من کەوتوون مامۆستای سیوچیی هاوچەرخی مامۆستا ئیبنولحاج بووەو، چەند ساڵێك دوای ئیبنولحاج کۆچی دوایی کردووە[(١)] .

هەرچەند بە وردی مێژووی دانانی ئەم دانراوەی مامۆستا سیوچی نازانین، دەزانین کە مامۆستا ساڵی ١١٤٥ ك. فەقێ بووە. بەڵام نەك وەك هەر فەقێیەك، بەڵکو وەك مەلایەك وا بوەو دوور نییە مەلایش بووبێت. چونکە ئەو نووسینە عەرەبییەی ئەو لەو ساڵەدا نووسیویە و، دەقەکەی لە دەستدایە لە نووسینی مامۆستایەکی باشی خوێندەوار دەچێت.

هەروەها ئەوەیشم زانیوە کە مامۆستا سیوچیی لەو مێژووەدا توانای شیعری بووەو شیعری نووسیوە، تەنانەت لەقەب و نازناوی شیعریی تایبەتی خۆی هەبووە، کە (جەفایی) بووە. لەمەیشەوە بیر بۆ ئەوە دەچێت کە مامۆستامان بێجگە لە (تذكرة العوام)ەکەی شیعری دیکەو دیوانی شیعری هەبووبێت، بەڵام تا ئێستە هیچیمان دەست نەکەوتووەو دەبێ چاوەڕوان بین.

---

(١) ئیبنولحاج ساڵی ١١٧٦ك. (مەهدی نامەکەی) داناوە و خۆیشی ساڵی ١١٨٩ك. کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا سیوچیی نازانین کەی (تذكرة العوام)ەکەی داناوە، بەڵام ئەویش ساڵی ١١٩٢ك. کۆچی دوایی کردووە بەماوەیەکی کەم دوای ئیبنولحاج.

(بڕوانە: پێشەکیی چاپی یەکەمی (تذكرة العوام) و پێشەکی چاپی دووەمی مەهدی نامە).

هەروەها لە ژیانی مامۆستادا ئەوەمان زانیوە کە فەقێی مامۆستایانی حەیدەری بووە و شیعری لە ستایشی مامۆستا صیبغەتوڵلادا وتووە. لەو سەردەمەیشدا کە لەلای مامۆستایانی حەیدەری بووە رەویان کردووە و لە ترسی سوپای (طەهماسپ) هەڵاتوون و ماوەرانیان بەجێ هشتووەو لە گوندێکدا کە ناوی (وژنانە) بووە خۆیان حەشار داوەو خۆیان لەشەڕی ئەو سوپا شاردوەتەوە(۲) .

ئیتر تاکەی لەو ناوەدا بووەو؟ لە لای کێ خوێندنی تەواو کردووەو ئیجازەی وەرگرتووە؟ یان کەی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی (بانە) و لەوێ لە کوێ مامۆستا بووەو، کێ و کێ لە خزمەتیدا خوێندوویانە؟ ئیجازەی بە چەند کەس داوە؟ ئەمانەیش هەموو نادیارن.

هەروەها ئەوەیش زۆر جێگەی پرسیارە کە: ئەم مامۆستا دەبێ هەر ئەو نامیلکەی نووسیبێ؟ نابێ دانراوی دیکەو بووبێت؟ من بەش بە حاڵی خۆم گومانی زۆرم بۆ ئەوە دەچێت مامۆستا دانراوی دیکەی لەگەڵێ بابەتدا – وەك زانایانی سەردەمی خۆی– بووبێت، هەروەها وەك گوتم دیوانی شیعری بووبێت، بەڵام دووبارە هەر دەبێ چاوی چاوەڕوانیمان بڕیبێتە ئاسۆی رەنجی لێکۆڵەرەوانی ئەمەولا بەڵکو وەڵامی ئەم پرسیارانە بدۆزنەوە.

**ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بیڵێم ئەوەیە**

وەك لە پێشەکیی (مەهدی نامە)یشدا نووسیم: دوای دەرچوونی چاپی یەکەمی ئەم نامیلکە دوو نوسخەی نایابی دەستخەتی نامیلکەکەم دەستکەوت کە دوو نووسەرەوەی وردەکار و زانا و بەسەلیقە نووسیویاننەوەو، شیاوی ئەوەن جارێکی دیکە ئەم دانراوەیان لە بەردا چاپ بکرێتەوە. جگە لەوەیش کاتی خۆی کە ئەم نامیلکەم چاپ کرد لە سلێمانی بە ژمارەیەکی کەم چاپ کراو، لە سنوورێکی تەسکدا بڵاو بوەوەو زۆر کەس پێیان نەزانی. لەبەر ئەوەیش لە ناو (دەقنامەی کوردی) دا جێگەی شیاوی خۆی بگرێت و، کەرەستەی لێکۆڵینەوەی بەردەستی پسپۆڕانی زمان بێت، وام بە باش زانی لەبەر دوو نوسخەی نوێدا چاپێکی نوێی بەلێکۆڵینەوەیەکی نوێوە بکەمەوە.

ئەم چاپە نوێیەم لەبەر دوو نوسخەدا کردووەو، نوسخەیەکیان نووسەرەوەکەی ناوی محەمەدی کوڕی عەبدولقادرە، ئەو نوسخەم کردووە بە بنکەی کارەکەو، ئەوم بە نوسخەی سەرەکیی داناوە، نوسخەی دووەمیان نوسخەی شێخ مەعرووفی سیاگوێزییەو، جیاوازییەکانیم لە پەراوێزەوە نووسیوەو، بە (مع) ئیشارەم بۆ کردووە.

(۲) ئەم باسانەو زیاتر لەمانەیش لە دەستخەتێکدایە بە خەتی مامۆستای سیوچی کە لە ساڵی ١١٤٥ك. لە ماوەران نووسیویەتییەوە و ئێستە لە (د.ع)دا بە ژمارەی (٥٤٣١) پارێزراوە.

## باسی سەرچاوەکان

لە پێشەکیی چاپی یەکەمی (تذكرة العوام)دا باسی ئەو سەرچاوانەم کرد کە دەقەکەم لە بەردا چاپکردن.

بۆ ئەم چاپە نوێیەی (مەهدی نامە) و (تذكرة العوام) پشتم بە دوو سەرچاوە بەستووە کە ئەو کاتە نەمدیبوون و پێم نەزانیبوون:

**یەکەم:** دەستخەتی محەمەدی کوڕی عەبدولقادرە، کە پێنج دانراوی تێدایە و، لە (د – ع) دا هەڵگیراوەو، وێنەم لەبەر گرتوەتەوەو، لەبەر ئەو وێنە ئەم کارە ئەنجام دەدەم.

ئەم دەستخەتە ئەم دانراوانەی تێدایە:

١– عەقیدەی کوردیی شێخ سەمیعی بنەخوێیی کە مامۆستا شێخ مەعروفی سیاگوێزیی لێی زیاد کردووە. لە بەرگی حەوتەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایاندا زیاتر لەسەر ئەم کتێبەم نووسیوە[٣] .

٢– (بيت الحشر)ی دانراوی شەوقیی کە لەم دەقنامەدا بڵاوی دەکەمەوە.

٣– (تذكرة العوام) ئەم کتێبەی بەردەستمان کە بۆ جاری دووەم چاپی دەکەمەوە..

٤– عەقیدەی کوردیی شێخ طاهای شەمزینی بە پەخشان، ئەویش هەر لەم دەقنامەدا بە یارمەتی خودا جێگەی خۆی دەگرێت .

٥– مەهدی نامە: ئەویش یەکێکی دی لە بابەتەکانی دەقنامە دەبێت.

ئەم دەسخەتە محەمەدی کوڕی عەبدولقادری قادری حەسەنی ساڵی ١٣١٢ك. ١٨٩٤ز. نووسیویەتیەوە.

ئەوەی کە وێنەکەی لە لای منە ٩٨ لاپەڕەیە، پێوانەکەی (٢٢×١٧)یە. دێڕەکانی لاپەڕەکان ژمارەیان وەك یەك نییە. جگە لە ناوەڕاستی لاپەڕەکان لە پەراوێزەوە و لابەلایش شتی نووسیوە. واتە: هەر بە بابەتی مەتنی کتێبەکە ئەملا و لاکەیشی پڕ کردوەتەوە.

وەك نووسیومە لە کاتی لێکۆڵینەوەدا نیشانەی (م)م بۆ ئەم دەستخەتە داناوە.

---

(٣) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی حەوتەم ، ئاراس، ٢٠٠٧، ل : ٤٥.

**دووەم:** دەستخەتی شێخ مەعرووفی سیاگوێزیی. ئەم دەستخەتەیش کۆمەڵێك دانراوی تێدایە بەم شێوە:

١– تذکرة الاخوان: دانراوی محەمەدی (علیجی قلهانی). هەشت لاپەڕەیە ساڵی ١٣٥٠ نووسراوەتەوە.

٢– مەهدی نامەی مامۆستا مەلا محەمەدی ئیبنولحاج.

٣– بیت الحشر: دانراوی شەوقیی عەبازادە.

٤– تذکرة العوام: دانراوی مامۆستا مەلا محەمەدی سیوچی .

٥– عەقیدەی کوردی: دانراوی شێخ طاهای شەمزینی.

٦– عەقیدەی کوردی: دانراوی شێخ سەمیعی بنەخوێیی و شێخ مەعرووفی سیاگوێزیی.

٧– دقـائـق الأخبـار: دانراوی شێخ مەعرووفی سیاگوێزیی. ئەمە تەرجەمەی کتێبی (دقائق الاخبار)ە بە کوردی.

ئەم دەستخەتە (٢٢٨) لاپەڕەیەو ساڵی ١٣١٢ نووسراوەتەوە وێنەیم لەلایە.

بۆ ئەم نوسخەیش لە کاتی لێکۆڵینەوەدا (مع) م کردووە بە نیشانە.

هەر ئەم باسی سەرچاوەی بۆ دانراوەکانی (بیت الحشر) و (مەهدی نامە) و (عەقیدەی کوردی) ش هەمان باسە و پێویست ناکات جارێکی دیکە لە باسی ئەوانیشدا بینووسمەوە. هەروەها ئەو سەرچاوانەیش کە لە چاپی یەکەمدا باسمکردوون و لێرەدا سوودیان لێ وەرناگرم پێویست ناکات لێرەدا بچمەوە سەریان.

### چەند سەرنجێك

**یەکەم:** ئەم دوو نوسخە کە کردمن بە سەرچاوەی ئەم کارانە، زۆر لەیەکەوە نزیکن و، وەك ئەوە وایە یەکێکیان لەبەر یەکێکیان نووسرابێتەوە، تەنانەت گومانم بۆ ئەوە دەچێت محەمەدی کوڕی عەبدولقادر باوکی شێخ مەعرووفی سیاگوێزیی بێت و، باوك دانراوی کوڕی خۆی نووسیبێتەوە.

**دووەم:** لە دەقی (مەهدی نامە)دا قافیەی دوا بەیتی کۆپلەکان کە تا کۆتایی یەك قافیەیە–م بە (...تێ) بە (ێ) ی کراوە و حەوتدار نووسی، بەڵام لەم دەستخەتەدا– لە هەردوو نوسخەکەدا– کە سەرو بۆری وردیان بۆ کردووە، وا پێدەچێت کە (ی) تیژ بێت و کراوە نەبێت؛ چونکە لە سەرتاسەری دەستخەتەکەدا لە خوار هەموو (ی)ەکانەوە (ا)ێك

دانراوه. كه ئەوسا لە حینجەی خوێندنی حوجرەدا پێماندەگوت(داكشاو) ئەمە وایكرد پەیڕەویی ئەو نیشانە بكەم و ئەو ڕای پێشووم بگۆڕم و، بە (–..تی )، (ی) تیژ بێ حەوت، قافیەكانی (مەهدی نامە) بنووسم.

**سێیەم:** لە چەند نوسخەی (تذكرة العوام) دا پێشەكییەكی عەرەبیی هەیە لە یەك دوو نوسخەدا نیە، پێشەكییەكەم وەك خۆی نووسی. زیاد لەوەیش دەكرێ ئەو پێشەكییە عەرەبییە وەك فیهرەست و ناوەرۆكی ئەم بابەتە (تذكرة العوام) تەماشا بكرێت و سوودی خۆی هەیە.

**چوارەم:** دابەشكردنی كۆپلەكان بەو شێوەی كە نووسیومە پەیڕەویی دابەشكردنی دانەرەكەیم كردووە؛ چونكە ئەو خۆی سەرەتاكانیانی بە مەرەكەبی سوور دیاریی كردوە.

**پێنجەم:** دەقەكانی مەهدی نامە و (تذكرة العوام) دانراوی دوو مامۆستای هاوچەرخی هاوناوچەن؛ هەردوكیان سەر بە ناوچەی بانەن، دوو دانراوی ئاییناییان بەهۆنراوەی كوردی داناوە، ڕەنگە هیچ كامێكیان ئاگای لەوی دییان نەبووبێت، بە تایبەتیی كە بزانین ئیبنولحاج ئەوكاتە لە دەوروبەری سلێمانیدا بووەو، مامۆستای سیوچیش لە ناوچەی بانەدا بووە.. دانراوەكانیان لە ڕووی ئەوەوە بە زمانی كوردین دەچنە یەك خانەوە، بەڵام هەریەكەیان بۆ خۆیان شێوازی تایبەتیی لە كێش و قافیە و نووسیندا هەیە، بۆیە هەر یەكێكیان بابەتێكی تایبەت بە خۆیە بۆ لێكۆڵینەوەی ئەدەب و زمانی كوردی و، لە ڕووی فۆنەتێك و زاراوەو شێوازی گفتوگۆ و گۆ كردنی وشەو ڕستەی (٢٥٠) ساڵ لەمەوبەرەوە لەگەڵ شێوەی گفتوگۆی ئەمڕۆی كوردیی– تەنانەت ناوچەی بانەیشدا كە دانراوەكان بەزاراوەی ئەوێن – گەلێ جیاوازیی هەیە و، ڕەوتی گۆڕانكاریی و ئەو گۆڕانەی بەسەر شێوە و زاراوەی زمانی كوردیدا هاتووە دەگێڕنەوە. لەم ڕووەوە وەك زووتریش گوتوومە ئەم بابەتانە مادەو كەرەستەی خاوی لێكۆڵینەوەی زانستییانەی مامۆستا و پسپۆڕانی زمانی كوردی دەبن بۆ ئەمڕۆ و بۆ داهاتوویش.

**شەشەم:** هیچ كام لەم دانراوانە نوسخەی دانەر خۆیمان لە دەستدا نییە، هەروەها نوسخەی واشمان لە دەستدا نییە كە لەبەر نوسخەی دانەرەكەی نووسرابێتەوە، كاتی وایش هەیە نووسەرەوەكان – بزانن یان نەزانن– لە نووسینەوەدا – كەم تا زۆر– شتیان گۆڕیوەو، زاراوەو شێوەی گفتوگۆی ناوچەی خۆیان لە كارەكانیاندا ڕەنگی داوەتەوەو، ئەمەیش لە بەراوردكردنی چەند دەقدا دەردەكەوێت.

## پێشەکیی چاپی یەکەم

ڕەنگە دووبارە کردنەوەیەکی بێ تام و بیرخستنەوەیەکی بێ جێ نەبێت ئەگەر بڵێم: سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی تا ئێستە ڕێزی شیاوی خۆی لێ نەگیراوە. ئەوەی پێویستە بۆی بکرێت لەگەڵی نەکراوە؛ چونکە گەلێ باری ئەم سامانە بە نرخە تا ئیستا هەر بوخچەی نەکراوەیەو کەس ناوەڕۆکی نازانێ و، هەر پرسیارێکی دەربارە بکرێت بێ وەڵامی ورد و ڕاست دەمێنێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر پرسیار بکرێت: سەرەتای ئەدەبی کوردیی لە کەیەوە دەست پێ دەکات؟ یەکەم کەس شیعر یان پەخشانی کوردی وتووە یان نووسیوە کێیە؟ یەکەم جار لە کام ناوچەی کوردستانەوە ئەدەبی کوردی سەری هەڵداوە و نەشونمای کردووە؟ یان ئەگەر پرسیار بکرێت: نووسینی شیعر یان پەخشان بە شێوەی کرمانجی خواروو کەی دەستی پێ کردووە؟ بێگومان زۆر لەم پرسیارانەو وێنەی کەیان بێ وەڵام ماونەتەوەو، ئەوانەشیان وەڵامیان درابێتەوە ئەگەر ئێستەش وەڵامەکانیان ڕەت نەکرێتەوە ڕەنگە زۆری پێ نەچێت وەڵامی تازەتر و لە ڕاستییەوە نزیکتر سەر هەڵبدەن.

دەربارەی پرسیاری دوایی- شیعر یان پەخشانی شێوەی کرمانجی خواروو کەی دەستی پێ کردووە؟- تا ئێستا دەربارەی شیعر دەگوترا (نالی) یەکەم کەسە بەشێوەی کرمانجی خواروو شیعری گوتبێت، بەڵام نامیلکەی (مەهدی نامە)[1] وەك وەڵامێکی تازە سەری هەڵداو هاتە پێشەوە و سەلماندی پێش (نالی) – با شیعری هەمە بابەت و هەمە کێش و قافیەیش نەبێت – شیعری کوردیی شێوەی کرمانجیی خواروو وتراوە[2].

(١) کەباسی فۆلکلۆرم کردو دواییش ناوی (مەهدی نامە) هاتەکایەوە، بیرم کەوتەوە کە چۆن بەسەر دکتۆر عیززەدین مستەفا ڕەسووڵدا تێپەڕی لە گۆڤاری (الثقافة) ژمارە: ٤ ساڵی: ٦، نیسانی ١٩٧٦دا ئەو نامیلکەی بە فۆلکلۆر لە قەڵەم دا بوو، لە کاتێکدا د. عیززەدین پێش گەلێ کەس بەفراوانی لەم باسە دواوەو فۆلکلۆری بە (ئەدەبی دەماودەم) و (ئەدەبی بێ خاوەن) و (ئەدەبی گەل) ناوبردوە؟ خۆ هەر هیچ نەبێ مەهدی نامە بەروونی خاوەنەکەی دیارەو لە ناو شیعرەکاندا ناوی (ابن الحاج) نووسراوە.
(٢) کە دەڵێم (مەهدی نامە) شیعرە مەبەستم ئەو شیعرە نییە هەست و بیری شاعیرانەی تێدابێت و شەقڵ و شێوەی تایبەتی شاعیری پێوەبێت. چونکە ڕوونە (مەهدی نامە) نەظمێکی ئاینییەو ڕەنگە ئەگەر پێی بگوترێت شیعری فێرکردن (تعلیمی) ڕاستتربێت.

بۆ پەخشانیش بەم شێوە کەی سەری هەڵداوە؟ تا ئێستە وا باس دەکرێت کۆنترین پەخشانی نووسراوەو بیسراو مەولوود نامەکەی شێخ حسەنیی قازییە[٣]. و گوایە ئەو مامۆستایە یەکەم کەسەو سەرەتای ئەم بەشەی ئەدەبی کوردی لەوەوە دەست پێ دەکات.

من پێش کەمێك دووان لەم بابەتە و بەڵگەهێنانەوە، باسێکی کە دێنمە ناوو پرسیارێکی کە – بە هیوای ئەوەی جێگەی لێکۆڵینەوەی زانستیانە بێت– ئاراستەی شارەزایانی ئەدەبی کوردیی دەکەم: ئایا بەیتی فۆلکلۆری کوردیی بە شیعر یان بە پەخشانێکی بە قافییە لە قەڵەم دەدرێت؟ من بەش بە حاڵی خۆم بۆ ئەوە دەچم کە بەیتە فۆلکلۆرییەکان بەشێکی پەخشانی کوردی – بەڵام شیعر ئامێز– بن، چونکە پەخشانی گەلی عەرەبی دراوسێی کورد، کە کورد لە زۆر شتدا پێی (متأثر) بووە، سەرەتای پەخشانی بە (سجع الكهان) و (النثر المقفى) دەست پێدەکات و، وردە وردە پەرە دەسێنێ و لق و پۆپی لێ دەبێتەوە تا دەگاتە ئێستا[٤]. هەر بەم پێودانە کوردیش سەرەتای پەخشانی وا دەست پێ کردووەو، بەیتی فولکلۆریی بەشێکی پەخشانی کوردییە.

دەگەڕێمەوە سەر باسی ئەوەی ئایا پەخشانی کوردیی لە شێخ حسەینی قازییەوە دەست پێدەکات؟ ئەگەر ئەوە بچەسپێ کە بەیتی فولکلۆریی پەخشانە ئەوە بێگومان مێژووی پەخشانی کوردیی بۆ ماوەیەکی زۆر پێش (مەولوود نامە) کە دەگەڕێتەوە. ئەگەر ئەوەیش نەچێتە سەر من دووبارە نیمچە بەڵگەیەکم بۆ ئەوە دۆزیوەتەوە کە پەخشانی کوردی زۆر پێش ئەوکاتە دەستی پێ کردووە.

### بەڵگە

با پێکەوە سەرێك لە کتێبخانەی (کۆڕی زانیاری کورد) بدەین و داوای دەستخەتی ژمارەی (٤٤٨)[٥] بکەین و سەرەتا و کۆتایی نامیلکەیەك لەو دەستخەتە بخوێنینەوە، تا بزانین چۆن نموونەی پەخشانی کوردیی پێش (٢٠٠) دووسەد ساڵی بۆ تۆمار کردووین:

---

(٣) بڕوانە: الدكتور عزالدين مصطفى رسول، الواقعية في الأدب الكردي، المكتبة العصرية، صيدا بيروت (بێ ساڵی چاپکردن) ل: ٢٠٥.

(٤) بڕوانە: انيس المقدسي، تطور الاساليب النثرية في الادب العربي. دار العلم للملايين، بيروت، الطبعة الخامسة، ١٩٧٤، ل:: ١٣.

(٥) ئەم دەسخەتە دوو سێ بەیتی فۆلکلۆری کوردی تێدایە، بەهیوام بەم زوانە پێشکەشی خوێندەوارانیان بکەم.

(بسم الله الرحمن الرحيم)

هەرچە کەسێ عاقڵا، ئیمانەکا کاملا، یەك جیهەت و یەك دڵا، یەك شوناس و یەك دین بن، خەلیلاسابیقین بن. (لاحب الآفلین) بن(٦) بە (وجهت و جهیا). بناسن ئەبەدییا، خودێ یەکەو دوو نیا، ئەو خالیقی صەمەدا، ئیرادەی کرد لابوددا، خولقاندی محەمەدا. محەمەدا ئەمینا، خاتەمی (نبینا) سەیید و لمورسەلینا، رەسوولی ثەقەلەینا، شاهی (قاب قوسین)(٧)، غازیی بەرد و حونەینا، خالیق ئەو کردە سەروەر، ناوی برد بە پێغەمبەر، قورئانی هەناردە سەر، هەناردە سەر بە یەقینا، ئەو کەلاما موبینا، دە سیننی ئەربەعینا، دە ساڵا ئەربەعین بوو، ئیمامی موتتەقین بوو، نوبووەت بە یەقین بوو...»

تا لەکۆتاییدا دەڵێ: «ئەوجار ئیلاهی بە نامی(٨) خۆتی ئەکبەر کەی، بەعەرشی مونەووەر کەی، لە گوناهی دەگوناهکاران گوزەرکەی، ئیلاهی بەو جەببارا، بەرەکەتێکا موختارا، (میر یەحیا)(٩) ئەرجوودارا، لەخودێ مەزن نەبین شەرمەسارا، رەحمەت لە جەماعەتێ گوێدارا، بخوێنن فاتیحا ئەوجارا، (تمت من سعید المذنب المجروح).

ئەم زیادەڕەوییە لاوەکییەم بۆ ئەوەیە دەمەوێ بڵێم: بە بەشێکی نوێ لە سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی دەسەبارەی خۆم پێشکەش دەکەم، بەڵکو لە وەڵامدانەوەی بەشێك لەو پرسیارانەی پێشوودا یارمەتیی پسپۆڕانی لێکۆڵینەوەی ئەدەب و زمانی کوردیی بدات، دەسەبارەی ئەم جارەم بریتییە لە نامیلکەیەکی ئایینیی مامۆستای زانا و مەزنی کورد (مامۆستا مەلا محەمەدی سیوچیی) کە ماوەیەك لەمەوپێش دۆزیومەتەوە و لێرەدا پێشکەشی خوێندەوارانی دەکەم.

---

(٦) (لاحب الآفلین) بەشێکە لە ئایەتێکی قورئانی پیرۆز. کاتێ حەزرەتی ئیبراهیم بە ئەستێرەیەکی وت: ئەمە خوای منەو دوایی ئاوا بووە. ئەوەی وت، ئایەتەکە ئاوایە: (فلما جن علیه اللیل رأی کوکبا قال: هذا ربی، فلما أفل، قال: لا احب الآفلین). هەروەها (وجهت وجهی)یش بەشێکە لە ئایەتێکی دیکە کە حەزرەتی ئیبراهیم وتوویە: (انی وجهت وجهی للذی فطر السماوات والارض...).

(٧) (قاب قوسین) ئیشارەیە بە ئایەتێکی سوورەتی (النجم)ی قورئانی پیرۆز (فمکان قاب قوسین أو أدنی

(٨) لێرەدا لە دەستخەتەکەدا (بنا– بەنا) نووسراوە، بەڵام بەلامەوە هەڵەی نووسەرەو (می) کەی بیرچوە.

(٩) لە دەستخەتەکەدا نوختەی (ی)ی (یحی) ئاشکرانییە وەك (محی)ش دەچێت.

## باسێکی دەستخەتەکانی (تذکره العوام)

خۆشبەختانە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم نامیلکە پێنج نوسخەی دەسخەتم دەستکەوت و یارمەتییەکی باشیان بۆ راستکردنەوەی دام و لە ڕاستکردنەوە و هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردیدا زەحمەتێکی زۆرم نەبوو.

بەڵام وە نەبێ ئەم پێنج نوسخە زۆر ڕێکوپێك بن و هیچ کەموکووڕییان تێدا نەبێ، بەڵکو گەلێ کەم و کورتیی و ناتەواوییان تێدایەو، لە جێگەو کاتی جیا جیادا نووسراونەتەوەو، نووسەری جۆراوجۆر کاریان تێدا کردوون. بۆیە هەندێك جیاوازیی بنەڕەتییان تێدایە.

وا لێرەدا یەکە یەکە باسی ئەو دەستخەتانە دەکەم:

### نوسخەی (أ)

ئەم نوسخەیە هەشت لاپەڕەیە، هەر لاپەڕەی (١٧) دێڕی تێدایە، هەردێڕێکی چوار نیوە شیعری تێدایە بەم شێوەیە

... ... ... ...

پێوانەکەی (١٠×١٥)یە. بە شێوەیەکی ڕێك شیعرەکانی جیا نەکراوەتەوە. ئەو پێشەکییە عەرەبییە کە لە پێشی شیعرەکانەوەیە تەنها لەم نوسخەدا هەیە. بۆیە گومانم بۆ ئەوە دەچێت ئەم نوسخە نزیکترین نوسخە بێت لە نوسخەی نووسەرەوە. ئەوەی جێگەی داخە ئەم نوسخە باش و پوخت هەڵنەگیراوە و قوڕ و چڵپاو بەشی خۆی پێکردووەو، بەشێکی دوایـیشی هەر لەناوچووەو لاپەڕەی هەشتەمیش بە ئاسانیی ناخوێندرێتەوە و، بەو هۆیەوە کە کۆتاییەکەی نەماوە مێژووی نووسینەوە و کاتی و ناوی نووسەری نازانرێت.

هەندێك جیاوازیی بنەڕەتیی لە نێوان ئەم نوسخە و نوسخەکانی کەدا هەیە، لێرەدا خوێنەریان لێ ئاگادار دەکەم، ئیتر لە پەراوێزەوە باسیان ناکەم ئەو جیاوازییانە وەك:

لەم نوسخەدا هەمیشە لەباتی (خودا) دەنووسرێ (خلا – خولا) نوسخەکانی تر هەموو (خدا– خودا) دەنووسن.

لەم نوسخەدا هەمیشە لەجیاتی (چووەکن) و ئەو وشانەی وەك ئەمەن بە (چواکن– چو ئەکەن) دەنووسرێت.

لەبەر ئەوەی ئەم نوسخە هەڵەی کەمە و ئەو پێشەکییە عەرەبییەی لەگەڵدایە کە گومان بۆ لای ئەوە دەبات نزیکترین نوسخە بێت لە نوسخەی دانەرەوە. ئەم نوسخەم بە ئەصڵ و بنجی لێکۆڵینەوە دانا تا دەگاتە جێگەی لە ناوچوو، لەوێوە لەبەر نوسخەی (١) تەواوم کرد.

## نوسخەی (١)

ئەم نوسخەیە لەسەر شێوەی (بەیاض) واتە لەسەر دەفتەری موستەطیل نووسراوەتەوە و، لاپەڕەکانی زۆر بچووکن و پێوانەکەی (١٠×٧) ەو (٢٨) لاپەڕەبە. ئەم نوسخە شیعر-شیعر نووسراوەتەوە و هەر لاپەڕەی (٩) شیعری تێدایە، سەرەتا و کۆتایی ماوە، بەڵام ناوی نووسەر و مێژووی نووسینەوەی تێدا نییە. نوسخەیەکی باش و پوختە. کە نوسخەی (أ) تەواو بووە لەبەر ئەم نوسخەیە ئەو دواکەیم تەواو کردووە. واتە: لەو جێگەوە کە (أ) دڕاوە و لە ناوچووە (١)م بە بنج داناوە.

## نوسخەی (کۆ)

مەبەستم لەم نوسخە دەستخەتی ژمارە (٤٤٨)ی کتێبخانەی (کۆڕی زانیاری کورد)ە کە مەلا محەمەد عەبدوڵڵا سکتانیی پێشنوێژی گوندی (جەلی) پێشکەشی کردووە.

ئەم دەستخەتە لەگەڵ چەند دەستخەتێکی کە دایە وەك (مەهدی نامە) و دوو بەیتی فۆلکلۆریی کوردی، کە ناویان نازانرێت، پێکەوە جزوبەند کراون.

ئەم نوسخە لە ساڵی ١١٩٩ی ك. دا نووسراوەتەوە. سەعید عەبدوڵڵا موکریی نووسیویەتییەوە. ناوی کتێبەکەی بە سەرەوە نییە. بەڵام مامۆستا مەلا محەمەد کە پێشکەشی کردووە لە سەری نووسیوە (بەیتی ئەووەڵ و ئاخر). نازانم مامۆستا ئەو ناوەی لە چی وەرگرتووە، یان چۆنی بیستووە.

ئەم نوسخەیە بە گوێرەی ئەوەی مێژووی دیاری بەسەرەوەیە کۆنترین نوسخەی ئەم نامیلکەیە. بەڵام نووسەرەوەکەی زۆر وریاو وردەکار نەبووە و هەندێ هەڵە و پاش و پێش و بواردنی هەیە، بە تایبەتیی لە کۆتایی نامیلکەکەدا ماندوویی و بێتاقەتیی نووسەر زۆر روونە بۆیە ئەم نوسخەم نەکرد بە ئەسڵ و لە پەراوێزەوە جیاوازییە پێویستەکانیم دیاریی کرد.

ئەوەی لەم نوسخەدا جێگەی سەرنجە رێنووسی دەستخەتەکەیە، نووسەری ئەم دەستخەتە، هەندێ جار، نیشانە تایبەتییەکانی رێنووسی ئێستەی کوردیی وەك (ە، ێ، ۆ)

سەرو ژێر و بـۆر بــەكــارهـێنــاوە، كـە ئــەم كـارە بـە مــاوەیــەكـی زۆریش دوای مـێژووی نووسینەوەی ئەم دەسخەتە لە كەشكۆڵ و بەیاضی شاعیرانی كوردا سەرەتایەكی دیاری نییە. وەك بۆ نموونە دەنووسێ (آوریكی زور بجوشە) كە وێنەی ئەمە لە دەسنووسی دوای ئەمیشدا (ئاوریك زور بجوش) دەنووسرێ. هەروەها لەگەلێ جێگەدا نموونەی ئەم نیشانە هەیە بەڵام وە نەبێ هەمیشە ئەم نیشانانە بنووسێ، بەڵكو گەلێ جار نیشانە هەر دیار نییە و لە زۆر جێگەیشدا پەنا بەر سەرو بۆر (وەك عەرەبیی بنووسی) دەبات.

وێنەی ئەم دەسخەتەم لا یە.

پێوانەی پەڕەكانی (وێنەكە) بەم شێوەیە (٢٩×٢١).

لەگەڵ ئەم نوسخەیەدا نوسخەیەكی كەی ناتەواوی ئەم نامیلكەیە بە خەتێكی تازەو بە شێوەیەكی تایبەتی نووسراوە. ئەم نوسخە ناتەواوە هەڵەی زۆرەو شتێكی زیاد و تازەی تێدا نییە بۆیە پشتگوێم خست. بەڵام دەبێ ئەوە بڵێم نووسەری ئەم دەسنووسە بەم شێوەیەی خوارەوە شیعرەكانی نووسیوەتەوە:

«رەحمەت لەوی كەسانێ، گوێ بداتە ریوایەتێ

عامەی خەڵقی نایزانێ، بەخشی دنیا و قیامەتێ

هەر لە ئەووەڵی زەمانێ، ئەز بۆ بكەم حیكایەتێ»

كە دیارە نووسەر خۆی ئەم شێوەی هەڵبژاردووە

**نوسخەی (٢)**

ئەم نوسخەیە (٢٤) لاپەڕەیە، سەرەتاكەی نەماوە، لە شیعری:

(بۆ عالەمی بووە سەروەر

ئەو بە حەق و بە یەقین)

ەوە دەست پێدەكات. كۆتاییەكەی ماوە، بە شێوەیەكی رێكوپێك و تایبەتی نەنووسراوەتەوە. هەندێ جار شیعرەكانی لابەلا لە پەنای شیعرەكانی ترەوە تەواو كراون بەم شێوەیە:(*)

ئەم نوسخەیە گەلێ هەڵە و كەموكووڕیی تێدایە. لە كۆتاییدا نووسراوە: (تمت شد یوم جمعه لاجل فقه محمود. مبارك باد سنه ١٢٥٦). هەندێك شێوەی نووسین لەم نوسخەدا دەبینرێت لە دەستخەتی ئەو سەردەمەدا (١٢٥٦) سەرەتای نییە، بۆیە گومانم لە ڕاستیی ئەو مێژووە

---

(*) هەڵە لە چاپەكە دایە.

هەیە و بە هەڵەی نووسەری دەزانم و. رەنگە (١٣٥٦) بێت.

لەبەر ئەوە هەڵەو ناتەواویی زۆرە و ئیجتیهادی نووسەرەکەی لە گەلێ جێگەدا بە زەقی دیارە و جیاوازییەکانی – وەك لە نوسخەکانی کەوە دەردەکەوێت– لەوە دەچن نووسەر بەدی هێنابن، ئەم نوسخەیەشم بەراورد نەکردو جیاوازییەکانیم نەنووسی.

### ناوی ئەم نامیلکەیە

وەك نووسیم، پێنج نوسخەی ئەم نامیلکەم دەست کەوت، چواریان –لەسەر دەسنووسەکان خۆیان– هیچ ناوێکیان بەسەرەوە نییە و لە شیعرەکانیشەوە شتێك دەرناکەوێت. بەڵام نوسخەی (أ) ئەو پێشەکییە عەرەبییەی لەگەڵدایە کە پێش شیعرەکان نووسراوەو لە نوسخەکانی کەدا نییە. دانەر لەو پێشەکییەدا بە ڕوونی دەڵێت: ئەم نامیلکەم بۆ نیمچە خوێندەوارو عەوام داناوە و ناویشم ناوە (تذكرة العوام).

نوسخەی (کۆ)یش کە مامۆستا مەلا محەمەد عەبدوڵڵا سکتانیی پێشکەشی (کۆڕی زانیاری کورد)ی کردووە –وەك نووسیم– لەسەری نووسیوە: (بەیتی ئەووەڵ و ئاخر) بەڵام نوسخەکە خۆی هیچی لێ وەرناگیرێ جا ئەبێ مامۆستا ئەم ناوەی لە کوێ وەرگرتبێ؟ یان لە کێی بیستبێ؟ لەبەر ئەوەی ئەم ناوەیشی هەیە و لەگەڵ نامیلکەکەش دەگونجێ وام بە باشی زانی لەسەر بەرگەکەی بنووسرێ:

تذكرة العوام

یان

بەیتی ئەووەڵ و ئاخر

### کاری من لەم نامیلکەیەدا

پاش هەندێك هەڵسەنگاندنی نوسخەکان و، چەند جار خوێندنەوەیان و، شارەزابوونی شێوەی نووسینەوە و ڕێنووس و زانینی نرخی هەر نوسخەیەکیان، ئەوەم بۆ دەرکەوت نوسخەی (أ) لە هەموو نوسخەکان باشترە و بەبنجی لێکۆڵینەوەی نامیلکەکەم داناوە، دوایی نوسخەی (١)م کرد بە بنج و بەشە دڕاوەکەی (أ)م پێ تەواوکرد. دواییش تێکڕای تێکستەکەم لەگەڵ (کۆ)دا بەراورد کرد و جیاوازییەکانیم لە پەراوێزەوە نووسی.

دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێم: هەموو جیاوازییەکانیم نەنووسیوە و تەنها جیاوازییە

گرنگەکانیم نووسیوە و، ئەوەندەی مەبەستم بووە نوسخەیەکی راست پێشکەش بکەم ئەوەندە مەبەستم نەبووە پەراوێزی زۆر بنووسم و نامیلکەکەی پێ قەبە بکەم. بۆ نووسینی جیاوازییەکانیش وام بە باش زانی جارێك لە پەراوێزەوە هەر جیاوازییەك بە ڕێنووسەکەی دەستخەتەکە بنووسم و لە تەنیشتیەوە بە ڕێنووسی کوردیش بینووسم. بۆ ئەوەی خوێنەر رای خۆی ببێت و بیر لە جیاوازییەکە لە ئاستی ئەو ڕێنووسەوە بکاتەوە(١٠).

پاش ئەوەی دەستخەتەکەم (بەگوێرەی توانا) هێناوەتە سەر ڕێنووسی کوردیی ئێستە وازم لە لێکدانەوەی شیعرەکان هێناوە؛ چونکە ئەم نامیلکە وەك بەشێك لە کەلەپووری ئەدەبی کوردیی بڵاو دەکرێتەوە، (بەزۆریی) کەڵکی بۆ کاری فەرهەنگنووسیی و لێکۆڵینەوەی شێوەی گفتوگۆی ئەو سەردەمەی ئەو ناوچەی دانەر و هەندێك شتی تر کە پێوەندییان بە زمانەوانییەوەیە... هەیە، ئەمانەیش کاری زانایانی وادەبێت پێویستییان بە لێکدانەوە نییە و خۆیان باش لەو مەبەستانە دەگەن.

### ژیانی دانەر

هەرچەند گەڕام و پرسیم و ئەمسەرەوسەرم کرد و هەواڵم بۆ چەند جێگا نارد... نەمتوانی شتێك دەربارەی ژیانی دانەری ئەم نامیلکەیە بزانم.

دەربارەی ناویشی تەنها ئەوەندە دەزانرێت کە خۆی لە دوادێڕی نامیلکەکەیدا دەڵێ: (مەلا محەمەدی سیوچیی) ، (سیوچ) گوندێکە (١٥) کیلۆمەتر لە بانەوە دوورە.

بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە مامۆستای سیوچیی زانایەکی پایەبەرز و دیاریی بووەو، لە سەردەمی خۆیدا گەلێك ناسراو بووە، خۆشبەختانە لە کۆتایی دەستخەتی (تحرير المقال في آداب واحكام وفوائد يحتاج إليها مؤدبو الاطفال) کە لای کاك مەحموود ئەحمەدە، ئەم نووسراوەم دی، بە روونیی پایە بەرزیی مامۆستای سیوچیی (دانەری ئەم نامیلکە) دەردەخات و مێژووی کۆچی دواییشیمان بەباشی بە دەستەوە دەدات:

«تم بعون الله الملك الجليل على يد العبد الفقير الذليل، ابن المرحوم محمد بن اسماعيل البردرشى البانى عبدالعزيز الجاني، ضحوة يوم الخميس العشرين في محرم الحرام سنة

---

(١٠) هەندێ جاریش هەیە ڕێنووسە کۆنەکە لەگەڵ ڕێنووسی ئێستەی کوردیدا دەگونجێت و تەنها (٧)ی سەرواو و پێ و شتی وای دەوێت و، وەك (خوم- خۆم) ئەوانەم هەر یەك جار نووسیوە.

اثنتين وتسعين بعد المائة والألف  مرت على كافة الانام بحروف العطف، في قرية (شيوه) من قرى ولاية (بانه) حفظها الله و سائر بلاد المسلمين من طوارق الحدثان، وعصمنا عن دخول النيران. وفي اول هذه السنة واخر السنة الماضية مات ناس كثيرون وغيرهم من العلماء والمشايخ والفقهاء والرعايا ونحوهم، من جملتهم: مولانا محمد السيوچى، ومولانا محمد باقر، والشيخ عبدالقادر البيلوي، والشيخ احمد الگلى، اللهم ادخلهم برحمتك في رحمتك ورضوانك آمين . آمين».

واتە: بە یارمەتیی خوا (نووسینەوەی ئەم کتێبە) بە دەستی بەندەی بێ چارەی تاوانبار عەبدولعەزیزی کوڕی خوالێخۆشبوو محەمەدی کوڕی ئیسماعیلی بەردەڕەشیی  بانەیی تەواو بوو لە چێشتەنگاوی ڕۆژی (٢٠)ی مانگی موحەڕە مولحەرامی ساڵی (١١٩٢) دا. لە گوندی (شێوە) لە گوندەکانی ویلایەتی (بانە) –خوا لەگەڵ هەموو وڵاتی موسڵمانانندا بیپارێزێ لە بەڵای ناگەهان و ئێمەیش لە ئاگری دۆزەخ بەدوور کات.

لە سەرەتای ئەم ساڵە و کۆتایی ساڵی پێشوودا خەڵکێکی زۆر لە زانایان و پیاوچاکان و شەرعزانان و خەڵکی رەمەکیی تر مردن. لەوانە: پێشەوا محەمەدی سیوچیی و، پێشەوا محەمەد باقرو، شێخ عەبدولقادری بێڵوێ و، شێخ ئەحمەدی گەلیی. خوایە بە بەخشندەیی خۆت بیانخە بەر بەزەیی و رەزامەندیی خۆت. ئامین  ئامین!


لەم ئەندازە زیاتر شتێکم دەست نەکەوت، بۆیە بەوەندە دەسبەردار دەبم، بەڵکو ڕۆژانی داهاتوو شتی نوێ و زۆرمان دەربارەی ئەم سەربازە نەناسراوە بۆ دەربخەن.



وێنەی دەستخەتی مەلا محەمەدی سیوچی (جەفایی)



انا امير المؤمنين عمر رضي الله عنه دخل من السطح دار رجل في جملة [illegible]
منكرة فانكر عليه فقال يا امير المؤمنين ان كنت قد عصيت الله من وجه
فقد عصيت الله من ثلاثة اوجه فقال ما هي فقال الرجل قد قال الله
تعالى ولا تجسسوا وقال وأتوا البيوت من ابوابها وقد دخلت من
السطح وقال الله تعالى ولا تدخلوا بيوتا غير بيوتكم حتى تستأنسوا وتسلموا
على اهلها وما سلمت فتركه عمر رضي الله عنه وشرط عليه التوبة و
تفصيل مسئلة التجسس تطلب من كتب الفقه ثبتنا الله على هذه [illegible]
الصحيحة التي مر تفصيلها ورزقنا العمل [illegible]
[illegible] من الاعمال قبل التوثيق عند الاشعري واكثر اصحابه [illegible]
[illegible] ان يكون المراد القدرة [illegible]
القريبة من الطاعة التي هي الفعل [illegible] القدرة مع الفعل
وهو خلاف ما عرف [illegible] اللهم ثبت
قلوبنا على دينك ووفقنا للاعمال الصالحات ربنا لا تزغ قلوبنا بعد
اذ هديتنا وهب لنا من لدنك رحمة انك انت الوهاب قد وقع الفراغ [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
١١٣٠



[illegible] فرق بين الحق والباطل [illegible] المسجد الحرام [illegible]

[illegible]

[illegible] فان صيغة التفضيل موضوعة للزيادة في معنى المصدر [illegible]

في الفعل والمشتقات [illegible] النكرة [illegible] الافراد المنتشرة [illegible] وزيادة المعتبرة في حقيقة التفضيل هو الزيادة

[illegible] المصدر [illegible]

[illegible]

[illegible] المصدر [illegible] اللام [illegible]

بجميع الافراد المنتشرة [illegible] فالقول بان المصدر المعتبر في الفعل والمشتقات

من حيث [illegible] النكرة موضوعة [illegible] الافراد المشترك [illegible] الطبيعة

[illegible] المصادر المذكورة [illegible]

[illegible] بالزيادة [illegible] الطبيعة [illegible]

[illegible] بالزيادة [illegible]

موضوعة [illegible] الطبيعة [illegible]

[illegible] بالزيادة مستلزم [illegible] الطبيعة [illegible] صيغة التفضيل

[illegible] الزيادة [illegible]

[illegible] الزيادة [illegible] الطبيعة [illegible]

[illegible] صيغة التفضيل موضوعة للزيادة في [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

كتبه من نسخة المؤلف [illegible]

## هذا رسالهٔ تذكرة العوام للفاضل ملا محمد سيوچي البانهٔ – رحمة الله)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله العزيز العلام، والصلاة والسلام على سيدنا محمد خير الأنام، وعلي آله وأصحابه الاعلام.

أما بعد: فهذه فوائد مفيدة لأكثر عقائد الاسلام من: وجود ذات الله تعالى، ووحدانيته، وازليته، وأبديته، وثبوت صفاتة السبعة القديمة، من: الحياة، والقدرة، والارادة، والسمع، والبصر، والعلم. والكلام، وحدوث العالم بجميع أجزائه، ووجود الملائكة الكرام، وارسال الرسل إلى الأنام، وانزل القرآن خير الكلام، وقيام الساعة، والمعاد الجسماني، وحشر الأجسام، والميزان، والصراط، والنار، والجنة التي هي دار السلام،ومشيرة الى حدث: «كان الله ولم يكن معه شيئ» وإلى الحديث القدسي: «كنت كنزا مخفيا فاحببت أن أعرف خلقت الخلق لأعرفني» والى حديث: «اول ماخلق الله نوري» والى حديث : «انا سيد ولد آدم ولا فخر» والى سبب هبوط ابليس من اوج العزة الى حضيض الذلة» والى منشأ عداوته لآدم وبنيه، والى سبب خروج آدم علية السلام من الجنة، والى هلاك بعض الأقوام الهالكة بغضب الله تعالى ليكون عبرة لاولى الاعتبار، والي ظهور دين الاسلام وكمالة، وتفوقة على ساير الاديان، ونسخه لها بالتمام، ودوامه الي آخر الايام.

والى خلافة الخلفاء الاربعة بعد النبي– عليه الصلاة والسلام– والى بعض علامات آخر الزمان من السفياني والمهدي والدجال، ونزول عيسى عليه السلام، وخروج يأجوج و مأجوج ودابة الارض، ورجوع الشمس والقمر من المغرب الى جانب المشرق بعد قربها من الغروب، والي النفختين ومدة بينهما، والى بعض اهوال القيامة واحوال المحشر، والى بعض اوصاف جهنم وبعض الصراط والمرور عليه، والى بعض اوصاف الجنة وما فيها من الحور والقصور والخيام والنسوان والغلمان والاشجار والثمار والانهار، والي احوال اهل الجنة من الحسن والجمال و ساير الصفات، والى النعماء واللذات، وحصول مايتصور بالخيال، نظمتها باللسان الكردي بدليل «كلم الناس علي قدر عقولهم» ليكون فهماً عاما للخواص والعوام. وسميتها «تذكرة العوام» والله الموفق ذو الجلال والاكرام، وهو هذه:

**بسم الله الرحمن الرحيم**

١

رەحمەت لەوان کەسانێ[١]
گوێ بدەنە ریوایەتی
عامی خەڵقێ نازانێ
بەحثی دنیاو قیامەتی
هەر لە ئەوەڵ زەمانێ
لە بۆت بکەم حیکایەتی

***

٢

خودایی حەق بو بە طاق
بێ شەریك و بێ نەظیر
قادر و فەرد و رەززاق
بێ وەکیل و بێ وەزیر
عالیم و حەییی و خەللاق
(وهو السميع البصير)

***

٣

ئەو خودایە ك بوو عەظیم
بێ شەبیهـ و بێ میثال
هەم رەحمان و هەم رەحیم
ئەزەلیی و ذو لجەلال[٢]
قاهیر و رەبب و کەریم
ئەبەدیی و لایەزال

***

(١) نوسخەی (مع)یش پێشەکییە عەرەبییەکەی نییە. رەحمەت... (مع) رەحەت بێ لەو کەسانێ.

(٢) ئەزەلیی و... (مع) ئەزەلییی و لایەزال.

٤

لـه مـهخـلـووقـی هـیـچ نـهبوو
ئـهو گـهنجی بـوو نـیـهـانـیـی
عــهزم و ئـــیــرادهی وابــوو
مــهخـلــووق بــهوی بـزانـیّ
عـالـهمـی خـولـقـانـد هـهموو
بــه قــودرهتــی سوبــحــانـیّ

***

٥

ئــهووهڵ لــه مــهخـلـووقـاتـی
بـوو نـووری پـێغـهمـبـهریـی
لـه جـوملـهی مـومـكـیـنـاتـیّ
لـــه بـــۆ ویـــیـــه سهرهوهریـــی
ذاتـیـی و هــهم صیـفـاتـی[٣]
لـه نـهقص و عـهیـبـیّ بـهریی

***

٦

بــــۆ عـــالـــهمـــی بــــووه سهردار
ئــهو بــه حــهقـق و بـه یـهقین
ئـهو بـووه حـهبیب و مـوختـار
بــۆ وی بــوونــه تــابـیــعین
صهدو بـیست و چـوار هــهزار
ئـــهنـــبـــیـــاو و مـــورسهلین

***

٧

خـولـقـانـدی لـهوح و قـهلـهم
خـالـیـقـی حـهییـی[٤] مـهتین

---

(٣) ذاتیی و... (مع) ده ذاتی و صیفاتی.

(٤) حهییی (مع) حهقق و

ئـەشیـا چـە زۆر و چـە کـەم
لــە ئـەووەلین و ئـاخـیـریـن
لــە لــەوحــیـدا کــرد رەقــەم
ئــەو بــوە ئـیـمـامـی مـوبین

***

٨

خولقاندی عەرش و کورسیی
حەوت ئەرز و حەوت ئاسمان
هەر کەس لە خودا دەترسی
بـاوەڕی بـێ(٥) بـە ئـیمـان
ئــەگــەر لــە مــن دەپــرسی
مـن لـە بـۆت دەکـەم بـەیـان

***

٩

خـولـقـاندی شەمس و قـەمـەر
بــۆ حسابــی ئــیــنسانــی
ئــەستــێرەی دە مــونــەووەر
بـۆ زیـنـەتـی ئـاسمـانـی
بــوونــە چــرا ئــەو یــەکسەر
دەکـەن ڕەجـمـی شەیـتـانـی

***

١٠

مـەلـەکـی کـردن مـەوجـوود
ئــەو شەکڵـن دە نـوورانـیـی
وێستیان بە ئەمری مەعبوود
بـۆ طـاعــەتـی سوبـحـانـی

(٥) باوەڕی... (مع) باوەڕی بێت و ئیمان.

نـه بـهخـیـلـن و نـه حـهسوود
ئــهو پــاكــن و رۆحــانــیــی
***
١١
جـانـنـی بـاپـیـری جـیـنـنـان
خــولــقــانــدی لــه ئــاگــری
لــهوان پــهیـدا بـوو عـهیـان
مــوسوڵــمــانــی و كــافـری
شهیـطـانـیش لـه جینسی وان
تــا ئــاخــری نــامــری
***
١٢
ئــادهم بــابــی ئــیـنسانــی
مـهوجـوودی كـرد لـه گڵـی(٦)
شێت وهكوو(٧) ئینسان كوانێ
بــهبـێهـۆشیـی و غـافـڵـیـی
ئــاخــر كــه ئــهو دهزانــێ
فــامــێك نــابــاتــه دڵــێ
***
١٣
كـه ئـادهمـی كـرد مـهوجـوود
ئــهمــری كـرده قـودسیـیـان
ئهوان هـهموو(٨) برد سوجوود
لـه بـۆ(٩) بـاپیری ئینسان

(٦) گڵی (مع) (كیلی – گیلی)
(٧) وهكوو (مع) وهك
(٨) ههموو (مع) ههمووان
(٩) له بۆ (مع) بۆ

ئـیـلـلا شەیـطـانـی مـەردوو
لـە عـوجب و خـەبـیـثـیـان

***

١٤

نــــاوی بـــووە عـــەزازیـــل
صـاحـیب قــورب و عــالـیشان
بــە ئـــەمــری رەبــبــی جــەلـیـل
لەو پاش ئەو کردی[١٠] عیصیان
ئەو بوو مەطروود و[١١] رەزیل
نـاوی ئـەو بـوو بـە[١٢] شـەیطان

***

١٥

ئـــادەم چـــووە بـــەهـــەشتـــێ
بــە کــەرەمــی سوبــحــانـیـی
لــەوێ بـکـا سەیـر و گـەشتـێ
هــەم طـاعـەتـی رەحـمـانـیـی
لــە پـاش ئـەو[١٣] سەرگوزەشتێ
مــەنــع کـرا لــە شەیـطـانـی

***

١٦

خـودا خـولـقـانـدی حـەووا
لـــە پـــەراسووی ئـــادەمـــی

---

(١٠) ئەو کردی (مع) کردی ئەو

(١١) مەطروود (مع) مەردوودی

(١٢) ئەو بوو (مع) ناوی بووە بە

(١٣) ئەو (مع) وی

بـوون ئـاوسـەرو[١٤] ئـاوصـەفـا
هــــەم حـــەڵاڵ و ئــــاودەمــــی
هــەی صەفـــا ئــەنــدەر صـەفــا
کـوا نـوقـصـان و کـوا کـەمیـی؟

***

١٧

ئـــیـــزن لــــە بــــۆیــــان درا
بۆ[١٥] خـواردنـی نـیعـمـەتان
دارێك لــــەوان مــــەنــــع کــــرا
لــــە داری لــــە[١٦] جـەننەتان
قـــــایمە لـــــەوان زۆر کــــــرا
دا نــــەکــــێشن حــــەسرەتــــان

***

١٨

شـەیـطـان زۆر بـوو بـێ قـەرار
لــــە بــــوغض و عــــەداوەتــــی
چـــووە کــن طــاوس و مـــار
دەربـــەوانـــی جـــەنــــنــــەتــی
دا بـــە ئــادەمــی بـبـا چـار
بــە عــیـصـیـان و ذەلـلـەتـی

***

(١٤) بوون ئـاوسـەر و (مع) بۆ ئـاوسـەریی و

(١٥) بۆ (مع) لەبۆ

(١٦) لە (مع) دە

١٩

ئـــەوەڵ چـــووە کـــن مـــاریٚ
بـــە مـــەکـر و بـــە حـیـلـــەتـی
ئـــــەتــــۆ بمنـــــیٚ لـــــە زاریٚ
دا بـکـەم سەیـری جـەنـنـەتـی
قـەسەم بـە ئـیسمـی جـەببـار
نـایـچـمـیٚ ئـەم(١٧) نـەوبـەتـی

***

٢٠

ئـــەو شەیــطــانــی نـــاپــاکـە
هـــەڵاتــە نـــاو(١٨) جـەننـەتیٚ
لـــە قـــەسـەمـــی چ بـــاکــــە؟
ئـــەو غـەریـقـی لـەعـنـەتـیٚ!
دڵسۆز و دەردنــــــــاکـــــــــە
چـــوو لـــە بـــۆ عـــەداوەتـــی

***

٢١

دەستـی کـرد بــە گـریــانـیٚ
بـــە ئـــاوازێکـــی حـــەزیـــن
فــرمــێسکــی وەك بــارانـیٚ
دەهـــاتــە خــوار چین بــەچین
ئـادەم مـا(١٩) لـە حـەیرانیٚ
لـــەوی مـــەردوودی لـــەعین

***

(١٧) ئەم (مع) ئەو

(١٨) ناو (مع) نێو

(١٩) ما لە ئەصڵەکەدا (داما) بوو، بەڵام لە (مع) دا (ما) بوو ئەمەمان هەڵبژارد لەبەر کێشی بەیتەکە.

٢٢

ئــەوی بــە ئــادەمــی گــوت
بە[٢٠] ئـەو گـریـە و صەدایـێ:
جـەرگ و دڵـم هـەمـوو سووت
لــە بــۆ تــۆ و و حــەووایــێ
لـە لـیـبـاستـان دەکـەن رووت
دەتـــانـبــەنــە دنــیــایــێ[٢١]

***

٢٣

بــۆ عـیـلاجـی ئـەم کــارێ
مــن لـە بـۆت دەدەم خـەبـەر
دەبـــێ بـخـۆن لـەو دارێ[٢٢]
کــە مــەنــع کـراوە یــەکسەر
ئــەمــجــار دەگـرن قــەرارێ
لـێرە قـەط نـاچـێتـە دەر[٢٣]

***

٢٤

ئــەو ئــادەمـی مـوعـتـەبـەر
دای جــەوابــی شەیـطـانــێ
هـەرگیز[٢٤] من ناکەم یەکسەر
بـێ ئـەمـریـیـی رەحـمـانــێ

---

(٢٠) بە (مع) بۆ

(٢١) دنیایێ (مع) ئەمەو ئەوانی پێشوویش هەموو (ایە) یە.

(٢٢) لەو دارێ (مع) لەوێ دار

(٢٣) لێرە... (مع) هەرگیز لێرە ناچنە دەر

(٢٤) هەرگیز (مع) قەط

وا چـاكـتـره بـچـیـنــه دەر
نـەك بـە گـونـا و پـەشیـمـانـێ

***

٢٥

ئـەو شەیـطـانـی حـیـلـەكـەر
بــە مــەكـر و چـابـلـووسیـی
بــە ئـادەمـی نـەبـرد ظـەفـەر
لە لای ڕۆی بە مەئیووسیی
حـەووا ژن بـوو بـێ خـەبـەر
چو بۆ لای ئەو بە مەخصووصیی

***

٢٦

مـەكـر و حـیـلـەی كـردن ساز
زیـاتـر لـە ئـەووەڵ جـاری
بــەگــریــانـــی بـــە ئـــاواز
وەك بـــارانـــی بـــەهـــاری
حـەووای هـێنـا ئـەسەر ساز
بــۆ خــواردنــی ئــەو داری

***

٢٧

بۆ خۆی بەعزێ خوارد لەوی
ئـەوی هـێنـا بـۆ ئـادەمـی
ئـــەوی تــریشی دا بـــەوی
هەردوو خواردیان بە بێغەمی
پـەشیـمـان بـوون پـاش لـەوی
دانـــیشتن بـــە مـــاتـــەمـــی

***

٢٨

لـه بـەریـان کـەندن لـیـبـاس
ئـەو لـیـبـاسی جـەنـنـەتـی
بـــێ کـــەواو بـــێ کـــراس
ئـەمـــان لـــەوێ ذیـلـلـلـەتـی!
گەڵا ئەنجیریان بووە لیباس
لـــە بـــۆ سەتـــری عـــەورەتـــی!

***

٢٩

ئـــەو مـــان لـــەوێ بـــەڵایـــە
لـــەوی خـــەون و دەهشەتـــێ
ئـــادەم لـــەگـــەڵ حـــەووایـــە
دەربـــران لـــە جـــەنـــنـــەتـــێ
لـێکـیـان بـڕیـن لـە دەرگـایـە
مـیـحـنـەت لـەسەر میـحـنـەتـێ

***

٣٠

ئـــادەم کـــە هـــاتـــە دنـیـــایـــە
بە موددەتی دوو صەد ساڵی
لـــەبـــەر شەرم و خـــەطـــایـــە
هـــەر گـریـــان بـــوو خـــەیـالّـی
لـەو پـاش لـەگـەڵ حـەووایـە
گـەیـنـە یـەك بـە خـۆشحـاڵـیی

***

٣١

ئـەو مـوقـیم بـوون بـە نـاچـار
لــەوی عــالــەمــی خــاکــی
پـڕ مـیـحـنـەت و پـڕ ئـازار
پــڕ دەردو دەردنـــاکـــیـــی
عـومـری خـۆیـان رابـوارد
لـە طـاعـەت و بـە پـاکـیـی

***

٣٢

لـە بـۆ ئـەوان بـوو ئـەولاد
چـهـل نـەفـەر بـە ئـەژمـار
نـەسلـی ئـەوان بـوو زیـاد
تـا بـوو بـە هـەشتـاد هـەزار
ئـادەم بـە رەحـمـەت بـوو شاد
شیث بـوو خـەلیفـەی موختار

***

٣٣

لـە پـاش شیث پـێغـەمـبـەری
بـوو بـە پـێغـەمـبـەر ئیدریس
ئـەویش دەیـکـرد رەهـبـەریـی
صـاحـیـبـی عـیـلـم و تـەدریس
لـە بـۆ حـەیـیـی ئـەکـبـەری
دەیـکـرد تـەسبیـح و تـەقدیس

***

٣٤

ئـیـدریس چـووە ئـاسمـانـێ
ئەمجار نووح بووە پێغەمبەر

وەك قــەومــی نــووح کــوانــێ
بــێ ئــیــمـــان و بــێ بــاوەڕ؟
ئەو غەرق بوون بە طۆفانێ
هــەرچــە کـافـر بـوون یـەکسەر

***

٣٥

لووط پێغەمبەر بوو بە حەق
قــەومــی کــافـر لـە خـودا دوور
زۆر دڵڕەق بوون و ئەحمەق
بەفیسقێ ئەو بوون مەشهوور
جـوبـرەئـیل هـات بـە رەونـەق
ئـــــەرزی کـــــردن ژێر و ژوور

***

٣٦

نــەبـیـی مـورسەل بـوو هـوود
لـەسەر قـەومـی نـەسلـی عـاد
نــەبــوو چــە فــایــدەو سوود
لـەگـەڵ ئـەو قـەومـی عـیـنـاد
بـەحـوکمـی حـەییی مەعبوود
بە صەڕصەڕێ بوون بەرباد

***

٣٧

بــە قــودرەتــی مــەعـبـوودی
بـوو ئـیـبـراهـیـمـی خـەلـیل
دەعـوای لـەگـەڵ نـەمـروودی
بــە بــورهـــان و بــە دەلــیـل
لــە بـۆ وی صاحـیب جـوودی
بـوو ئـیسحـاق و ئـیسمـاعیل

***

٣٨

لـه پـاش ئـیسحـاق چووە دەر
لــە مــیٚ دنــیــایــیٚ فــانــیــی
یـەعـقـووب بـوو بـە پێغـەممەر
ئــەو بــوو پــیــری کــەنـعــانــیٚ
بـۆ یـوسفـی خـۆش مـەنـظـەر
وەك بــیــنــایــی چــاوانــیٚ

***

٣٩

بـە ئـەمری حـەییی مـەعبوود
لــە ئــەو نــەسل و ئــەولادیٚ
چەند ئـەنبیا بوون مەوجوود
بـۆ رەهـبـەریـی و ئـیـرشادیٚ
دا کـــافـــرانـــی مـــەردوود
مــەنــع کــەن لــە فــەسادیٚ

***

٤٠

لـە ئـەولادی ئـیسمـاعـیـلـی
خـــاتـــەمـــی پـــێغـــەممەران
هــەمـدەمـی جـوبـرەئـیـلـی
لــە بــەحث و لــەخــەبــەران
بــە قــودرەتــی جــەلــیـلــی
بــووە سەروەری رەهــبــەران

***

٤١

ئــەو بــووە سەروەری عــالــەم
صـاحـیـبـی دیـنـی مـوبین

سەیــیــدی نــەسلــی ئــادەم
لــە ئــەووەڵین و ئــاخــیــریــن
ئــەو بــووە رەسوولــی ئــەكرەم
حــەبــیــبــی حــەیــیــی مــەتین
***
٤٢
قــورئـــان كــەلامــی قــەدیـم
بــۆ ئــەو حــەبــیــبــی مــوخــتــار
بــە ئــەمــری رەبــبــی كــەریـم
جــوبــرەئــیــل هــێــنــایــە خــوار
باقی دینی تر بوون سەقیم
هەموو مەنسووخ بوون یەكجار
***
٤٣
هـــەر مـــا دیــنــی ئــیسلامــیّ
دیــنــی حــەقــق و ئــاشكــار
بــۆ هــەمــوو خــاص و عــامــیّ
چــی ئــەهــلــی دیــنــە و دیندار
هـــەر كــەس شتــێك بــفــامــیّ
نــاكــا عــیــنــاد و ئــیــنــكــار
***
٤٤
قــورەیشی بــوو بــە عــەشرەت
لــە مــەككــە بوو ئــەووەڵ جــار
كــردیــە مــەدیــنــە هــیــجــرەت
لــە بــەر ئــەو قــەومــی ئینكــار

بـۆی بـوو شەوكـەت و نـەصرەت
بــە مـوهــاجـیـر و بـە ئـەنـصار

***

٤٥

كـردیــان چــەنـد فـەتـح و غـەزا
لــە ئــەو قــەومــانـی كـوفـفـار
بـــە كـــافـــرانـــیـــان دا سزا
دیـــن تـــەواو بـــوو ئـــاشكـــار
ئــەصحــاب لــەوی بــوون رەضا
مــوخـلــیص و خـزمــەتـگـوزار

***

٤٦

دیـنـــی حــەق گـرتــی كــەمــال
بـــە قـــودرەتـــی قـــادریـــی
ضەعـیـف بـوو كـوفـرو ضەلال
عـــیـــنـــادیـــی و كـــافـــریـــی
ئەصحاب هەموو بوون خۆشحاڵ
پــیشەی وان بــوو شاكــیـریـی

***

٤٧

ئـــەم دنـــیـــایـــی بـــێ وەفـــا
بـــۆ كـــەس نـــاكـــا وەفـــایـــە
ئــەو حــەبـیـبـی مـوصطـەفـا
نـەیـبـو حـویـبـی دونـیـایـە
بـــە دڵـــخـــۆشیـــی و بـــە صەفـــا
چـــوو بـــۆ (دار الـــبـــقـــا) یـــە

***

٤٨

لــە بــۆ دیــنــی رەحــمــانــی
خــەلــیــفــانــی مــوعــتــەبــەر
کــــردیـــــان پــــاسەبـــانــــی
ئــەبــو بــەکر و هــەم عــومــەر
دەبـــێ بـــە حـــەق بـــزانـــی
هەم عوثمان بوو هەم حەیدەر

***

٤٩

لــە پــاش ئــەوان چــار یــاران
خـــودا لـــەوان بـــوو راضیـــی
دیـن کـەوتـە دەست دینداران
لــە ئــەصحــابــەی دەغــازی
غــافــڵ نــەبــوون چــە جــاران
لـــــە خـــێر و خـــێرسازیــــی

***

٥٠

لــە پــاش ئــەوان ئــەصحــابــان
ئیمامانی[٢٥] موعتەبەر
نـووسیـیـان لـە نـاو[٢٦] کیتابان
دیــنــی حــەقــقــی مــونــەووەر
بەحثیان کرد لە هەموو بابان
تــا بـۆیـان[٢٧] بــوو مـویـەسسـەر

***

(٢٥) ئیمامانی (مع) هەم ئیمامی

(٢٦) نووسییان لە ناو (مع) نویسییان لە

(٢٧) تا بۆیان (مع) تا لە بۆیان

٥١

ئـەم دیـنـە چـەنـد بـە رەونـەق
وەصفـی لـە گـوتـن[٢٨] نایە
نـەرمـی کـردن دڵـی رەق[٢٩]
نـەرمـی کـردوون زۆر دڵـڕەق
بـە وەعـظ و بـە فـەتـوایـە
ضەعیف نـابـێ دینی حـەق
تـا ئـاخـری دنـیـایـە

***

٥٢

لـە ئـاخـری زەمـانـێ
دینـی حـەق دەبـێ ضەعیف
ظـاهـیـر دەبـێ سوفـیـانـێ
لـە ئـەرضی شامـی شەریـف
ئـەو هـەر فـیسقـێ دەزانـێ
قـەط نـاکـا هـیـچـی ظـەریف

***

٥٣

ئـیمـام مـحـەمـەدی مـەهدی
ئـەو صاحـیـبـی زەمـانـێ
بـە تـونـدیـی و بـە جـەهـدیـی
دەچـینـە گیان[٣٠] سوفیانێ
لـەو فـاسقـەی تـلـونـدیـی[٣١]
تـیـنـی دەبـڕێ لـە گـیـانـێ

***

(٢٨) گوتن (مع) وتن

(٢٩) نەرمی کردن (مع)

(٣٠) دەچینە گیان (مع) دەچێتە سەر

(٣١) لەو فاسقەی... (مع) ئەو فاسقە و تولندی

٥٤

له پاش(٣٢) ئەوی دێ دەججال
ئەو چەپکوێری بەد و رەد
کافر و کەذذاب و ضال
لەشکری زۆری بێ حەد
خەڵقی زۆر دەکا بەدحاڵ
زۆرانیش دەکا مورتەد

***

٥٥

ئەو فیتنەیکی عەظیمە
پڕ لە بەڵاو میحنەتێ
زۆر کافر و لەئیمە
لە کەس ناکرێ موهلەتێ(٣٣)
هاوار خودای کەریمە
حیفظم کا(٣٤) لەو فیتنەتێ

***

٥٦

ئەو کافری کلکدار
بەوی شەوکەت و شانێ
شامێ دەکا بە حەصار
عیسا دێ(٣٥) لە ئاسمانێ

---

(٣٢) لە پاش (مع) لە دوای
(٣٣) موهلەتێ (مع) مۆڵەتێ
(٣٤) کا (مع) کەی
(٣٥) دێ (مع) بێ

ئـەو پـێغـەممەری مـوخـتـار
دەیــكــوژی لــە مــەیـدانــێ
***
٥٧
لەو پاش یەئجووج و مەئجووج
ئـــــەو لـــــە سەددێ دێتـــــە دەر
پـۆل بــە پـۆل دەكـەن خـورووج
دنـــیـــایـــە دەگـــرن بـــەبـــەر
بەعزێ[٣٦] درێژن وەك عـــووج
بــەعـزێ زۆر كـورت و بــێ فــەڕ
***
٥٨
چاویان شینە و ڕەنگیان[٣٧] سوور
بـۆت بـكـەم وەصفـی سیـمـایـە
زۆر بەدشەكڵ و زۆر بەدنوور[٣٨]
نـــاخـــۆش دەكـــەن دنـــیـــایـــە
بــە ئـەمـری خـالـقـی صەبـوور
ئـــەویش دەچـــنـــە فـــەنـــایـــە
***
٥٩
لــەو پــاش (دابــة الارض) دێ
شەبــیــهـ بــە زۆر حــەیـوانــێ

---

(٣٦) بەعزێ (مع) هێندێك

(٣٧) چاویان... (مع) چاویان شینە و رەنگیان

(٣٨) بەدنوور (مع) بێ نوور

عـەصای مـووسای ئـەوا پـێ
لـەگـەڵ مـۆری سولـەیمانـێ
هــــەروا دێت و[٣٩] دەچووێ
دەگـــەڕێ لـــە ئـــیـــنسانـــێ

***

٦٠

هــەرچــە عــەصای لـێدا ئـەو
سەعید دەبێت و[٤٠] پڕ نوور
چـــی مـــۆری دەنـــێ پـــێدا
ئـەوشەقـی دەبـێ و بـێ نـوور
نـــاوی تـــر نـــابـــن پـــەیـــدا
بـە ئـەمـری حـەییی غـەفوور

***

٦١

ڕۆژیش لــە مــەغـریـبـێ دێ
تــا نـزیـکـی ئـیستـیـوایـە
لـە بـۆ تـەوبـە هـەرکـەس بـێ
پـــــێوە دەدەن دەرگــــــایــــە
بــە یــەقین لــە پــاش ئــەوێ
هـەرگیز تـەوبـەی کـەس نـایـە

***

٦٢

ئەمجارە[٤١] دێ ئـیسرافـیل
ئەو دەنگیوێ نەفخی صوور

(٣٩) هەروا دێت و (مع) هەر دێتەوەو
(٤٠) دەبێت و (مع) دەبێ و
(٤١) ئەمجارە (مع) ئەمجارکە

هـــەمـــوو شەریـــف و رەزیـــل
چـــە نـــەزدیك بـــن و چـــە دوور
دەمـــرن بـــە بـــێ قـــال و قـــیـل
بـــە ئـــەمـــری قـــادری غـــەفـــوور

***

٦٣

لــە پــاش ئــەوان جـوبـرەئـیـل
ئـــەو رەسوولـــی رەحـــمـــانـــی
ئـــیسرافـــیـــل و مـــیـــکـــائـــیـــل
مـــوقـــەڕڕەب و ڕۆحـــانـــیـــی
ئەویش دەمرن بە تەعجیل[٤٢]
دەمـــێنـــی بـــە شەیـــطـــانـــی

***

٦٤

لــە پــاش ئــەوان عــیـزرائـیـل
دەچویتە سەر[٤٣] شەیطانێ
ئـــەو مـــەردوودی زۆر رەزیـــل
را دەكـــا تـــا دەتـــوانـــێ
ئـــەو دەیـگـاتـێ بـە تـەعـجـیـل
لـــەویش دەستـــیـــنـــێ گـیـانـێ

***

٦٥

هـــەر عـــیـــزرائـــیـــل دەمـــێنـــێ
لە مەخلووقاتی[٤٤] زۆردار

---

(٤٢) تەعجیل (مع) تاجیل

(٤٣) سەر (مع) گیان

(٤٤) لە مەخلووقاتی (مع) لەوی مەخلووقی

گیـان لـه خۆیشی[٤٥] دەستینی
بـه ئـەمری خـالـیقـی جـەبـبـار
ئـەمـجـار قـەط کـەس نـامێنـی
غـەیر ئـەز[٤٦] واحیدی قـەهـار

***

٦٦

تـــا مـــوددەتـــی چـــل سالـّـــێ
مـــەوقـــووف دەبـــێ قـــیـــامـــەت
دنـــیـــا دەمـــیـــنـــێ خـــالـّـیـــی
وێران و چـــۆڵ و عـــەربـــەت!
بـــه عـــەونـــی ذو لجەلالـــێ
مـــن بـــۆت بـــکـــەم حـــیـــکـــایـــەت

***

٦٧

ئەرض هـەر ئـەو ئـەرض دەبێ و[٤٧]
نـــابـــێ وەکـــوو ئـــەووەڵ جـــار
نـــه کـــەژ دەمـــێنـــێ نـــه کـــێو
بـــڵاو دەبـــن ئـــەو یـــەکـــجـــار
نـــه هـــەوراز دەمـــێنـــی نـــه نشێو
دەبـــێتـــه دەشت و هـــەمـــوار

***

٦٨

بـــه ئـــەمـــری رەببـــی جـــەلـــیـــل
قـــادری حـــەیـــیـــی صەبـــوور

---

(٤٥) گیانی له خۆیشی (مع) گیانی لەخۆیش

(٤٦) غەیر ئەز (مع) غەیری

(٤٧) ئەرض... (مع) ئەرض هـەر ئـەرض دەبێ بە نێو

دەژیـــتـــەوە ئـــیسرافـــیـــل
ئـەو دەنـگـیـوی نـەفـخـی صوور
دەژیــتــەوە بـــە تــەعــجــیــل
مـەخـلـووق بـە ئـەمری غـەفوور

***

٦٩

کـــە دەژیـــتـــەوە ئـــیـــنسان
ئـــەو رووتـــن لـــە لـــیـــبـــاسێ
زۆر سەرگـــەردان و حـــەیـــران
لــــە بـــەر خـــەوف و هـــەراسێ
بـێ هـۆشن هـەر وەك[٤٨] مەستان
هـیـچکەس هـیچکەس نـانـاسێ

***

٧٠

ئـــەو ڕۆژێکـــە زۆر زەحـــمـــەت
کـەس ئـاگـای لـە کـەس نـیـیـە
پـڕ عــەذاب و پــڕ مــیــحــنــەت
ڕۆژی (نـــفسی نـــفسی) یـــە
زۆر بـــە خـــۆف و بـــە دەهشەت
کــەس ئـەمین لـە خـۆی نـیـیـە

***

٧١

مـەخـلـووق فـەوج فـەوج دەڕۆن[٤٩]
دەیـانبـەنـە[٥٠] مـەحشەرێ

(٤٨) بێ هۆش هـەروەك ... (مع) بێ هۆشن وەکو

(٤٩) مەخلووق... (مع) ئەوان داژوون جووق بەجووق

(٥٠) دەیانبەنە (مع) دەیانبەن بۆ

بــێ قــەرارن و بــێ سکــوون
لــە بــەر خـۆف و خــەطـەرێ
زۆر غەمناکن زۆر مەحزوون
داخــۆ چــیـیـــان بــەسەرێ؟

***

٧٢

رادەوەستن(٥١) ئینس و جان
بــۆ جــەوابــی(٥٢) دیوانێ
چەند موددەت و چەند زەمان
هــەر خـودا بـۆ خـۆی دەزانـێ
چەند زەحمەتە ئەو ویستان
لـەگـەڵ خـۆف و عـیـصیـانـێ

***

٧٣

لــە دەست ئــەوان دەنــیــنــە
کـــاغـــــەزی خـــێر و شەڕە
دەڵــێن: وەرە بـــخـــویــنـــە
کـــاغـــەزی خـــۆت یـــەکسەرە
لــە خێر خـونـدن زۆر چـیـنـە
لــــە شەڕان سەر لـــەبـــــەرە

***

٧٤

پـێ دەڵـێن : ئـەی گـونـەهـکـار
شەڕانت بــۆ چ نـــاخـویـنـی؟

---

(٥١) رادەوەستن (مع) رادەویستن

(٥٢) بۆ جەوابی (مع) بۆ حسابی

شەرمت نـەبـوو ئـەووەڵ جـار!
ئیستە حەیا[٥٣] بۆ چ دینی؟
کاغەزی خۆت سەر تا خوار
دەبــێ هــەمــووی بـخـوێـنـی

***

٧٥

ئــەویش دەکــاتــن ئــیــقـرار
ئـــەوە کـــاغـــەزی خـــۆمـــە
عـــەرەق لـــەوێ دێتـــە خـــوار
رادەویستـــــێ وەك گـــــۆمـــــە
ئـەو بـەندەیی گونـەهكـار[٥٤]
نــەفسی خـۆی دەکـا لـۆمـە

***

٧٦

ئــەمــجــار دێنــن مــیـزانــێ
ئەو ترازوویەكە[٥٥] دوو سەر
لـــە بـــۆ عـــەمـــەل كـێشانـــێ
لایــــەك خــــرە لایــــەك شەڕ
لــــەوێ هــــەر یــــەك دەزانــــێ
عـەمـەلـی خـۆی بـە یـەكسەر

***

٧٧

لــەوێ هــیــچ ظـوڵـم نـابـێ
لەبۆ هیچكەس بە موطلەق

---

(٥٣) حەیا (مع) شەرمی

(٥٤) گونەهكار (مع) شەرمەسار

(٥٥) ترازوویەكە (مع) تەرازوویی

لـــه دیـــوان و کـــیـــتـــابـــیّ
هـــەمـــوو عـــەداڵـــەت و حـــەق
لـــە مـــیـــزان و حـــیـــسابـــیّ
هـــیـچـکـەس نـــاکـریّ نـــاحـەق

***

٧٨

لەو دوا[٥٦] چەند پێغەممەران
دەچـــن بـــۆ شەفـــاعـــەتـــی
لـــەوان بـــزورگ رەهـــبـــەران
کـــەس نـــاکـــا ئـــەو جـورئـــەتـــی
خـــاتـــەمـــی پـــێغـــەممەران
دەچـــویّ بـــۆ ئـــەو حـــاجـــەتـــی

***

٧٩

ئـــەو لـــە مـــەقـــامـــی مـــەحـمـــوود
ئـــەوا لـــە عـــەرشی عـــەظـــیـــم
چـــەنـــدە دەچـــویـتـــە سوجـــوود
لـــە بـــۆ خـــالـــیـقـــی کـــەریـــم
طـــەلـــەبـکـــارە لـــە مـــەعـبـــوود
ئـــەو رەحـمـــان و ئـــەو رەحـیـــم

***

٨٠

لـــە حـــەضرەتـــی جـــەبـبـــاری
لـــە بـــۆ نـــەبـیـــی نـــیـــدا تـــیّ
سەر بـەرزکە[٥٧] حاجـەتداری!
قـــەبـــووڵ دەکـــەم شەفـــاعـــەتـــیّ

---

(٥٦) لە دوا (مع) ئەگەن

(٥٧) سەربەرزکە (مع) سەر بڵند کە

بەویٚ چەند صەد هەزاریٚ
دەبەخشیٚ لە ئوممەتی

***

٨١

لەو پاش دەکا ئیحسانیٚ
ئەو هەر بۆ خۆی دەزانیٚ
عەفو دەکا چەند هەزار
لە صاحیبی ئیمانیٚ
لە بەندەیی گونەهکار

***

٨٢

دەبیٚ بۆ پێغەممەران
ئیذن بۆ شەفاعەتیٚ
لەوان بزورگ رەهبەران
هەرکەس لە بۆ ئوممەتیٚ
لە بۆ صەلاحەتدەران
بە قەدری قابیلییەتیٚ

***

٨٣

لە پاش ئەوان شەفاعەتان
هەموو دەکرێن موقەڕڕەڕ
بۆ بەهەشت و جەننەتان
بۆ جەهەننەم و سەقەر
لە عەذاب و میحنەتان
بۆت بدەم لە پێشدا خەبەر

***

٨٤

لــه ئـینسان و جـیـنـنـیـان
لـــه بــۆت بــدەم خـــەبـــەرێ
هــەرچـە کـافـرو بـێ ئـیـمـان
هـــەمـــوو دەچـــنـــە سەقـــەرێ
ئـەبـەدیـن ئـەو بـێگـومـان[٥٨]
هـــەرگـــیـــز نـــایـــەنـــە دەرێ

***

٨٥

بەعزێکیش[٥٩] صاحیب ئیمان
لـــەبـــەر ظـولْـم و ستــەمــی
ئـــەو بـــێ شك و بـــێگـــومـــان
دەچـنـــە نـاو جـەهـەنـنـەمـی
دەردێن لە پاش چەند زەمان
لـــەو عـــەذاب و ئـــەلـــەمـــی

***

٨٦

جـەهـەنـنـەم زۆر نـاخـۆشە
وەصفـی نـایـەتـە گـوفـتـار
ئاگرێکی[٦٠] زۆر بـەجـۆشە
عـەجـایب گـەرم و تـیـنـدار

(٥٨) بێگومان (مع) بەبێ گومان
(٥٩) بەعزێکیش (مع) هێندەکیش
(٦٠) ئاگرێکی (مع) ئاورێکی . لە (مع) دا پاش و پێش لە نێوانی دێرەکانی ئەم کۆپلەدا هەیە، ئەم (ئاگرێکی..) لە تەك دێڕی (عەجایب...)دا دەکەونە کۆتاییەوە.

زۆر بـــــە قین و خـــــــورۆشە
لــە بــۆ بــەنــدەی گـونــەهـکـار

***

٨٧

ئــەو هــەر بــە نـێو ئـاگـرە[٦١]
وەصفـــی نـــایـــەتــە کــردن
زۆر گـــەرم و زۆر بـــەگـــڕە
سووتمان ئـیـنسان و بـەردن
ئەو لە هەمووی موشکیلترە[٦٢]
قــەط لــەوی نــابــێ مــردن

***

٨٨

تـــێدان دووپشك و مـــــارە
کــێ وەصفــی وان دەزانـــێ!
غــافــڵ نــابــێ چــە جــارە
دایـــم لـــــە پـــێوەدانـــێ
عـــەجـــایـــبـــیـــان ژارە
لـــــە بـــۆ ئـــازار و ژانـــێ

***

٨٩

تـــێدایـــە زەمـــهـــەریـــرە
ئــەویش لــە بــۆ عـیـقــابــێ
بـــێحـــەد و سارد و زویـــرە
کــەس لــێ[٦٣] نــاگـری تـابـێ

(٦١) ئاگرە (مع) ئاورە.

(٦٢) هەموو... (مع) مووی موشکیلترە

(٦٣) لێ (مع) لەوی

هــــاوار خـــوداى بـــەصيـــرە
لــە ئــەو سەرمــا و عــەذابــێ

***

٩٠

لــە مــالــيك دەكــەن هــاوار
لــە شيــددەتــى گــەرمــايــە
لــەوى دەبــن طــەلــەبــكــار
بـۆ ئـەو[٦٤] ساردو گـەرمـايـە
لــەوێ قــەط نــاكــەن قــەرار
صەبووريان[٦٥] لـە بـۆ نـايـە

***

٩١

طــەعــامــى وان زەقــقــوومــە
بـێحــەد تـيـژو تـونـد و تـالْ
سێبــەريشيــان يــەحــمــوومــە
ئــەو لــە تـيـنـوان دەبـن لالْ
ئەو حەميمى وەك (مومە!)[٦٦]
يــەكــجــار پـىێ دەبـن بـێحـالْ

***

٩٢

ديسان دەكـــەن هـــانـــايـــە
لـە عـاجـزيـى و بـەدحـالـێ

---

(٦٤) ئەو (مع) وى

(٦٥) صەبووريان (مع) صەبروئاراميان

(٦٦) ئەو حەميمى... (مع) ئەو حەميم وەك سەمووومە

لــه بــۆ مــردن و فــەنــایــە!
لــە بــەر زەحــمــەت و تــاڵــیٚ
جــەوابــیــان لــە بــۆ نــایــە
هــەرتــا بــە[٦٧] هــەزار ساڵــیٚ

***

٩٣

ئــەمــجــار لــە پــاش هــەزاریٚ
مــــالـــیك دەدا جـــەوابـــیٚ
طــەمــەع بــنــێن یــەكــجــاریٚ
ئــیــتــر مــردن قــەط نــابــیٚ
زۆرتــان كــرد گــونــەهــكــاریٚ
دانـــیشن بـــۆ عـــەذابـــیٚ!

***

٩٤

قەط وەصفی[٦٨] جەهەننەمیٚ
نــاكــریٚ تــەواو و یــەكــجــار
مــاوم لـــە فــكــر و غــەمــیٚ
لـــە ئـــەو عـــەذابـــی دشوار
زیــاتــر نــە زۆر نــە كــەمــیٚ
مــن لــەوی نــاكــەم گــوفــتــار

***

٩٥

هــاوار خــودای غــەفــفــار
ئــەوی خــالــیــق و كــەریــم

---

(٦٧) هەرتا بە (مع) هەرتاكو

(٦٨) وەصفی (مع) تەعریفی

بـه حـەق حـەبـیـبـی موختـار
بـە حـەق قـورئـانـی قـەدیـم
حـیفظم بکـاتـن یـەکـجـار[٦٩]
لــە ئـــەو عـــەزابـــی ئـــەلــیـم
***

٩٦

ئــەگـەر بـکــەم سەرپــەرشتـێ
ئـــەو نـــە کـــارێکـــی تـــیـــزە
دەکــەم بــەحـثـی بـەهــەشتـێ
ئــەو بـــەحــثــێکـــی عـــەزیـزە
ئەو بەحثم زۆر لێ خۆش تێ[٧٠]
زۆر ظـــەریـــف و لـــــەذیـــذە
***

٩٧

هــەر چ ئــەهــلـی جـەنـنـەتـە
دەیـــانـــبـــەنـــە جـــەنـــنـــەتـــێ
دەردەچـن لـەو مـیـحـنـەتـە[٧١]
بــە فــەضل و بــە رەحـمـەتـێ
رێی صیـراطـێ زەحـمـەتـە
دەتـــرسن لـــە ذەلــــلــــەتـــێ
***

(٦٩) بکاتن یەکجار (مع) بکەی تۆ یەکجار
(٧٠) تێ (مع) دی
(٧١) لەو میحنەتە (مع) لە میحنەتێ

٩٨

ئەو لە پردان بەرزترە
لە ژێر ئەودایە سەعیر
لە پردان درێژترە
بەحوکمی حەییی[٧٢] قەدیر
ئەو لە موو باریکترە
هەم زۆر تیژترە لە شیر[٧٣]

***

٩٩

هەرچە مەعصووم و پاکە
دەڕوا هەر وەك بەرق و تیر
لەو پاش هەرکەسێك چاکە
دەڕوا[٧٤] بە چوست و دلیر
بە سوست و خۆفناکە
دەڕۆن صاحیبی تەقصیر

***

١٠٠

دەردەچن لە صیراطێ
دەکەونە حەوضی زولاڵ
غوسڵ دەکەن ئەو ساتێ
صاف دەبن و خۆش جەماڵ
لیباس دێن لە جەنناتێ
لە بەریان دەکەن دەرحاڵ

***

(٧٢) حەییی (مع) رەببی

(٧٣) هەم... (مع) ئەو تیژترە لە شمشیر

(٧٤) دەڕوا (مع) دەچوێ

١٠١

دەرکـــانــیش دەکــەن خــاڵــێ
ئەو وەختە[٧٥] لەهەر هەشتان
بـە خۆشکەیف و خۆشحاڵێ
داخـڵ دەبـنــە بــەهــەشتــان
بـە شادیـی و فـاریـغ بـالێ
لـە پـاش ئـەو سەرگوزەشتـان

***

١٠٢

مـەلـەك دەکـەن رەهـبـەریـی
هـەر یەك بۆ یەکێ[٧٦] لەوان
ئــــەو دەکــــەوێتـــە بـــەری
جـێگـەی خـۆی دەدا نـیشان
بــەحــیـکـمــەتــی داوەری
ساکـنـی دەکـا لـەو مـەکـان

***

١٠٣

ئـەو مـەکـان چـە مـەکـانـە؟
خــــۆش هــــەواوو سازگــــار
هــەرتــا حـوکـمـی چـاوانـە
هـەمووی هـەر دەشتەو هەموار
باغی[٧٧] گـوڵ و رەیـحـانـە
لــــەوێدا هــــەن جــۆیــبـــار

***

(٧٥) ئەو وەختە لە (مع) ئەو سەعاتێ

(٧٦) یەکێ (مع) یەکێك

(٧٧) باغی (مع) باغ و

١٠٤

داری سەوز و ئـــــــــــاودار
بـــۆ وان نـــابـــێ گـــەڵاڕێز
مـیـوەی خـورمـایـە و هـەنـار
زۆر خـۆشتـام و زۆر تـەمـیـز
هەنجیری زۆر خۆش تامدار
تەڕی[٧٨] نـاسك و لـەذیـذ

***

١٠٥

لـەوێدا هـەن چـەن قـوصوور
چـەنـد خـێوەتـی لـەطـیـفـە
پـڕ زیـنـەت و زۆر مـەعـمـوور
فـەرشیـان تـەواو[٧٩] ظەریفە
تـێدان حـۆری لـە مـەقـصوور
زۆر مـەحـبـووب و شەریـفـە

***

١٠٦

روو وەك دوڕڕی مـونـەووەر
کـوڵـمـیـان وەکـوو مـەرجـانـە
زۆر خۆش روو و خۆش مەنظەر
زۆر چاوەڕەش و زۆر جوانە
هـەمـوو بـیـکـرن و ئـاوسەر
حـوبـیـان لـە سەر مـێردیـانـە

***

(٧٨) تەڕی (مع) ترێ، ڕەنگە ئەمەیان راست بێت

(٧٩) تەواو (مع) زۆر

١٠٧

خـۆش ئـەنـدامـن و زۆر تـەمـیـز
پـــاك لـــە عـــوذرو نـــیــفـــاسن
خـۆش کـەلامـن و زۆر عـەزیـز
لە هەموو[٨٠] عەیبان خەلاصن
خـۆش صوحـبـەتن و زۆر لـەذیذ
لــە بــۆ مـێردیـان زۆر خـاصن

***

١٠٨

ئـــەم ژنـــانـــی دنـــیـــایـــە
لـــــەوان زۆر جـــوانـــتـــرن
صافـــتـــرن لـــە مـــیـــنـــایـــە
بـــەڵـــکـــە لـــەوان چـــاکـــتـــرن
بـــە طـــاعـــەت و تـــەقـــوایـــە
مـــــەرتـــــەبـــــە زیـــــادتـــــرن

***

١٠٩

نـە حـەسوودیـی و[٨١] نـە قـینـە
نـە بـوغـضە و هـەوێ ساریـی
دراوسێیـــــان شیـــــریـــــنـــــە
هـەر دۆستـیـیـە و[٨٢] دڵداریی
چ فـکـر و غـەم قـەط نـیـنـە[٨٣]
هـەر عـەیشە و صوحبـەتکـاریـی

***

(٨٠) هەموو (مع) گشت

(٨١) حەسوودیی و (مع) حەسوودییەو

(٨٢) دۆستییەو(مع) مەحەببەتەو

(٨٣) نینە (مع) نیە.

١١٠

تــەواوی ئــەهــلــی جــەنــنــەت
هــــەمـــوو سادەن و بـــێ مـــوو
وەك ئـــادەمـــن بـــە قـــامـــەت
هەموو چاوڕەش و خۆشخوو
خۆشکەیفن و خۆشصوحبەت
قــەط زوێر نــابــن و بــەدخــوو

***

١١١

لـــیـــبـــاسی وان قـــومـــاشا
عەجەب نازك و[٨٤] خۆشڕەنگ
بــــە رەوەنــــەق و تـــەمـــاشا
ئـــەو نـــە فـراوانـە و نـە تـەنگ
دیــقــقــەتــی نــیــە حــاشا
قەط لەوێ ناکرێ چە دەنگ

***

١١٢

لەوێدا هەن چەند[٨٥] غیلمان
بـــۆ عــیــززەت و حــورمـــەتـــێ
خۆشڕەنگ وەك دوڕڕو مەرجان
ئـــەویش لـــە بـــۆ زیــنــەتـــێ
دێن و دەچــن بـــە چـــەسپـــان
دایـــم لــــە بـــۆ خـــدمـــەتـــێ

***

(٨٤) نازك و (مع) ناسکو

(٨٥) چەند (مع) زۆر

١١٣

عـەجـەب شیـریـن غـولامـن

ئـەو بـە قـەدو قـامـەتـێ

لـە دەستیـان کـاسەو جـامـن

لـە بـۆ ئـاوو شەربـەتـێ

ئـەو مـەحـبـووبـی تـەمـامـن

زیـنـەت لـەسەر زیـنـەتـێ

***

١١٤

داری (شجـر الـطـوبـی)

بـنـی لـە عـەرش سەرەوژێر

هـەر لـقـێك لـە یـەك سەرا[٨٦]

مـیـوەی هـاتـووە بـەرەوژێر

گـەڵای خـۆشسازو صەدا

قـەط لـە بـیستـنـی نـابـن تێر

***

١١٥

چوار جۆگە هەن[٨٧] لە جەننەت

بۆ هەموو کەسێك[٨٨] بە عامە

یەکێ خەمری[٨٩] پڕ لە ذذەت

یـەك شەرابـی پـڕ لـەذذەت

(٨٦) هەرلقێك... (مع) لقی لە هەموو سەرا

(٨٧) جۆگە هەن (مع) جۆگەی تیایە

(٨٨) کەسێك (مع) کەس

(٨٩) لەم کۆپڵەدا کەمێك جیاوازیی هەیە بۆیە ئەمەو دوای وەك (مع) دەنووسم:

یـەکـیش ئـاوی خـۆشتـامـە
یـەکـێ هـەنگوین و شەربـەت
یــەکــێ شیــری خــۆشتــامــە
یــەکــێ شیــری خــۆشتــامــە
یـەکـێ هـەنگوین و شەربـەت
یــەکــێ ئــاوی خــۆشتــامــە

***

١١٦

طـەعـامـی لـە جـەنـنـەتـن
بـێ حـەددن و بـێ پـایـان
لـەبـەر تـام و لـەذذەتـێ
عـاجـز نـابـێ کـەس لـەوان
بـێ ئـازار و زەحـمـەتـێ
حـاصل دەبن(٩٠) لـە بـۆ وان

***

١١٧

هـەر کـەسێك بـكـا خـەیـاڵ
بـۆ نـیـعـمـەتـی نـیـهـانـیـی
حـاضر دەبـێ بـۆی دەرحـاڵ
لـێی دەخـوا تـا دەتـوانـی
هـەرکـە لـێ دەکـا بـەطـاڵ
فـانـیـی دەبـێ پـاش خـوانـی

***

(٩٠) دەبن (مع) دەبێ

۱۱۸

لـە ئـاو و خـواردنـی زۆردار
حـاصل نـابـێ هـیـچ ضـەرەر
لـە هــەرچ چـڵـکـە و مـردار
ئـەو هــەمـوو پـاکـن یـەکسەر
کــەمــێك عــەرەق بــێ ئـازار
دەبــێ خـۆشبـۆ وەك عـەنـبـەر

***

۱۱۹

نـە تـاریکیی و[۹۱] نـە شەوە
هــەر نــوورە و رۆشنــایــە
نــە بـێهـۆشیـی و نـە خـەوە
هــەر وریــایــی و صەفــایـە
هەر وەك خۆشتر هەر ئەوە[۹۲]
هــەر خـۆشە و خـۆشنـمـایـە

***

۱۲۰

نــە بــارش و نــە سەرمــا
نە تاڵیی و[۹۳] نە ضەیقەتە
نـە هــەتـاویشە و نـە گـەرمـا
نـە عـاجـزیـی و زەحـمـەتـە
هــەر سێبــەرە و خـۆش هــەوا
هـەر سەلامـەتـیـی و راحـەتـە

***

(۹۱) تاریکیی و (مع) تاریکییەو

(۹۲) ئەوە (مع) وایە

(۹۳) تاڵیی و (مع) [لیەو!]

## ١٢١

هــەر كــەسێك ئــارەزوویــە
بــچــوێ كــەسێ بــبــیــنــێ
لــە قــەوم و دۆستــی خــۆیــە
لــە فــەرزەنــدی شیــریــنــێ
ئـیـختـیـاری بـە دەست خۆیـە
دەرسات ئــەوی دەبــیــنــێ

***

## ١٢٢

بــە هــەشت (دار المقــام)ە
خۆش جێگە[٩٤] بۆ ئیقامەتێ
كـەس نـابـیـە هـیـچ كـەلامـە
لـە لـەغـو و لـە غـەفلـەتـێ
كــەلام سەلام سەلامــە
لـەبـۆ ئـەهـلـی جـەنـنـەتـێ

***

## ١٢٣

سەری هــەمــوو لــەذذەتــان
چاوپێكەوتنی[٩٥] خودایە
بۆ هـەموو ئـەهلی جەننەتان
ظــاهــیــر و ئــاشكــرایــە
بـێ طـەرەف و جـیـهـەتـان
بـێ چـلـۆنـە و لـە كـێ لایـە

***

(٩٤) جێگە (مع) جێ

(٩٥) چاوپێكەوتنی (مع) چاوپێكەوتنی نووری

١٢٤

بـۆت بلـێم خـۆلاصەی کـەلام
نــامــێنــن هــیــچ ئــارەزوو
مـەقـصوود حـاصڵـن تـەمـام
مـەطلـەب مـەوجـوودن هـەموو
بـۆ کـەس نـامـیـنـی بـە عـام
هـیـچ نـیـاز و هـیـچ ئـەرجـوو

***

١٢٥

وەصفـی بـەهـەشتـێ تـەمـام
لەبەر زۆریی و[٩٦] بێ حەددیی
کـەس نـایگەینی[٩٧] بـە ئـەنجام
بـەڵـکـە یـەکـێ لـە صەدی
مـەگـەر خـالـیـقـی عـەلـلام
ئـەو بـەعـیـلـمـی سەرمـەدیـی

***

١٢٦

ئـومـێد بـە خـودای کـەریـم
بـەوی عـەزیـز و[٩٨] غەففار
بـە فـەضل و فـەیضـی عـەمیم
بـە حـەق حـەبـیـبـی موختـار
لـە بـەهەشتێم[٩٩] بکـا موقیم
عـەفـوم بـکـاتـن یـەکـجـار

***

(٩٦) زۆریی و (مع) زۆرو

(٩٧) نایگەینی (مع) نایگەیەنی

(٩٨) عەزیزو (مع) عەزیزی

(٩٩) بەهەشتێم بکا (مع) بەهەشتم بکات

**١٢٧**

من زۆر دەکەم رجایێ[١٠٠]

تەواو بوونی ئەم نوسخە لە یەکشەمەی یەکی موحەڕەمی ساڵی **١٣١٦**دایە.

لــەو کــەسێ بــێت و بــچــی
لــە حــەمــد و لــە ثــەنــایــێ
لــە خــێران سەر نــەپــێچــی
بــە دڵ بــکــا دۆعــایــێ
بــــۆ مــــەلا مـــــح
زەمــــەدی سیـــــوچــــی

***

**تمت شد فی سنة ١٣١٢**

(١٠٠) لە (مع) دا کۆتاییەکان (رجایە، ثەنایە، دوعایە)یە.

# وەفاتنامەی پێغەمبەر "د.خ"

## پێشەکی

دەستخەتی ژمارە (٤٤٨) کە بە دیاریی پێشکەش کرابوو بە کۆڕی زانیاری کورد چەند دانراوی زۆر بە بایەخی تێدایە. کاتی خۆی بە پشتبەستن بە چەند دەستخەتی دیکە (تذكرة العوام) کە یەکێکە لە دانراوەکانی ناو ئەم دەستخەتەم بڵاوکردەوە. دانراوەکانی ترم دواخست بۆ هەل و بارێکی گونجاوتر.

کە بیری نووسینی (دەقنامەی کوردی) کەوتە سەرم دەستخەتەکانی دەقە کۆنەکانی لای خۆم یەکخست بۆ ئەوەی دەقی شیاویان لێ هەڵبژێرم بۆ کارتێداکردنیان.

دوای سەرنجێکی نوێی ناوەرۆکی دەستخەتەکە بۆم دەرکەوت چەند دانراوی دیکەی تێدایە شیاوی ئەوەن کاریان بۆ بکرێت و لە ریزی پێشەوەی دەقی کوردیدا دابنرێن.

یەکێك لەو دەقانە دانراوێکە لە بارەی چۆنیەتی کۆچی دوایی پێغەمبەرەوە (د.خ).

گەلێ کتێب و نامیلکەی کوردی لەم بارەوە هەن و، هەندێکیان لە دەستدان و چاپ کراون و، ئەگەر کەسێکیش بیەوێت لەم رووەوە نووسراوێك بنووسێت ئەوە سەرچاوەی زۆر لە دەستدایەو، دەتوانێ باسێکی تێر و تەسەل و گونجاو بنووسێت.

بەڵام لە رووی کۆنیی ئەم دانراوەوە ناتوانێ بگاتە ئەو ئاستەی ئەم دانراوەی تێدایە؛ چونکە ئەم دانراوە گەلێ بایەخی تایبەتیی هەیە دەتوانین هەرە دیارەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا بخەینە روو:

* ئەم دانراوە یەکێکە لەو دانراوە هەرە کۆنانەی بە زمانی کوردی شێوەی کرمانجیی خواروو نووسراون.
* ئەم دانراوە دەیان وشەو زاراوەی وەهای تێدایە کە ئێمەی خوێندەواری کوردی ئەم سەردەمە نەمانبیستوون و، دەکرێ بۆ دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی فەرهەنگ و زمانی کوردی سوودی گەلێ زۆریان لێ وەبگیرێت.
* ئەم دانراوە شێوەی گفتوگۆو ئاخاوتنی سەردەمێکی کۆنی ناوچەیەکی کوردستانی گەورەمان بۆ دەگێڕێتەوەو، دەمانباتەوە بۆ لای شێوەی ئاخاوتنی ئەو سەردەمەو، دەکرێ لەو رووەوە بزانین چ ئاڵوگۆڕێك لە وشە و رستە و زاراوەدا بووەو، ئەو کاتە خەڵکی ئەو ناوچە چۆن دواون و ئێستەیش چۆن دەدوێن و، فۆنەتیك و گۆکردنی وشەکان چ رووداوێکیان تێدا بووەو بە سەرهاتووە.

**کاری من لەم دەقەدا**

* خۆشبەختانە نووسەرەوەی ئەم دەقە سەروبۆری وردی بۆ هەموو وشەو رستەکان کردووەو، گرێی رێنووسی کۆنی بۆ کردووینەتەوە و کارئاسانیی باشی بۆ کردووین، منیش بەو سەرو بۆر و رێنووسەی ئەو دەقەکەم هێناوەتەوە سەر رێنووسی باوی ئێستە، بێ ئەوەی دەسکاریی بکەم یان گۆڕانکاریی تێدا بکەم.

لێرەدا بەسەر ئەوەیشدا ناڕۆم هەرچەند ئەم دەقە زۆر کۆنەو نووسینەوەکەی بۆ نزیکەی (٢٣٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، گەلێ نیشانەی رێنووسی کوردیی تێدا دەبینرێت کە لە دەقگەلی دوای ئەمەدا کەمتر دەبینرێت وەك:

(لە درکی: لە دەرکی)، (لەنکو: لەنگۆ)، (بەنبی: بەنەبیی)، (بەخیرا: بەخێرا).

**هەندێك وشەی ناو ئەم دەقە**

وەك نووسیم ئەم دەقە گەلێ وشە و زاراوەی وەهای تێدایە ئێستە ئێمە بەکاریان ناهێنین و نایشزانین مانایان چۆنە. من دوای خوێندنەوەی دەقەکەو گونجانی وشەکان لە تەك ئەو شوێنەدا تیایدا بەکارهێنراون، وەك نموونە لەم دەرفەتەدا هەندێکیان دەخەمە روو لە تەك ئیشارەکردن بۆ شوێنەکانیان لە ناو دەقەکەدا، بۆ ئەوەی خوێنەر رای خۆی هەبێت لە عاستیانداو، بەشداریی منیش لە لێکۆڵینەوەیاندا بە بیر و بۆچوونی خۆی بکات.

(ئاماژەم بە ژمارەی کۆپلەکان بۆ شوێنی وشەکان لە ناو کۆپلەکاندا کردووە)

بەڵام لە پێش ئەوەدا وشەکان ریز بکەم ئاماژە بە یەك وشە دەکەم تا بزانین چۆن لە رێگەی ئەم جۆرە کارانەوە دەتوانین بەشێکی کەم لە سامانی بەتاڵانبراوی لە بەر بێ خاوەنیمان بدۆزینەوەو، لە هەمان کاتیشدا بزانین چ زیانێکمان لێ کەوتووەو چۆن هەوڵی پووکەڵکردن و پووچەڵکردنی زمانەکەمان دراوە:

(ژەندەر، ژاندار) ئەم وشە بە هەردوو شێوەکە لەم دەقەدا بەکارهێنراوە، بەڵام بە مانای چی؟ بە مانای (سوط و قامچی) جا کەمێك سەیری بکە بزانە چەند پڕ مانا و چەند جوانە؟ ئەگەر (ژەندەر) بێت بۆ تێوەژەندن وەك نەقیزەو گاڕان، یان (ژاندار) بێت بۆ لێدان و تێسرەواندن.

بەڵام ئەو وشە ئێستە لە فەرهەنگی کوردیدا شوێنەواری نییەو. بەو مانا دروستەی خۆی بەکار ناهێنرێت، لە هەمان کاتدا تورك و فارس و تەنانەت عەرەبیش بە کاری دەهێنن! (جاندارمەلی) و (ژاندارم) و (ژاندارمەلی)و... لەم وشە کوردییە رەسەنە بێ خاوەنەی کورد داتاشراون.

هەندێك لەو وشانە

| وشەکە | ماناکەی (ئەگەر زانرا) | شوێنەکەی (کۆپلەکە) |
|---|---|---|
| ئیستەران | ؟ | ٢٠ |
| سونجێرە | ؟ | ٢١ |
| بێ وێر | نەخۆش | ٢١ |
| راکەن | بانگکەن | ٢٢ |
| قەست | قەصد | ٣١ |
| تەیکوتن | دەیگوتن | ٣٥ |
| بەژار | ئەدا، کردن | ٣٤ |
| بەژێرن | بکەن | ٣٦ |
| تەئەخرەتەیم | لە ئاخیرەتیم | ٤٨ |
| فیروار | قسە، ئاخاوتن | ٥٢ |
| ژاندەر | قەمچیی ، سەوط | ٥٣ |
| لەزکە | زووکە ، گورجگە | ٥٤ |
| تا | تۆ | ٥٤ |
| بەهیست | بیست | ٥٨ |
| ببێ | بڵێ | ٥٩ |
| سونجێر | ؟ | ٦١ |
| چارە | سەرپۆش | ٦٣ |
| تەبەرا | لەبەریەوە | ٦٣ |
| ئەشتاوە | بەپەلە ڕۆیشتن، پەلەکردن | ٦٤ |
| بەتەرکەم | جێ بێڵم | ١٣٨,١٣٧ |
| لە باڵەت | لەتۆ، لەئەستۆی تۆ | ١٥٥ |
| هاین | ئاگامان | ١٦٠ |
| ئەمکو | ئێمە | ١٦٠ |
| هەرا | ؟ | ١٦١ |
| فیر | (کورتکراوەی فیروار) | ١٦٨ |
| تاوی | تەئاوی = لە ئاوی | ١٨٦ |
| رووس | رووت | |

### هەندێك وشەی ڕێنووسی ناو دەقەکە

کە نووسیم ئەم دەقە سەرو بۆری بۆ کراوەو منیش بە پێی ئەو سەرو بۆرە هێناومەتەوە سەر ڕێنووسی باوی کوردی، دەبێ ئەوە روون بکەمەوە گەلێ جێگەی ئەو سەرو بۆرە وەك خوێندنەوەی ئێستەی ئێمە نییەو، جیاوازیی لە شێوەی گفتوگۆدا دروست دەکات، بەڵام مـن هـەر ئـەوەم پـەسەنـد کـردووە کـە پـەیـڕەویـی ئـەو سەرو بـۆرە بکەم؛ چونکە رێگە و چارەیەکی دیم لە بەردەستدا نییە بۆ خوێندنەوەی دروستی دەقەکە. ئەمەیش هەندێك لەو وشانە:

بەبێژە – ببێژە

دوڵی – دڵی

کەرەد – کەرد – کرد

بەبینەم – ببینم

سەنگ – سنگ

**هەر لە بارەی دەقی وەفاتنامەوە**

دەبێ بەسەر ئەوەیشدا نەڕۆم کە دەڵێم ئەم دەقە سەرو بۆری بۆ کراوە و منیش بە پێی ئەو سەرو بۆرە دەقەکەم هێناوەتەوە سەر ڕێنووسی باوی ئەمڕۆ ئیتر هەموو شتێك بڕاوەتەوە و گومان لە نووسینەوەی دەقەکەدا نەماوە. بەڵکو گەلێ جێگە هەیە کاریان بەو سەرو بۆرە یەکلا نابێتەوە و، شێوەی خوێندنەوەی وشەکان ، گۆکردنی جۆری پیتەکان زۆرتری دەوێت و، من کە نووسیومنەوە لە عاستی زۆریاندا دوودڵم و لێکۆڵینەوەی رووتیش بۆ ئەو وشانە بەس نییە و، رەنگە ئەگەر بگونجێ کەسانی شارەزای شێوەی موکریی بتوانن هەندێك لەو گومانانە بڕەوێننەوە، هەرچەند بڕوای تەواوم نییە ئەوانیش هەموو شتێك یەکلا بکەنەوە.

لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەمە روو، بەڵام ئەمانە هەر نموونەن و وشەکان گەلێ لەم نموونانە زیاترن:

* (هەڵتینی) بۆ ئەمە چەند بۆچوون هەیە وەك: (هەلتینی)، (هەڵتینی)، (هەڵتێنێ)، (هەڵتێنی)...

* (وەسەر ڕێیت) ئەمە دەیشگونجێ (وەسەر ڕێیەت) بنووسرێت.

* (هەرچێکو) دەکرێت (هەرچیکو) یان (هەرچیکۆ) بێت.

* (نەشیم خۆ بوەشینەم) ئەمەیش هەڵدەگرێت (نەشێم خۆ بوەشینەم) بنووسرێت.

* (دەنوینبو) ، (لە وینبو) دەکرێ (دەنوێنبو)، (لەوێنبو) بنووسرێت.

* (رووحیم) دەکرێ (رووحێم) یان (رۆحێم) بێت.

چەندین نموونەی دیش کە لە دەقەکەدا بەرچاو دەکەون.

**مێژووی ئەم دەقە**

بەداخەوە دانەری ئەم دەقە نە لە سەرەتاوە نە لە کۆتایی دانراوەکەیەوە ناوی خۆی نەنووسیوەو، خۆی نەناساندووە. هەروەها نووسەرەوەکەیشی لەم ڕووەوە هیچی نەدرکاندووە، بۆیە مێژووی دروستی دەقەکە نازانرێت، بەڵام بە پێی ئەوەی لە تەك (مەهدی نامە) و (تذکرة العوام) و بەیتەکانی دیدا نووسراوەتەوە و ئەو دەستخەتەیش ئەو دەقانەی تێدایە ساڵی **١١٩٩** ك. نووسراوەتەوە... ئەم دەقی وەفاتنامەیش ئەگەر لەوان کۆنتر نەبێت هاوتەمەن و هاوچەرخی ئەوانەو، جارێ تا کاتی ئەوە دێت مێژووی دروستی ئەم دەقە دەدۆزرێتەوە بە هاوتەمەنی ئەوانی دادەنێم.

**وەفاتنامە**

کە ئەم دەقە لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە لەبەر ئەوە نییە تەنیا دەق بێت لە باسی کۆچی دوایی پێغەمبەردا (د.خ) نووسرابێت، بەڵکو ئەگەر بچین ئەو دەقانە بدۆزینەوە کە لەم بارەوە نووسراون ڕەنگە –بە چاپکراو و چاپ نەکراوەوە– چەندین دەق بدۆزینەوە، بەڵام ئەم دەقەی لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە کۆنترین دەقی کوردییە لەم بوارەدا من دیبێتم.

ئەوەندە بیری خوێنەر دێنمەوە لە بەرگی دووەمی (کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی) دا (دەقێکی وەفاتنامە)م بڵاو کردەوە لە شێوە و ناوەرۆکدا زۆر لەم دەقە دەچێت، بەڵام مێژووی نووسینەوەی ئەو (٧٥) ساڵێك دوای ئەم دەقەیە(١).

---

(١) بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو لاپەڕە (٢٠) تا (٣٦)

### ناوەرۆکی وەفاتنامەکە

ڕووداوی کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) ڕووداوێکی گەورە و دیار بووەو، لەو ڕووداوانە نییە ون ببێت، یان هەڵەی تێدا بکرێت و، دەیان کتێب بەگەلێ زمان لەو ڕووداوەدا نوسراون، وەك لە دەیان سەرچاوەی باوەڕپێکراوی حەدیثیشدا بە وردیی گێڕراوەتەوە.

بەڵام مامۆستای دانەری ئەم وەفاتنامە قاڵبێکی داستان ئامێزی داوەتێ و، ڕەنگە بەشی زۆری داڕشتنی خۆی بێت و، لە سەرچاوەی بیری خۆی هەڵی گۆستبێ، بەتایبەتیی باسەکەی عوکاشە؛ چونکە لەهیچ سەرچاوەیەکدا باسێك بەو جۆرە لە ڕووداوی کۆچی دوایی پێغەمبەردا (د.خ) نەگێڕراوەتەوەو، ژیانی عوکاشەیش شتی وای تێدا نەبووە[٢].

ئەوەندە هەیە ڕووداوێکی نزیك بەوە لە جەنگی بەدردا ڕووی داوە، ئەویش ئەو کەسەی ئەوەی کردووە یەکێك لە یارانی پێغەمبەر (د.خ) بووە بە ناوی سەوادی کوڕی غوزەییە[٣].

ئەمە هەر بۆ ڕوونکردنەوە دەنووسم؛ چونکە، وەك گوتوومە، ئێمە لەم کتێبەدا ئەوەندەی دەقە کوردییەکانمان مەبەستە ئەوەندە ئەو گێڕانەوەمان بەو شێوە مەبەست نییەو دەیان سەرچاوەی دروستی باوەڕپێکراو لەو ڕووەوە لە دەستدان.

---

(٢) بڕوانە: (أسد الغابة في معرفة الصحابة. تأليف : عزالدين بن الاثير. ابی الحسن علی بن محمد الجزري. تحقيق: محمد ابراهيم البنا، محمد احمد عاشور، محمود عبدالوهاب فايد. المجلد الرابع، حرف العين . (كتاب الشعب) دەبێ ئەوەیش بڵێم: ئەم باسی عوکاشەیە لە کتێبی (انذار الاخوان)ی دانەری مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی کوڕی مەلا ئەبوبەکری موصەننیفیشدا بە هەمان شێوە هەیە . ئەم کتێبە بە زمانی عەرەبییەو ئێستە لەژێر چاپدایە.

(٣) بڕوانە: محمد احمد باشميل. غزوة بدر الكبرى. الطبعة الثالثة. مطبعة شركة الطبع والنشر اللبنانية، بيروت . ص ١٥٦.

## وەفاتنامەی پێغەمبەر (د.خ)

**بسم الله الرحمن الرحيم وبه نستعين**

١

گـویٚ بـدێرن بـەنـو ســــەلیـم

ژ وەفــاتــە نــەبـیـی کـەریـم

***

٢

... دەم خـــــــەبــــــــەران

ژە کــتــێب و ژە دەفــتــەران

ژە وەفــاتــا پــێغــەمــەران

***

٣

... ئــیــبــنــو عــەبــاس

عــەزیـزی (خــاص الخاص)

***

٤

ژ وەفـاتـا...

ئـەصحـابـەك زیـدە چـاك بـوو

هـەرچـی کـو نـەبـیی پـاك بـوو

***

٥

... شمـی ژە زکمـــــاك بــــــوو

***

٦

بـنـورن ئـەچـە خـەبـەر بـوو

... جـــــەبــــبـــــار بــــوو

***

٧

دە دوو شەمی ئەو بێوێر بوو

چـــە نـــوور نـــە مـــاجـــەرا...

***

٨

دە دووشەمـی خـەلـعـەت دای

مـوحـەممەدی کـەوتبـوو تـای

***

٩

... کـــو مـــصطـــەفـــا بـــوو

بـــە زەوق و بـــەصەفـــا بـــو

***

١٠

دە دوو شـەمــــــــــــــــی

بیلال... ژە...

وەستـــــــــــــا ...

***

١١

. . .

...دیــــــــن دابــــــــوو

***

١٢

بـــــــيـــلال وه دهبـــــــێتـه:

كـيـا مـن بـى بـه فـدێتـه (!)

... ستـــــــايش      چاوەڕێته

***

١٣

نـەبـيـى دەبـى يـا بـيـلالـەم

ئـەز ئـەوڕۆ نـەخـۆش حـالـەم

بـێو يـرێەم هــەر دەنـالـّـەم

***

١٤

كـــو بـكــەم ئـەز نــەشێمــا

ئـــەوى ئـــيشەكـــى لـــێمـــا

رابــــەم وه تـــۆ رابـــێمــــا

***

١٥

خەبەرى من هەنك طەعام كەن

سەلامان لە هەرچى ئيسلام كەن

ئـەبـابـەكرى بـە ئيمـام كـەن

***

١٦

هــەنك ئــەصحــابـە وەكـەن

عـەبـابـەكرى خـەلـيفـە كـەن

يـەقين بـە ئـيمـامـى خۆ كـەن

***

١٧

هەرچی کو هەنك ئەصحابەن
بـــەڵا بــــە یــــەقین رابــــەن
وە عـەبـابـەکری را تـەبـا بـەن

***

١٨

عـائـیشە دەنگ هـەڵـتـیـنـی:
بـــابـــەم چـــە نـــابـــیـــنـــی
نـــەشی خـــەلـــیـــفـــە... نـــی

***

١٩

وە ژێر بـــــــیـــــــلالــــــە (!)
وە مـزگـەوتـی چـو دەرحـاڵـە
مـــەلـــوول و تـــەرش و تـــاڵـــە

***

٢٠

مـــیـــحـــرابـــی دیـــن خـــاڵـــی
ژە دیـــلـــی [کـــل!] دەنـــاڵـــی
[ئـــیستـــەران!] وە تـــەمـــاڵـــی

***

٢١

ئەصحابان کەرەد سونجێرە
بـــیـــلالـــۆ تـــە چـــە خـــێرە؟
نـــەبـــیـــی قـــەویـــی بـــێ وێرە

***

٢٢

نــەبــيــی مــەی قــورەيشە

وجـــوودی پـــورٍ ژە ئـــێشا

ئـەبـابـەكـری راكـەنـە پـێشە

***

٢٣

ئـەبـابـەكر ژە جـیٚ هـەڵستـا

نـەسەكـنـی عـەقدی بـەيتـا

جـەمـاعـەت ژە پـرٍ وەستـا

***

٢٤

مـيـحـرابـی ديـن بـەتـاڵـە

ژە پــیٚ وەستــا دەرحــاڵــە

***

٢٥

ئـەبـابـەكـر دەجـۆش چـوو

جـەمـاعـەت دە خـورۆش چـوو

كـەفت و ئـەو بـێهـۆش چـوو

***

٢٦

ئــەصحــابـەو مــەديـنــا

هــەمـوان حـوزن و گـريـنـا

***

٢٧

وە كــوت يــاسا [لــيــرە!]

بــە بــێژە ئــەو چــە خـێرە؟

يـاران شيـنـە و ئـەم [لـيرە!]

***

٢٨

ئـــەو عـــائـــیشا لـــەطـــیـــفـــا

یـــا نـــەبـــیـــی و شەریـــفـــا

بـابـەم...              ضـەعیفا

***

٢٩

بــــێهــــۆشەم بــــۆ بـــــابـــــا

خـــاڵـیـــی دیت مـیـحـرابــە

لــەوی دەگـریـن ئـەصحـــابـا

***

٣٠

عـــەبـــبـــاس و حـــەیـــدەرا

خـونـدەن پـێغـەمـبـەرە (!)

دەستـــــی نــــان لــــە سەرا

***

٣١

لـــەمـــلان نـیـــهـــان دەستــا

وە مـزگـەوتـی کـەرد قـەستـا

جـەمـاعـەت لـەبـەر هـەڵستـا

***

٣٢

رەسوولـــــی گــــوڵ بــــــاوە

لــە چـوونـی کـەرد ئـەشتـاوە

لــە جـەمـاعـەتـی کـەرد سەڵاوە

***

٣٣

ئــەصحــابــە لــەبــەر رابــوون
صەف بە صەف وەستابوون
قــەویــی بــە نــەبــیی شا بــوون

***

٣٤

حـــەبـــیـــبـــی مـــوخـــتـــاره
وه مـزگـەوتـی چـو ئـەو جـاره
دوو رەكـەعــەت نـوێژ بـەژاره

***

٣٥

نـــەبـــیـــی دەوڵـــەت نـــەدا
لـە مینبـەری خـوطبـە خوندا
تــەیـكـوتـن وەعـظ و پـەنـدا

***

٣٦

هـەندەكی هـەندك تـەلیـەن(!)
نـــویـــژان بـــە ژیـــرن
هــەر پـێنـجـان نـەگـەهـدێرن

***

٣٧

ئـــەمـــانـــەتـو بـێت صەلات
ڕۆژوو و نوێژ و حەج و زەكات
دەبـــەركـو دێتـەن وەفــات (!)

***

٣٨

گویٚ بدێرەن گەلیٚ دەجوان و پیران
ئـــەمـــانـــەتـــو بـــەن جـــیـــران
دەروێش و هــــەم فــــەقــــیــــران

***

٣٩

کــولـــلـــی دە دە ئـــەصحـــابـــان
لـــە پـــاش ئـــەوان خـــیـــطـــابـــان
دەچـــیـــە بـــن وە دایك و بـــابـــان

***

٤٠

وەیـــکـــوت بـــە یـــەقـــیـــنـــا:
(یـــــامـــــعشر المسلــــمین)ا
ئـــەم ژێدە چـــەرەنـــەك نـــیـــنـــا(!)

***

٤١

وەکی کو تە دونی تەنگ بووم
لـــە بـــوان چـــەرەنگ بـــووم
حـــەتـــتـــا کـــو لـــە دەنگ بـــووم

***

٤٢

جـــەواب دا ئـــەصحـــابـــان:
لـــە بـــۆ مـــە مـــاڵ خـــەرابـــان
بە شەفەقەتتر بووی لە دایك و بابان

***

٤٣

بـــە تـــۆ تـــە دیـــن دوروستین
وە سەو رێیت یــــــــــەخستین

له تۆ له کەثرەت حەق پەرەستین
ئـــیستـــەران دا تـــەمـــارسیـــن(!)

***

٤٤

جـەمـاعـەت دەنگ هـەڵـتیـنـی:
شاڵا خـودێت مـیـربـیـنـی(!)

***

٤٥

حـــەبـــیـــبـــی وەهـــهـاب
پـــەراتـــەن ئـــەو خـــیـطـاب
وەداعـــی کـــەرەن ئـــەصحـــاب

***

٤٦

شەفـیـعی گـونــــەهکـاران
دەگـــیـــریـــن وەکـــی بـــاران

***

٤٧

هــەرچـێکـو حـەق لـە مـەنـا
ژە خـــودێڕا هـــەڵـــەستـــەنـــا
قـیـصـاصیـم لـێ وە خـوازەنـا

***

٤٨

کـــەسێکـــو لـــە مـــن رەنجیـــا
قـیـصـاصیـم لـێ وە خـوازیـا
تـە ئـاخـیـرەتـیـم تـاقـەت نیـا

***

٤٩

بــابــەك دە قــیــامــەتــی
مـەشغـوولـم بـە شەفـاعـەتـی
بــەرەم نـیـا وە ئـوممەتـی(!)

***

٥٠

سە جـاران کـەرد خـیـطـابـا
مـەلـوول بـوون ئـەصحـابـا
کــەس وی نــەدا جــەوابــا

***

٥١

خـەڵـقـۆ هـەنك خـودێ کـەن
ئــەوی مــەنــەتـیـم لـێکـەن
رابــەن هــەنــەك دەعـوێ کـەن

***

٥٢

عوکـکـاشەی کـەرد فـیـروارە:
نـەمـتـوانـی ئـەی مـوخـتـارە
بەڵێ سوێندەت بە خودێ خوارە

***

٥٣

ڕۆژی ساواش رابـــــــو (!)
... ئوحودی قەتل و غەزا بوو
تـا ژاندەرێکەت لە مەن دابوو

***

٥٤

نـــەبـــی دەبـــێ: (یـــا بـــلالا)
لــــەزکـــە هـــەرۆ ئـــەمـــاڵا
تـــا ژانـدەرێ بـێنـــە دەرحـــاڵا

***

٥٥

بـــیـــلال هـــاتـــە ئـــەدەرە
مـــــوستـــــی دان لــــە سەرا:
وەی ئـــــەز و وەی کـــــەسەرا

***

٥٦

وەی لـــەمـــە ئـومـــمـــەتـــی
نـــەبـــیـــی قـــیـــامـــەتـــی
دەتـــرسی دە ئـــاخـــرەتـــی

***

٥٧

شەفـاعـەت ژە گـونـەهـکـاران
دەگـــریـــن وەکـــی بـــاران:
ئەمە ئوممەت کو بەکەین ژاران؟

***

٥٨

دونـــیـــان لـــێ بـــوو تـــەنـــگـــا
تـــەنـــا ژە هـــەزار رەنـــگـــا
فـــاطـــمـــی بـــەهـــیست دەنـــگـــا

***

٥٩

خــــەبـــــەریـــــان... وە مــــاڵا
بـــە مـــون بـــەبـــێ[١]      یابیلالا
بــــە بــــێژا ئـــەو چـــە حـــاڵا؟

***

٦٠

بــیـلالــی کــوت –بــەگــریــنــا–:
هـــەڵـــەستـــا یـــا نـــەفسیـــنـــا
تـــا ژانــدار وەمـــەن بـــەگـــەهـــیـــنـــا

***

٦١

فـــاطـــمـــی کـــەرەد سونـــجـــێرە
ئـــەمـــەن ئـــەوڕۆ شین بـــێ وێرا
ئـــەتـــو... بـــەنـــاژانـــدەری چـــەکـــێرە؟

***

٦٢

حەبیبی خودێ تا ژەندەری لەوی تەویا
عـــوکـــکـــاشەی قـــیـــصاص لـــیـــا

***

٦٣

فـــــاطــــیــــمـــــە هـــــاتـــــە دەرا
چـــــارەی ئـــــاویـــــتـــــە سەرا
حـــەسەن و حـــوسەیـــنـــی تـــەبـــەرا

***

(١) لە پێشەکی ئەم بەیتەدا – و بابەتەکانی دیش – وتم: کاری من لێرەدا لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی وردی دەقەکە نییە، چونکە دەیان جێگەی وەها هەیە دەبێ بە وردی و قووڵی لە عاستیاندا لە ڕووی ڕێنووس و ناوەڕۆك و ماناوە بوەستم. بۆ نموونە لێرەدا نووسراوە (بمن ببی) بە پێی سەر و بۆرەکەی دەبێ (بەمون بەبێ) بخوێنرێتەوە. (بەبێ – ببێ) لێرەدا بە مانای بڵێیە.

٦٤

لــە چــوونـــی کــەرد ئــەشتــاوە

لە جەماعەتی کەرەد سەڵاوە

لــە دووری [غــەیــری بــاوا!]

***

٦٥

کـوت: ئـەزەم داییـا ئوممەتـێ

خـــاتـــوونـــا قـــیـــامـــەتـــێ

بـەشەفـاعـەتـێ ئـەبـال تـەتـێ

***

٦٦

خـەبـەرێکـی صەحـەم وێدەن

هـــەزار تـــا ژەنـــدەرەم لـــێدەن

نەکو لە حەبیبی خودەی دەن

***

٦٧

ئـــەو حـــەبـــیـــبـــی غـــەفـــوورا

وجـــوودی پـــوڕ لـــە نـــوورا

بـــێ وێرە هـــەم رەبـــەنجوورا

***

٦٨

هـەزار تـا ژەندەری بە ئەژمـارا

لە مەندەن هەنگی ئەو جارا

بــە بــەخشەن ئــی مـوخـتـارا

***

٦٩

نەبی کو: فاطمێ دەرەجەت لەی عالیبێ

خـــــودێت لـــــێ رازی بــــــێ

نــابــێ لــە رەنــگــێکــی دی بــێ

***

٧٠

حــــەرامــــە ئـــەو کـــوتـــەنـــا

ئـــەو قـــیـــصاصی لـــە مـــونـــا

نــابــێ لــە وەلــەدان وەخــوازەنــا

***

٧١

عەلی کوت: ئەز مەردەکی گەربینەم

نـــەشیـــم خـــۆ بـــوەشیـــنـــەم

نـــەبـــێ ئـــەو رەنگ بـــەبـــیـــنـــەم

***

٧٢

هـــەزار تـــا ژەنـــدەر بـــە ئـــەژمـــارا

لـــــە مـــــەنـــــدەن ئـــــەو جـــــارا

بـــە بـــەخشەن ئـــی... مـــوخـــتـــارا

***

٧٣

نـــەبـــی کـــەرەد سوخـــەنـــا:

یـــا عـــەلـــی بـــە سەکـــەنـــا

ئـــەز لـــە تـــۆ تـــۆ لـــە مـــونـــا

***

٧٤

حــــەسەن و هـــەم حــــوسەيـــنـــا
جـــوانـــــەن و... نــــازەنـــيـــنـــا
دەگـــــرێن و هــــەر دەبـــــيـــنــــە:

***

٧٥

كو ئەم جيگەرگۆشی ده موختارين
شەوو ڕۆژ روو دەعەرشی جەببارين
ده جـــوانـــــان ئــــەم سەرداريــــن

***

٧٦

دەجـــوانـــيــــن تـــەنـــاسكـــبـەدەن
هـــەزار تـــا ژەنـــدەران لـــەمـــە دەن
هــەنـدەكـی كـو لـە بـاپـيـرەن نـەدەن

***

٧٧

وە كـــــوت بــــە عــــەرەبــــيــــی
يـــا نـــووری چـــاوی نـــەبـــيـــی
دی رۆنين رەحـــمـــەت لـــەنـــگـــۆبـــی

***

٧٨

ئـەبـابـەكـر و عـومـمەر و عـوثـمـانـە
هــــەرسێك هــــەڵــــەستـــانـــا
بـــگـــەريـــن بـــە ئـــەفـــغـــانـــا

***

٧٩

کوت: ئەگەر بەتا ژەندەر بەداران

هەرسێك لەمە یاران

قوبوول دەکەین هەزاران

***

٨٠

لە مال و د...      خەزینا

هەمان دەبەخشینا

عافوو بکەن نەبیی ئەمینە

***

٨١

وە کوت نەبیی (ذولجەلالا!)

دی رۆنین دەر حالا

رەحمەت و لێ بێ شالا

***

٨٢

وە کوت : ئەی قورەیشا

یا نەبیی چەنك جیشا

یا عوکاشە وەرە پێشا

***

٨٣

دی... وەربینا

تا ژەندەری بینا

قیصاصم لێ وەستینا

***

٨٤

عـوککـاشه ژه جـێ هـەڵـەستـا
تـا ژەنـدەری گـەرەت بـەدەستـا
لــە پــێش نــەبـیــی راوەستــا

***

٨٥

عــوکـــکـــاشه ژەجــێ رابــوو
تـــا ژانـــدەری وە دەستــدا بــوو
خەلقی هـەموو عەجەب مابوو

***

٨٦

چـەنـدێکـو روویـی زەمـینـا
دە مەلەکان کەتبوو غولمینا
مـەخلـووقـاتـی گیریی و شینا

***

٨٧

ئــاسمـــان دی بــە کــەرەبــەن
چـــیـــا تـــێکـــوە رابـــەن
مـەخـلـووقـات دی فـەنـا بـەن

***

٨٨

ئــاسمـــان دی بــە کــەر بــەن
زەمین زێر و زەبــــەر بـــــەن
مــەلــەك دە حــەزیـن وەربـەن

***

٨٩

پـــــادشای كـــــەرەد فـــــيـــــروارا
مـــــەخـــــلـــــووقـــــێن دە دەژوارا:
هـــــەنـــــەك بـــــەگـــــەرەن قـــــەرارا

***

٩٠

مـــەخـــلـــووقـــێن هـــەنـــەك بـــوەستين
ژە شووڵا تـــەقـــديـــری مـــەن وەستـــەن
سيـــرڕێك تـــە نـــاو هـــەڵـــەستـــەن

***

٩١

عوككاشە كوت: ئەز مەردەكی نامووس بووم
ژە دوژمـــــنـــــان كـــــا بـــــووس...
ژە سەران پـــــاكـــــی رووس بـــــووم (!)

***

٩٢

حـــەق تـــو (خـــيـــر الـــنـــاس) بـــی
... بـــە تـــوز و بـــە بـــە لـــيـــبـــاس بـــی
ئـــەز رووس بـــووم تـــۆ بـــە كـــەراس بـــی

***

٩٣

دەستـــوورەت هـــەيـــا تـــا ژەنـــدەری بـــيـــنـــەم
كـــــەراسەت ژە بـــــەر هـــــەڵـــــێنـــــەم
قـــــيـــــصاصيت لـــــێ وەستـــــێنـــــەم

***

٩٤

وە كـــــوت پـــــێغـــــەمـــــبـــــەرا:
يـــــا عـــــوكـــــكـــــاشە دی وەرە
كـــــەراسەم هـــــەڵـــــێنـــــە ژە بـــــەرا

***

٩٥

عوککاشەی خواست دەستوورا
کـەراسی هــەڵـێنـا وە ژوورا
عــالــەم گــەریــا وەنــوورڕا

***

٩٦

مـوهـرێکـو نـوور ژیـەرەوتـا
گەهیشتە ئاسمانی هەو هەفتا
تـا ژەنـدەری لـە دەست کـەوتـا

***

٩٧

موهرێکو نوور ژی نوحشیبوو[٢]
ئـەصحـابـان موعـجیز دیبوو

***

٩٨

هــەمـوان چـاو تـاریــی بـوو
تە ئەصحـابـان کەوتبوو غولوو

***

٩٩

عــوکــکــاشەی مــوراد بــوو
دە مــــــوهــــــری ددان...[٣]

***

١٠٠

ئـیـلاهـی بـە حـەبیـبـی خـو کـەی
بــە مـوهـری نـوبـووەتــی کـەی
لـە گونەهکاران تو شەفەقەت کەی

***

---

(٢) لە دەقەکەدا (نحشیبو) بە بێ نوختەی (خێ) نووسراوە، بەڵام رەنگە (نوخشیبوو- نەخشیبوو) راستبێت.

(٣) لێرەدا ناتەواویی بە دەقەکەوە دیارە و رەنگە لێی کەوتبێت، بەڵام دیار نییە چەندە.

١٠١

لـه مـەكـەی تـۆ شەفـاعـەتـی
لەگونەهكا...   دە ئـوممەتـی
بـە بـەخشی لـە قـیـامـەتـی

***

١٠٢

عوككاشەی خۆشبو [كوینا!]
لـە بـۆی هـات مـەزگـیـنـا
نـەكـریـن غـولـەمـیـنـا

***

١٠٣

عـوككـاشە و هـەمـوو یـاران
دەگـریـن وەكـی بـاران
شەفـاعـەت لـە گـونـەهكـاران

***

١٠٤

حـەبـیـبـی قـەیـوومـا
لـەبـا لـەت بـێ مـەعلـوومـا
ئـەوجـارە رازی...

***

١٠٥

ئـەنـەس و بـیـلالا
دەستـیـان گـرت دەرحـالا
نـەبـیـیـان را كـەردە مـالّا

***

١٠٦

ئـــەو شەو خـــۆ هـــەيـــنـــو(٤)

يـــازدە شەوان دە نـــويـــنـــبـــو

***

١٠٧

ئـــــــــــــــــــــەی شازدەی

ژە لـــــــــەويـــــــنـــــــبـــــــو

***

١٠٨

پـــــادشای ئـــــەمـــــريـــــنـــــا

يـا عـيـزرائـيـلـۆ هـەڕۆ بـيـنـا

***

١٠٩

هـــــەڕۆ بـــەشەفـــەقـــەتـــكـــە

نـــــەبـــيـــــی زيـــــارەتـــكـــــە

روحـــــــی ژی غـــــــارەتـــكـــــە

***

١١٠

فـيـروار كـەرد ئـەو صـەمـەدە:

ئـەگـەر نـەبـيـی دەستوور نـەدا

چـە مـە بـێژە بـە مـوحـەممەدە

***

١١١

عـيـزرائـيـل چـو بـە ئـەشتـاوا

لـە دەركـی مـاڵـی راوەسـتـاوا

لـــــە دووری كـــــەرەد سەڵاوا

***

---

(٤) رەنگە ئەمە (هەينی) بێ، دێڕەكەيش ناتەواو دياره.

١١٢

کوت: یا ئەهلی بەیتی عەرەبی

سەڵای حەق لەنگۆ بی

مەن شوولێك هەیە بە نەبیی

***

١١٣

ئەز قەویی لە دوور تێما

دەستوورە د هەیە بێما

ئەگەر نە وەگەڕێما؟

***

١١٤

فاطمی دەبی مەعنای شوولێد هەوا

دەمەکی بووەستەوا

حەبیبی خودێ دە خەوا

***

١١٥

ئەو موحەممەدی ئەمینا

ئەودوو هەفدەی دەنوینا

سە ڕوژە حەزینا

***

١١٦

مەلەکی عیزرائیل ناوا

سەعاتەکی نەوەستاوا

دیسانی کەرەد سەڵاوا

***

١١٧

عیزرائیل کوت: مەن دەرەنگا
نـەبـیـی بـەهـیست دەنـگـا
دەرساتـی یـەخـەست رەنـگـا

***

١١٨

عـــایشا وە تـــەبـــێتـــا:
یـا فـاطـمـی دەنگێکـی تـێتـا
بـــزانــە چـــە تـــەوێتـــا؟

***

١١٩

فـاطـمـی کـەرەد سونجێرا:
تـۆ کـی هـاتـیـە ئـێرا؟
صەد جـاران بـی بـە خـێرا

***

١٢٠

وە کـوت پـێغـەمـبـەرا:
یـــا فـــاطـــمـــی دی وەرا
تـۆ وەکـی را دەدان خـەبـەرا

***

١٢١

فـاطـمـی کـوت دەرساتـا:
قـاصیـدەك ئـەدی هـاتـا
وە تـۆیـرا هـەیـقـاتـا

***

١٢٢

یـــا شەفـــیـــعـــی ئـــوممەتـــی
قـــاصیـــدەك ئـــەبـــاتـــە تـــی
بید دەستوورە یا تو ژە ئەو نەتی؟

***

١٢٣

عـــەجـــەب ئـــەو مـــیـــوانـــا
دەنـــگـــی لـــەمـــەن گـــەرانـــا
بـــەخـــێر هـــات سەرچـــاوانـــا

***

١٢٤

ئـەو مـیـوانـی عـەجـیـبـا
قـاصیـدی پـورِ ئـەدەبـا
لـە كـێوەی تـێت ئـەو عـەرەبـا؟

***

١٢٥

ئـــەو مـــیـــوانـــی تـــەعـــجـــیـــلا
قـــاصیـــدی جـــەلـــیـــلا
نـــاوی وی عـــیـــزرائـــیـــلا

***

١٢٦

هـەرِۆ حەسەن و حوسەینان بینا
ئـەبـا لـە مـون بـەگـەهـیـنـا
سەرداری تـــە دەنـــیـــنـــا

***

١٢٧

حـەسەن و حوسەین هـینـانـا
دەكـــۆشی خـــۆی نـــانـــا
بــە گــریـن و بــە ئــەفـغــانـا

***

١٢٨

بــــە هـــــەردوانــــی رایسی
ئـــەگـــەر لـــەو وان ئـــایسی

***

١٢٩

فــاطــمــی كــوت دەرحــالاْ:
یـــا نـــەبـــیـــی و...      لاْ
بــە مـەن ببـی: كـو چـەحـالاْ؟

***

١٣٠

كـوتـە فـاطمـی مـوحـەممەدا:
ئەو قابیضی دە جۆشی مەدا(!)
لــێك دەكـــا بـــاب و وەلـــەدا

***

١٣٠

ئـــەو هـــاتـــیـــە ئـــەو بــكـــا
بـــە فـــیـــرواری خـــودێكـــا
مـــن و تـــۆ لـــێك جـــوێكـــا

***

١٣٢

فاطمی دەبێ سەرمی دەوڵەتمەندان(!)
خـــالـــیـــق دەزانـــێ چـــەنـــدان
بـــێ بـــاب دەکـــات فـــەرزەنـــدان

***

١٣٣

ئەو ئاوی دەشتەکی نی دەڵان (!)
لـــە بـــاغـــان دەبـــیـــنـــی گـــوڵان
غـــەریب دەکـــا بـــولـــبـــولان

***

١٣٤

ئـــەو ئـــاوی دەڵان دەشکـــیـــنـــی
رووحـــــان دەکـــــاوێنـــــێ
تـــەقـــەیـــرا چـــە چـــارەی نـــی(!)

***

١٣٥

تـەقـــدیـــرا تـــەقـــدیـــرا
حـــەسەن و حـــوسەیـــنـــی دڵـگـیـرا
دەگـــریـــن دەبین: یـــا بـــاپـــیـــرا

***

١٣٦

ریـــزی ئـــەوی مـــیـــوانـــی (!)
ئەگەری دەگری لە دەرکی خانی (!)
دابـــێتـــە خـــوار لـــە بـــانـــی

***

١٣٧

خــەبــەری کــەرت تــەواوا
ئەو مەلەکی عیزرائیل ناوا
لــە نــەبــیــی کـەرد سەڵاوا

***

١٣٨

... حــەبـیـبـی عـەلـلامـا
بـە لـوطـف و بـە ئـەنـعـامـا
عـــەلـــەیك صەد سەلامـــا

***

١٣٩

بە بێژە چە ئیشارەت کەی؟:
هــاتــی مــەن زیــارەت کـەی
یا رووحیم ژی غارەت کەی؟

***

١٤٠

عـیـزرائـیـل بـەر وەرگـێڕا
یـا نـەبـیـی شیـریـن چـیـرا
هــەر دوو قــەسەم هــەن وێڕا

***

١٤١

فــیــروار ئــی غــەفــوورا:
ئەگەر نەبیی نەدا دەستوورا
بـــــە ئـــــەدەب وەرە ژوورا

***

**١٤٢**

حەبیبی خەلیلا
پورسی دە عیزرائیلا
لە کوێت دی جوبرەئیلا؟

***

**١٤٣**

کوت: ئەز هاتیم سپێدا
مەن دی دە ئاسمانی سێدا
مەلەکان تاز... لێدا

***

**١٤٤**

مەلائیکەتی دە ئاسمانی
کەڕووبین و رۆحانیی
دەگرین دە... کانی

***

**١٤٥**

مەلائیکەتی دە مولوول بوون
دە غەباتی رەسوول بوون
بە تازیی تۆ مەشغووڵ بوون

***

**١٤٦**

وە کوت موحەممەدا
رەسوولی صەمەدا
کا... موهلەت بودا

***

١٤٧

بــــوەستــــە عـــيـــزرائــــيـــلا
دەمــەكــی مــەكــە تــەعــجـيـلا
دابـــێتـــەن جـــوبـــرەئـــيـــلا

***

١٤٨

عـيـزرائـيـل دەمـەكـی وەستـا
كـەمـەری خـودمـەتـیی بـەستـا
دەستـــی نـــان لــەسـەر دەستـــا

***

١٤٩

عـيـزرائـيـل كـەرەد فـيـروارا
بە خودمەت... ئەی موختارا
جـوبـرائـيـل هــاتـە خـوارا

***

١٥٠

جـــوبـــرائــــيـــل فـــورەشتـــا
وە دەركـی مـالّـی گـەهـيشتـا
ئـاخێكی وەندە روون هـيشتـا

***

١٥١

پــێغـەمـبــەری جـەواب دای:
سەفـــەرەم لـــە دونـــيـــای
مـــەقــامــی (دار الـبـقــای)

***

١٥٢)

[وەلەو رو!] دی سەفەركەم
مـالّ و وەلـەدان بـەتـەر كـەم
وە خـاليقـی بـەحـەق بـەركـەم

***

١٥٣

بــه جــێدێڵــم ئـومـمـەتـی
بـەتـەرکـەم جـەمـاعـەتـی(!)
بــەبــیــنــن وی قــەضیــەتــی

***

١٥٤

بـــەبـــیـــنـــن سونـــجـــیران
ئــــەو رۆ دی بـــــەسیـــــرەن
[نــوو ان!] کــو حــەق دیـرەن

***

١٥٥

جـوبـرائیل کوت بـه یـەقینـا:
یــا نـــەبــیـــی و نـــووریـنـــا
لــه بــالــەت بــێ مـوزگـینـا

***

١٥٦

دەرکـەهـی ئـاسمـانی وەکـەرەن
دەرکـەوانـان پـێ هـەڵبییـەن
مـیـوانـان پـێ ئـەسپـیـریـن

***

١٥٧

لـــەبـــالـــەم کـــوتـــەن وەنـــا
بـەهـەشتـی هـەشت دەرکـەنـا
چـاوەڕێ دە رووحـی تـەنـا

***

١٥٨

حـــووری غـــولمین کـــەن
طەبەقی نوورین توفحە کەن
شاباــاشی رووحــی تــەکــەن

***

١٥٩

جـوبـرائـیـل وە دەبـیـتـا:
گـیـانـە مـەن بـی بـە فـودیٚ تـا
بـــوخـــوازە چـــە دەویٚتـــا؟

***

١٦٠

کـوت: جـوبـرائـیـل و ئـەمـینـا
ئـــەمــکــو لــێر دەچــیــنــا
هــایـن لــە ئـوممەتــی نـیـنـا

***

١٦١

مــیــحــراب و مــیــنــبــەرا
تـــەبـــەن وەکـــی هـــەرا
یـــا دەبـــون زێر و زەبـــەرا

***

١٦٢

کوو دەکەن هون دەمساتان؟
کـــیٚ دەبـــێت صەلاواتـــان؟
ڕۆژیـی و حـەجـج و زەکـاتـان

***

١٦٣

کوو دەکەن ژە وەعظ و پەندان

لــە حــەقــی [دانـیشمـەنـدان!]

... دەردو مـــــــەنـــــــدان

***

١٦٤

تـــــو هــــــەڕۆ ئــــــەوێکــــا

بــەر وە دەرگــاهــی مـەولـێکـا

سوئــالــێکــی ژە خــودێ کــا

***

١٦٥

ئـەخـیـکـو جـوبـرائـیـل چـوو

بە ئەشتاوو بـە تـەعجیل چوو

وە دەرگــاهــی جـەلـیـل چـوو

***

١٦٦

کـوت: ئـیـلاهــی تـۆ قـەدیـری

بـــیــــنــــاهــــو بــــەصیـــری

بە هـەموو سیرڕان تۆ خەبیری

***

١٦٧

هـــاتـــیــم جان...     ریدەم

خــەبــەرەکــی صەحــی وێدەم

مــەزگــێنـی چ رەنگ ویـدەم؟

***

١٦٨

فــيــر كــەرەد ئــى صەمــەدا:

زۆر سەلامـــــان لــــە مـــــەدا

بـــەگـــەهـــێنـــە مـــوحـــەممەدا

***

١٦٩

بە بێژە دوڵی دە ئوممەتی وەنەبی

لـــە پـــاش وەفـــاتـــا نـــەبـــی

خـــەلـــیـــفـــە [کـــودی!] ئـــەمـــەبـــی

***

١٧٠

ژە وانـــرا بـــە خـــەلـــیـــفـــەم

دیسان مـــەگـــەر بـــە خـــۆ بـــەم

ئـــاگـــاداری ئـــوممەتـــی بـــەم

***

١٧١

نـــەگـــەهـــدیـــرەم ئـــوممەتـــی

ژە ئـــیـــمـــانـــو سەلامـــەتـــی

لـــێ نـــەظـــەرکـــەم رەحـــمـــەتـــی

***

١٧٢

شەیـطـانـیـان لـێ نەگەهدیرەم

بـــابـــە کـــیـــان لـــێ ئـــەژمـــیـــرەم

ئـــەوان هـــەمـــیـــان بـــە تـــۆ ئـەسپێرەم

***

١٧٣

جـوبـرائـيـل ئـەخـيـيـا
بـــە جـــوابـــەكـــا صەحـيـا
هــاتـــەوە بـــاڵ نـــەبـــيـيـا

***

١٧٤

مـــەردەنـــەم بـــوو ئـــەنـــدێشا
يـــا عـــيـــزرائـــيـــل وەرە پـــێشا
رووحـــيـــم لـــێ بـــكـــێشا

***

١٧٥

عيزرائيل چوو بە ئەشتەوا
لـــە بـــاڵ كـــەهـــی راوەستـــاوا
نـــەبـــيـــی لـــێ خـــەيـری بـــاوا(!)

***

١٧٦

... يـــری پـــێغـــەمـــبـــەرا
جـــوبـــرائـــيـــل دا نـــەظـــەرا
لـــە نـــەبـــيـــی وەرگـــێڕا بـــەرا

***

١٧٧

...جـوبـڕائـيـل و ژە خـودێرا؟
لـــە بـــۆ چـــەت بـــەر وەرگـــێڕا؟

١٧٨

كـو: لـەبـەر وەر دەگـيـرنـەم(!)
...دانـی وی طـاقـەتـی نيـنـەم
ڕەنگی تو ئەو ڕەنگ بەبينەم

***

**١٧٩**

رووحا ئی... باوا

لە قەلبی کەرەد ئەشتاوا

گەهیشتە وی کو وەناوا (!)

***

**١٨٠**

... ... د نەبیا

وەکوت بە گریا

ئوممەتیم طاقەت نیا

***

**١٨١**

بەویکەم... تووحا

لە ئادەم هەتتا نووحا

لە تۆم ئاسانتر نەکێشان چە رووحا

***

**١٨٢**

بەلاّ وەعدەن وە بێ

زەحمەتی رووحان لەمە بێ

هەنگی کو لە ئوممەتی نەبێ

***

**١٨٣**

حەبیبی مەعبوودا

وەکی کو ئەو جوودا

ئی قالبی بەد روودا

***

١٨٤

ئیلاهی بەنامی خۆت سوبحان کەی
رەحمەت لە هەر چە موسوڵمان کەی
جان ئەستاندنیان لێ ئاسان کەی

***

١٨٥

وەستـــا بـــوو لـــە ئـــەنـــداوا
نـــەبـــیـــی غـــەیـــری بـــاوا
خـــواستـــبـــووی شوربـــەك ئـــاوا

***

١٨٦

مـــوحـــەمـــمـــەدی ئـــەمـــیـــنـــا
دەستـــی خـــۆی تـــاوی هـــەڵـــیـــنـــا
وە سەنـــگـــی خـــۆیـــی دا هـــێنـــا

***

١٨٧

(أحسن الـــلـــه تـــبـــارك)
دەستـــی وی مـــوبـــارەك
تـــاوی هـــەڵـــێنـــا جـــارەك

***

١٨٨

دەستـــا ئـــی مـــوخـــتـــارا
هـــەڵـــی هـــێنـــا دە ئـــاوی سارا
لـــەرزی وو کـــەوتـــە خـــوارا

***

١٨٩

حـــەبـــیـــبـــی ڕەحـــمـــانـــا

گــەهــیشتــە سەنــگــی گــیــانــا

فـــــوکـــــری دە یـــــارانـــــا

***

١٩٠

حەسەن و حوسەینان نەظەر کەرەد

وە رووی نــەبــیــیــان بــەر کــەرەد

... پـــێغـــەمـــبـــەر کـــەرەد

***

١٩١

ئــەصحــابــە هــەمــوو گــەریــنــا

فــاطــیــمــە و عــایشە شیــنــا

دەکـــوت: (یـــا سیـــد المرسلین)!

***

١٩٢

ئەرض و ئاسمانان گەرین کەرەد

فـاطـیـمـە شینـەکە قـەویـی کـەرەد

ڕووی وەڕووی دە نــەبـیـی کـەرەد

***

١٩٣

کـوت: یـا بـابـا وەی لـە خـۆمـا!

بـە مـەن بـبـیـێ ئـەز چ بکـەمـا؟

پـاشی تـۆ چـە [الـعـیـم!] نـەمـا

***

١٩٤

وه كــوتــبــو حــەبــيــبــا

ده نــوورانـــی عـــەلـــی بـــە

دولْ خـــۆش و هـــێدی بـــا

***

١٩٥

بـــابـــەك ده قـــيـــامـــەتـــێ

ديك و هەر چە وی ئوممەتێ

کەس دەبەر تۆ ئەبالاّ مەن نەتێ

***

١٩٦

فـاطـمـی ئـەو قـەبـوول بـوو

بــە کــوتــەنــا رەسوول بــوو

بە موناجاتی مەشغوول بوو

***

١٩٧

رووحا عەزەم کەرەد وی وا(!)

بـەر وه دەرگـاهـی مـەولـی وا

نـەبـيـی تـەلـونـدەن لـيـوا(!)

***

١٩٨

عـــەلـــی لـــەنــداو راوەستـــا

گـوێ راداشتـی بـە قـەصتـا

کوت: ئوممەتا خۆی دەخواستا

***

١٩٩

سوبحـان لـه مـهلكی بێچوونا
ئـهی صانیعی (كن فیكون)!
(انـا اللـه وانـا الیـه راجـعون)!

***

٢٠٠

... عــهلــیــی و حــهیــدهرا
ئـیـبـنـو عـهبـبـاس دی وهرا
دا بشۆیــن پــهیــغــهمــبــهرا

***

٢٠١

جــهنــازهی گــوڵــبــاوا
عــهلــی شوشت تــهواوا
ئـیبوعهبباس لێ دهكهرد ئاوا

***

٢٠٢

شوشت یهك موئهثهر كهرهد(!)
پهردهكی یهمهنی بهكهر كهرهد(!)
بـه كـوفـنـی پێغـهمبـهر كـهرهد

***

٢٠٣

جــهنــازهی ئــاراستــا
كـوفـن كـه لـیـبـو راستـا(!)
مـوحـهممهد دهنـاو نـوستـا

***

جـهنـازهی پـهیـغـهمـبـهرا
لــهنــدوروون هــێنــا دهرا
مــهلــهك وهستــان لــهسهرا

***

٢٠٤

مـــەلائـیـکـەتـی دە کـەثـیـرا

کـــوتـــنـــی تـــەکـــبـــیـــرا

پـــەراتـــەن ئـــەو تـــەکـــبـــیـــرا

***

٢٠٥

ئـــەصحـــابـــان گـــەلـــێکـــان

دەنـــگـــی دەمـــەلـــەکـــان(٥)

***

٢٠٦

شەفـاعـەتـن لـێ نـەظـەرکـەی

ئـیـلای هـاتم وە بـال حـەضرەتـی

گـونـــەهـــکـــار دە ئـــوممەتـــی

بـــبـــەخشی لـــە قـیـامـەتـیـە

***

٢٠٧

پـادشاهـی (غـفـور الـرحـیـم)

ژە گوناهـانم عـەذابی سەلیم

(انـــە هـــو السمـــیـــع الـــعـــلـــیـــم)

***

تمت من سعید الفقیر الحقیر المجروح من ذنب الكثیر. آه من الموت وحالاته.

لە پەراوێزی لاپەڕەیەکدا نووسیویە:

سەعیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی پیر عەلی کوڕی محەممەد.

---

(٥) ئەم دوو دێڕە لە دەستخەتەکەدا جیاکراونەتەوە، بەڵام وا پێدەچێت بەهەڵە کرابێت.

# بەیتی حسەین

یەکێکی دی لە کۆمەڵە دیاریی و یادگارە بە نرخەکەی مامۆستا سەعید موکریی دانراوێکی پڕ بایەخ و دەقێکی کۆنی کوردییە، کە نازانین کەی دانراوە و مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە. ئەوەندە هەیە یەکێکە لەو دەقە کۆنانەی پێشتر ناویان نەبراوە و هەواڵیان نەزانراوە، جگە لەوەیش دانەری دەقەکە، یان بەیتەکە، ناوی خۆی نووسیوە و ناوی (حسەین)ە، بەڵام دووبارە جگە لەو ناوە هیچی دی لەبارەوە نازانم و، نازانم حسەینەکە کێیەو کەی و لە کوێ ژیاوە، هەر ئەوەندە هەیە. وەك وتم، ئەم دەقەیش لەو دەقە کۆنە کوردییەکان دادەنرێت و، ئەگەر بە دروستیی ساڵ و شوێنی دانانی بزانرێت ئەوا قۆناغێکی دیکەی – رەنگە کۆن بێ– مێژووی ئەدەبی کوردیی و نووسراو بە زاراوەی کرمانجی خواروو دەزانرێت.

مامۆستای موکری ئەو بایەخەی بە هەندێك لە دەقەکانی دی داوە بەم دەقەی نەداوە، سەرو بۆری بۆ نەکردووە، بەخەتێکی ورد نوویسیویەتیەوە، زۆر بە زەحمەت دەخوێنرێتەوە، هەرچۆن هەبێت زۆری لەگەڵدا ماندوو بووم، تا ئەمەم لێ بەرهەم هێنا، لەبەر ئەوەی کە سەرو بۆری نەبوو و ئەو رێنووسە کۆنەیش گەلێ بۆچوونی جیاجیا هەڵدەگرێت، دەقەکەم بە رێنووسی باوی ئێستەی کوردیی نەنووسییەوەو، هەوڵمدا وەك خۆی روونووسی بکەم. لە تەك ئەوەشدا وەك پێویست ئەوەم بۆ ئەنجام نەدراوە؛ چونکە –وەك وتم– بەخەتێکی وردی بێ سەر و بۆر نووسراوەتەوەو، ئەمەی لە بەردەستی مندایە وێنەی دەقەکەیە، وێنەکەیش زۆری رەش و پۆخڵەیە و ناخوێنرێتەوە.

**لە بارەی ئەم دەقەوە**

ئەوەی پێویستە لێرەدا بیڵێم ئەوەیە:

* وەك وتم خاوەنی دەقەکە ناوی (حسەین )ە، بەڵام لەوە بەولاوە هیچی لەبارەوە نازانم و، نازانم کەی ژیاوە و کەی ئەم دانراوەی داناوە.
* ئەم دەقە، یان بەیتە، لەسەرەتاوە ناتەواوە و نازانم چەندی لێ لەناوچووە.
* گەلێ شوێنیم وەك خۆم دەمەوێت – هیچ نەبێ بزانم مانا و مەبەستی چییە– بۆم نەخوێندراوەتەوە، لە دوای ئەو شوێنانەوە نیشانەی (!) سەرسوڕمانم داناوە، تا خوێنەر بزانێ خۆیشم نەمزانیوە ئەو شوێنە چۆن دەخوێندرێتەوە.
* دەبێ ئەوەیش بڵێم بۆ وەك خۆی روونووسم کردووە تا لە کاتی لێکۆڵینەوەیدا پسپۆڕان و لێکۆڵەرەوان بیر و بۆچوونی خۆیان لە عاستی دەقەکەدا وەکار بخەن و هەوڵی دۆزینەوەی رووی راستیی دەقەکە بدەن.

* ئەم دەقە هەرچەند دەقێکی ئایینیی و ئامۆژگاریی ئایینیی و ترساندنی خەڵك لە تاوان و خراپە و هاندانیان بۆ کاری خێری پاشەڕۆژە... لە قاڵبی بەیتی گوێئاگرداندایەو، لە ناو کۆڕ و کۆمەڵی خەڵکی سەردەمی خۆیدا خوێنراوەتەوە. ئەوەتا لە کۆتاییدا دەڵێ:

«تەغوفران ژە حسەین کەی

دەگەڵ جەماتی گوێدارا»

* لەولایشەوە کە لە رووی کێش و قافیەوە سەرنجی دەدەین دەبینین وەك مەهدی نامە و (بیت الحشر) و بەیتەکانی دی دانەری ئەمیش پەیڕەویی ئەو ڕێبازانەی کردووەو، قافییەیەکی رێ و ئەلفی (...ارا) ی لە سەرتاسەری بەیتەکەدا رەچاو کردووەو، ئەو شوێنانەی کە بە دروستیی دەخوێنرێنەوە شیعرەکان زۆر سوار و رەوانن.

**بەیتی حسەین**

١

دلــــو رابــــە دلــــو رابــــە

مــبــە غــافــل لــە جّــبــارە

ورە تــو بس دخــودا خــودا بــە

ونــــومــى را مــبــــە یــــارا (!)

***

٢

ژ نــومــى خــودهش بــیــنــا

ژ نــفسى خــو مــلــومــیــنــا

حــتــى کــنــکین وهــا بــیــنــا

دغــــفــــلت مست خــــمّــــارا

***

٣

چە وى مستى چە وى بنکى

دوى خــوابــى حــتــى کــنــکــى؟

یوبه خرکوش بوی رنگی(!)

ایـــا مـــتـــی ژ هشیـــارا(!)

***

٤

حـتـی کـنـکـی تـه غـافـل بـی

ژ دو دنـــیـــای بـــاطـــل بـــی

د هـــیـــوا ز چـــه حـــاصل بـــی

بـــغـــفـــلـت چـــو خـــو روزکـــارا

***

٥

اوا عـــمـــران بـــغـــفـــلـت چـــو

دلـــو رابـــه کـــو فـــرصت چـــو

ژ دست مـــه ذکـــر طـــاعت چـــو

نـــه مـــه فـــکـــر و نـــه افـــکـــارا

***

٦

نـــه مـــا فـــکـــر و نـــه خـــیـــال بـــو

حـتـی بـوهـــار سیـاه خـــال بـــو

بـــوه هـــاویـــن کـــیـــا کـــالْ بـــو

کـــلان رونـــق چـــو یك جـــارا

***

٧

حـــتـــی بـــوهـــار مـــنـــقش بـــو

ژ دوکـــانـــان ریـــحـــان بـــخش بـــو

دلـــی مـــه پـــی قـــوی خـــوشبـــو

نـــه او بـــاغ مـــان نـــه کـــلـــزارا

***

۸

بـــوهـــار بـــوری بـــومـــهـــاویـــن
دبـــــاغـــــانم کـــــلـــــو نسریـــــن
ژ رنـــکـــــی تـــازی غـــیّـــریـــن
وسیس بـــون بـــونـــه دیـــم کـــارا

***

۹

کـلـو پـایـز چـو هـاویـن هـات
اوی وقت کـــــلاریـــــز هـــــات
زوال عـــمـــری عـــزیـــز هـــات
ژ مـــیـــرکـــان بـــاری خـــوسارا

***

۱۰

ژ مـیـرکـانم اوی خـوس هـات
ژ موتـی مـه خو جاسوس هـات
ژبـال مـن او بـنـامـوس هـات
ای تـــوبـــه و استـــغـــفـــارا

***

۱۱

کـلـو تـو تـوبـه و استـغـفـار کـن
ذاوی آخـــرتـــی کـــار کـــن
نـــه وك مـــن خـــو شرمـــزار کـــن
ژ بـــاخـــوی خـــو کـــو جّـــبـــارا

***

۱۲

ژ بــاخــوی خــو مبن غــافــل
بـکــن تــرکــی دنــی بــاطـل
شوی و روژی بــه کــیــان دل
بــکـــن تسبــیــح جــبـــارا

***

۱۳

اکـــر انس و اکـــر جـــنـــا
خـــــدی لـــــو آفراندینا
ژ بـــو عـــبـــادت و دیـــنـــا
نــه مــعــبــود زیــر و دیــنــارا

***

١٤

ژ حبّ مــال دنــیــای[زیــری!]
ژ دست مــه چــو بــیك جــاری
تسبـــیـــح ذکـــر جــبـــاری
مـــه نـــه‌شرم نـــه‌خـــو عـــارا

***

۱٥

اکـــر ام شرم هـــبـــی قـــانـــا
بنکی... باشبانا
سر جــمــلـــهء خــطــأیــانــا
حب دنـــــیـــــای غـــــدارا

***

١٦

وره حب دنـــــــی بـــــــردا
قـــبـــول نـــاکـــا کسی مـــردا

دا ظـــاهـــر شكـــر قـــنــدا
د بـــاطــن طـحـلــه وه‌ك ژارا
***
١٧
بــه بـيــژم و ذمّــى دنــيــاى
صلــيـتــى كـونــه رعـنــاى
ماكلك ميردين اوى ياى (!)
و كس را قـــط نـــبـــو يـــارا
***
١٨
وكس را قـــط نـــبـــو دوست
هـــر چـــه مـــيـــرى دنـــى
ژ قـــتـــلا وى كـمـربستـــا (!)
دكـل مـيــران قـوى خـوارا
***
١٩
نـكــاح نــاكــا كسى عــاقــل
بـكـن تـركـى بـكـيــان دل
ژ مـــيـــران او بـــوه قـــاتـــل
عـــجـــيب جـــلاده دژوارا
***
٢٠
چـه جـلادى ژ كـويـن نـايـن
نـــه دوست مـيـــلا نــه‌خـو...
نـــه وحش طــيـــر انس جــن
نـــه پـيـغـمـبـر د مـخـتـارا
***

٢١

نـــه حــوّا مـــا نـــه آدم مـــا
نـــه او شيث مـــكـــرم مـــا
نـه نـوح خـلـيـل هـمـدم مـا
نـــه كشتـــى مـــا نـــه ديّـــارا

***

٢٢

نـــه ابـــراهـــيـــم آزر مـــــا
نـــه ديـــوان سكـــنـــدر مـــا
نـهكـيسرا مـا نـه قـيـصر مـا
سلاطين د نـــــــــام دارا (!)

***

٢٣

نـه ادريس مـا نـه يـحـيـى مـا
نه جرجيس ما زكريا ما (!)
نـــــــه خـــــــرج استين...
نـه سلـطـان مـان نـه سردارا

***

٢٤

نـه يـونس مـا نـه ايـوب مـا
نـه اسحـاق مـا نـه يـعقـوب مـا
نـه وك يـوسف مـهحـبـوب مـا
نـــه داود مـــا نـــه دنـــيـــارا

***

٢٥

نـه مـوسى ابـن عـمـران مـا
نـه ديـوانـى سلـيـمـان مـا

نـه وك افـلاطـون لـقـمـان مـا
دوا بـــــخشى د بــــــهــــــدارا
***
٢٦
نــهعــيسى ابــن مــريــم مــا
نـه نـوشيـروان مـا... حــاتم مـا
نـــه ابــرهـــيــم ادهـــم مـــا
نــــه او شيــــخــــى د سّرداره
***
٢٧
نــه او شيــخ د كــامــل مـــان
نــــه امـــــام و فـــاضل مــــان
نــه او مــيــرى د عــادل مــان
نـه پـادشاه مـا نـه خـنـدكـارا
***
٢٨
نـه حـمـزه مـا نـه عـنـطـر مـا
نـه صديـق مـا نـه عـمـر مـا
نـه عسمـان مـا نـه حـيـدر مـا
نـــه اصحـــابـــهء د كــبـــارا
***
٢٩
تـــمـــام ارض و سمـــاواتـــا
بـو پـيـغـمـر بـو بـنـيـاتـا
حـتـى سرتـى نـبـو قـاتـا(!)
بـــبـــى بـــو كـــى وفـــادارا
***

۳۰

دنـــی بــو کس وفـــا نـــابـــی
حـــتـــی سر بـــار کس نـــابـــی
نشی قـــط کس بـــوی شابـــی
چـــرا او جـــیـــفـــا مـــردارا

***

۳۱

ژ دو وی جـــیـــفـــا دنیای
مـــبـــه کـــلب ژ صحـــرای
نـــکـــاح مـــکـــا اوی یـــای
عـــجـــوزه پـــره کـــفـــتـــارا

***

۳۲

عجوزه پری ملحا ملخوله (!)
کـــرّ و کـــور و صفت غـــولـــه
بـــی مـــقـــدار و قـــدر و پـــولـــه
دنـــی او تـــرز و بـــازارا

***

۳۳

دنـــی بـــازار و دوکـــانـــه
دنـــی لـــعب بـــچـــوکـــانـــه
بـــدن پـــری بـــیـــا جـــوانـــه(!)
مـــبین او بـــیـــع خسّارا

***

۳٤

مـــجـــرد بـــن ژ دنـــیـــای
ژ بـــو خـــاطـــر د عـــقـــبـــای

دو خشکـان خـونـکـاح نـای
بـکــن تــرکــی عــیسی وارا

***

۳۵

عـیسای خـو ژی مـجـرد کـرد
حــبـــا پـــری ژ دل رد کـــرد
بــاخــلاص رو د صمـد کـرد
مــکـــان لــوی فــلــکـی چــارا

***

۳٦

وره جـــبـــی دنـــی بـــردا
ذ باو خلقا و خدی فرده (!)
حــبــا ویــن لــی بــوه پــردا
دکـــل یـــا نـــفسی امـــارا

***

۳۷

امـــار نـــفسی مـــیشومـــه
صفت زورن د مـــزمـــومـــه
نـــزانـــی از دکـــل تـــومـــه
ونـــفسی را مـــبـــه بـــارا

***

۳۸

ونــــفسی را مبن هـــــوری
کـلـك خـصلت هبن مــبــچ (!)
بـــالحاح تــیـــتـــه سر (!)
جادی قوی سرکیشه دژوارا (!)

***

٣٩

هــواو نــفسی دنــیــایــه
ابــلــیس خــو دکــل دایــه
ژ سر ایمان دعــــوایــــه
د قــلب مــن او هــر چــارا

***

٤٠

د قـــلب عـــام انسانـــان
لشیــه خــان سلــطــانــان
دکــاتــن امــر و فــرمــانــان
بــهــر چــه فــعلــی مــردارا

***

٤١

هر چه نفسی خو نـا نـاسی
ژ حـق نـاسی بـکـا بـحسی
بــچ پــوشاکــی لــبــاسی
بــکــن کــنــزنــان امسارا(!)

***

٤٢

بــعــون فــضل سبــحــانــی
بــهیــژم هــر چــه مــن زانــی
اوان فـــعــلـــی د انسانـــی
صفت بـــو نـــفسی امّـــارا

***

٤٣

صفت زورن بـــو امـــاری
چــه کــو بــتــه کــفــتــاری

دبیژم از وی جاری
بزانن خلقو کوی دارا

***

٤٤

هواو عجب و خودبینی
ریاو بخل سخن چنی
حریصی دژمنی دنی(!)
و وان راهن مبن یارا

***

٤٥

نفاق بغض کین
ژ یال بی حاهد چن بین (!)
نه مذهب دبی نه دین
حمو دچن به خسارا

***

٤٦

حبی نساء جاه مال
حبی نساء چاه مال
د قلبی خو مکن خبال
ری هنگیون د دژوارا

***

٤٧

غرور ذبذب تبذیر
فریب حیله و تزویر
ژ خو باوین مکن تقصیر
عجب چشتن د مردارا

***

٤٨

غــمـــى شحـــن غــمـــازى
كـــيـــنـــن لـــعب هـــمـــازى
هـــر چـــه نـــفس و دخـــوازى
دوان دابـــى بـــيـــكـــجـــارا

***

٤٩

د خـــوازى ذوق دنـــيـــاى
نـــهظـــهر كـــردن تـــهمـــاشاى
چه وك وان قط لى خوش ناى
ژ امـــــرى طـــــاعت سارا

***

٥٠

كـنـيـن قـصه كـوتـن كـلك
خـــــــواردن كـــــــلك (!)
نـــــوستن حـــــظـــــلك (!)
نفسين الاّ تونن بزانن هر چه
گـــــــــــوى دارا (!)

***

٥١

ورن كـو بـديـرنـه ويـم بـحثـى
ژ مـــن بـــكـــرن اوى درسى
اى تـرك نـاكـا حظـى نـفسى
ژ ديـــوانـــى شرمـــزارا

***

٥٢

هـــــر چـــــه مـــــن...
هـر چـه مـن كـو اوى كـاوى

ورەحـمـيـان ژ دلـبـاوی
خـو دنـدی هـوای مـاوی
مـــچـــە دو نـــفسی أمّـــارا

***

٥٣

ژ دو نـفسی حـتـی کـنـکـی
چـە وی مسی چـەوی بـنکی
ونــفسی را بـکـە جـنـکـی
کـــو او غـــزای کـــبـــارا

***

٥٤

خـلافـی امـری نـفسی کـا
لــبـــاسی طــاعت لــیـکــا
سر افسنــار ژ بــو چـیـکـا
قــوی مـرکـیش بـدکـارا

***

٥٥

دخـوازن نـفسی بـکـوژن
بـکـم خـواری بـکم کـوتـن
ژ مـخـلـوق و دور کـوتـن
بو دان دکژ تین جە امارا

***

٥٦

ژ نفسیم کو چە من زانی
هـ... بکین بحثی دنی فانی
هــر چــە هــاتــی بموانــی
دی لازم ژی بـــکـــا بـــارا

***

٥٧

دنی خانی هر چه هاتی
چرای عمری دی هلکاتی
اجـل بـای دی پـف کـاتـی
ژ بـــال بـــاخـوی و فـروارا

***

٥٨

ژ بـال بـاخوی ویـه تقدیر
وکـــی بـــاب و وکـــه پـــایـر
د آخـــــی ام دبین... یـــر
چـــرا مـــردن بـــنـــاچـــارا

***

٥٩

بـدور مـکـرن ژ خـو مـوتـی
ژ خـوفـا وی مـه‌کو خـوتـی
اجـل بـــای یـــقین تـــیـتـــی
دنـــی کـــردون روزکـــارا

***

٦٠

دنـــی روزکـــار کـــردونـــه
دپیش مه چند هزار چونه
هـر چـه‌هـاتـن حـمو چـون
نه جیران مان نه خو یارا

***

٦١

امش دمـريـن كـلـى يـاران

هـلــن دكــرن ژ دو داران

ورن بـكـريـن وكـى بـاران

ژ قـــبـــرى تـــژى مـــارا

***

٦٢

تــژى مـــارو تــژى مــورا

قـوى تـنـگـو قـوى كـورا

مـــدد يـــارب غـــفـــورا

(حسين) عـبـدى كـنـاهـكـارا

***

٦٣

ژ غـرى غـرى ژ تـنـكـانـى

بــتــو داسپــيــرم ايمانــى

روژا حشرى ژ ديـــوانـــى

الـــهـــى تــوى كــر مــدارا

***

٦٤

كـــرمـــدار تـــه مـــولاىَ

اوى پـــردى تـــه دانـــاى

خــوفــى زورن دوى دايــه

دبين وهك شيــر مــوكـــارا

***

٦٥

بناوی خوت ای غفورکی
بسیــد صاحب نــور کــی
بآسانین ژ عــبــور کــی
د کـل هـر چـه بـراو یـارا

***

٦٦

بفضل هر دو شیخین کی
بـعـلـی بـذ الـنـوریـن کـی
تـه غـفـران ژ (حسین) کـی
دکـل جـمـاتـی کـوی دارا

تمت الكاتب سعيد بن عبدالله مكري . نوسينام هذا الابيات بعون قاضي الحاجات فى الدنيا والآخرة . أه من المي الدوران وآه من الموت وحالاته...

# بەیتی شێخ جافر

## بەیتی شێخ جافر

ئەم بابەتەی ئەم ناوەم بۆ دانا لە دەستخەتەکەدا هیچی لەسەر نەنووسراوە، ئەوەندە هەیە لە سەرەتاوە بەناوی شێخ جافرو میوانهاتنی دەست پێدەکات و، چەند جاریش ناوی شێخ جافر هاتووە بۆیە منیش ئەو ناوەم بۆ دانا.

بابەتەکە کۆنە، نوسخەی دیکەی نییە، گەلێ جێگەی باش ناخوێنرێتەوە، سەرو بۆری بۆ نەکراوە، زاراوەکەی کۆنەو بەمن نامۆیە، بۆیە وەك خۆی روونووسم کردو، هەوڵم داوە وەك خۆی بینووسمەوە. بەڵکو لەمەولا نوسخەی دیکەی دەست بکەوێت و ڕاست بکرێتەوە و بەدروستی بخوێنرێتەوە، هەرچۆن هەبێت ئێستە هەواڵی ئەم بەیتەیش لە بەیتە کۆنەکانی کەلەپووری ئەدەبی کوردی بەگوێی مێژووی ئەدەبی کوردیدا دەدەم.

نازانم کێ دایناوە، کەی دانراوە، ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە نووسراوەی دەستی مامۆستا سەعید عەبدوڵڵای موکرییە، کە دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە (٢٣٠) ساڵ لەمەوبەر، لەوانەیشە زۆر پێش ئەو مێژووە گوترابێت، خۆ ئەگەر مێژووی دانانی بەدروستیی بزانین ئەوە هەنگاوێکی دیکەی مێژووی دەقی کۆنی کوردی دەزانرێت و، لەوانەیشە هەنگاوەکە گەلێ پێش نووسینەوەکەی مامۆستای موکریی نرابێت.

دەبێ ئەوەیش بڵێم: کۆتایی بەیتەکە بەدروستی دیار نییەو، ڕەنگە لە بنەڕەتدا لەمە زیاتر بووبێت، ئیتر لەبەر هەر هۆیەك بێت نووسەرەوەکەی هەر ئەمەی ئێرەی لێ نووسیبێتەوە.

بسم الله الرحمن الرحيم– وبه نستعين

١

روژکـــــــــى د روژانــــــــــه

دى وان شيــــــخــــــانـــــه

شيــخ جــافــر هــاتــن مـيـوانــه

***

٢

لــــه مـــوانـــى دبـــيــه خـــاص

خور[١] الياس

حـــــمــــــز و عـــــبــــــاس

***

٣

شيخ جافر دبى مندو ژوروكيانه (!)

نمنــــــاسن مـــــوانــــــه

هـــــا لمنـــــد شرمستــــــه

د بــــــوران راوستـــــــه

بــوران كــيـــا خــواستـــه

هــل پــى تــوم لــه عـرشانــه[٢]

كــــــــــــرد رست داس

كـــيـــاى بــكـــه بـــه الماس

***

(١) ئەمە وەك نووسيم وا دیارە، بەڵام ڕەنگە (خدر) ڕاست بێت.

(٢) ئەم دێڕە لابەلا لە پەراوێزدا نووسراوە.

هندكی گیای بهاره
همو تسبیح دزاره
خو له خوای ناکم شرمزاره

***

٤

هندكی كیای عرشیه
همو تسبیح دزاریه
خو له خدا ناکم نااوی

***

شیخ جافر دبی چل شو چل روژانه
نه آوم خواردیه نه نانه
بنورنه مندو اقصانه

***

٥

مندو رحا شوحا(!)
چل روژ بارکه
دزکی داکم کرد رکه

***

لوم خاص خالقه
مند دبی چل شو چل روژانه
د زکی ماکی کرد لمانه
لوم خاص رحمانه

***

مند دبی باب پی ریحانی
بستهو نم زانی
از بحرم اتو کانی

***

٦

مند دبی باب می سکوی بویه (!)

وسران را چـــــــویــــــــه

***

از کـــــانم اتـــو جـــومـــه

اتـــو لـــیـــره بـــه از درومـــه

***

داکـــی مـــنـــدی بـــن ن

مم کان درنن مند زیزەوکرینن

***

٧

کـــا داکـــی مـــنـــد هـــاتـــه

بـــــصنـــــدو بـــــراتـــــه

مـــنـــدو وکـــری قـــاتـــه

***

٨

مـنـد دبـی داکـی بـوکم غفـور

اکـــر نـــا مـــدی دستـــور

د دنـــــی دکـــــم مـــــنشور

***

٩

دای دبـــی مـــنـــدو ولـــی ولـــی

اتـــــو وەرەوه مـــــالـــــی

چ ددکـــا دتـــیـــه بـــلـــی

***

١٠

مـــنـــد داکـــی لـــه بـــاب...

... بـــو دزگـــیـــرانـــه

کـــانـــی بـــر مـــالانـــا
رامسی نـــــاوچـــاوانـــــه
اکر بویش ناکته مصلحانه
سوی سور نشانـــه چـــاوانـــه

***

۱۱

دای دبـــی بـــوی کـــم قـــلاّش
ددنـــــــد کـــــــردم فـــــحش
هـــــرو شالا نِـــــوو پـــــاش

***

۱۲

چـــــل شیـــــخ بـــــوتـــــیـــــه
هـــمـــو بـــعـــلـــمـــیـــه
لـــبـــو مـــنـــدی کـــریـــیـــه

***

۱۳

چـــــل شیـــــخ بـــــوتـــــانـــــه
هـــمـــوی بـــعـــلـــمـــانـــه
لـــبـــو مـــنـــد کـــریـــانـــه

***

۱٤

مـــنـــد چـــو کـــنـــد شیـــخـــادیـــه
قــــــد کس لـــــوِ نـــــیـــــه
رش رش زارکـــــــــیـــــــه
رش و زانـــــــــــیـــــــه

***

١٥

چـــو كـــن شيـــخـــاديـــه
يك اوا هـــــاتـــــيـــــه
قـــصان لمه زيـــدەتـــر دبـــيـــژيـــه

***

١٦

شيـخـادى دبـى بـه مـاركـى سپـيـه
هـــــرو بـــــن عـــــرصيـــــه
يـــــكـــــزه مـــــنـــــديـــــه

***

١٧

مـــــنـــــدى و زانـــــيـــــه
وى د عـــــرض خـــــوريـــــه
خـــون دزنـــكـــى رش پـــريـــيـــه

***

١٨

رش چـــو كـــن شيـــخـــاديـــه
بـــــوكـــــم اِلـــــهَ[٣]
چـــه چـــارن بـــو نـــيـــه

***

١٩

شيخادى دبى رشينه هرو كن منديه
بـــچـــيـــتـــه بـــر عـــرشيـــه
بـــن قـــنـــدلـــيـــه[٤]
انجا بـــويـــم بـــاوريـــه

***

(٣) ئەمە وەك لەسەرەوە نووسيم وايە، بەڵام ڕەنگە (الهيە) بێت ئەمە لە شێوەی سوێندايە واتە (بەوی کەم ئيلاهيە).

(٤) ئەمەيش وەك سەرەوە نووسراوە ڕەنگە (قەنديليە) ڕاست بێت.

٢٠

مـــنـــد دبـــی بـــوکـــم اِلـــهـــیـــه
قـــالـــبـــو دکـــلـــم راستـــیـــه نـــیـــه
لبوی دبی هرو بر عرشیه بنیه قندیله

***

٢١

رش دبی نه بطلاق ژنانه نه بصوند میردانه
قـــالـــبـــد نـــاکـــم نـــەقـــصتـــانـــه
هـــا لـــه روح مـــنـــدیـــه
هـــا د حـــواو خـــویـــه بـــن قـــنـــدلـــیـــه

***

٢٢

هـــا لـــه رش بـــەفـــیـــلـــه
سرتـــیـــر وکـــو بـــلـــیـــه
مـــنـــد کـــوشت بـــه فـــیـــلـــه

***

٢٣

رش عـــاربـــیـــه
کـــوشتن قـــالب چـــه نـــیـــه
مـــالـــنـــحـــوی لـــه مـــال نـــیـــه

***

٢٤

روح هـــاره هـــاره
قـــابم بـــو مـــنـــدار نـــورم بـــچـــمـــه بـــالـــه
شیـــخ جـــافـــر دحـــجـــردا
خـــبـــرکـــیـــان وِدا

***

٢٥

خبرك لوى غدلى
شيخ جافر لوى غجلى
داكى جركو كولى

***

٢٦

دايك لسر بانى
مست دا له رانى
چه بو چم پى زانى

***

٢٧

چه بو چم دورانده
هلو بونم فرانده
ما با زبونم چار شانده
ملا بونم عالماند

***

٢٨

ملاى رمى بى شمى تورزبى رابى حلبى بى (!)
عاشى حبشى حسنى بصرى بى
يوسفى مصرى بى پر بال كورى بى (!)

***

٢٩

شيخ له رنى پريى
جوته د چاكى له كيسه ترى
هموان مندو بى رى

***

٣٠

بانکمه بر چاکانه

يكَ پرانه

جافر خلی لانه

پرمند کورانه

***

٣١

ملای د کرمیانی

داد له وجنانی

کلی له شیلانی

داکی یشی له کوستانی

***

٣٢

بت شیخ محمده شید کلد کلدبی (!)

بت اود لو سران

چاکی ذوندارن

***

٣٣

بیت مراد رسوله

چاکی مه قبوله

***

٣٤

پر لوکی دوریانی

ابرهم پیغمر لسرکانی لاجانی

***

٣٥

شخــصك لــه آل سمـنـدی

شيـــخ تين بـــه لـــونـــدی

د چين د هـــوار مـــنـــدی

***

(٣٦) ابرهم پيغمر دبی کرز خورا وژم... وژ به پەرژم تارکی ددنی رژم که... (!)

***

٣٧

روژِ بــــه شقـــيــــنـــم

تـــارکـــی ددنـــی بـــنـــم

***

٣٨

الـــقـــا ذکــــر بستــــه

رش لــــــه سر راوستــــــه

***

٣٩

الـــق ذکــــر بـــــی ژن

طــــنــــبــــور را دژن

رش پــــــــــــر ددرژن

***

٤٠

ابرهيم پيغمر شرکی خاص

رش کــــر بــــه الماص

قـــصاص بـــقـــصاص

ئەگەر ئەو دانراوانەی لەبارەی صەلەواتەوە لەسەر پێغەمبەر (د.خ) دانراون هەموویان بزانرێن دوور نییە بڵێین: زۆرترین دانراو لەم بوارەدا دانراوە.

هەر لەبەر ئەمەیش دوور نییە کۆنترین دانراوی کوردی لەم بوارەدا بووبێت. جگە لەوەیش چەند مامۆستای کورد دانراویان بە فارسی لەم باسەدا هەیە.

من دەقی چەند دانراوم لەم بوارەدا دیوەو، هەندێکیانم بەئەصل یان بە وێنە دەست خستووە، لەوانەیش لە دەستمدان لەسەر هەندێکیانم نووسیوەو، هەندێکیشیانم وەك دەق بڵاو کردوەتەوە[1].

ئێستەیش کە (دەقنامە) بڵاو دەکەمەوە جێگەی خۆیەتی بەشێك لەو دەقە کۆنانەی صەلەواتیش کەرەستەی رازاندنەوەی (دەقنامە) بن و باسەکان دەوڵەمەندتر بکەن.

لەم دەرفەتەدا نموونە لە سێ دەقی جیاواز دەخەمە روو، بۆ هەندێکیشیان تەنها ئاماژە بۆ سەرچاوەکان دەکەم کە پێشتر تیایاندا بڵاو بوونەتەوە.

---

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی یەکەم، ل: ٢٥٣ هەروەها هەمان بەرگ لاپەڕە: ٣٢٨.

# هۆنراوەی صەلەوات

## صەلەواتنامەی ئەحمەد

ئەمەیش دەقێکە لە دەقە کۆنەکانی صەلەوات کە لەم (دەقنامە)دا چەند دانەو وێنەی لێ بڵاو دەکەمەوە.

ئەم دەقە لە کۆتاییەوە ئاشکرایە کە دانراوی (ئەحمەد) ناوێکە، بەپێی شێوازو زاراوەی بەیتەکاندا لەوەدەچێت دانراوی (ئەحمەدی کۆر) بێت، بەڵام لە دیوانی ئەحمەدی کۆرا نییەو، لێرەیش ناوی (کۆر)ی پێوە نییە.

دەقەکە بە خەتی سەعیدی موکرییەو یەکێکە لە دەقە یادگارەکانی ئەو مامۆستاو، بەو پێیە تەمەنی نووسینەوەکەی خۆی دەدات لە نزیکەی (٢٣٠ ) ساڵ لەمەوبەر، ڕەنگە گەلێ پێش ئەو مێژووەیش دانرابێت.

ئەمەیش یەکێکە لە دەقە کۆنەکانی زاراوەی کرمانجی خواروو. وێنەی ئەمیشم لەلایە، بەزەحمەت ئەوەی دەیخەمە ڕوو بۆم خوێنراوەتەوە، دەکرا بە ڕێنووسەکەی خۆی نەینووسمەوەو بیخەمەوە سەر ڕێنووسی باوی کوردی، بەڵام بەهۆی ئەوەوە سەروبۆری بۆ نەکردووەو، وشەی وایش هەیە چەند شێوە خوێندنەوە هەڵدەگرێت، وام بەباش زانی شێوە ڕێنووسەکەی خۆی ڕوونووس بکەم، بۆئەوەی ئەو کەسانەی لەمەولا کارو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن بۆچوونی خۆیان هەبێت لەسەر ساغکردنەوەی و، بۆچوونەکەیشیان لەڕووی دەقی دەستخەتەکەوە بێت، نەك لەڕووی نووسینەوەکەی منەوە بەڕێنووسی ئێستە.

## صەلەواتنامەی ئەحمەد

١

ای نـــــور عـــــرش ذوالجلال

لت بـــــن صلاة هـــــم سلام

***

مـثـلت نـبـون تـو(فـی اكمـال)

لت بـــــن صلات هـــــم سلام

***

٢

تـوی كـامـل تـوی بـی قـصور

كـوهـر بـوی تـركـیب ژ نـور

لـــعـــرش مـــولات كـــر مـــرور

الـــــــــــــــــــــــخ ...

***

٣

مـــولا یـــقین عـــالـــم حـــمـــو

خـــلـــقـــانـــد ژ بـــر حب لـــتـــو

لجبـــهـــتـــی نـــوریـــن دبـــو

الـــــــــــــــــــــــخ ...

***

٤

یـــكسر ژ نـــوریت بـــوچـــنین

لازم ویـــــه امـــــری یـــــقین

زانین ژ تــو مــذهــبــو دیــن
الـــــــــــــــــــــــخ ...

***

٥

مـذهب ودیـن خـر بـون خـفـا
ظـاهــر دکــر بــامــصطـفــا
پـــاش نـــهـــادی کـــر شفـــا
شفـــــــــــــــــــا ...
الـــــــــــــــــــــــخ ...

***

٦

یــقــیــن دکـــی شفـــاعــتـــی
دبــیـــه سبب بـــو رحــمــتـــی
زوران دبـــیـــه جـــنـــتـــی
الـــــــــــــــــــــــخ ...

***

٧

تـــوی جــنت (کــوثــر) وطــن
فـتـحت دکـرد (مـکـه) و (یمن)
خوف کر ژ تو (هند) و (ختن)
الـــــــــــــــــــــــخ ...

***

٨

خوف کر ژ تو خلقی د (چین)
یـــقین إلـــهت بـــو مـــعین
کشتت (ابـــوجـــهـــل) لـــعین
الـــــــــــــــــــــــخ ...

***

۹

کشتت اوی دیـــن دژمـــنـــا

ای بــوی دمــکــی ساکـنــا

(ویـل جـهـنـم حـتـی ونــا!)

الـــــــــــــــخ ...

***

۱۰

... ب عـــلـــم کـــثـــیـــر

دایــم الـــهت بـــو بـــه بـیـر

شقت خـو کـرد بـدر مـنـیـر

الـــــــــــــــخ ...

***

۱۱

شقت خـو کـرد بـدری هـلال

بــقــدرتـــی شاهـــی جـلال

مابون عجیب خلقی ضلال

الـــــــــــــــخ ...

***

۱۲

مـابـون عـجیب خلقـی ژوی

لـــورا ... هـــیـــنـــا شوی (!)

دوازده هـــزار مـــلك ژوی

الـــــــــــــــخ ...

***

۱۳

دوازده هـــزاران او مـــلك

هـــــاتین ژ ... فــــلك

وستـــان ژ خـــدمت يك بـــيك
الـــــــــــــــــــــخ ...

***

١٤

وستـان لـكـن تـو اى خـلـيـل
تـــوى مـــرضى شده جـلـــيـل
زور تـاتـه كـن تـو جـبـرئـيـل
الـــــــــــــــــــــخ ...

***

١٥

او جـــبـــرئـــيـــل پــــاك ذات
هـرجـار لكن مـولـى وتـات (!)
لـبـوى هـيـنـاى عـلـم بـرات
الـــــــــــــــــــــخ ...

***

١٦

لـبـوى هـيـنـاى قـرآن حـمـو
جـيـو مسكـن مـديـنـه بـو
خـلـقـى شريـف زۆر تـى هـبو
الـــــــــــــــــــــخ ...

***

١٧

خـلـقـى شريف زور (پـيوتـى!)
روضكـى ژ نـورا رحـمـتـى
شقك لـــى دجــــنّـــتـــى
الـــــــــــــــــــــخ ...

***

۱۸

روضا مـحـمـد جـنـتـا
هـرچـی دکـا زیـارتـا
مـولای دگـل بشفـقـتـا
الـــــخ ...

***

۱۹

لـجـانب مـولای نـدا
ای صاحب (جـیث!) ردا
جـان مـنّتـی اولـون فدا (!)
الـــــخ ...

***

۲۰

ای صاحب شیـرو پـلـنك
روژا لـبـدرت کـرده جـنك
زور کـافـرت کـردن لـدنگ
الـــــخ ...

***

۲۱

زور کـافـرت کرد قید بند
بـا رمـح بـاشیـر و کـمـند
زور گـنـج مـالت لـی استند
الـــــخ ...

***

٢٢

استــاندت ژوان جـی دخویه
ارضی مـجـازی مکّیـه (!)
حــتّـــی ابـــد اوت هـــیـــه
الـــــــــــــــــــــــــخ ...

***

٢٣

حــتـــی ابـــدی هـــر وبـــی
نـــاوت د افـــلاکـــان هـبـی
مـدحت دکـن شیـخ صبـی
الـــــــــــــــــــــــــخ ...

***

٢٤

مــدحــو ثــنـــای نین عـدد
تــوی قـــاصدی شاه صمـد
وربــوی ژنــور حــتّــی ابـد
الـــــــــــــــــــــــــخ ...

***

٢٥

حــتـی ابـد وربـوی ژ نــور
راضی ژ تــو شاه غــفــور
شالا دکـل تـون بـی عـبـور
الـــــــــــــــــــــــــخ ...

***

٢٦

شالا لـبـون کـی شفـقـتـی
روژا حسیـبـو حشمـتـی
زوران دبـیـه جـنـتـی
الـــــــخ ...

***

٢٧

بـن بـیـه (جـنـات الـنعیم)
شان کـی بـدیـدار رحـیـم
بـفـضل احسانـی قـدیـم
لین بـدورکـی نـار جـحـیم
الـــــــخ ...

***

٢٨

(احمد) حتی مایت بجان
دهـر بـکـا مـدحـو ثـنـان
ای سیـــد آخـر زمـان
لیت بن صلات هم سلام

***

## کۆتایی صەلەواتنامەیەکی دی

هەر لە دەستخەتی سەعید موکریدا لە سەرەتاکەیەوە کۆتایی صەلەواتنامەیەك نووسراوە، ئەم کۆتاییيە کەوتوەتە یەکەم لاپەڕەی دەستخەتەکەوە، واتە دەبێ سەرەتاکەی – کە نازانم چەندە– لەناوچووبێت، وەك بەشێك لە کۆششی ئەو مامۆستا بەڕێزەو، هەواڵی بوونی ئەم صەلەواتنامەیش و، تێداچوونی بەشەکەی دی... ئەم کۆتاییيە وەك خۆی و بە ڕێنووسەکەی خۆی دەنووسمەوە:

١

... بـحـرمت مـصطـفـی
صلــوات بــر مــحــمــد

***

٢

از عــبــدك بــوم روسیــاه
بــی طــاعت بــی تــقــوا
پــنــهــام بــتــو یــا الــلــه
صلــوات بــر مــحــمــد

***

٣

بــی حسابم هــن عــصیــان
وكــو مــوج دبــحــران
پــنــهــام بتــو یــا سبحــان
صلــوات بــر مــحــمــد

***

٤

غــافــل بــوم لــه دنــیــای
بــــنـــفس بـــه هـــوای

بەبم[١] بـخشی لـە بـلای
صلـــوات بـــر مـــحـــمـــد

***

٥

عـــجـــوزیـــكـــی سكساری
هـــر وك كـــل و بـــهـــاری
هـل قـریوام[٢] لـە یـاری
صلـــوات بـــر مـــحـــمـــد

***

٦

از جـمـیك بـوم خیل خوار
هـــنـــام بـتـــو یـــا غـفـــار
خـوشبـی لمیـە كـنـەكـار
صلـــوات بـــر مـــحـــمـــد

***

تمت الكتـاب بعون الملك الوهـاب، الحقر الفقر المذنب.

للە تعالی[٣]

---

(١) لە دەستخەتەكەدا وەك سەرەوە وایە ڕەنگە (بە) كەی زیاد بێ.

(٢) ئەمەیش ڕەنگە (هل فریوام– هەڵفریوام) بێت.

(٣) دیارە نووسەرەوە لە عەرەبیدا زۆر لاواز بووە، بۆیە لە (حقیر) و (فقیر)شدا بەوجۆرە هەڵەی كردووە.

## دەقێك لە مەنظوومەی صەلەوات

ئەم دەستخەتەیش -دیارە- پاشماوەی شوێنەوارێکی کۆنی مامۆستایەکی کوردە کە -ئێستە- هیچی دەربارە نازانین.

**باسێکی دەستخەتەکە:**

دەستخەتەکە لە دوو پەڕەی بچووکدا بە خەتێکی کۆن نووسراوەتەوە، سەرو بۆر بۆ نووسینەکەی کراوە، منیش بەپێی ئەو سەرو بۆرە هێناومەتەوە سەر ڕێنووسی کوردیی.

هەندێ جێگەی یان ناخوێنرێتەوە، یان ساغ ناکرێتەوە.

سەرەتاکەی نەماوە، لە نێوانی دوو پەڕەیشیدا کەوتن هەیە، بەڵام دیار نییە کەوتنەکەی چەندە.

شێوەی کاغەزو نووسینەکەی کۆن دیارەو، لەوە دەچێت تەمەنی لە **١٥٠** ساڵ کەمتر نەبێت.

لەم هەلەدا پاشماوەی ئەو دەقە کۆنە دوو پەڕەییە بڵاو دەکەمەوە، بەهیوای ئەوەی لەمەولا بەتەواوی پەیدا ببێت و زیاتری لەبارەوە بزانین.

ئەمەیش دەقەکە بەڕێنووسە سەروبۆر بۆکراوەکەی خۆی و وەك بۆم خوێنراوەتەوە:

١

هەر چیە ئەبابەکر
لە نیك حەق قادیر
بەر دەبی ئەعلاتر
صەلەوات بەر موحەممەد

***

٢

هەرچی ئیمامی عوممەر
ئەو مەردی بە جگگەر
ئەو قەویی و موعتەبەر
صەلەوات بەر موحەممەد

***

٣

هـەرچـە ئـیمـامـی عوثمانە

ئـــەو (جـــامــع الــقــرآن)ە

سەرداری ئـــەصحـــابـــانـــە

صەلـەوات بـەر مـوحـەممەد

***

٤

هـەرچـە ئـیمـامـی عـەلی

ئـــەو شێری ئـــیـــلاهـــی

ذولـــفـــەقـــاری بـــەوی

بـــیـــراقـــداری نـــەبـــی

صەلـەوات بـەر مـوحـەممەد

***

٥

سوارەکـی چـەلـەنگ هـات(*)

***

٦

... بـــکـــن دەمـــبـــەدەم

صەلـەوات بـەر مـوحـەممەد

***

٧

مـەلـەك (تیلتی!) غولغولـەن

حـــووری کـــو خـــەمـــلین

---

(*) لێرەدا لاپەڕەکە کۆتایی دێت و سەرەتای لاپەڕەی دوایی دیار نییە، دیارە بەشی لاپەڕەکەی دی یان ئەو پەڕانەی کە فەوتاون نازانرێن.

بـە مـەدحـی تـو مـیشغـیـلـن
صەلـــەوات بــەر مـوحــەممەد
***
٨
مــەلــەکــی دی عــەسمــانــان
لـــیـــتـــواردەن بـــەیـــانـــان
بـــە صەد هـــەزاری ئـــەزمـــان
صەلـــەوات بـــەر مـوحــەممەد
***
٩
حـــەتـتـــــا جـــەنـنـەتولّلاهـــی
وەشەجـــەرەتـــو طـــوبـــائـــی
بـــیـــتـــۆ تـــەکـــەن تـــیـکـــائـــی
صەلـــەوات بـــەر مـــوحـــەممەد
***
١٠
ئـەو جـەنـنـەتـەی پـوڕ لـە نووری
قەصر و جەننەتی قەصرو قوصووری
وی بـــەتـــودا (بـــیت المعـــمـــور)ی
صەلـــــەوات بـــــەر مـــــوحـــــەممەد
***
١١
حـەبـیـبـی رەبـبـی جـەلـیـل
ئـەی پـەیـغـەمـبـەری کـامـیـل
یـــاری تـــوە جـــوبـــرائـــیـــل
صەلـــەوات بـــەر مـــوحـــەممەد
***

١٢

حـەبـیـبـی رەبـبـی غـەفـووری

سـەیـیـدی صـاحـیـبـی نـووری

ساقـی حـەوضی طـەهـووری

صەلـــەوات بـــەر مـوحـــەممەد

***

١٣

تـۆ خـــاتـــەمـــی نـــەبـیـیـنـی

تـــــــۆ (سیــــــد المرسلین)ی

ئـیسمـی تـۆ طـاهـاو یـاسینـی

صەلـــەوات بـــەر مـحـــەممەد

***

١٤

رۆژا ئـــاخــیــر زەمـــانـــی

مـەخـلـووقـی دیکـەن دیوانـی

دەبین سـەیـیـدی مـــەکـــانـــی

صەلـــەوات بـــەر مـوحـــەممەد

***

١٥

ئـــەنـــبـــیـــا دەبین سوار

صـەدو بـیست و چـار هـــەزار

رابــــــــوون دی (سدردار!)

صەلـــەوات بـــەر مـوحـــەممەد

***

١٦

سوارببين ئەنبيا لەو كەس

كـــەس (لمه اوحـــــدنــــى!)

صەلـەوات بـەر موحـەممەد[١]

***

١٧

ئـەو چـار سوارى مـوعـتـەبـەر

ئـــەبـــابـــەكـــر و عـــومەر

ئيمام عوثمان عەلى وه حەيدەر

صەلـــەوات بـــەر مـــوحـــەممەد

***

تمت بعون الملك الوهـاب

(١) ئەم كۆپلە كەمى و ئالۆزيى پێوه دياره.

## صەلەواتنامەی حەزین

لە بابەتی صەلەواتدا چەند مەنظوومەی دیکەم لەلایە، هەندێکیانم بڵاو کردوەتەوەو، هەندێکیشیان لەبەردەستدان(١).

یەکێك لەو دەقانەی ئەصڵەکەیم لەبەردەستدایە وادیارە دانراوی شاعیرێکە بەناوی یان نازناوی (حەزین).

دەستخەتەکە ٣٠ لاپەڕەیە، بەشێکی بەقەڵەمی ڕەصاص نووسراوەتەوە، سەرەتاکەی ئاوایە:

ئـەی ئەصلی جوملە کاینـــــات ئـــەی پادشای ڕووی ســەربسات
ئـەی تەختـی (لولاك)ت خـــەڵات (هـــردم برایــــت صــد صـــلات)

***

ئەی (قاب قوسین)ت مەقـــــــام ئـــەی خەلعەتـت وەصفی کـــــەلام
ویردی زوبانم صبح وشـــــــام (هــــردم بـرایـت صـد صـــــلات)

***

کۆتاییەکەیشی ئاوایە:

ســــەلامی بێ حیسـابـی تـــــــۆ بـــەقــــەد حـەرفی کیتـابـی تـــۆ
بــــەرئـال و بـەرئەصـحابـی تـــۆ (بــرتــو صـــلات و صد ســـــلام)

***

لەســەر ئەمــەی خــەتمی کـــەلام بــەقــەد خەطی صـاحیب کــــەلام
هـــەزار هـــەزار ســـــەلام (بــــــرجان پـــاکـت ای ســـلام)

***

دایـــم مـــەدام غەمگینی تــــۆم دوو چــــەشمی پــڕ ئەســرینی تـۆم
لوطفێ بکـــــە (حـــەزین)ی تـۆم (بـرتـو صـــلات و صـــد ســــــلام)

---

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی پێنجەم، ل: ٢٠٧.

# بەیتی خالید پاشا

دانراوی صادق

## دەربارەی دانەری بەیتی خالید پاشا

### صادق کێیە؟

کاتی چاپی یەکەمی ئەم بەیتە گەڕام و پرسیارم کرد بەڵکو لەسەر ژیانی (صادق)ی بێژەری ئەم بەیتە شتێك بەدەست بهێنم، بەڵام هیچم دەست نەکەوت. لەو کاتەیشەوە تا ئێستە –دووبارە– دوای گەڕان و پشکنین شتێکی ئەوتۆم دەست نەکەوتووە.

ئەوەندە هەیە بە کۆششی خۆم لەو کەشکۆڵ و بەیاضانەدا لەم ماوەدا دیومن و دەستم خستوون ناوی چەند (صادق)ێکم دیوە، دیاریتریان (صادقی پاوەیی)یە کە هەندێك لە بەرهەمیم بڵاوکردووە.[1] بەڵام دیسان بڕوا ناکەم ئەو صادق و ئەم صادقە یەك کەس بن؛ چونکە بەرهەمەکانی صادقی پاوەیی بەزاراوەی گۆرانین و، ئەم بەیتەیش –وەك دەبینی– بەزاراوەی موکرییە. بۆیە جارێ هەر دەبێ چاوی چاوەڕوانیمان لە ئاسۆی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی شوێنەوارەوە بێت، بەڵکو شتێك سەرهەڵبدات.

### لەبارەی ئەم بەیتەوە

من –ئێستە– ئەم بەیتە ناودەنێم و (بەیتی خالید پاشا) لە دەستخەتەکەدا هیچی لەسەر نەنووسراوە. ئەوەندە نووسراوە: «شێخ صادق فرمايد».

ئەم بەیتە ئەگەر لەو ڕووەوە سەیری بکەین کە چەند شیعرێکە لە شێوەی نزاو پاڕانەوەدا لە خودا بۆ چاکبوونەوەی (خالید پاشای کوڕی سلێمان پاشای بابان) لە بیماری و نەخۆشییەك گوتراوە و، بێگومان خالید پاشایش، لەو نەخۆشییەدا یان لە نەخۆشییەکی دیکەدا، مردووە... ئەوە ئەم بەیتە دەوری تەواو بووەو دەشێ حسابی مردووی بۆ بکرێت وەك ئەو کەسەی بۆی گوتراوە.

بەڵام لەو ڕووەوە کە تا ئێستە چاپ نەکراوەو، بەشێکە لە سامانی کەلەپووری ئەدەبی کوردیی و، شێوەو شەقڵی جۆرێکی تایبەتی ئەدەبی کوردیی سەردەمێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و، ناوی مەلایەك یان شاعیرێکی کوردمان پێ دەناسێنێ کە تا ئێستە باسی نەکراوەو ناوی نەگوتراوە... ئەمانە لەلایەکەوە، لە لایەکی کەیشەوە جێگەو ڕێزی خالید پاشاو هەستی نەتەوایەتیی و نیشتمانپەروەریی ئەو مامۆستایەو خۆشەویستی پاشا لە

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، بەرگی حەوتەم، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧، ل: ٢٢٤.

دڵیاندا... هەروەها باس و ناوی هەندێك (قوله) و (قوشخانه) و جێگای وەها كه باسیان ئێستە لە بیری خەڵكی ئەمڕۆ و سەرزاری دانیشتوانی ناوچەكەدا نەماوە و شتی تازەن و زانینیان سوودبەخشە... ئەمانەو چەند شتی كەیش بەرگ و گیانێكی زیندووی هەمیشەیین لەبەری ئەم بەیتەداو، هەمیشە شیاوی ئەوەیە بە رازاوەیی و ڕێزو قەدرەوە پێشكەشی خوێندەواران بكرێت و، وەك بەڵگەیەكی مێژوویی لە لێكۆڵینەوەی قۆناغەكانی ئەدەب و زمانی كوردیدا كەڵكی باشی هەبێ.

**سەرچاوەی ئەم بەیتە**

سەرچاوەی یەكەمی ئەم بەیتە كەشكۆڵی (بیلال هێرۆیی)یە كە كاتی خۆی لەلای برای بەڕێزم مامۆستا ئەحمەد پشدەرییەوە دەستم كەوت و، سوودم لێ وەرگرت. بەڵام لەلای ئەویش ئەمانەت بوو دوایی لێیان وەرگرتەوەو نازانم چی بەسەرهات. لە ئەلبوومی كەشكۆڵدا كە ئێستە لەژێر چاپدایە باسی ئەم كەشكۆڵەیشم نووسیوە.

هەر لەتاومۆی نووسینەوەی ئەم بەیتەدا مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیسیش دەستخەتێكی كۆنی بەدیاریی دا پێم، كە لێرەدا باسێكی كورتیم كردووە، ئەو دەستخەتەیش سەرچاوەیەكی دیكەی ئەم بەیتەیەو جیاوازییەكانم لە پەراوێزەوە نووسیوەو، بۆ ئەو جیاوازییانە، وەك ڕێز بۆ مامۆستای مودەڕیس، نیشانەی (م)م داناوە.

دەبێ بەسەر ئەوەیشدا نەڕۆم نووسەرەوەی ئەم بەیتە- لە هەردوو نوسخەكەدا- بەپیتی عەرەبی و ڕێنووسی عەرەبی سەروبۆری بۆ وشەكان كردووە؛ منیش بەزۆریی وەك نووسینەوەكەی ئەو هێناومەتەوە سەر ڕێنووسی باوی كوردیی، چەند جێگەیەك نەبێت كە كورد وا نادوێت وەك (بیدەی = بدەی) و (پوڕ = پڕ). بەڵام دەبێ خوێنەری ئازیز لەوە ئاگادار بكەم كە سەربەندی بەیتەكە (یارەب...) بەگوێرەی سەروبۆری دەستخەتەكە نووسیم، بەڵام لەنگەو دەبێ «یارەبی...» یان «یارەب بدەی شیفایی» بێت.

**باسێكی دەستخەتەكەی مامۆستا**

پێش هەر باسێك دەبێ ئەوە بڵێم: ئەم دەستخەتە پاشماوەی دەستخەتێكی -وا دیارە- گەورە بووە؛ چونكە بنەكەی پەتی جزووبەندی پێوە ماوە، كە ئەو جزووبەندە بۆ دەستخەتی وەك ئەمەی كە ئێستە ماوە ناكرێت. جا دەبێ كاتی خۆی ئەم دەستخەتە چەند بوویێت و چی و چی تێدا بوویێت؟ دیارە وەڵامی پرسیارەكە نازانین و، ئەمەیش

بەڵگەیەكی دیكەی تێداچوونی بەشێكی دیكەی سامانی كەلەپووریمانە.

دەستخەتەكە قەوارەی پەڕەكانی بچووكە، ئەندازەی هەر پەڕەیەكی (١٤×٩)یە.

لاپەڕەی (١١) دێڕو كەمترو زیاتری تێدایە.

ئەوەی كە ماوە (٢٦) لاپەڕەیە.

لەلاپەڕە (١)ەوە تا لاپەڕە (١٠) بەیتی خالید پاشایە. دوای ئەوە لەلاپەڕە (١١)ەوە پاڕانەوەیەكە بەهۆنراوە بەزمانی فارسی.

سەرەتاكەی ئاوایە:

خـداونـدا بأسمـاء عـظیمت

بەبسم الله الرحمن الرحیمت

ئەمەیش تا لاپەڕە (١٤) دەڕوات بەدوو خەتی جیاواز، لەو لاپەڕەدا دەبڕێتەوە بێ كۆتاییەكی دیار.

سەرەتای لاپەڕە ١٥ بەخەتێكی دی كەلامی شێخ مصطفا دەست پێ دەكات و ئەمیش لە ستایشی پێغەمبەردایە (د.خ) خەتەكەی لەوانی دی كۆنتر دیارە. سەرهۆو سەربەندی هەیە وەك تەرجیعبەند. جارێكی دی لە بەرگی یەكەمی كەشكۆڵی كەلەپووری ئەدەبی كوردیدا بڵاوم كردوەتەوە، بەڵام بۆئەوەی ئەمیش لەتەك ئەم بابەتانەی ئێرەدا بێت و، هەمان دەور ببینێ كە ئەوان دەیبینن، بەلێكۆڵینەوەیەكی نوێترەوە دەینووسم.

ئەمیش لە لاپەڕە (١٨)دا بێ كۆتایی دیار دەبڕێتەوە.

دوای ئەمە سەرەتای پارچە شیعرێك لە لاپەڕە (١٩)دا دێت كە بە:

گوڵێك پەیدا بوو لە مەككە

نـووری لـە عـەرشی فـەلـەكـە

عیصیانباران خەلاص دەكە

رووح و جینانم فیدای گولی

***

ئەمەیش لە شێوەی تەرجیعبەندایەو واپێدەچێت شیعری ئەحمەدی كۆربێت؛ چونكە دوا بەشی ئاوایە:

دەگــەڵ تــۆم یــاری دڵــبــەر
خۆزیا ئەو کوێری دەربەدەر
مشتەك خاکپای تۆی لەسەر
چونکە تۆی غەمخۆرم گولی

***

لەم بەشەدا سەربەندەکانی بە مەرەکەبی سوور نووسراوە.

دوابەدوای ئەمە لە لاپەڕە (٢٣)دا سەرەتای تەرجیعبەندێکی فارسی دەست پێدەکات. کە سەرەتاکەی:

بیدار شو، بیدار شو

ئەمەیش تا لاپەڕە (٢٥) دەخایەنێ.

لە کۆتایی لاپەڕە (٢٥)ەوە سەرەتای نەورۆزنامەیەکە بە فارسی ئاوا دەست پێدەکات:

نوروز شد نوروز شد
عالم همه فیروز شد

لە لاپەڕە (٢٦)دا دەستخەتەکە دەبڕێتەوەو بابەتەکە تەواو نابێت.

دەستخەتەکە زۆر شڕو پەڕپووت و دڵۆپە لێدراو و سواو و پواوە و، ناوی نووسەرەوەو مێژووی پێوە نییە.

## بەیتی خالید پاشا

## شیخ صادق فرمايد

بسم الله الرحمن الرحيم

١

یا حەی بەنامت یا حەی
کـەرەم بـێ پـایـان و پـەی
ڕۆژی دەیـی کـولـلـی شەی
یـــارەب بــدەی شیــفـــای

***

٢

رەبـبـی جـیـهـان ئـافـەرین
صـاحـیبـی چـەرخی بەرین
رەبــبــی سەمــاوو زەمین
یـــارەب بــدەی شیــفـــای

***

٣

یـا صـەبـوورو یـا سەتـتـار
بـە ئـەنـبـیـای دە نـازدار
صەدو بـیست و چـار هـەزار
یـــارەب بــدەی شیــفـــای

***

٤

بــەدانــیــاری ئــەکـبــەر
بــەدانــیــاری ئــەصغــەر

بـه زەكـەریـا پـێغـەمـبـەر
یــارەب بــدەی شیــفــای
***
٥
بـه یـەعـقـووبـی کـەنـعـانـی
بــه یــوسفــی زیــنــدانــی
بــه (سبــعــة المثــانــی)
یــارەب بــدەی شیــفــای
***
٦
بـەخـالـیـقـی لـه ژووره
بـه ئـاسمـانـی پـڕ نـووره
نەیکوژی(*) پــاشای سووره
یــارەب بــدەی شیــفــای
***
٧
بـه کـەعـبـەیـی مـوعـەظـظـەم
بـه یـەحـیـایـی مـوکـەڕڕەم
بـه عـیسای بـنـی مـەریـەم
یــارەب بــدەی شیــفــای
***
٨
یـا رەئـووف و یـا رەحـیـم
یـا سەمـیـع و یـا عـەلـیـم
یـا قـایـم و یـا دایـم
یــارەب بــدەی شیــفــای
***

(*) بەگوێرەی ئم دێرە (خالید پاشا) سووربام. یان سوور بووە، یەکێکی دیش لە پاشاکانی بابان (بەکرە سوور) بووە. تۆبڵێی بەرەگەزو تیرە پاشاو میرانی بابان (سوور) بووبن؟

٩

(یـــا رفـــیـــع الـــدرجـــات)

(یـــا کـــافـــي المهـــمـــات)

(یـــادافـــع الـــبـــلـــیـــات)

یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

١٠

بـــە حـقـــی شیث و ئـیدریس

بـەنـووح و سام و جـەرجیس

بـــە طـولـــلابـانـی تـەدریس

یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

١١

بـــە حـــەقـــی لـەوح و قـەلـەم

بـــە حـــەقـــی نـووری ئـادەم

بـــە ئـابـــی چـاهـــی زەمـزەم

یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

١٢

بـەئـیسحـاق و ئـیـبـراهـیـم

بـە حـەقـی مـووسای کـەلـیـم

گـوستـاخـی طـووری عـەظیم

یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

١٣

یـــا واحـــیـــدو یـــا ئـــەحـــەد

یـــارەبـــی فـــەردی صەمـــەد

بـە مـیـعـراجـی مـوحـەممەد
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای
***
١٤
بـە حـەقـی (حـمـلـة الـعـرش)
بە لەوح و کورسیی و فەرش
بـە صادیـقـانـی بـێ غـەش
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای
***
١٥
بـە ئـیـبـراهـیـمـی ئـازەر
بـەئـیسمـاعـیل پێغـەمبـەر
قـورەتـولـعـەیـنـی ئـاجـەر
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای
***
١٦
بـەداودی نـەغـمـە خـوان
بـە خـاتـەمـی سولـەیمان
حـاکـمـی کـولـلـی جـیـهـان
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای
***
١٧
بـەئـەرض و سەمـاواتـەت
بـە عـەرش و ئـەنـبـیـانـەت(١)

---
(١) ئەنبیانەت (م) (انبساطت- ئینبیساطەت)

هـــەم بـــەنـيــل و فـــوراتـــەت
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای
***
١٨
بـــە (رسول الـــثـــقـــلین)
بـە حـەسەن و بـە حـوسەیـن
بـە حـەقـی قـابـە قـەوسەیـن
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای
***
١٩
بـە خـضرو بـە ئـیـلـیـاس
بـە حـەمـزەوو بـە عـەبـبـاس
بە سولطان سەعدی وەقاص
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای
***
٢٠
بـەصاحـیـبـانـی مـەذهـەب
بـــــــــە (رجب المرجب)
بە ئەو شای[٢] عالی نەسەب
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای
***
٢١
یـا سوبـحـان و یـا سولـطـان
یـارەب ئـەمـانـەلـئـەمـان
بـە شەعـبـان و رەمـەضان
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای
***

(٢) بە ئەوشای... (م) پادشایی

٢٢

بــه حــەقــی شەمس و قــەمــەر

بــه خــورشیــدی مــونــەووەر

بـــه حـــەبــیــبـــانت یـــەکسەر

یـــــارەب بـــــدەی شیـــفـــــای

***

٢٣

بـــەغـــازیــی شیــر بـــەکـــەف

له حەربیان[٣] دەگرن صەف

به ئاجەتی ئەصحابولکەهف

یـــــارەب بـــــدەی شیـــفـــــای

***

٢٤

بــه ئــەحــمــەدی مــەدەنــی

بـــه خـــاصانـــی یـــەمـــەنــی

هـــەم بـــه وەیسەلـــقـــەرەنــی

یـــــارەب بـــــدەی شیـــفـــــای

***

٢٥

بـه شەیـخـی صائیمود دەهـر

بـــه سەلسەبــیــل و کـــەوثـــەر

به فەضلی خۆت[٤] یا داوەر

یـــــارەب بـــــدەی شیـــفـــــای

***

(٣) حەربیان (م) حیریانی

(٤) به فەضلی خۆت... (م) به فەصل و حووتی یاداوەر

٢٦

بـــه سولـطـان عـــەبـدولـقـادر

بـــه زاهـــیـدانـــی شاكـــیـر

بـــه عـــابـــیـدانـــی ذاكـــیـر

یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٢٧

به ئاجەتی هەر چار كیتاب

دۆعـام بكـەی مـوسـتـەجـاب

پـادشای عـالـی جـەنـاب

یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٢٨

یـا صەبـوور و یـا سوبـحـان

یـا عـــەظـیـم و لامـەكـان

خـالـیـدی بـنـی سولـەیمان

یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٢٩

بـه شەیـخ شەقـیـقـی بـەڵـخی

بە شەیخ مەعرووفی كەرخی

یـارەب نـەدەی چـە تـەڵـخی

یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٣٠

بـــه حـــەسەنـــی بـــەصرایـــی

بـــه مـــەردی دە غـــەزایـــی

قـەبـووڵ کـەی یـا ئـیلاهـی
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای
***
٣١
بە شەیخ ئەحمەدی جامی
بــە بــازیدی[٥] بوستامی
بــە سیـڕڕی شێخ نـیظـامـی
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای
***
٣٢
بە شەیخ سەعدی شیرازی
بـــە یــارانـــی حـــیــجـــازی
بە شاه مەحموودی غازی
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای
***
٣٣
یـــا دایـــم و یـــا مـــوبین
یـا (غـیـاث الـمستـغیثین)[٦]
پادشای صاحیب تەمکین
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای
***
٣٤
یـا جـەبـبـارو یـا جـەلال
یـا ئـاگـاهـی کوللـی حـال
خـالـید پـاشای پڕ کـەمـال
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای
***

(٥) بە بازیدی (م) بە بایەزیدی
(٦) المستغیثین (م) المغیثین

٣٥

بــه نـــــــاڵـەیـی دەروێشان
بــه ئــاهــی ئــاهــوو کـێشان
تــۆ دڵ نـــەکـــەی پـــەرێشان
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٣٦

یـا غــەفـفـارو یـا غــەفـوور
بـێ نـاز نـەکـەی (شارەزوور)
خالید پاشای صاحیب نوور
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٣٧

مەقصوودم هەن لە دەرگات
قـاضیـی کـولـلـی حـاجـات
ئــەفــەنـدیـم بـدەی نــەجـات
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٣٨

شیــفــات بـــە دەست دەوانــە
کــارت بـــە دەست ئــاسانــە
مـەوقـووف نـەکـەی قـوشخـانە
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٣٩

یــــا کــــەریمی کــــارساز
یـا خـالـیـقـی بـێ نـیـاز

شازادان نــەکــەی بــێ نــاز
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای

***

٤٠

یـا لــەطـیـف و یـا خــەبـیـر
بــێ وەکــیــل و بــێ وەزیــر
بێ ناز نەکەی (قولـەمیر)[٧]
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای

***

٤١

یــا خــالـیـقــی چــارەگــەر
بــەشقــی سەیــیـدی سەروەر
بــێ نـاز نـەکـەی (ئـاغـالـەر)
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای

***

٤٢

یـارەب بـەشقـی حـەبـیـبـان
بــە ئــەسراری نــەجـیـبـان
لــە بــۆ بـابـی غـەریـبـان
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای

***

٤٣

نـۆکـەر گـردبـوون تـەمـامـە
دۆعــایــان کـرد بــە عــامــە
خــزمــەت لــەمــە حــەرامــە
یـــارەب بـــدەی شیــفـــای[٨]

***

---

(٧) قولەمیر (م) قەولی میر

(٨) ئەم کۆپڵە لە (م)دا لێرەدا نییەو، دەکەوێتە دواتر

٤٤

نۆکەر گردبوون بە یەکجار
بۆ وان ئەفغان و هاوار
بۆ خالید پاشای نازدار
یارەب بدەی شیفای

***

٤٥

پاشای گوفتاری کردیا
لە دیوانی نوور یا
صەلای طەلەب کردیا[٩]
لە دیوانی بو (لەشکر!)
یارەب بدەی شیفای[١٠]

***

٤٦

مەلام بێنە سەرینی
دەست بکا بە یاسینی
من دەچمە ژێر زەمینی
یارەب بدەی شیفای

***

٤٧

یا ئەڵڵاهو یا صەبوور
یا پادشایی غەفوور
بێناز نەکەی (شارەزوور)
یارەب بدەی شیفای

***

(٩) دەستخەتەکە لێرەدا ناتەواو بوو بەگوێرەی (م) نووسیم، ئەم بەشە (دێڕە) لە دەستخەتەکەدا وابوو.
(١٠ ) کۆپلەی (نۆکەر گردبوون تەمامە) لێرەدایە.

٤٨

یــا ئــەڵــڵاهــو یــا سوبــحــان
یــا سەخــیــی و یــا دەیــیــان
خــالــیــدی بــنــی سولــەیمان
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٤٩

خـالـیـد پـاشای بـە حوكمـات
ئــەوی خــۆش كــربــوو وڵات
ئەنجار[١١] موهڵـەتـی بدات
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٥٠

شیـفــای بــدەی یــا جــەلــیـل
تــەعـیین نــەكـەی عـیـزرائـیل
پـــاشا نـــەبـــێتن زەلـــیـــل
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای

***

٥١

یــا خــالــقــی[١٢] ذولمینەن
چـون ئـەز هـائـەم[١٣] لـە وەتـەن
دەستــم بــڕا لـــە مـــەسكــەن
یـــارەب بـــدەی شیـــفـــای[١٤]

***

(١١) ئەنجار (م) ئانجا.

(١٢) یالقی (م) یا خالیقی

(١٣) ها ئەم (م) هاتەم

(١٤) نوسخەكەی كۆڕ لێرەدا بە ناتەواویی دەبڕێتەوەو لەبەر نوسخەی (م) ئەمەو دوای تەواو دەكەم.

٥٢

چۆن ئەز کەوتمە موڵکی غەریب

شیـفـای بـدەی (عـن قـریب)

بـە تـەخـتـی پـادشای نـەجیب

یــــارەب بــــدەی شیــــفـــــای

***

٥٣

صـاحـیـبـی چـەرخ و ئـەفلاك

خـالـید پـاشای خۆش ئیدراك

بــکــەی دڵــی فــەرەحــنــاك

یــــارەب بــــدەی شیــــفـــــای

***

٥٤

(صـادق) بـەنـدەی کـەمـتـەریـن

(یــــاارحــــم الــــراحــــمین)

یــــارەب بــــدەی شیــــفـــــای

***

«تمت شد این مناجات لأجل فقي حسين بيد الغريب كاكه ملا. غفرالله لي ولوالدي ولجميع المسلمين»(١٥)

---

(١٥) ئەمە کۆتایی نوسخەی (م)ە.

# بەیتی میر یەحیا

## پێشەکی

ئەم بەیتە بەشێکە لە دەسنووسی ژمارە (٤٤٨)ی کتێبخانەی ئەوسای (کۆڕی زانیاری کورد). کە ئێستە لە (د.ع)دا پارێزراوە. ئەم دەستخەتە چەند دەقی دیکەی تێدایە لەم کتێبەدا دەبینرێن.

دەستخەتەکە ساڵی **١١٩٩**ك بەدەستی سەعید عەبدوڵڵا موکری نووسراوەتەوە. ئەم نامیلکەی بەردەستمان لەو ڕووەوە گەلێ ئایەت و بابەتی ئاینی وردی تێدایە لەوە دەچێ دانەرەکەی مەلایەکی باش بووبێت. لەو ڕوەیشەوە، لە کۆتاییدا، داوا لە گوێگران دەکا (فاتیحا) بخوێنن، شێوەی بەیتی گوێئاگردانی پێوە دیارە. دووریش نییە هەردووکیان بێت: لەپێشدا مەلایەك داینابێت و دوایی لەبەرکرابێت و لە گوێئاگردانانداا شەوانی زستان خوێنرابێتەوە.

ناوی بۆ دانەنراوە، لەوە دەچێت دانەرەکەی ناوی (میر یەحیا) بێت، بۆیە منیش –تا ناوێکی بۆ ساخ دەبێتەوە– ناوی (بەیتی میر یەحیا)م لێنا.

**دوو خاڵ بەدامێنی بەیتەکەوە**

یەکەم: شێوەی نووسینەوەو بەشکردنی دێڕەکانی:

لەم ڕووەوە ئەم بەیتە بۆ ئەوە دەشێت بکرێت بە بەڵگەی (پەخشانی هونەری کوردی) – **النثر الفني الكردي**– بەڵام ئاشکرایە ئەم جۆرە پەخشانە تا ئێستە نموونەی کەم لەبەردەستدایە. ئەم بەیتە لە هەندێ جێگەیدا کێش و تەفعیلەی شیعری تێدا دەبینرێت، بەڵام لەولایشەوە شەقڵ و شێوەی پەخشان خۆی تێدا دەنوێنێ و، لەگەلێ جێگەیدا هەر (سەجع و قافیە) دەمێنێتەوەو، زیاتر ڕواڵەتی پەخشانی لەوەدا بەدیی دەکرێت کۆتایی دێڕەکان ملکەچی کێش نین و، لەبەردەمی تەفعیلەدا دەسەوسان ناوەستن و درێژ دەبنەوە، بەتایبەت لەکاتی نووسینی ئایەتەکاندا.

دووەم: ئەو شێوەو زاراوەی بەیتەکەی پێ نووسراوە:

ئەم بەیتە بەشێوەی موکریانی گوتراوەو هەندێ وشەی وەهای تێدایە ئێستا موکریانی بەکاری ناهێنن. لێرەدا – هەرچەند شارەزایی باشم لە شێوەی موکرییدا نییە– ئەوەندەی ماوە هەبێت چەند نموونەیەك لە دەقەکە وەردەگرم کە لە گفتوگۆی ئێستەدا کەمتر بەربای گوێ دەکەون:

أ– تەمێنێ = دەمێنێ، ئەمێنێ. ماوەیەکە لە نێوان نووسەراندا کێشەی ئەوە باوە کە (دەبێ) یان (ئەبێ) ، (دەمێنێ) یان (ئەمێنێ) بنووسرێت، بەڵام باسی (تەمێنێ) لە ئارادا نەبووە.

دەبێ ئەوە نەبوێرم لە جافەتیدا (تەوێ) لە بری (دەبێ) بەکاردەهێنن.

ب– دەبێ = دەڵێ. نەمبیستووە لە باتی (دەڵێ) ، (دەبێ) بوترێ، بەڵێ (دەبێ) لەجێی (دەبیستێ) هەیە.

ج– (ئەی) لەبری (ئەوی) و (تەبارێ) لەجێی (دەبارێ) و، (رۆدەنێ) لەبری (دانیشتن) شایانی باس و لێکۆڵینەوەن.

د– هەروەها (خەڵات) بەمانا (تۆڵە) نەك پاداش و، (خۆد) لەبری (خۆت) و، چەندین وشەی دیکەیش.

ئەمانەم تەنها وەك نموونە هێنانەوە، زمانی ئەم بەیتە گەلێ وشەی تری تێدایە کە جێگەی رامان و لێکۆڵینەوەن.

**ئەم نامیلکەم چۆن نووسییەوە؟**

گومان لەوەدا نییە کە ئەم بەیتە (٢٣٠) ساڵ لەمەوپێش نووسراوەتەوەو لەوانەیە ماوەیەکی زۆرش پێش ئەوە گوترابێت و دانرابێت... فرە وشەی وای تێدایە من نەمبیستوون و، بەگوێ و بەکاربردنی ئەمڕۆی زمانی کوردیش نامۆن. جگە لەوەیش دەستنووسەکە بەو رێنووسە کۆنە پڕ قۆرت و گرێیە نووسراوەتەوەو چاکیش نەنووسراوەتەوەو هەڵەو نارێکی زۆری تێدایە...

بۆیە خوێنەریش هاودەنگم دەبێ کە بڵێم: بێ زەحمەت و دەردیسەریی بۆم نەنووسراوەتەوە. بەهەرحاڵ چۆنم بۆکرابێ هەوڵم داوە بە ڕاستیی و نزیك لە شێوەو زاراوەی موکرییەوە بینووسمەوە، هەرچیشم باش بۆ نەخوێنرابێتەوەو گومانم تیایدا بووبێت لە نێو دوو کەوانەی ئاوادا ( !) نووسیومە. هیواداریشم کەسانی شارەزاو پسپۆڕ بەشی خۆیانی تێ بخەن و بە لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی دەوڵەمەندی بکەن. دێڕەکان لە دەسنووسەکەدا – کە هەر یەك نوسخەیش هەیە– هیچ جیا نەکراونەتەوەو یەکسەر بێ ڕێکخستن و بەشکردن نووسراونەتەوە. بەڵام پاش خوێندنەوەی تەواوی بەیتەکە بۆم دەرکەوت ڕاست وایە بەو شێوەی کە پێم نووسییەوە بنووسرێتەوە.

## بەیتی میر یەحیا

بسم الله الرحمن الرحيم

١

هــەرچــە کــەسێ عــاقــڵا
ئــیــمــانــەکــا کــامــڵا
یــەك جــیــهــەت و یــەك دڵا

***

٢

یەك شوناس و یەك دین بن
خــەلــیــلا سابــیــقین بــن
(لا احـــب الآفلين)[1] بن

***

٣

بـــە (وجــهت وجــهـي)ا[2]
بــنـــاسن ئــەبــەدیــیــا
خــودێ یــەکــەو دوو نــیــا

***

٤

ئــەو خــالــیــقــێ صەمــەدا
ئــیــرادەی کــرد لابــوددا
خــولــقــانــدی مــوحــەممەدا

***

٥

مــوحــەمــمــەدا ئــەمــیــنــا
خــاتــەمــێ نــەبــیــیــنــا
سەیـــیـــدو لـــمـــورسە

***

(١) بڕوانە: ئایەتی (٧٦) سوورەتی (انعام).
(٢) بڕوانە: ئایەتی (٧٩) سوورەتی (انعام).

٦

رەسـوولـــی ثـەقـــەلـــەیـــنـــا
شاهـــی قـــابـــەقـــەوسەیـــنـــا
غـــازیـــی بـــەدرو حـــونـــەیـــنـــا

***

٧

خـــالـــیـــق ئـــەو کـــردە سەروەر
نـــاوی بـــرد بـــە پـــێغـــەمـــەر
قـــورئـــانـــی هـــەنـــاردەسەر

***

٨

هـــەنـــاردە سەر بـــەیـــەقـــیـــنـــا
ئـــەو کـــەلامـــا مـــوبـــیـــنـــا
دە سیـــنـــنـــا ئـــەربـــەعـــیـــنـــا

***

٩

دەسالا ئـــــەربـــــەعین بـــــوو
ئـــیـــمـــامـــی مـــوتـــتـــەقین بـــوو
نـــوبـــووەت بـــەیـــەقین بـــوو

***

١٠

قـورئـان حـەقـقـەو بـە یـەقـینـا
صیـــفـــەتـــا ئـــەووەلـــیـــنـــا
تـــێدا مـــەنسووخ بـــوون دیـــنـــا

***

١١

ئــەو خــالــيــقــى (يــنــيــنــا!)(٣)
دە ئـــايـــەتـــا كـــرد مـــوبـــيـــنـــا
(ومـا عـلـى الـرسول الا الـبلاغ المبين)(٤)

***

١٢

ئــەو خــالــيــقــێ مــەی ريــفــعــەتــێ
نـــازڵ كـــرد بـــەو ئـــايـــەتـــێ
«كـــل نـــفس ذائـــقـــة الموت»ێ(٥)

***

١٣

غــافــڵ مــەبين(٦)        لــە مــەوتــێ
هـــەنـــگـــی بـــكـــێشن غـــيـــرەتـــێ
دە بـــــــــــــــــــــــەر «... »!(٧)

***

١٤

ئــەو حــالــەكــی بــە طــەمــطــەراق
(بـــهـــنـــا سوكـــی!) مـــوشتـــاق
«كلا اذا بلغت التراقی وقيل من راق»!(٨)

***

---

(٣) ئەوەی ناو كەوانەكە ڕەنگە (متينا = مەتينا) بێت.

(٤) بڕوانە: ئايەتی (٥٤)ی سوورەتی (نور) و ئايەتی (١٨)ی سوورەتی (عنكبوت).

(٥) بڕوانە: ئايەتی (١٧٥) سوورەتی (آل عمران)

(٦) مەبين: مەبن.

(٧) ئەوەی ناو كەوانەكەم بۆ روونووس نەكرا وەك (كوسبی ملتی) دەچێت.

(٨) بڕوانە: ئايەتی (٢٦) سوورەتی (قيامە).

١٥

نـــازڵ دەبـــن نـــاگـــەهـــان

قــەط نــامــێنــن چــە فــەرمــان

هــەر حــەسرەتــەو پــەشیــمــان

***

١٦

دەرمـــان لـــە بـۆیـــی نـــیـــیـــا

تـــەقـــدیـــرا ئـــەزەلـــیـــیـــا

لـــە دەنـــی دەردەچـــیـــیـــا

***

١٧

لـە حـەمـوان هـەیـە ئـەو عـادەت

یــەك بــەیــەك ئـێن جـەمـاعـەت

حـەتـا تێتن هـیدایـەتی نیهایەت

***

١٨

خــوصووصەن ئـەم ئــاخــریــن

ئـــەم ئـــەوی نـــافـــكـــریـــن

كـــەم دەژیـــن و زوو دەمـــریـــن

***

١٩

لـــە قـــەولـــی خــودێ حـــەقــا

دە قـــورئـــانـــێ مــوطـــلـــەقـــا

«فاذا نفخ في الصور فصعق»ا[٩]

***

(٩) (فاذا نفخ) هەڵەیەو (ونفخ) ڕاستە. بڕوانە ئایەتی (٦٨) سوورەتی (زمر)

٢٠

ئــــەو خـــــالـــيــــقـــێ مـــەی عـــەلـــيـــمـــا
وەکـــــــرد قـــــــەولــــــــی قـــــــەديما:
«ان زلـــزلـــــة الساعــــة لشیء عــــظــــيــــم»![١٠]

***

٢١

نــــــە کــــــۆهـ دەمـــــێنـــــن نــــەبــــيـــحـــــارا
تــــــێکـــــــدەچـــــــن قـــــــەصرو ديـــــــوارا
دەزەلـــــزەلـــــێن بــــــە ئــــــەمـــــری جـــــەبـــــبـــــارا

***

٢٢

«او اشـــــــــــــــــــــد قـــــــــــــــــــــــوة»![١١]
لـــــــــە قـــــــــەولـــــــــی (کـــــــتـــــــبـــــــــة)
«فينرهـا قـاعـا صفصفا لاتری فيها عوجا ولا امتا»![١٢]

***

٢٣

چـــــــــهـــــــل ساڵـــــــی بــــــــە ئـــــــەژمـــــــارا
لـــــــە قـــــــەولـــــێ دەبـــــێ ئـــــيـــــظـــــهـــــارا
«لمن الملك الـيـوم؟ لـلــه الـواحـد الـقـهـار»![١٣]

***

(١٠) بڕوانە: ئايەتی (١) سوورەتی (الحج )
(١١) ئەم وشە لە گەڵێ ئايەتی قورئاندا بەبێ (او) هەيە. بڕوانە: ئايەتی (١٣) سوورەتی (محمد).
(١٢) بڕوانە: ئايەتی (١٠٦) سوورەتی (طه).
(١٣) بڕوانە: ئايەتی (١٦) سوورەتی (غافر).

٢٤

چـــــهـــــل شـەو رادەبـــــــریّ
عـــــەزاب دەبــــــیّ لـــــە کـــــافــــریّ
خـــالـــیـــق لـــەوان نـــاصەبـــریّ

***

٢٥

لـــــــە قـەولـــــــی (وسبــــــبـــــا!)
خـــۆشحـــالّ نـــابـــن بـــیّ ئـــەدەبـــا
هـــەن لـــە بـــۆ وان مـــارو عـــەقـــرەبـــا

***

٢٦

لـەوپـاش بـە ئـەمـری یـەکـی ئـەکـبـەر
قــــیــــامـــەتـــن تـــێـنـــــە سەر
«ومـا أمـرنـا الا واحدة كلمح بـالبصر»(١٤)

***

٢٧

لـــــــە قـــــودرەتـــــی صەمــــــەدا
مـــــەطــــەرێکـــــی بـــــیّ عـــــەددا
غـــــەلــــیـــــظـــــە وەك شەهـــــوەتـــــا

***

٢٨

چـــــهـــــل شەو و چـــــهـــــل ڕۆژانـــــا
لـــــە خـــــەزێنـــــەی ڕەحـــــمـــــانـــــا
تـــــەبـــــاریّ ئـــــەو بـــــارانـــــا

***

(١٤) بڕوانە: ئایەتی (٥٠) سوورەتی (القمر).

٢٩

رادەوەستـــــــــــیٚ بـــــــــــەحاڵەك
سوبـــــحـــــانـــــە تـــــەبــــارەك
(رویـــــتــــــی!) بـــــە یــــەك جــــارەك

***

٣٠

(لــوی کــو ارض!) رۆهــێشت تــەمــامــا
بــە ئــەمــری یــەکــی عــەلــلامــا
(لــیــکــدی لــیــم دیــن!) عــیــظــامــا

***

٣١

عــــەودە دەبـــــن جــــیسم یــــەقین
دەلـــــیــــلـــــە قــــەولـــــی مــــوبین
«هـذا یوم الفصل جمعناکم والاولین»(١٥)

***

٣٢

ئــــەو خـــالـــیــقـــی پـــڕ ئـــەدەبـــە
ئــــــەمــــــری دەکـــــرد سەبــــــەبـــــە
هـــەڵـــدەستن چـــەهـــار مـــوقـــەڕڕەبـــە

***

٣٣

ئـــــــەو چــــــارەن بــــــە دەلـــــــیل
جــــوبــــرەئــــیـــل و مـــیــکـــائـــیــل
ئــــیسرافـــیــــل و عـــــیـــــزرائـــــیــل

***

(١٥) بڕوانە: ئایەتی (٣٨) سوورەتی (المرسلات).

٣٤

ئــــەو مــــەلــــەكــــی دەچــــارا

دەچـنـە سەر نـەبـیـی مـوخـتـارا

دەبین: (قم) بە ئەمری جەببارا

***

(٣٥) ئەو هەڵدەستێ لەگەڵیا

***

٣٦

دەبـێ: جـوبـرەئـیـل ئـەخـیـیـا

ئـەحـواڵـی ئوممەتی من چییا؟

***

٣٧

جوبرەئیل دەبێ: نەبی گوڵباوە

بەوی کەمی هەزارو یەك ناوە!

هێشتا دیوانی ئوممەت نەکراوە

***

٣٨

لەو پاش بە ئەمری یەکی قادرا

بــــوراقــــی لــــەکــــن حــــازرا

لــــەسەر ئــــەرزی ساهــــیــــرا

***

٣٩

لــەوێکــو ئــەرزی (تــنــزلــی!)

لـیـبـاسی ئـەخـضـەر دەغـەمـڵـێ

حـەتـا مـەخـلـووق تـێك دەغـڵـێ

***

٤٠

دەکوتێ ئیسرافیلە

نەفخی، لەوی دەلیلە

بە ئەمری یەکی جەلیلە

***

٤١

(لویلوتی!) نەفخی ئاخر

رووح تێن وەکوو طایر

قالبی خۆ دەبن حازر

***

٤٢

دەلیل (کدی!) موحتاجا

وە ئایەتی مینهاجا

«یوم ینفخ في الصور فتأتون افواجا»[16]

***

٤٣

پێك وەرتێن رووح و جەسەدا

بە حوکمی یەکی صەمەدا

(فی الحال) دەبن موجەدەدا

***

٤٤

کەسێ نەشێ کەسی بناسێ

لەسر ئەرزی رەصاصێ

دەرۆن بە پێ خواسێ

***

(١٦) بڕوانە: ئایەتی (١٨) سوورەتی (النبأ).

٤٥

رادەبـــێ نـــەفـسـی نـــەفـسـی
بـــەتـــیـــنـــوو بـــە بـــرسی
حـــەرارەتـــیـــان لـــە رەئسی

***

٤٦

ئـەو خـــالـــیـــقـا جـــەبـــبـــارا
لـــە قـــەولـــی وە دیـــارا
ئـــاگـــرەك تـــەبـــێ ئـــیـــظـــهـــارا

***

٤٧

نـازەك دەبـــێ مـــوظـــهـــەرێ
لـــە چـــەپ و ڕاستـــان تـــێـتـــە دەرێ
«انـهـا تـرمـی بشرر كـالـقـصر»(١٧)

***

٤٨

ئـــەو خـــالـــیـــقـــی ئـــەمـــیـــرا
لـــە قـــەولـــی دەبـــێ نـــەذیـــرا
«سمـعـوا لـهـا تـغـیـظـا وزفـیـرا»(١٨)

***

٤٩

جـەهـــەنـــنـــەم دەغـەڵـــغـــەڵێ
مـــەخـلـــووقـــی لـــەبـــەر دەخـــەجـڵێ
سەرو پشتـــیـــان لـــەبـــەر دەكـــوڵـــێ

***

---

(١٧) بڕوانە: ئایەتی (٣٢) سوورەتی (والمرسلات).

(١٨) بڕوانە: ئایەتی (١٨) سوورەتی (فرقان).

٥٠

گرد دەبنەوە بە ئاگری
ئەرز حەموو تاو دەگری
ناچار دەبێ رادەبری

***

٥١

ئوممەت دەبنە سێ فیرەق:
یەك موسوڵمانی موصەددیق
یەك کافرە، یەك مونافیق

***

(٥٢) خالیق لەوان ناصەبری[19]

***

لە پاش ئەوێ خەبەری
طەڵەب دەکەن سێبەری
هەڵسێ بدوێ ماجەری

***

٥٣

«یا معشر المسلمین»
وە کوت نەبی بە یەقین
هەم «لا في الاسلام خالصین»، «ولا في الكفر مخلصين»

***

٥٤

لە بۆ هەرچە موسوڵمانە
نازڵ دەبێ میزانە
دەکێشن خەیرو شەڕانە

***

(١٩) ئەم دێڕە ئەگەر لەسەر سێ دێڕەکەی پێشەوەبێ، ئەوە ئەمە یەکەم جارە چوار دێڕ لەسەر یەك (سەجع و قافیە) بڕوات. ئەگەر وایش نەبێت ئەوە دیارە ئەم بەشە ناتەواوە و دوو دێڕی کەمە.

٥٥

وەصیەت لە هەر چار یارا
تۆبە کەن و ئیستیغفارا
دە بەرگ و دەبینن ئەو جارا

***

٥٦

ئیلاهی بە نامی[٢٠]    خۆتی ئەکبەر کەی
بە عەرشی مونەووەر کەی
لە گوناهی دەگوناهکاران گوزەرکەی

***

٥٧

ئیلاهی بەو جەببارا
بەرەکەتێکا موختارا
(میر یەحیا)[٢١]    ئەرجو دارا

***

٥٨

لە خودێ نەبین شەرمەسارا
رەحمەت لە جەماعەتی گوێ دارا
بخوێنن (فاتیحا) ئەو جارا
«تمت من سعید المذنب المجروح من الم الدوران»[٢٢]

***

٥٩

صیراط دەکەن موهەییا
نە ئەرز دەمێنێ نە سەما
«وان منكم الا واردها، كان على ربك حتما مقضيا»[٢٣]

***

(٢٠ ) لە دەستخەتەکەدا (بنا = بەنا) نووسراوە ڕەنگە (می)یەکەی لەبیر کرابێ.
(٢١) ئەوەی بە (یحی = یەحیا)م نووسی لە دەستخەتەکەدا وەك (محی)ش دەچێت.
(٢٢) واتە: بە دەستی سەعیدی بریندارى ئازاری چەرخ نووسرایەوە.
(٢٣) بڕوانە: ئایەتی (٧١) سوورەتی (مەریەم).

٦٠

هەرکەسەکی پڕ خەیرە
هەر وەکی بەرق و هەورە
رادەبرێ (بووای طیورە!)

***

٦١

هەرچی زۆر خواردبو حەراما
زوڵمی لە خۆی کرد تەماما
شەرمەندە دەبێ لە شاما

***

٦٢

ئەی[٢٤] لە هەوای شەهوەتێ
دەردەچێ لە دنیەتێ
ئەو دەچێتە زوڵمەتێ

***

٦٣

دەلیلی قەولی جەلیلا
دە ئایەتە دەلیلا
«ولا تقربوا الزنى انه كان فاحشة وساء سبيلا»[٢٥]

***

٦٤

ئەی نەیکردن صەوم و صەلات
تەمام نەدان سەرفیترەو زەکات
لەبۆ وان دەرتێن خەڵات

***

(٢٤) ئەی: ئەوی.

(٢٥) بڕوانە: ئایەتی (٣٢) سوورەتی (الاسراء ).

٦٥

خــەڵاتــی (دوانم[٢٦] درشن!)

دەبــــەر دەکـــەن دەپـــۆشن

دەگـــرمـــن و یـــەك دەگـــوشن

***

٦٦

ئــەی زۆری کــردبــو غــەیــبــەت

حــەتــا مــردنــێ نــەیکــرد تــۆبــەت

بــۆی تـــەمـــێنـــێ خـــەسارەت

***

٦٧

ئــەی رۆدەنــی[٢٧] لـەکن مـیران

شـەیـتـانـیـی دەکـا لـە فـەقـیران

پـــەتـــی دەکـــەن بـــە زنجیـــران

***

٦٨

ئــەگــەر ئــەتــۆی ریـبـاخـوازی

شـەکــڵـــی لـــە گــوێن بـــەرازی

ئــەی مــەبـغـووزی بــێ نــازی!

***

٦٩

فـەقـێ فـەقـێتـی دەکـا لـەبـۆ نـانـی

عەمەل نەکا بە ئەوەندەکی دەزانی

دەیـــکـــێشن بـــە ئـــەزمـــانـــی

***

(٢٦) (دوانم) لە دەستخەتەکەدا بە (دوهم)یش دەچێت.

(٢٧) رۆدەنی: دادەنیشێ.

٧٠

ئـــەی ڕۆدەنـــی لـــە نـــاو مـــزگـــەوتـــی
دەکـــــا قسەی دە دنـــــــیـــــــەتـــــی
فـــەقـــیـــریـــەتـــی دە قـــیـــامـــەتـــی

***

٧١

فـەقــــــــیـریـــــــــەتـــــــی ئـەبـەدا
وە کـــــــوت یــــــەکـــــی صەمـــــەدا
«وان المساجد لله فلاتدعوا مع الله أحدا»(٢٨)

***

٧٢

ئـــــەی شەهــــــادەی کــــــردبـــــو کـــــەتم
بـــــە نــــاحــــــەقـــی کـــردبــــو عــــەزم
دەسووتــــێنــــرێ بـــــەئـــــاگـــری گـــــەرم

***

٧٣

حـــــەقـــی بـــکـــــەن بـــــە یـــــەقـــیـــنـــا
وەکــــوو یــــــەکـــــی مـــــوعــــیـــنـــا
«وکـــــونـــــوا قـــــوامــــیـــــن»(٢٩)

***

٧٤

لــــەوێ کـــــو هــــەڵـــدەستـــێ زەلـــزەل
دونـــــیــــــا دەبــــێ مـــــــوبـــــــەددەل
دەست و گــــەردن و (خـــــدای عــــمـــــل!)

***

(٢٨) بڕوانە: ئایەتی (١٨) سوورەتی (الجن).
(٢٩) «کونوا قوامین» بڕوانە: ئایەتی (١٣٥) سوورەتی (النساء) و ئایەتی (٨) سوورەتی (المائدة).

٧٥

ئـــەگـــەر تـــۆ عـــەمـــەل خـــراپـــی
ئـــەگـــەر پـــەری و ئـــەگـــەر شابـــی
دە حـــــەجـــمـــیـــدا گـــیـــابـــی

***

٧٦

وەکـــوو هـــەرچـــێ کـــو نـــەبـــیـــیـــا
بـــــە ئـــــەمـــــری ئـــیـــلاهـــیـــیـــا
«وزنوا قبل ان توازنوا» کوت نەبییا

***

٧٧

نــــەبــــی کــــرد ئــــەو سوخــــەن
بـــەڵان حسابـــی خـــۆد بـــێ لـــەکـــن
دە بــــەرگ و دەوکــــاتـــــی مـــردن

***

# بەیتی دەروێش مصطەفا

دانراوی

دەروێش مصطەفا

**بەیتی دەروێش مصطەفا**

ئەو کاتە لە (د.ع)دا یەکەمجار دەقی یەکەمی ئەم بابەتەم دۆزییەوە هەر ئەو سەرچاوەم لە دەستدا بوو کە ناویم نا (کەشکۆڵی بەرزنجە)[1].

بەڵام دوای ئەوە سێ سەرچاوەی دیکەی ئەم بابەتەم دۆزییەوە کە لە هەرسێکیاندا ئەم دەقە بە هەندێ جیاوازیی و کەم و زیادییەوە هەیەو، وەك دەبینی –دوای بەراورد– هەر یەکێکیان تەواوکەری ئەوی دییانە، هەرچەند ئێستەیش دەقەکە وەك پێویست نەگەیوەتە ئەو ئاستەی بێ گرێ و گۆڵ و بێ گومان بێت، بەڵام هەرچۆن هەیە کە ئەمە لە دەستدا بێت باش وایە بەم شێوەی کە هەیە جارێکی دیکە بڵاو بکرێتەوەو بخرێتە بەردەستی خوێنەران، بەڵکو لەمەولایش نوسخەی دی و زانیاریی نوێی لە بارەوە بدۆزرێتەوە.

تا ئەو کاتە دەڵێم:

١– مێژووی ئەم دەقەمان لە دەستدا نییەو دانەرەکەی جگە لەوەی ناوی (دەروێش مصطەفا)یە هیچی تری لێ نازانم و، نازانم کەی و لە کوێ ژیاوە.

٢– واپێدەچێت دەقەکە کۆن بێت و ماوەیەك بەسەر زاری خەڵك و لە ناو چینی ڕۆشنبیراندا دەماو دەم و دەستاو دەستی کردبێت، بۆیە وا دەقەکان جیاوازیی زۆر لە نێوانیاندا هەیە.

٣– بە دووری ناگرم نووسەرەوەکان خۆیان کەم و زیاد و گۆڕانکارییان تێدا کردبێت.

٤– وەك لە پێشەکییەکەدا نووسیومە مەبەستم لێکدانەوەو دیراسەی ئەم دەقانە نییە، تەنیا مەبەستم ئەوەیە بتوانم دەقەکان بە دروستی بە ڕێنووسی باوی کوردی، یان بە ڕێنووسەکەی خۆی بخەمە بەر دەستی لێکۆڵەرەوان.

بۆ ئەم دەقە سێ سەرچاوەم لەبەردەستدا بووەو، لە ڕووی سەرچاوەوە دەقەکەم چۆن بۆ خوێنرابێتەوە وەهام نووسیوەتەوە.

سەرچاوەکانیش بریتین لە:

١– کەشکۆڵی بەرزنجە: بە (ب) ئاماژەم بۆ جیاوازییەکانی کردووە.

٢– گوڵزاری بەهار: بۆ جیاوازییەکانی نیشانەی (گ)م داناوە.

٣– کەشکۆڵی تۆفیق: بۆ ئەمیش نیشانەی (ت)م داناوە.

ئەم سێ سەرچاوەیش سێ سەرچاوەی ڕەسەنی کەلەپووری کوردین و باسی هەرسێکیانم لە بەرگی یەکەمی (ئەلبوومی کەشکۆڵ)دا کردووە.

---

(١) بڕوانە: بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد... بەرگی یەکەم، ل: ١٨٥.

١

بـەحری فـوراتت[١]  بـێ پـایـان
(الآن کـــان کـــمـــا کـــان)

***

٢

مـەوجـوودت کرد ئـینس و جـان
(الآن کـــان کـــمـــا کـــان)

***

٣

پـادشای عـەرشی مـەعـمووری
صـاحـیـبـی جـەنـنـات و حووری
تـۆ حـاکـمـی بـێ قـوصووری
تۆی مەوجوودی نارو نووری[٢]
ئـەوەڵ هـەر تـۆ تـۆی ظوهـووری
نـــە لـــەژێری نـــە لـــە ژووری
نـە لـە ئـەطـراف نـە لـە دووری
بێ جێ و مەکان لە حوضووری
بـاقـی هـەر تـۆی بـێ خـوطـووری
لـە شیـرکـی مـوشریـکـان دووری
(الآن کـــان کـــمـــا کـــان)

***

٤

ئـەی واحـیـد تـۆیـی[٣]  ئەحەد
ئــەی پــادشاهــی[٤]  صەمەد

---

(١) بەحری فوراتت (گ) مجیر ذاتت = موجیری ذاتت
(٢) ئەم دێڕە لە زیادەی (ت)یە بەڵام ڕەنگە مەوجوود دروستتربێ وەك لە (ب)شدا هەیەو وایە.
(٣) تۆیی (گ) هەرتۆی
(٤) جەوادی (ت) واجیدی، بەگوێرەی (گ) ئەم دێڕەو دێڕی پێشوو پاش و پێشن.

ئـەی جـەوادی مـومـەجـجـەد[٥]
ئـــەی وەصفـــی ذاتت صـەمـــەد[٦]
بـێ دای بـێ بـاب[٧] (لـم يولد)
بـــی فـــەرزەنـــدو (لـــم يـــلـــد)
تـاك و تـەنـیـا هـەر تـۆی فـەرد
ئـەووەڵ خـولـقـانـدی[٨] ئـەحمەد
لـــــە نـــــووری ذاتت سـەرمــــــەد
نــــاوت لــــێ نــــا مــــوحــــەممەد
(الآن كـــــان كــــمــــــا كــــــان)

***

٥

دە[٩] پێش هـەموان روحی ئـەوی
دە[٩] بـەر هـەموان عـەقڵی ئـەوی
مـەخلـووق هـەمـوو لـە نووری وی
مـورسەل هــەمــوو زەڕێك لــەوی
کـەون و مـەکـان قـەطرێك لـەوی
لــەوح و قــەلــەم دەفـتــەری وی
هـەفت ئـاسمـان دەورانـی[١٠] وی
شەمس و قەمەر لە حوسنی وی
(روض الجنان)[١١] ژ لوطفی وی

(٥) قافیەی ئەم کۆپڵە لە (ت) و (ب)دا (مومەججەدە) و (صەمەدە) و (فەردا) و (ئەحمەدا)یە.
(٦) صەمەد (گ) سەرمەد.
(٧) بی دای بێ باب (گ) بێ داك و باب
(٨) خولقاندی (گ) خولقاندت
(٩) دە (گ) لە (لە هەردووجێگەکەدا)
(١٠) دەورانی... (ت) سەیوانی وی
(١١) روض الجنان لە (گ) رەوض و جینان ژە.

مەخلووق هەموو موحتاجی وی
(الآن کــــان کــــمــــا کــــان)

***

٦

ئـــەی پـــادشاهـــی لـــە حـــەقـــا[١٢]
ئـــەی کـــردو کـــارت مـــوشفـیـقـا[١٣]
هـــەفت ئـاسمـان هـــەفت طەبـەقـا[١٤]
خـالـیـقـی ئـەشیـان بـە ریـفـقـا[١٥]
ئـــەلـوانـی ڕەنـگـی ئـەبـڵـەقـا[١٦]
بـــەحـرو بـــەڕو هـــەرچـــی شەقـا[١٧]
نـــەرم و شل و هـــەرچـــی رەقـا[١٨]
عـــالمی عـــیـــلـــمـــی سەبـــەقـا[١٩]
ظـــولمات و نـــوورو شەفـــەقـــە[٢٠]
کـوفـرو ضەلال هـــەرچـە حـەقـە[٢١]
لـە ذاتـی ئـەحـمـەد مـوشتـەقـە[٢٢]
(الآن کــــان کــــمــــا کــــان)

***

(١٢) لە حەقا (گ) بالحق.
(١٣) ئەی کردو کارت... (گ) ئەی کردگاری موشفیق.
(١٤) طەبەقا (گ) طەبەق.
(١٥) بەریفقا (گ) بە ویفق
(١٦) ئەبڵەقا (گ) ئەبڵەق
(١٧) هەرچی شەقا (گ) هەرچە بی شەق
(١٨) هەرچی رەقا (گ) هەرچە بی رەق
(١٩) سەبەقا (گ) ماسەبەق
(٢٠) نوورو شەفەق (گ) نووری شەفەق
(٢١) ئەم دێڕە لە زیادەی (ت)یە بەڵام لەوێ (ظال) نووسراوە، ڕەنگە هەڵە بێت و (ضەلال) بێت. بەڵام دیسان ماناکەی تەواو نییە.
(٢٢) موشتەقە (گ) موشتەق.

٧

ئـــەی پـــادشاهـــی بـــێ خـــەطـــەر
بـــێ دای بـــێ بـــاب بـــێ پـــدەر[٢٣]
یـــا حـــەی هـــەر تـــۆی بـــێ زەرەر[٢٤]
بی جێ و مەکان بێ خواب و خور[٢٥]
بـــێ دەست و پـــا ئـــەعـــزاو و سەر[٢٦]
صانـیـعـی صونـعـی کـۆی حـەجـەر[٢٧]
(طـــوبـــی لمن بـــە شکـــر)
(ویـــل لمن بـــە کـــفـــر)
(لـــلـــتـــائـــبين قـــد غـــفـــر)
بـــەخـــۆت دەنـــووسی خـــێرو شەڕ[٢٨]
(الآن کـــان کـــمـــا کـــان)

***

٨

ئـــەی (کـــنت کـــنـــزا مـــخـــفـــیـــا)
وەصفـــی زاتت ڕێی تـــی نـــیـــیـــە[٢٩]
نـــە عـــەرش و لـــەوح و کـــورسیـــیـــە
نـــە جـــەنـــنـــەت و نـــە حـــووریـــیـــە
نـــە جـانـــی بـــن جـــان جـیـنـنـیـە[٣٠]
نـــە ئـــادەم بـــوو نـــە نـــێویـــیـــە[٣١]

---

(٢٣) بێ دای... (گ) بێ داك و باب و پدەر.
(٢٤) یا حەی... (گ) یا حەی تۆ هەر بێ ضەرەر.
(٢٥) بێ خواب و خور (گ) خواب و خور.
(٢٦) پا ئەعزاو و سەر (گ) بێ ئەعضاو سەر.
(٢٧) صانیعی... (گ) صانیع و صونعەت کەر حەجەر.
(٢٨) ئەم دێڕە لە زیادەی (ت)ە.
(٢٩) ڕێی تێ نییە (گ) ئیدی نییە.
(٣٠) نەجان ... (گ) نەجان بوو نە جننیە.
(٣١) نەنیوییە (گ) نە ئینسییە.

نــه نــووح لــه غــەرقــی نــەجــیــیــه
نــه ئــیــنس و جــیــنــن و پــەریــیــه
نــه بــەحــرو بــەڕو مــاهــیــیــه[٣٢]
خــولــقــانــدت نــووری نــەبــیــیــه[٣٣]
بــەغــەیــری وی قــەد کــەس نــیــیــه[٣٤]
مــاسیــوا ئــەمــری رەبــیــیــه[٣٥]
(الآن کـــان کـــمـــا کـــان)

***

٩

تــۆی مــەوصووفــی پــڕکــەمــال[٣٦]
تــۆی ئــەڵــلاهــی بــێ مــیــثــال
تــۆی پــادشاهــی (لایــزال)
تــۆی صانــیــعــی بــێ خــەیــاڵ
قــادری قــودرەت ژە بــال
هــەر تــۆی (مــحــول الحال)

(٣٢) ئەم دێڕە لە (ت)دا (نەگاە بوو نە ماهییە)یە..
(٣٣) ئەم دێڕەیش لە زیادەی (ت)یە.
(٣٤) بە غەیری (گ) بە فەردی
(٣٥) ئەم دێڕە لە زیادەی (ب)ە
(٣٦) تۆی... (ت) لەم کۆپلەدا تا دوایی قافیەکان جۆرێکی دییەو بەم شێوە هاتووە:

تۆ مەوصووفی پڕ کەمالی
تۆ ئەڵلاهی بێ میثالی
تۆ پادشای لایەزالی
تۆ صانیعی بێ خەیاڵی
قادری قودرەت جیبالی
هەر تۆ (محول الحال)ی
مونتەقیمی کوفرو ضەلالی
تۆ عالم بە کوللی حاڵی
دابیری شەمس و هیلالی

مـونـتــەقـیـمـی کـوفـرو ضـەلال
عــالــیــمــی بــە کــولــلــی حــال
دایـــــری شـەمس و هـــــیـــــلال
(الآن کـــــان کـــــمـــــا کـــــان)

***

**١٠**

ئەڵلا هـەبوو قـەط چە[٣٧] نەبوو
بـوونـی وی نـەبـوونـی نـەبوو
حین و زەمـــانــی لــێ نــەبــوو
ئــەزەلــی بــوو ئــەبــەدیـی بــوو
لــە ذاتــی غـەیـران غـەنـیـی بـوو
(دایـــم بـــو هـــر او بـــو!)
لـە کـەون و مـەکـان خـالـی بـوو
لە جیسم و جانان بەری بوو[٣٨]
ئـەووەڵ ئـاخـر ظـاهـیـر ئـەو بـوو
بـــاطین سیـــوای وی نـــەبـــوو
(الآن کـــــان کـــــمـــــا کـــــان)

***

**١١**

بـەئـەمری پـادشای سوبحان[٣٩]
فـــانـــی دەبــن ئـــیــنس و جـــان
قــەط نــامــێنــێ حین و زەمـــان
مــەحــو دەبــن هــەمــوو دەوران
مــەلــەك دەفـع دەكـەن كـوتـبـان
ئـەمـر دەكـاتـە بـا سوبـحـان[٤٠]

(٣٧) ئەم دێڕە بەس لە (ب) و (گ)دا هەیە.
(٣٨) ئەوبوو (گ) بوو (ئەو)ەکەی نییە
(٣٩) ئەم دێڕە لە (ت) وەرگیراوە
(٤٠) نوسخەی (براله) و (گوڵزاری بەهار) لێرەدا تەواو دەبن.

دەکـاتـە دەشت هـەمـوو چـیـان
هـیلاك دەکـا کـولـلـی ئـەشیـان
ئـەرض دەکـاتـە ڕووی دەربـان
(الآن کـــان کـــمـــا کـــان)

***

۱۲

خـالـیـقـی خـەلـقـی کـەریمە
(محي العظام الرميم)ە
صاحـیبـی عـەرشی عـەظیـمـە
مـوحـریـقـی نـاری جـەحـیـمـە
ئـەو بـاقـیـیـە ئـەز فـانـیـمـە
ئـەو مـەوجـوودە خـۆ ئـەزنـیمـە
بـە غـەیـرەز ئـاب و گڵ نـیمـە
شەیـطـانت کـردیـە رەجـیـمـە
بـنـغـوفـرێنـی یـا رەحـیـمـە
داخـڵـن کـەی لـە نـەعـیـمـە
(آمـــین آمـــین آمـــین آمـــین)

***

۱۳

بـە ئـەمـری پـادشای جـەلـیل
رۆحـان دەکـێشێت عـیـزرائـیل
قـەط نـامـێنـێ یـارو خـەلـیل
لـێك دەسـتـێنـێ داك و طوفـەیل
نــە شاە نــە مـیـرو نــە وەزیـر
نـە میر نـە جوندیی نـە وەکیل
نـە ساغـان دێڵـێ نـە عـەلـیل
نـەخـان نـەپـادشا نـەموغـیـل
نـە مـەلـەك و نـە عـیـزرائـیل

دنــیــای دەکــاتــن ذەلــیــل
(الآن کـــان کـــمـــا کـــان)
***
١٤
واحـیـد (الـلـه) تـۆی نـاصری
بێ خواب و خۆر بی فیکیری
له غەمم و غوصصان رابوری
تـۆی (الـلـه)ی کـولـلـی دەهری
تـۆ حـاکـمـی کـولـلـی عـەصری
یـاڵـڵا بـە حـورمـەتـی خـضری
بــە ضـایـعـن نــەدەی عـومـری
بــە فـیسقـی فـاسقـان نـەگری
بـــە کـــەرەمـــێن لـــێ رابـــری
یـاڵـڵا هــەر تـۆی مـودەبـبـیری
بـەرمـەت شێخ عـەبـدولقـادری
خـــەلاصین کـــەی لـــە ئـــاگـری
(آمـــین آمـــین آمـــین آمین)
***
١٥
(مـــع الأبـــوبـــکـــر و عـــمـــر)
(مـع الـعـثـمـان، مـع الحیـدر)
دەگـــەڵ یـــاری دە پـــێغـــەممەر
دەگەڵ (مصطەفا)ی سەوداسەر
دەگـەڵ شێخـی عـیـبـادەتـکـەر
دەگـــەڵ شوهـــوودی غـــەزاکـــەر

داخـیـلـن کـەی لـە جـەنـنـەتـی
(آمــین آمــین آمــین آمــین)[٤١]

***

(١٦)

(... نـــــــبـــــــی صحـــــــابت!)
بــە جـومـعــەتت و جــەمــاعــەت
بــەشادیــی و بـــە رەقــصـیـیــەت
بــەبــێ زەحـمــەت ئـاسانـیـیـەت
داخـلّــم کــە تــۆ نــەجــەنـنــەت
هەم غوفران کەی تۆ بەرەحمەت
(آمـــین آمـــین آمـــین آمـــین)

***

(٤١) نوسخەی (ت)یش لێرەدا تەواو دەبێت. ئەم کۆپڵەی دوایی لە (ب) وەرگیراوە.

# بيت الحشر

دانراوی شەوقی

## (بيت الحشر)ی شەوقی

چەند ساڵە ئەم دەقەی لێرەدا دەیبینی لەتەك چەند دەقی دیكەدا لەلامن و هەڵمگرتوون چاوەڕوانی ئەوەم زانیاری باشم لە بارەی خۆیان و خاوەنەكانیانەوە دەست بكەوێت، ئەوسا بڵاویان بكەمەوە. بۆ هەندێكیان زانیاریی نوێم دەست كەوت و، لەسەر ژیانی دانەرەكانیان و ئەوەی لە ڕووی نوسخەی دییەوە پەیدا بوون لە پێشەكییەكانیاندا خستمنە ڕوو.

بەڵام بۆ (شەوقی) خاوەنی (بيت الحشر) كە لە دەقەكەدا بە (عەبازادە)یش دەیناسێنێت شتێكم نەدۆزییەوە.

چەند شەوقی دیكە هەیە هەندێكیان هیچیان لێ نازانم، یەك (شەوقی)ش هەیە خاوەنی دیوان بووەو نوسخەی دیوانەكەی هەیە، ئەم شەوقییە خاوەن دیوانە بەزاراوەی كرمانجی ژووروو شیعری گوتووەو بڕوا ناكەم لەتەك خاوەنی (بيت الحشر)دا یەك كەس بن[(١)].

زیاد لەوەیش ئەم دەقە بە شێوازو داڕشتن و زمانەكەیدا لەوەدەچێت كۆن بێت.

هەرچۆن هەبێت لەم هەلەدا دەیخەمە پاڵ دەقەكانی دی، بەڵكو لەمەولاو بۆ چاپی داهاتوو زانیاریی زیاتر لەسەر خۆی و دانەرەكەی بدۆزرێتەوە.

دوو نوسخەی پوختی ئەم دەقەیش لە دەستدایە.

یەكەمیان: نوسخەی دەستخەتی شێخ مەعرووفی سیاگوێزیی.

دووەمیان: نوسخەی (م) محەمەد عەبدولقادر لە پێشەكی (مەهدی نامە) و (تذكرة العوام)دا بەدرێژیی لەسەریانم نووسیوە.

---

(١) بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی، بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی كورد لە ڕێگەی دەستخەتەكانیانەوە، بەرگی یەكەم، چاپخانەی (ومیض) بەغدا، ١٤١٩ك. ١٩٩٨ز. چاپی یەكەم، ل: ١٣٠

## بيت الحشر شوقی راست، مشهور به (عبازاده) است[1]

بسم الله الرحمن الرحيم

(١) احـمد للــــه العـلــــــــی، عـالـی لە نەقص و شيــرکەتــــی
موجيد لە بۆ ئـەرض و سـەما، حــــەتتــــا ئەبــەد داقودرەتــی

***

(٢) حـەتتــا ئەبەد قـادر ئـــــەوە، رازيـــــق لـەبۆ ذيرۆح ئـــــەوە
(محـی الممــات، آخر) ئـــــەوە، راحيـم لە قەبرو ظولمـــەتـــــی

***

(٣) راحيم لـــە بۆ پيرو جـــــەوان، وەقتـــیٚ کـــە نەزع (آيد) بـــەوان
قاصيد لـــە بۆ رۆحــــی رەوان، نـــازڵ بەســــام و هەيبـــــەتـی

***

(٤) نازڵ بۆ ســـەر جيسـم دەبـــیٚ، بـیٚ صــەبرو بیٚ طاقـــەت دەبیٚ
چەشمی سييەهـ موهمەل دەبـــیٚ، فــــەرياد لەبەر ئەو زەحمەتــی

***

(٥) فـــەرياد لەبـــەر ئەو مەردەنـــی، رۆحـــم دەگـــاتە گەردەنـــــــی
قـــــەطعی دەکەن لـە ئەم دونی، حــــەتتا دەچێتــە مەشيــەتـــی

***

(٦) حەتتا دەچی رووحی ئەســـــير، مـەطرووح دەبیٚ جيسـمی حـەقيـر
فەريـاد دەکەن قەوم و عەشيـــر، هــەموو دەکێشـــن کـوربـــــەتی

***

(٧) مەجمووع هەموو طەييار دەکـەن، قـــەبری لـە سـەنگ و خـار دەکەن
سەقفی بەدەن ئەحجار دەکـــەن، واحـــيـد لـــە قـــەبرو حـوفرەتـی

***

---

(١) بەيتولحەشری شەوقی ناسراو بە عەبازادە.

(٨) واحید لـــــە منی بیٚ خـــــەلـەل، (شەوقی) لە رۆحـــی (تی دکل!)
زوبـان دەبێتن بیٚ مـــــەحــــــەل، حاــضر لـــــەبۆ کیتـــابـــەتـــی

***

(٩) حـــاضر لە بۆ گورزی جـــەلیل، قـــــایـــل لە بۆ مەردی ذەلیـــل
(اکتب عمل جرِم[٢] جـــمــــیل) مـــەشغوول لـــە حـالی دەهشەتی

***

(١٠) مەشغوول لە حالی خۆی دەبی، ئەصبوع قەڵـەم، میداد دەبـــی
ریق و، کەفەن مەکتەب دەبـــی، مەختووم بە مۆری ظوفرەتـــی

***

(١١) مـــەختووم دەبیٚ کـەفنی تەنش، مەغلوول دەبیٚ دەرگـــــەردەنـش
نەخواب و خــور نە خــوردەنش، حەتتا کـو ڕۆژی قیـــامـــەتـــی

***

(١٢) حـەتتا کو مونکەر دێتە خـــوار، (کالرعــد في فصـــل البهـــار)
فـــاریق لـــە بـۆ قـەبرو دیــــوار. داخـــڵ بەســام و هـــەیبـەتـــی

***

(١٣) داخڵ لـەگەڵ گورزی[٣] دەســوور، وەجهی سیەهـ، جیسمی مەهوور
ســایل لە بۆ رەببـــی غەفـــوور، تەنبیـە لـــە دین و طاعـــــەتی

***

(١٤) تەنبـیە دەکـــا بـەمری[٤] ئـیلاە، هـەرچـــــە[٥] گوتی رەببم خـودا
ئیمـــــام محەمــــــەد مصطەفا، نـــایم لە عــــەیش و لەذذەتـــی

***

---

(٢) جرم (م) جرمُ.
(٣) گورزی (م) گازی.
(٤) بەمری: لە دەقەکەدا (بامر – بەئەمری)یە لەبەر کێشی بەیتەکە دەبیٚ (بەمری) بخوێنرێتەوە.
(٥) هەرچە (م) هەرکەس.

(١٥) نایـــم دەبـــێ (مثل العروس) (كـــوة) دەبـــێ (فوق الرؤس)
ناظیر لـەبۆ حوورو[٦] عورووس، دایم لە ذەوق و صـــوحـــبـەتـی

***

(١٦) دایم دەبـێ مونکەر نەکـــــیر، بـۆ ئەهلی فوسساق و شـــەریر
(مـن ربك) نـایێـــتە بـــیر، غـــافڵ لـــە رەببی قودرەتـــی

***

(١٧) غافڵ دەبن ئەهـلـــی ســـەعیـر، واریـــد دەبن گـورزی کـــەثیر
جیـــسم و بەدەن میثلی خـەمیر، چیرۆ لـــە شـــەرق و غەربەتـی

***

(١٨) چیرۆ دەکـــەن ئەهلی شـــیرار، ضـــەییق دەبن قـــەبرو دیـوار
خـوێن و صـەدید لێ دێتە خوار، دایم دەکێشن زەحمـــەتـــــی

***

(١٩) دایم لـــەگـەڵ گـــازی دەسـوور، حەتتا کو صەرصەر دی ظوهوور
دنیا دەبێ بێ شـــەوق و نـــوور، مەخلووق لە ضەیق و شیددەتـی

***

(٢٠) مەخلووق لە حاڵی بێ مـــەقـــەڕ، ئەرض و سەما شەمس و قەمەر
زەلزەل لـــەگەڵ کۆهی کیـــبەر، چل ســاڵ بـەوێ کەیفییەتـــی

***

(٢١) چل ساڵ دەبێ ضـــەیقی عەظیم، بەمری خودای حەییی عەلیـــم
فـانیی دەبن[٧] مەخلووق عەمیم، ئیللا مەلەك ذی قوربەتــــــی

***

(٢٢) ئیللا لـــەوان عیزریل دەکـــــا، مەوتی عەظیم حاصل دەکـــــا
کۆهـ و بوحوور زایـــل دەکـــــا، زایل هەموو بە صەیحەتــــــی

***

---

(٦) حوورو (م) حووری و
(٧) دەبن (م) دەبی.

(٢٣) زایل دەبن قەصرو دیوار، مەصبووب دەبن نەجمی صیغار
مەهرووب دەبێ ئیبلیس شیرار، حەتتا بۆ شەرق و غەربەتی

***

(٢٤) حەتتا دەچی قەبری نەبی، دەگری لە لای ئادەم صەفی
عیزریل دەکا نەزعی شەقی، فانیی دەبێ لە دونیەتی

***

(٢٥) فانیی دەبن باقیی مەلەك، نە ئینس و نەجینن و فەلەك[٨]
خاڵی دەبێ دنیا گەلێك[٩]، حەتتا بە وەقتی نەفخەتی

***

(٢٦) حەتتا دەبێ (یوم النشور)، قایم دەبن ئینس و طیوور
جینن و مەلەك دێنە ظوهوور، قادر ئەوە[١٠] لە خیلقەتی

***

(٢٧) قادر دەکا ئەحیا هەموو، چل ساڵ دەبن قایم هەموو
(لایأکلوا لایشربوا)، مەغرووق لە بەحری عەرقەتی

***

(٢٨) مەغرووق لە بەحری بێ عەدەد، خینزیر دەبن، بەعزێ قیرەد
بەعزێ ئەصەمم بەعزێ رەمەد، تەبدیل دەبن لە صوورەتی

***

(٢٩) تەبدیل دەبێ دنیا نوحاس، طیحلەب صیفەت لەیین ئەساس
ناقیم دەبن جیننی یوناس، هەریەك بە قەدری عوقبەتی[١١]

***

(٨) نەئینس و... نەئینس و جینن و نە فەلەك... بێ باشترە.
(٩) گەلێك: ئەگەر (گەلەك) بێ رەوانترە بۆ کێشەکەو سەجعی بڕگەکان.
(١٠) قادر ئەوە (م) قادرە ئەو
(١١) بەقەدری عوقبەتی (م) بەقەد عوقووبەتی

(٣٠) هەریەك لەوان عوریان خەمۆش، حەڕڕی[١٢] شەدید سەر دێتە جۆش
شەمسی حەریر بێ پەردە پۆش، دانیی بە قەدری ریمحەتی

***

(٣١) دانی دەبێ قوربی روئووس، بێ حاڵ دەچن (بیت القدوس)
مەصنووف دەبن طەیرو نوفووس، میزان لە نێوی[١٣] حەشمەتی

***

(٣٢) میزان لە نێو[١٤] خێرو شەڕان، شاهید دەبن ئەهلی کیران (!)
هذا خێرو شەڕی فلاّن، عادل لە حوکم و قەضیەتی

***

(٣٣) عادل دەکا حوکمی رەوان، هەرکەسێ خێری بوو گران
سەرخۆش دەبێ لەهلی جینان، مەکتووب لە دەستی یومنەتی

***

(٣٤) مەکتووب لەبۆ یوسری کەفەر، موخریج دەبێ (خلف الظَّهَر)
مەجروور لەسەر رووتا سەقەر، حەتتا ئەبەد لەو ضەیقەتی

***

(٣٥) حەتتا دەچن موسلیم عەمیم، مەمدوود صیراطی موستەقیم
باریك چو موو (فوق الجحیم) ، (مثلَ السیوف) لە حیددەتی

***

(٣٦) (مثل اللیال) موظلیم دەبێ، دایم مودام زەلزەل دەبێ
مەصنووع لەوی هەفت پرد[١٥] دەبێ، هەر پوللی بەم کەیفییەتی

***

---

(١٢) حەڕڕی (م) گەرمای.
(١٣) نێوی (م) نێوا
(١٤) نێو (م) ناو
(١٥) پرد (م) پول

(٣٧) هەر پرد دەبێ ئـەلفەی عـــولا، ئەلفـــەی نـــەوی، ئـــەلفـەی ســـەوا
مـــەخلـووق دەچـن وەیرا حـــەوا، دایــم لـــەگـــەڵ ئـــەو شیـددەتـــی

***

(٣٨) دایم هـــەمــوو رێ طـەی دەكـــەن، بـەعـزێ چـو بـــەرق ریحلـەت دەكـــەن
بـــەعزێ بەطیء مەشیـەت دەكـەن، ئـــاخر لەوانـــدا ســـیقطـــــەتــــی

***

(٣٩) ئاخر لـــەوان مـــەغـــرووق دەبـێ، شـــیبهی كــوفـــار مـــەحرووق دەبـێ
مەجمووع هـەموو مەغرووق دەبێ، هـــەر یـــەك لـــە قـــەعری طـــەبقـەتی

***

(٤٠) هـەر یـەك دەچێ قـەعری موبین، هـــاویە لـــــە بـــۆ مـــونافیقـــیـــن
طـەبقی جەحــیم (للـمشركــین) ، گـــوێرەك پـەرســـت لـــە ســـەقرەتـــی

***

(٤١) گوێرەك پـەرست میثلـی فـەحـیم، شـــەیطان لـــە لـــــەظایێ موقیـــم
عـــەذاب لـــە بـۆ جووان ئــەلیـم، داخــڵ دەبـــن لـــــە حـوطمـــەتـــی

***

(٤٢) داخـــڵ دەبــن گـــەورو دەیـــــان، ســـەعیر دەبـــێ تـەعیـیـــن بـــۆ وان
عـاصیی دەبن لـــەپشت ئـــەوان، لـــە موجریمـــانـــی ئـــوممـــەتـــی

***

(٤٣) لــــە مـوجریم و ئـــەهلی كوفـار، مـەغلوول دەبن چـــەند صـــەد هـــەزار
مـــەطرووح لە ناو دووپشك و مـار، عـــەقرەب بـــە میثلـــی بـــەغلەتـــــی

***

(٤٤) عەقرەب دەبن هەر وەك بـــەغـــەل، ئـــەفعا طەویل شیبهی جـــەبــــەل
ئەصغەر لـــەوان میثلی جـەمـــەل، مـــەملووء لـــە سـومم و ژەهــرەتـــی

***

(٤٥) مەملوو لـە ژەھـرن (ذی شـرير)، زەرِ زەرِ دەكەن مثيلی حـەميـر
بۆ ئـەھـلـی نيران و سـەعـير، ئاكيل لـە لەحم و شـەحمەتـی

***

(٤٦) ئاكيل دەبێ شـەيئـی ديـگەر، ئيسمی حورەيش مونكەرر نەظەر
هێندەی جيـهان بێ شك كيـبەر، طـاليب لـە بـۆ مەئكوولـەتـی

***

(٤٧) طاليب لـەبۆ ئەهلـی خوموور، مانيع زەكات، طاعەت قوصوور
ئەهلی ريـا مەسـجيدی كـوور، تـەعيين لـەبـۆ ئەو جـەمعـەتی

***

(٤٨) تـەعيين لـەبۆ ئـەهلـی عـەذاب، (ماء الحميـم) وەقتـی شـەراب
لـەتلـەت دەبن ميـثلی كـەباب، كەبدو جگـەر لـە شـوربـەتی

***

(٤٩) كەبدو بـوطوون جـايع دەبـن، حـاضر زەقـووم راتيع دەبـن
(فی الحال) هـەموو ضايع دەبن، مـەسلـووخ لـەبـەر ميـرارەتی

***

(٥٠) مەسلووخ دەبن لەحم و جولوود، مەلبووس دەبن قەطران و دوود
ميثلی جەبەل ئاتەش صوعوود، ماليك دەكـاتن صـەيحەتـی(١٦)

***

(٥١) مـاليك دەكـا ئەمری جەحـيم، جۆشـان دەدا نـاری حەمـيم
گورزی دەسوور صەوتی عەظيم، فەرياد لەبـەر ئـەو سـاعـەتی

***

(٥٢) فـەرياد دەكـەن عـاصی هـەموو، يارەبی تۆی صـاحيب عـەفوو
(تبـنـا علـی مـا قدّمـوا) جيـبريـل بـەوی دەنگێوەتـی

***

---

(١٦) دەكاتن صەيحەتی (م) دەكا صەياحەتی

(٥٣) جیـبریـل لـــەوان مـــــەنظار دەکا، ئوممـــەت هـــەموو هـاوار دەکا
راجیع نـــــەبــی ئـــەخـــبار دەکا، قـایـم دەبــیٚ بــۆ شـــــەفعــەتی

***

(٥٤) قـایم لـــەگـــەڵ چـەند ئەنبـــــیا، سابیق لەوان حاجـــەت رەوا[١٧]
ســـاجید دەبیٚ نـــەزدی خـــــــوا باقی هـــەموو لـــە حـــەیـرەتی

***

(٥٥) باقیـی هـــەموو حـەیران روسـول، ئەحمەد دەبیٚ دەعوەت قـــەبوول
سەرخۆش دەبن ئەهلی مـــەلوول، داخــڵ دەبن لــــە جەننەتـــی

***

(٥٦) داخڵ دەبـن بـەئـەمری[١٨] غەفوور، دەرحاڵ دەکا (شەوقی) سورروور
شـــیعرو غەزەل شوکری شـــەکوور، شادیی لـــە بـۆ ئەم ئوممەتـــی

***

(١٧) رەوا (م) دەدا

(١٨) بەئەمری (م) دەبیٚ (بەمری) بخوێنرێتەوە.

# بەشی دووەم

# پەخشانی کوردی

وەك تـا ئـێستـە بـەدروستـی سەرەتـای نـووسیـنـی شیـعر بـە زاراوەی کرمـانجی خـوارووی نەدۆزراوەتەوەو بـابـەتەکە جێگەی قسەیە، پەخشانی کوردیش بـەو زاراوە جێگەی هـەمـان رازو نیـازو قسەو بـاسە.

لـەمـەوبـەر هـەوڵی دۆزینـەوەی کۆنترین پـەخشانی کوردیی کرمـانجی خواروو دراوەو لەسەری نووسراوە[١]. بەڵام مەسەلەکە یەکلا نەبووەتەوەو، لەڕووی کۆنیی و چۆنیی و چەندیشەوە، دەکرێ لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت و، گەڕان و پشکنین بۆ دەق و نموونەی دیکە بکرێت و، لەوانەیە زۆریشی بوێت تـا کـاروانی ئەم ڕێبازە دەگـاتە قۆنـاغێك دڵ لە سێبـەریدا وچان بگرێت و بحەوێتەوە.

لەم بوارەیشدا هەوڵم داوەو ویستوومە بەشی خۆمی تێ بخەم.

یەکێك لەو بـابەتـانەی دەمێکە لە لامەو ئـامـادەم کردووەو پـاراستوومـە، عەقیدە نـامەیەکە شێخ طاهـای شەمزینی نووسیویەتیەوە، دیارە بە پەیڕەوکردنی لە شێخ و مـامۆستـای خۆی مـەولانـا خـالید، ئـەو دانراوەی نووسیوەو، کـاریگـەریی دانـراوەکـەی مـەولانـای لە هـەمـان بـابـەتدا بەسەرەوە دەبینرێت و، تەنـانەت لە یەکەم بۆ ڕوانین و خوێندنەوەی عەقیدەکەی شەمزینییەوە گومـان بۆ ئەوە دەچێت دانراوەکەی مەولانـا بێت، بەڵام پـاش بەراوردکردن و سەرنجدانی دەردەکەوێت ئەمەی شەمزینیش دانراوێکی سەربەخۆیە.

دانـەیەکی ئـەم نـامیلکەم لە (د.ع) لە بـەغدا دەست کەوت، ئـەو کـاتە نووسیمەوەو دامنـا، بەهیوای ئەوەی نوسخەی دیم دەست بکەوێت و گومـانم لەوەدا نەمێنێ کە دانراوی شێخی شەمـزینـیـیـە، دواتر نوسخـەی محـەمـەد عـەبدولقـادریشم دەست کـەوت، کـە یـەکێکـە لـە سەرچـاوەکـانی ئەم (دەقنـامەی کوردی)یە و بـاسیم کردووە.

ئێستەیش کە هـاتمە سەر نووسینی ئەم دەقنـامە وام بە بـاش زانی هەل لە کیس نەدەم و ئـەمیش بخـەمە پـاڵ ئـەوان. بۆ ئـەم مـەبـەستە دەقـەکەی بەغدام کرد بە بنەڕەت و لەتەك نوسخەی دەستخەتی سیاگوێزیدا بەراوردم کرد. جیاوازییەکانی نوسخەی سیاگوێزیی

(١) بڕوانە: عەلادین سەجادی میژووی پەخشانی کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر (٢٠٠٠) چاپی یەکەم، ل: ٢٦.

هـەروەهـا بـڕوانـە: عـەقـیدەی کوردیی مـەولانـا خـالیدی نـەقشبـەندی. محـەمـەدی مـەلا کـەریم ساغی کردووەتەوەو پێشەکی بۆ نووسیوەو، پەراوێزی بۆ کردووە. گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد، بەرگی هەشتەم، ١٩٨١. ل: ١٩٩.

که بە (م) ئیشارەم بۆ کردووە– لەبەرئەوەی مەعرووفی سیاگوێزیی نووسیویەتیەوە–م لە پەراوێزەوە داناو، لە هەندێ جێگەی نوسخەی سیاگوێزیشدا وشەو زیاتر هەیە کە لە نوسخەکەی دیدا نین، ئەوانەم کرد بە تەواوکەری نوسخەکەی دی و، لە ناو دوو کەوانەی (...)دا دامنان.

هذا (!) رسالهٔ عقاید از کلام سید طه شمزینی – رحمه الله – بزبان کردی، بجهت تفهیم عوام، انشا فرموده(١).

بسم الله الرحمن الرحیم

ئەی برادەری دینی بزانە روکنی ئیسلامی پێنجن، لە سەر هەموو موسوڵمانان واجبە بیزانن و(٢) عەمەلی پێ بکەن.

**روکنی ئەووەڵ:** کەلیمەی شەهادەتەینە بە مەعناوە: (أشهد): ئەمن شاهیدی یەقین دەدەم بە دڵ و، تەلەفوظ دەکەم بە زوبان، بە ئیختیار (أن لا إله): کە نین هیچ مەعبوودێ کە لایق بە پەرستنی بێ (إلا الله): ئیللاّ ذاتی پاکی بێ میثل نەبێ کە تەحەییورو سەرگەردانن لە فکری ئەویدا هەموو مەخلووق، ناوی (الله)یە ، مەعبوودێکی بە حەقە، هەر ئەو وجوودی خۆی بە خۆیەتی، خالیق و حاکمی هەموانە، هەموو عالەم موحتاج بە وییە، ئەو ئیحتیاجی بە کەس نییە، فاعیلێکی موختارە، بێ جێگەو مەکانە، لە هەموو جێیەك حازرە، لە بۆ ئینسانی لە رۆح نزیکترە، لە ذاتی خودادا هەن هەموو صیفەتی(٣) کەمالی، لە صیفەتی(٤) خودادا حەوتیان قەدیمن: حەیاتەو، قودرەتەو، عیلمەو، ئیرادەیەو، بیستنەو، بینینەو، تەکەللومە. ئەم صیفەتانە قەدیمن لە ذاتی خودا جودا نابن، خودا پاکە لە هەموو عەیب و نوقصان.

(وأشهد): ئەمن شاهیدیی دەدەم (أن محمدا): بە حەققەت وەیە (محمد –صلی الله علیه وسلم–) ئادەمییە، عەرەبییە، قورەیشییە، هاشمییە، روومەتی ظەریفە، زۆر ناسك و لەطیفە،(٥) ئەبرۆ گوشادە(٦) ، چاو ڕەشە، نێوچاوانی پانە، ڕەنگی سوورو سپییە،

(١) لە (م)دا نووسراوە: «هذا رسالة عقیدة کردیة نثر از کلام سید طه شمزینی –رحمه الله– کە برای تفهیم عوام انشا فرموده.

(٢) بیزانن (م) بیانزانن.

(٣) صیفەتی (م) صیفاتی.

(٤) لە صیفەتی (م) لە صیفاتی.

(٥) زۆر ناسك و لەطیفە.. لە (م) وەرگیراوە، لە ئەصڵەکەدا نەبوو.

(٦) ئەبرۆ گوشادە (م) برۆی راکشاوە.

صوورەتـی مـوبـارەکـی وەکـو ئـاوێنـە بـە شەفـاف و ڕەونـەقـە، دەرو دیـواری تـێدا دیـارە، ظەریفتر بووە، (لە هەموو ئەولادی ئادەمی)[٧] ئەولادی ئادەمی بالآی ئەوی تەواوە، لەبەر هەتاو سێبەری نەکەوتۆتە سەر (ئەرضی) لە مەککە بە وەڵەد بووە، لەوێ بووەتە[٨] پێغەمەر، لەو پاش چووەتە مەدینە، عومری شەصت و سێ ساڵە، لە مەدینە موتەوەفا بووە، لەوێ دەفن کراوە. قەبری موطەهەرو مەرقەدی مونەووەرو ڕەوضەی موعەططەری لەوێیە، ناوی باوکی عەبدوڵڵایە، کوڕی عەبدولموطەللیبە، ئەویش کوڕی هاشمە، ئەویش کوڕی عەبدولمەنافە، ئەویش کوڕی قوصەییە، ئەویش کوڕی کیلابە، ئەویش کوڕی موڕڕەیە، ئەویش کوڕی کەعبە (کوڕی لوئەی، کوڕی غالیب، کوڕی فیهرە، کوڕی مالیکە، کوڕی نەضرە، کوڕی کینانەیە، کوڕی خوزەیمەیە، کوڕی مودریکەیە، کوڕی ئیلیاسە، کوڕی موضرایە، کوڕی نزارە، کوڕی مەعدە، کوڕی عەدنانە) ناوی دایکی ئامینەیە، کچی وەهەبە لە طایفەی زوهرایە[٩].

ئەو پێغەمەرە کە بەم نەوعە بەیانمان کرد (رسول الله)یە، ڕەوانەکراوی خودایە، لەسەر هەموو جینن و ئینسان و مەلایکەت و[١٠] جەمیعی مەخلووقات بە ئیتتیفاق کە ڕێی حەقیان پێ نیشان بداو، لە ڕێی خراپ مەنعیان بکاو، حوکمی خودا بەتەواویی بەجێ بێنن.

**ڕوکنی دووەم:** ئەمەتە بە ڕاستی و بەدروستیی بە سەعی و بە دائیمی لە هەموو شەوو ڕۆژێکدا پێنج فەرزی نوێژ بەجێ بێنن، لەگەڵ هەموو شەرایط و ئەرکانان.

**ڕوکنی سێیەم:** ئەمەتە (بە ئیختیاری مەردوم) زەکات و سەرفیترە بدەن لەو شتەی کە زەکاتی لێ دەکەوێ و بیدەن بەو کەسانە کە بە شەرع پێیان دروستە، بێ مینتەت.

**ڕوکنی چەهارەم:**[١١] ئەمەتە هەموو مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بن بە موافیقی شەرع.

**ڕوکنی پێنجەم:** ئەمەتە لە عومری خۆتدا حەجێك و عومرەیەك بەجێ بێنی، ئەگەر ماڵت ببێ و ڕێگە ئەمین بێ و دوژمن لەسەر ڕێت نەبێ.

---

(٧) لە (م) وەرگیراوە.

(٨) بووەتە (م) بووە بە.

(٩) زوهرایە (م) زوهرەیە.

(١٠) هەموو (م) ئینسان و جیننان و مەلائیکەتان و...

(١١) چەهارەم (م) چوارەم.

**روکنی ئیمان شەشن**[١٢] **روکنی ئەووەڵ:** باوەڕە بە خودا، چلۆنت باوەڕ بێ بە خودا؟[١٣] : کە ذاتی[١٤] پاکەو بێ میثلە وەکو بەیانمان کرد.

**روکنی دووەم:** ئەمەتە باوەڕ بکەی بە مەلایکەتانی خودا کە هەموو جیسمێکی پاك و لەطیف و نوورانین، لە بۆ ئەمری خودا دایم حازرن، بەرین لە خەو و غافڵیی و لە خواردن، لە ژن و مێردو زاو و زوو نێرو مێ بەرین. لەگەڵ مەخلووقی[١٥] پێکەوە هەن. ئەوان زۆرترن لە قەطرەی باران و بەفرو، لە پەلکی گیاو لە گەڵای داران و، لە دانەی خەلەو خەرمان و ، (لە زیخ و چەم و جۆی باران و) لە عەدەدی کوللی حەیوان و[١٦] جانەوەران و طویوورو ماسیوا،[١٧] بەڵکە لە هەموو مەخلووق[١٨] زیاترن... ئەمانە کە گوتمان[١٩] هەر یەکێکیان مەلائیکەتێکی لەسەر موسەللەطەو بە ئەمری خوا تەصەڕوفی[٢٠] تێ دەکات و، لە عەمەلی دێنێ، لەبەر زۆرییان خودا نەبێ کەس نازانێ عەدەدیان چەندەن، کارو کەسبی ئەوان هەمیشەو دایم طاعەتە، لە هەر حەوت طەبەقەی ئاسمانان جێ پێیەك خاڵیی نییە کە مەلایکەت لە روکووعداو لە سوجووددا نەبێ. بەعزێ دایما هەر لە [قیامان، بەعزێ هەمیشە لە روکووعدان] سوجدەدان، بەعزێ هەمیشە لە روکووعدان، بەعزێ هەروا بە دایم غەرقی گێژاوی بەحری حوضووری جەمالی پاکی خودان، نە ئاگایان لە عالەم هەیەو نە [لە] ئادەمی. یەکێ وا لە سەر شانی راستی ئێمە هەیە خەیران دەنووسێ، یەکێ وا لە سەر شانی چەپی ئێمە هەیە شەڕان دەنووسێ. ئەویانە کە لەسەر شانی چەپە لە ئەمری ئەوی ترایە: ئەگەر کەسێ گوناهێ بکا ئەو نایەڵێ تا حەوت سەعات بینووسێ، بەڵکە تەسبیحێ وە یا ئیستیغفارێ لەوە بکا بە حەسەنات تەبدیل بێ.

---

(١٢) شەشن (م) شش اند.

(١٣) چلۆنت... (م) چلۆن باوەڕێك؟

(١٤) کە ... (م) کە خودا ذاتێکی پاکەو بێ میثلە.

(١٥) مەخلووقی (م) مەخلووقاتی

(١٦) حەیوان و (م) حەیوانات و

(١٧) طویوور (م) طویووران و ماسییان.

(١٨) مەخلووق (م) مەخلووقات...

(١٩) لە (م)دا (کە گوتمان) نییە.

(٢٠) تەصەڕوفی (م) تەصەڕوفاتی

سەرداری هەموو مەلائیکەتان [حەزرەتی] جوبرەئیلە، (صاحیبی پەیغام و دەلیلە) ئەو وەحی و ئەمری خودای بۆ سەر هەموو پێغەمەران هێناوە.

ئیسرافیل نەفخی صووری بە دەستە، عیزرائیل رۆح کێشانی بە دەستە، میکائیل رزقی مەخلووقاتی بەدەستە. صینفێکیان (حملة العرش)ن [عەرشی عەظیمیان بەسەرشان هەڵگرتووە] ئێستە چوارن، لە قیامەتیدا دەبن بە هەشت، صینفی نزیکی دیوانی خودان، صینفی (کروبین)ن، مەلائیکەی عەذابن، صینفی رۆحانین مەلائیکەی رەحمەتن.

**روکنی سێیەم:** باوەڕکردنە بەکوتوبی خودا،بزانە چەندن، یەکصەدوچوارن، صەدی لەوان کاغەزە، دە لەوانە هاتووە بۆ ئادەم، دە لەبۆ ئیبراهیم، سی لەبۆ ئیدریس، پەنجا لە بۆ شیث، ئەمانە هەر صەد ناویان (صحف)ن.

تەورات هاتووە بۆ مووسا. زەبوور [هاتووە] بۆ داوود. ئینجیل [هاتووە] بۆ عیسا. قورئان [هاتووە] بۆ حەضرەتی (محمد المصطفى صلى الله عليه وسلم) موحەممەد –عليه وعليهم الصلاة والسلام– هەموو حەقن و کەلامی خودان. ئەمما حوکمی ئەوانە بەتاڵ بۆتەوە بە [نازڵبوونی] حوکمی قورئان. ئەما حوکمی قورئان باقی دەمێنێ تا ئاخر زەمان بە بێ کەم و زیاد.

**روکنی چوارەم:** باوەڕکردنە بە هەموو پێغەمەران کە لە هەر قەرن و زەمانێکا خوداوەندی عالەم بە وەجهی رەحمەت ئینسانێکی پاك لە گوناهان [بەریی لە هەموو عویووبی ظاهیریی و باطینی] لە هەموو خەڵقی عەصرو زەمانی خۆی زیاترو تەواوتر، بە کەرەمی(٢١) خۆی کردوویە بە پێغەمەرو موعجیزەیشی داوەتێ [کە] هیچ کەس قووەتی موعارەضەو بەرابەرکردنی ئەوی نەبووە کە بە موعارەضە(٢٢) رەددی بکاتەوە. [وەهەم] وەحی بۆ ناردوون کە ئەمری خودا بگەیەنن بۆ ناو خەڵق [و ئوممەتی خۆیان، ئەوان] لە هەموو خەڵقی چاکترن [عەدەدیان] چەندن؟ بزانە(٢٣) صەدو بیست و چوار هەزارن، صاحیبی ئوممەت و مورسەل لەوان یەکصەدو سێزدەن. مەشهوور لەوان چەندن؟:

ئادەم و، شیث و، ئیدریس و، نووح و، هوود و، صالح و، ئیبراهیم و، لووط و، ئیسماعیل و، ئیسحاق و، یەعقووب و، یوسف و، [ئەیووب و]، شوعەیب و، مووساو، هاروون و، خضر و، یوونس و، ئیلیاس و، ئەلیەسەع و، ذولکیفل و، شەمعوون و، ئەشمەویل و،

(٢١) بە کەرەمی (م) بە مەرحەمەتی.

(٢٢) موعارەضە (٩) موقابەلە.

(٢٣) بزانە لە (م)دا نییە. لە بری ئەو (یەك) هەیە.

داوودو، سولەیمان و، زەکەریاو، یەحیاو، عوزەیرو، دانیال و، ئیرمیاو، حەزقیل و [یوشوع و جەرجیس و]، عیساو، موحەممەد – صلوات و وسلامە علی نبینا وعلیهم أجمعین– لەوانە پێنجیان (أولو العزم)ن: نووح و، ئیبراهیم و، مووساو، عیساو، موحەممەد– علیه وعلیهم الصلاة والسلام– یەعنی صاحیبی دینی سەربەخۆن، ئەمما هیچیان پێغەمەری عامە نین(٢٤) غەیرەز [پێغەمەری خۆمان کە] (محمد المصطفی)یە –صلی الله علیه وسلم– ئەو بە ئیتتیفاقی عولەماو(٢٥) بە دەلیلی ئایەت و حەدیث پێغەمبەری عامەیە و، لە هەموو پێغەمەران، بەڵکە لە هەموو عالەم، چاکترو گەورەترە.

**روکنی پێنجەم:** ئەمەتە باوەڕو یەقین بکەن(٢٦) بە ڕۆژی قیامەت، هەرچی پێغەمەری ئێمە فەرموویە لە نیشانانی هەموو دەبن بێ شك [و گومان]، وەکو: پەیدابوونی سوفیان و محەمەدی مەهدی و، دەججال و، هاتنە خوارەوەی حەزرەتی عیسا [پێغەممەر] لە ئاسمانی چوارەم لە بۆ کوشتنی دەججال. وەك پەیدابوونی ئاجووج و ماجووج و (دابة الارض) و گەڕانەوەی مانگ و ڕۆژ بەیەکەوە لە مەغریبی تا نیوەی ئاسمان. وەکو پەیدابوونی دووکەڵ پڕ بە دنیایە. وەکو غەرق بوونی ئەرز لە سێ جێگایە: جارێك لە مەغریب، جارێك لە مەشریق، جارێك لە جەزیرەی عەرەب. وەکو کەمبوونی عیلم و دینان و، زۆربوونی فیسق و خیانەتان [و زیادبوونی بەدیی] و غەیبەت و بوهتان و، سەرداریی بەد ئەصلان. وەکو قەبووڵکردنی پیاوان قسەی ژنیان و گوێ نەکردن لە ئەمری دایك و باوکیان. وەکو کەمبوونی [دینداریی و] عیلم و بێ حورمەتیی عالمان و زۆربوونی نادانان و، عیززەت و حورمەتی فاسقان، هەرچی پێغەمبەر –صلی الله علیه وسلم– فەرموویە لە واقیعاتی حەشر، وەکو وردبوونی کێوان و لەت لەت بوونی ئاسمانان و، رژانە خوارەوەی ئەستێران و، بێ نوور بوونی مانگ و ڕۆژان و، تێکەڵ بوون و وشك بوونی بەحران و... ئەوانەیش و غەیری ئەوانەیشە لەگەڵ باقی واقیعاتی هەموو راستن و دێن و دەبن بێ کەم و زیاد، هەموو حەقن و بێ شك واقیع و ظاهیر دەبن، ئەوجار دەبێ هەموو مەخلووقی راستەوە بن و گردەوە بن لە ئەرزی شامی شەریف، کاغەزی خێرو شەڕان دەدەنە دەستیان، عەمەل دێنە حسابکردنی، هیچ عەمەل لە چاك و خراپ بێ جەزاو سزا نابێ(٢٧).

---

(٢٤) نین (م) نەبوون

(٢٥) یە ئیتتیفاقی... (م) بە ئیتتیفاقی هەموو عولەمای ئیسلامی و بە دەلیلی ئایەت و حەدیث و خەبەردادەنی پێغەممەران.

(٢٦) بکەن (م) بکەین.

(٢٧) نابێ (م) نابن.

بە فرمانی خودا پردێ لەسەر جەهەننەمی دادەنرێ، بەهەشتیی لێ دەپەڕنەوە دەچنە سەر حەوزی کەوثەرێ، جەهەننەمیی لێ هەڵدەخلیسکێن و دەکەونە ناو جەهەننەمی.

شەفاعەت دەکەن بۆ گونەهکارانی گەورەو بچووکی موسوڵمانان پێغەمەران و ئەولیاو (٢٩) مەشایخ و صولەحاو عولەما، کێ موسوڵمان بێ نامێنێ بەئەبەدیی لە جەهەننەمدا و ئەبەدیی نابێ. بیت:

نماند بعصیان کسی در کرو

که دارد چنین سیدی پیشرو

جەهەننەم حەوت طەبەقەن ئێستە لە ژێر حەوت طەبەقەی ئەرزدان، بەهەشت هەشتن لە ژوور ئاسمانی حەوتەمین.

**روکنی شەشەم:** باوەڕکردنە بە یەقین کە خێرو شەڕ بە دەستی قودرەتی خودان. هەموو حەرەکات و عەمەلی مەخلووقات لە ئەزەلدا نویسیاون مەعلوومن لە لای خودای عالەم. لە ئەوەڵ تا ئاخر هەرچی واقیع ببێ دەبێ موافیقی ئەو نویسینە بێ کە وا مەعلوومە لە لای خودا کە خالیقی عەمەلان خودایە مەخلووق سەبەبە بۆ عەمەلی و، ئیختیاری هەر وەك ئاگر سەبەبە لە بۆ سووتانی، وەلێ خودا بەخەیر رازییە و بە شەڕ ناڕازییە. ئەگەر چە ئیرادەو خواهیش بە هەردووکیان تەعەللوقی، هەیە ئەمما چونکە عەبد جوزئی ئیختیاری هەیە دەبێ جەزاو سزای عەمەلی چاك و خراپی بدرێتەوە، یا بە ثەواب ئەگەر چاکە بێ، یا بە عەذاب [ئەگەر] خراپە بێ. (والسلام)

***

لە ژمارە (٢٠١٥٠ د.ع)دا نامیلکەیەکی عەقیدەی بچووك هەیە لەوەی کاك محمدیش و لەوەی لای منیش بچووکترە ئەمە سەرەتاکەیەتی:

ئەگەر کەسێ دەپرسی ئیسلامەتی چییە، ئیسلام پێنج روکنی هەیە، روکنی ئەووەڵی ئەمەتە بڵێ: (أشهد ان لا اله الا الله) مەعنای ئەمن شاهیدیی دەدەم کە هیچ مەعبوودی بە حەق نییە لایق بە پەرستنی بێ ئیللا ذاتی خودا نەبێ. (وأشهد ان محمدا رسول الله) مەعنا من شاهیدیی دەدەم کە محمد رەسوولی خودایەو رەوانەی کردووەتە سەر جین و ئینس. هەرچی ئەو فەرموویەتی بیزانین بیکەین. مەعنا بزانین ئەو محمدە ئینسانە لە عەرەبان لە مەککەی بەوەلەد بووە لەوێ بووەتە پێغەمەر وەحی بۆ هاتووە، هیجرەتی کردووە هاتووەتە مەدینە.

### عەقیدەی مەولەوی بە پەخشانی کوردی

هەر لەم ماوەدا کە سەرگەرمی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی دەقنامە بووم لە کەشکۆڵێکدا (پاشماوەی) یان بەشێك لە (عەقیدەیەکی مەولەوی)م بە پەخشانی کوردی دۆزییەوە، هەرچەند ئەم دەقەم لە بەرگی هەشتەمی بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کوردی...شدا دانا بۆ بڵاوکردنەوە، وام بە باش زانی لێرەیشدا لە تەك دەستە خوشك و هاوڕێکانیدا بڵاوی بکەمەوە، بۆئەوەی هەر کەسێك ویستی لێکۆڵینەوە لەسەر تێکستی کوردی بکات زیاترین نوسخەو سەرچاوەی لەبەردەستدا بێت.

بۆ ئەم دەقەیش و دەقەکانی دیش ئەگەر لە نوسخەیەك زیاتریانم لەبەردەستدا بێت بەراوردیان دەکەم و جیاوازییەکانیان لە پەراوێزەوە دیاری دەکەم لەوە بەولاوە، چەند روونکردنەوەو سەرنجێکی لێ دەرچێت، کاری لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەو ماناو مەبەستی زمانەوانی و، جیاوازیی زاراوە، بەپێی کۆنی و نوێی و دووریی و نزیکی شوێنەکانیان و... دادەنێم بۆ کەسانی پسپۆڕ و خەمخۆرو شارەزای ئەو بابەتانە؛ چونکە ئەوەی من مەبەستمە–و لە سەرەتای کاریشمەوە مەبەستم بووە– ئەوەیە تا بتوانم دەقی کۆن و لەبیرکراو و نزیکەبەلاّو مۆتەکەی لەناوچوون، لە لەناوچوون ڕزگار بکەم. ئیتر دوای ئەوەی دەقەکان لەبەردەستدا بوون ئەمڕۆبێ یا سبەی ئەم هەولاّنەی من و کەسانی دیش، لە هەر شوێن و لایەکەوە خەریك بن، یەك دەخرێن و خەرمانی گەورەی کەلەپووری کوردییان لێ پێکدێت و، کوتان و شەن و کەوکردن و سوورکردنی خەرمانی بەسامانی ئەو سامانە بە هەنگاو و قۆناغەکانی دی تەواو دەبێت.

### دۆزینەوەی دانراوێکی مەولەوی بە پەخشانی کوردی

ئەوکاتە کە نووسیم: مەولەویی شاعیری عەقیدەو سروشت و تەصەووف و،(١) بە پلەی یەکەم بە شاعیری عەقیدەم دانا، دوور نەڕۆیشتبووم و مەبەستم پێکابوو؛ چونکە ئەوەتا مەولەوی زۆرترین و بەپێزترین بەرهەمی لەو بوارەدایەو، ئەوەندەی سەرگەرمی نووسین بۆ ئەو لایەنە بووە هیچکام لە لایەنەکانی دی بەو جۆرە نین. بۆیە سەیر نییە شاکارەکانیشی هەر لەو بوارەدا بن.

---

(١) بە ناونیشانی (عبدالرحیم المولوي شاعر العیقدة والطبیعة والتصوف) وتارێکم نارد بۆ گۆڤاری (الأدب الإسلامي) دوای ئەوەی وشەی (والتصوف) و ئەوەی پێوەندی بە تەصەووفەوە هەیە لێیان لابرد، لە ژمارە (١٥)ی ساڵی ١٤١٨– ١٩٩٧ی ئەو گۆڤارەدا بڵاو بووەوە.

تا ئێستە ئاگامان لە دانراوەکانی (الفضیلة) و[٢] (عەقیدەی مەرضیە)[٣] و (زوبدەی عەقیدە) و[٤] (عەقیدەی مەولەوی)[٥] و (الفوائح)[٦] بووەو هەیە، بەڵام ئەوەی کە باسی نەکراوەو، بەبیری کەسدا نەهاتووە ئەوەیە مەولەوی پەخشانی کوردیی هەبێت[٧].

ماوەیەکە بە بۆنەی ئەوەوە کە چەند سەرچاوەی نایابی دیوانی مەولەویم دەست کەوتووە لە لایەکەوە کە دەکرێ کەرەستەی لێکۆڵینەوەیەکی باشی دیوانی مەولەوی بن و، لە لایەکی دیشەوە تا ئێستە دووسێ کاری نوێ بۆ دیوانی مەولەوی کراون هیچیان لە ئاستی ئەوەدا نین کاری لێکۆڵینەوەی دیوانی مەولەویان لە دوا قۆناغ نزیك کردبێتەوە...[٨] بیر لەوە دەکەمەوە منیش خۆم لەو بوارەدا تاقی بکەمەوەو، هەوڵ بدەم لەبەر ڕۆشنایی ئەو سەرچاوانەدا کە لە دەستمدان و، ئەو تەجرەبانەیش لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەدا بەدەستم هێناون، کارێکی نوێ بۆ دیوانی مەولەوی بکەم.

لەم ڕووەوە لەگەڵ چەند کەسدا رام ئاڵوگۆڕ کردووەو، ئەوانەیش بزانم سەرچاوەیان لەلا دەست دەکەوێ داوای یارمەتیم لێ کردوون. یەکێك لەوانە برای خۆشەویستم

(٢) ئەم کتێبە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس شەرحێکی لێ کردووە بە ناونیشانی (الوسیلة في شرح الفضیلة) ساڵی ١٣٩٢هـ– ١٩٧٢م لە (مطبعة الأرشاد) لە بەغدا چاپ بووە.

(٣) مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس شەرحی لەم کتێبەیش کردووە و ساڵی ١٤٠٧هـ– ١٩٨٨م لە چاپخانەی (الخلود) لە بەغدا چاپ بووە.

(٤) بڕوانە: حەمە صاڵح حاجی مەلا موحەممەدی گەلاڵە، زوبدەی عەقیدە، حوکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٠ی زایینی، ٢٧٠٠ی کوردی.

(٥) ئەم کتێبەیش نامیلکەیەکە بە شیعری کوردیی سۆرانی، من دوو جار چاپم کردووە. جاری یەکەم ساڵی ١٩٧٧ لە چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کوردی لە بەغدا. جاری دووەم لە ژمارە ١٣٠/١٩٩٣ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا لە بەغدا.

(٦) ئەم کتێبەیش بە زمانی فارسییە و مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس شەرحێکی لێ کردووە بە ناوی (فوائد الفوائح) ساڵی ١٤١٦هـ – ١٩٩٥م لە چاپخانەی (دار الحریة) لە بەغدا چاپ بوو.

(٧) بەڵێ پەخشانی زۆری کوردیی مەولەویمان تا ئێستە نەدیوە، بەڵام خۆشبەختانە شەرەفی ئەوەم پێ بڕا یەکەم کەس بووم نموونەی کەمی پەخشانی کوردیی مەولەوی بخەمە سەر لاپەڕەی مێژووی ئەدەبی کوردی. (بڕوانە ژمارە ٦ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردی، محەمەد عەلی قەرەداغی، شارۆیەك لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی دا)

(٨) وەکارەکانی مامۆستایان صدیقی بۆرەکەیی و، حەکیمی مەلا صالح و، دوا کاریش مامۆستایان حەسەن گۆران و، محەمەد حیجازی.

ماموّستا حەمەی حەمە باقییە کە لەم ماوەدا لە ئێران کۆمەڵێك سەرچاوەی نایابی دەستخەتی کوردیی بەدەست هێنابوو و، وێنەیانی دا بە کۆڕی زانیاریی کوردستان. یەکێك لەوانە ئەو دەستخەتەی دیوانی مەولەوی بوو کە نووسەرەوەکەی نووسیویە لەبەر دەستخەتی مەولەوی نووسیویەتیەوە.

داوای وێنەی ئەم دەستخەتەم لە ماموّستا حەمەی حەمە باقی کرد، پاش ماوەیەك عەسرێك تەشریفی هێنا بۆ ماڵمان و، وێنەی دەستخەتەکەی بۆ هێنابووم و، لەتەك وێنەی دەستخەتەکەدا وێنەی کەشکۆڵێکیشی بۆ هێنابووم. سەرەتا سەیری دیوانی مەولەویم کرد کە لەو کەشکۆڵەدا لە دیوانی هەموو شاعیرانی دیکە بایەخی زیاتری پێ درابوو و نزیکەی (١١٤) پارچە شیعری مەولەویی تێدا بوو، دوای ئەوە کە سەرنجی بابەتەکانی دیم دا بەشێك لە (عەقیدەی مەرضیە)کەی مەولەویی بە شپرزەیی تێدابوو، دوای ئەوە پەخشانێکی کوردیم لە بابەتی عەقائیددا بینی، کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی سەرەتاکەی، دوای خوێندنەوەی دووسێ دێڕ هاتمە سەر ئەو بڕوایە دانراوی مەولەوییە.

کە زیاتر سەرنجیم داو لەگەڵ دێڕەکانیدا ڕۆیشتم بینیم زۆر نزیکە لە عەقیدەی مەرضیەکەوە، بۆیە عەقیدەی مەرضیەکەم هێناو کەوتمە بەراوردکردنی لەتەك دەستخەتەکەدا، پاش کەمێك بەراوردکردن بەتەواویی بۆم ڕوون بوەوەو گومانم نەما کە دانراوی مەولەوییەو، لە ناوەرۆکیدا زۆر لە عەقیدەی مەرضیەکەوە نزیکەو واپێدەچێت یەکێکیان لە یەکێکیان وەرگیرابێت و، هەندێ جار گومان بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم دانراوەیانی دوای عەقیدەکە دانابێت و، هەندێ لە شیعرەکانی ئەوی کردبێتەوە بە پەخشان.

ئەم دانراوە قۆناغێکی دی لە پەخشانی کوردیی لەسەر دەستی شاعیری گەورەی کورد مەولەوییدا دیاریی دەکات. کە تا ئێستە لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی نەکراوەو، مێژووی ئەدەبی کوردیی لێی بێ ئاگایە.

**باسێکی دەستخەتەکە**

باسی ئەم دەستخەتەم لە وتارێکدا نووسیوە ڕەنگە لە گۆڤاری (کاروان)دا بڵاوببێتەوە. بەڵام باسی ئەو بەشەی کە ئەم دانراوەی مەولەویدا تێدایە بەم جۆرەیە:

ئەم بەشە چوار لاپەڕەی دەستخەتە کە هەر لاپەڕەیەکیان دوو لاپەڕەی بەیاضەکەی تیدایە. پێوانەی وێنەی دەستخەتەکە هەردوو لاپەڕەکە بەسەر یەکەوە (٨×٣٠)یە. لاپەڕەکان ناوبڕیان هەیەو بەسەر یەکەوە نین، تەنها ئەوەندە نەبێ سەرەتاکەی ماوە. ناوی نووسەرەوەو مێژووی نووسینەوەی دیار نییە.

بەخەتێکی وردی جوان نووسراوەتەوە، بەڵام وێنەکە باش نەگیراوەو ڕەش دەرچووە.

دیارە کاتی خۆی نوسخەیەکی زۆر باش بووە و بایەخێکی تایبەتی بە بەرهەمی مەولەویی تێدا دراوە و، ئەم کتێبە و عەقیدەی مەرضیە و بەشێکی باشی لە دیوانی مەولەویی تێدا بووە.

بەڵام بە داخەوە ئەم کتێبە بەشی زۆری تێدا چووەو، ئەو چەند لاپەڕە پەرتەوازەی ماوەتەوە.

بەگوێرەی سەرباسەکانی عەقیدەی مەرضیەکە ئەم چەند لاپەڕە چەند بەشێکی لە چوار (مبحث)ی ئەویَ گرتووەتەوە و بەشەکانی دی تێداچوون.

ئێمە هەرچەند تەواوی کتێبەکەمان لە دەستدا نییە و ناتوانین بە تەواویی کارەکە هەڵبسەنگێنین بەڵام وەك دەڵێن: مشتێ نموونەی خەروارێکە و، لە ڕووی ئەم چەند لاپەڕەوە دەردەکەویَ مەولەویی وەك شاسواری بواری شیعر بووە، لە بواری پەخشانیشدا لە سەردەمی خۆیدا کەموێنە بووە و، لەو سەردەمەدا سەلماندوویەتی کە زمانی کوردی زمانی نووسین و فێرکردن و کتێب نووسینە و، ئەگەر کەسی ببیَ و خاوەنی ببیَ، هیچی لە زمانەکانی دی کەمتر نییە.

مەولەویی لەم کتێبەدا بەو زاراوە کوردییە صافە بیَ گرێی خۆی، بە شێوەیەکی زۆر ڕەوان، باسێکی گرانی وەك عەقیدەی خستووەتە بەر باس و لێکدانەوە و، سەرکەوتووانە بابەتەکەی ئەنجامداوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم کتێبەیدا هیچ پێشەکی و سەرەتای نەنووسیوە و، یەکسەر چووەتە ناو باسەکە، ئیتر ئەوە نازانم کاتی خۆی هەر وابوە، یان وای بەسەرهێنراوە؟

هەرچۆن ببیَ وا دیارە ئەم کتێبە کتێبێکی گەورە بووەو، ڕەنگە لە قەوارەدا لە عەقیدەی مەرضیەکە کەمتر نەبووبێت و، ئێستەیش هەر چاوەڕوان دەبین بەڵکو نوسخەی تەواوی دەست بکەوێت و، ئەمیش وەك بەرهەمەکانی دی چاوی خوێنەرانی کورد ڕوون بکاتەوە و، کتێبخانەی کوردیش جێگەی تایبەتی بۆ شاکارێکی دیکەی مەولەویی تەرخان بکات.

ئەمەیش ئەو بەشەی کتێبەکە بە دەقەکەی خۆی دوای ئەوەی بە گوێرەی توانا و بۆچوونی خۆم هێناومەتەوە سەر ڕێنووسی کوردیی:

**دەقەکە**

## بسم اللَـه الرحمن الرحیم

«بزانە ئەی کەسێ کە طەلەبی ڕێگەی حەق دەکەی، حیکمەت لە خەلقی ئینس و جیندا عیبادەتکردن بۆ خودایە، عیبادەتکردنیچ تەوەقوفی بەستگە لە ئیمان.

هەر کەس کە ئیمانی نەوێ عیبادەتکردنیچی دروست نییە، ئەگەر چە تەکلیفی لێ دەکرێ.

ئەمجار هەر وەختێ ئیمان شەرط بێ بو دروستی عیبادەت واجبە لەسەر کوللی موکەللەفێ لە ئەووەڵەوە مەعنای لوغەویی و شەرعیی ئیمان بزانێ ئیمانیچ...

ئەمما ئیمان لە ئەصلی لوغەتدا: کرِیانە بە صاحێب ئێمنی، یا کراندنی غەیرە ئێمن[٩].

ئەمما لە عورفی لوغەتدا: ئیسمە بۆ تەصدیق، یانی باوەرِکردنی دڵ.

لەبەر ئەم موناسەبە ئەو تەصدیقە ناو نریاگە ئیمان.

هەرکەسێ بیەوێ خۆی ئێمن دەوێ لە عەذاب و خوذلان، غەیریچ ئێمن دەکا لە تەکذیب و لە موخالەفە.

ئەمما لە شەرعدا: باوەرِکردنێکی قایمە بە دڵ بە هەرچی حەضرەت –صلی الله علیه وسلم– لە طەرەفی خوداوە ئاوردوویەتی، هەر چە ئیجمالە بە ئیجمال و هەر چ تەفصیلە بە تەفصیل؛ چونکە ئیمان ئەمرێکی مەخفیە تەلەفوظکردن لەگەڵ قودرەت بە کەلیمەی شەهادەت شەرطیە.

بەڵێ ماباقی بەحثی ئیمان وەك ئەمە یێژن زیادیی و نوقصانی دەبێ یا نابێ، عەمەل داخیلە یا خاریجیە، تەقلیدیی ئیعتیباری پێ هەیە یا نییە... ئەوە حەواڵەی کتێبی طوولانیە. (إن شاء اللَـه) عومر وەفای کرد دەیخوێنین.

ئەمما بزانە لەبەر ئەمە (لێرەوە!)[١٠] بەعزێ جار وتمان: ئیمان باوەرِکردنی دڵە، بەعزێ جار وتمان: باوەرِکردنێکی قائیمە بە دڵ. یەعنی مەعریفەتی رِووت هیچ نەفعێ نادا.

---

(٩) ئەم تەعریفە لوغەوییە لێرەدا بۆ ئیمان کردوویەتی لە هیچ کام لە کتێبەکانی دیدا نەمدیوە.

(١٠) ئەم وشەم بە باشی بۆ نەخوێنرایەوە بە نزیك لە رِێنووسەکەی خۆی رِوونووسم کرد.

بۆچی کافر فرەیان بووگن مەعریفەتی حەقیان بووگە وەکوو تریچ هەر کافر بووگن.

بەڵکو ئیمان ئاوردن بە تەسلیمی باطینی و بە ئینقیادی قەلبی بەبێ عینادی دەوێ، کەوا لە فارسییا پێی دەوێژن (گرویدن) ڕاستگوی داشتەن.

ئەم باوەڕکردنیچە کە وا بە عیبارەتی تر پێی دەڵێن: ئیذعان ئیعتیقادێکە ثابت و یەقین و جەزمێکی بێ تەردید، لە دوای فەضلی خودای تەعالا (وبیده التوفیق والتأیید) ئیمان دەشێ موکتەسەب بێ یا: لە کەشف، یا لە ویجدان، یا لە دەلیل، یا لە تەقلید.

خۆلاصەی کەلام ئەگەر چە ئیمان لە کەیفیاتە، بێ ئیختیاریە، ئەمما ئەسبابی تەحصیلی ئەو کەیفیەتە چونکە ئیختیاریە بینا لەوە تەکلیف بە ئیمان واقیع بووگە.

لە دوای ئەمە مەعنای لوغەویی و شەرعیی ئیمانمان زانی و، زانیمان ئاوردن چلۆن دەبێ بزانە ئەو ئەصلانە کەوا واجبە ئیمان پێ ئاوردنیان شەشن:

ئەوەڵەمینمان: ئیمان ئاوردنە بە خودای تەعالا، یەعنی باوەڕت ببێ کە خودای تەعالا ذاتێکە (واجب الوجود)ە، هیچکەس ئەوجوودی ناوردگە، هەر بە ذاتی خۆی مەوجوودە، هەر ئەوە کە مەعبوود و مەقصوود و مەوجوودی بە حەقە.

هەر ئەوە بێ شەریك و بێ نەظیر و تەنیای موطلەقە.

حەقیقەتێکە(١١)، بێ چەند و چۆن، لە دائیرەی زانینی عەقڵ و خەیاڵی هەموو عاقڵێ بیروون.

ئەزەلیی و ئەوەلیێکە بێ بیدایەت، ئەبەدیی و ئاخریێکە بێ نیهایەت، نە صوورەتییە نە هەیوولاتیی، نە جیسمییە نە جیسمانی، نە زەمانییە نە مەکانی، نە زەمینییە نە ئاسمانی، نە عەرەضە و نە جەوهەرە، لە جیهەت و حەیز ئەودەرە، غەیرە موتتەصیفە بە حادیث،هەر خۆیە، نە ئیتیحادی بۆ ثابتە نە حولوولی هەیە، (من حیث الذات) لە هەموو چشتێ دوورو تەریکە، بە موقتەضای صیفات بە هەموو چشتێ نزدیکە، مووجیدی عالەم لە عەدەم، خالیقی مومکینات سەرجەم. (مؤثر في الوجود) هەر ئەوەو بەس (جل جلالە وتعالی جنابە الاقدس).

بێ وێنە و مادە، بێ مودە و ئالەت.

وەبێ ماندەگیی و عەجز و مەلالەت.

---

(١١) لێرەدا دوو لاپەڕەی یەکەم کە بەیەکەوە وێنەگیراون تەواو دەبێ.

ئەم باسە لە لاپەڕە (١٤٥)ی عەقیدەی مەرضیەدا– لەتەك جیاوازییدا– بە شیعر هەیە.

ئاوردیە وجوود گشت ئەجزای عالەم
لــە عــەدەم، دیسان دەیــواتــۆ عــەدەم
لە ئەزەل ئەو بوو نە هیچ بوو نەکەس
بەبێ چوون لەگەڵ هەموو چتیچ هەس

پاك و ...(١٢) لە عەیب و نەقص و زەوال، مەوصووفە بە هەموو صیفەتێكی كەمال، چە صیفەتی جەلال و چ صیفەتی جەمال، صیفاتی خودای ئیحاطەی پێدا نادرێ.

بەڵێ لە چەند صیفاتی وجوودیە و ذاتیە قسە دەكرێ كە هەموویان هەر وەكوو ذاتن. یــانــی خــاریــجــی دەركــی مــەخــلــووقــاتــن، ئــەزەلین و ئــەبــەدیــن و بــێ كــەیــفــیــەت، نــە موشابەهەتیان بە صیفاتی مەخلووقات هەیە و نە موناسەبەت

حــەیــاتــە و، عیــلــمــە و، ئیــرادە و، قــودرەت،
سەمعە و، بەصەرە و، كەلام، ئەمە هەفت

صیفەتی هەشتەمین (بقا)یە یا (تكوین).

حەیات: یەعنی خودای تەعالا زیندەگیی هەیە ئەمما نەك وەك باقیی زیندەگانە، كە بە نەفەس و رۆح و میزاج دێ، بەڵكو زیندەگیی هەر بەذاتی خۆیە.

حەیاتیچ چونكە صیفەتێكە عیلم و ئیرادە – بەشكو گشت صیفات– لەگەڵ ئەودا بێ یەك نین (امام الصفات)ی پێ دێژن، ئەگەر چە بەرو دوا لە صیفاتی ئەودا نییە، تعالی شأنە.

علیم: یەعنی زانین، زانینیچ صیفەتێكە وەحشەتی پێ مونكەشیف دەوێ، وەختێ كە تەعەللوقی پێوە بوەسێ.

یەعنی خودای تەعالا عیلمێكی هەیە موحیطە بە جەمیعی ئەشیادا، چە واجب، چە مومتەنیع، چ مومكین، چ كوللی، چ جوزئی، لە حەیثیەتی تەعەللوقەوە لە باقیی صیفات شامیلترە.

ئیرادە: یەعنی خواهش، صیفەتێكە ئەزەلیی، هەر لە ئەزەلدا تەعەللوقی بەستگە بە وجوودی جەمیعی كائیناتەوە، لە (لایزال)دا (كل في وقتە) بێتە وجوود، پەس و پێشێ كە لە وجوودی (مرادتدا!)(١٣) هەیە موقتەضای عالەمی ظاهیرە.

---

(١٢) ئــەم وشەم بــۆ نــەخــوێنــرایــەوە لــە عــەقــیــدە مــەرضیــەكــەدا (مـوقـەدەس) نـووسراوە، بـەڵام لـە دەستخەتەكەدا، هەرچەند بۆم نەخوێنرایەوە، وا نییە و شتێكی دییە.

(١٣) ئەمەیشم بە دروستی بۆ نەخوێنرایەوە.

وە ئیللا بووگە، هەیە، دەویٚ، صبحەینیٚ، ئەمڕۆ و، دویٚ بەلای خوداوە نییە (عند ربي لا صباح لا مساء).

صیفەتێکە تابیعی عیلمەو موخەصیصی یەکیٚ لە دوو طەرەفی مەقدوورە بە وقووع، ئایا شەڕ ئایا خێر.

بینا لەمە خودای تەعالا موریدی شەڕ و خێرە. لاکین[١٤] ... حەضرەتی رەببولعالەمین هیچ واجب نییە، نە ئەصلەحی دنیا، نە ئەصلەحی دین. نە لوطفیٚ کە ئینسان نزیك کاتەوە بە طاعەت دووری خاتەوە لە مەعصیەت، نە عیوەض لە هەر دەرد و ئازاران، نە ثەوابی طاعەتگوزاران، نە عیقابی گوناهکاران، نە (هیچکامیترا) لە باقی ئەشیان، حەتتا بۆی هەیە عەذابدانی موطیعان، ثەوابدانی عاصیان، ئازاردانی منداڵان، ئای حەیوانی بەستەزوان.

بەڵکو ئەگەر ثەواب دانیە لە سەر طاعەت مەحضی فەضلە، ئەگەر عیقاب و عەذابیە لەسەر مەعصیەت عەینی عەدلە.

لە هیچ کەس تەکلیف ناکا بە طاعەت
زیادە لە حەدو ویسعەت و طاقەت
غوفرانی بۆ گشت گوناهان دەویٚ
گەورە یا بچووك ئیللا شیرك نەویٚ
مەئالی موئمین بەهەشتە و نەعیم
مەسکەنی کافر حەمیمەو جەحیم

لە وەعدی حەق تەعالادا بە ئیتتیفاقی هەموو لاییٚ، لە وەعیدیچیدا (عند أهل الحق) خولف هەرگیز ناویٚ.

ئیحتیمال هەیە ئایاتی وەعید
مەحموول بن هەموو لە ئینشای تەهدید
شان و حالاٚتی بیٚ حەد شەرەفناك
لە نیسبەت بە حاڵ مەخلووق پاك و چاك
دەمیٚ جەلالی و، دەمیٚ جەماڵی
مەشغووڵی ناکا ئەم حاڵ و لەو حاڵی

(١٤) لێرەیشدا دوو لاپەڕەی دیکەی دەستخەتەکە تەواو دەبێت.

لە لای قەولی موختار روئیەتی حەضرەتی پەروەردگار جائیزە، ئەمما وقووعی لە دنیادا بە بێداریی و بەچاوی سەر بەغەیر لە سەییدی سەروەر –علیە الصلاة والسلام من اللە الأکبر– بۆ کەس نەبووگە و ناوێ.

حەتتا روئیەتێ کە بۆ ئەویچ بوو
دەڵێن وەختێ بوو لە دنیا دەرچوو

ئەولیا–قدس سرهم– کە ئیظهاری روئیەتیان فەرمووگە، ئەوە شوهوودیان قەلبیە بووگە، مەست بووگن، دینیان بۆ روئیەت چووگە.

بەڵێ بە نەقڵێ تەشکیك نەماگە
بۆ زۆر بزورگان بەخەو ڕووی داگە

ئەمما ڕۆژی قیامەت بێ کەیفیەتی موقابەلەو جیهەت روئیەتی (واجب الوجود)ی موطلەق، بۆ جەمیعی موسوڵمان واقیع بوونی بێ تەشکیکە موحەققەقە. (وجوه یومئذ ناضرة الي ربها ناظرة).

عیلمی کونهی ذات بۆ کەس روونادا
نە لە دنیادا نە لە عوقبادا
ئەر بێژی: روئیەت بوو، دەلیل چیە؟
روئیەت موفیدی حەقیقەت نیە؟
ذاتێ نیشانەی بێ نیشانی بێ
دەشێ عیلمی کەس چی لێ زانی بێ؟
ئەوە بێتە ضەبط ذەین و مەعریفەت
هەر وجوودە و سەلب ئیضافە و صیفەت
«لا تقل کیف هو ولا ما هو
جلَ من لا الە الا هو»

... ئەمەتە باوەڕت بوێ وە یەقین کە بۆ حەق تەعالا هەیە نەوعێ لە بەندەکان کە مەلایکەیە.

بە فارسی پێیان دەڵێن: فریشتە
جیسم نوورانی و لەطیف سروشتە
پاك و بێ گوناو فەرمانبەردارن
موطیعی فەرمان پەروەردگارن

هەر ئەمرێ بکاو هەرچە فەرمووگە
نافەرمانییان ناوێ و نەبووگە
ئەو قیصصەی لەگەڵ رەببولعالەم بوو
پرسین لە حیکمەت خەلقی ئادەم بوو
تا حاڵیی ببین گشت لە حیکمەتی
هیچکام نەمێنیٚ عوقدەی شوبهەتی
نە رەخنە لە فیعل (رب العزة) بوو
نە دەرحەق ئادەم طەعن و غەیبەت بوو
ئەرێ مەلیکەین، هارووت و مارووت
کەس بۆ ئیعتیراض ناوێسێتە رووت
وەر مەلەکەین، ئەمە جەوابە
ئازارن[١٥] عەذاب نیە عیتابە
قیصصەی سیحریان بیٚ تان و پۆیە
حیکایەتەکەیچ هەموو درۆیە
ئیبلیس چون لەناو مەلەکاندا بوو
لە صوحبەتیاندا خەیلێکی پیٚ چوو
بە تەغلیب ناوی بە مەلەك بریا
ئیستیثنای لە جەمع ساجیدان کریا
ئەر نە خۆ (جن)ە ئەو (الخناس)ە
شاهیدیچی قەول ئیبن و عەباسە (رضی الله عنهما)
فەرمووگیە: جین، ئەو زومرەیانە
وەلەدیان دەبیٚ ئیبلیس لەوانە[١٦]

***

(١٥) لە دەستخەتەکەدا وەك ئەوەیە کە نووسیم، بەڵام لە چاپەکەدا (ئازاریان)ە ڕەنگە دەستخەتەکە هەڵە بێت.

(١٦) لێرەیشدا دوو لاپەڕەی دیکەی دەستخەتەکە تەواو دەبێت.

چـە لـە صیـفـاتـدا چـە لـە ئـەفـعـالـدا.
ئـــەمما ئـــاگـــا بـــەو خـــاص بـزانـــە
ئەم قـەیدە قـەیدی هـەر سە مـەعنـانـە

ئەسمای حیسانی خودای تەعالا ئەگەر چ بە هەزار و یەك مەشهوورن، وە بە موافیقی شەرع و سوننەتیچ نەوەد و نۆیان مەذکوورن، ئەمما ئەوانیچ هەر وەك صیفات بێ نیهایەت و غەیرە مەحصوورن، بۆچی ئەگەر ئەسمایە ئەگەر صیفاتە هەموو مەنشەئیان کەمالاتە، کەمالاتی نیهایەتی لە مەحاڵاتە، هەر ئیسمێ کە شەریعەت ئیذنی نەداوێ، ئیطلاقی ئەو ئیسمە بەسەر خودای تەعالادا جایز نیە و ناوێ، ئەم قەولە موختارە و زۆر ظەریفە، بۆیە وتگیانە ئەسمائوڵڵا بینای لەسەر تەوقیفە.

ئیطلاق بە عەقڵی کێ دەیتوانی؟
هەر خاصە شەرع و ئەدەب بزانی

بەعزێکیچ وتگیانە: ئیطلاقی بیلا تەوقیف بە طەریقی تەسمیە جائیز نیە، نەك بە طەریقی تەوصیف.

لە لای بەعزێکیچ ئیطلاق هەر دەوێ
ئـەگـەر مـووهـیـمـی نـالایـق نـەوێ
مـیـثـالـی مووهـیم وەك عـاریـف بیرە
هــەرگــاە وەلــی بــێ جـایـز (مـدیـرە!)
بەعزێ تریچ هەن مەزهەبیان وەیە
ئـیـطـلاق –مـوطـلـەقـا– جەوازی هـەیە
قـەولـی هـەمـوویـان صـاحیب خـەلـەلە
هـەر وا کـە وتمان مـوخـتـار ئـەوەڵـە!

ئەم نیزاعیچە کە لە بەینی عولەماندایە نەك لە ئیطلاقی ئەسمای عەلەماندایە، بۆچی کوللە واحیدێ لە طائیفان هەر یەکێ بە عەلەمێ بە لوغەتی خۆیان، وەك لەفظی (الله) وەك لەفظی (یەزدان) ناوی حەق تەعالایان بردگە، هیچ کەسێکیچ لە بوزورگان ئینکاری نەکردگە، مەعلووم بووگە ئیطلاقی ئەمە بە ئیجماعی سکووتیە، ئیجماعی سکووتیچ بۆ ئیذنی شەرع کافیە.

ئەویچە کە شەرع مانیعی ئەویە یا ئەبێ مواردیفیە، وەك ئەوە کە خۆی یا مورادیفی

مەوریدی ئیذنی شەرعیە، ئەڵبەتە ئەویچ جێی نیزاع نیە، بەشکو نیزاعیان لە ئیسمێکدایە کە مەئخووز لە صیفەت و فیعلی حەق تەعالایە.

وە بە حەسەبی شەرع نەبۆ ئەو ئیسمە نە بۆ مورادیفی (نە اذن دار دبووی!) نە مەنع، هەرچە کە ظاهیری شەرع پێی وارید بوووێ و مەعنای حەقیقیی، حەقیقیی دەرحەق بە خودا تەعالا دروس نەوێ وەکو: ئیستیواو، یەدو، وەجهـ و، عەین... ئەوە لە مەعنای حەقیقی ظاهیریەکەی تەنزیهی حەق تەعالا دەکەین، ئەمجار یا تەفویضی دەکەین و ئیمانی پێ تێرین (علی مراد الله) هەر چلۆنێ کە مەزهەبی سەلەفە (رحمهم الله) یا تەئویلی دەکەین بە موجازات و تەمثیل، هەر چلۆنێ کە مەزهەبی خەلەفە (علیهم الرحمة) مەذهەبی ئەوەڵ ئەسلەمە، مەذهەبی دووەم ئەحکەم و ئەعلەمە.

ئەفعالی عەجائیبی حەق تەعالا هەموو بێ غەرەض و بێ عیللەتن، ئەمما پڕ لە حیکمەت و مەنفەعەت و مەصلەحەتن، هەر ئایە و حەدیثێ کە وەهمی عیللەتی لێ ببرێ لە لای ئەهلی تەحقیق تەئویل بە حیکمەت و مەصلەحەت دەکرێ.

هەر چشتێ کە پەردەی عەدەمی لەسەر هەڵگیریاوێ، هاتوێتە وجوود، لەهەر جێگەیێ، بەهەر وەزعێ دانریاوێ، لەم جیهەتەوە کە عیلمی حەق تەعالا مونتەفیە ئیرادەی ئەوێ، موخەصیصیەی قودرەتی ئەوێ، موبریزیە، هەروەها دەبێ و بە مەوقیعی خۆیە لەوە بەدیعتر و ظەریفتر نیە کە هەیە.

(مالك الملك) بە حەق بێ رەیب، حەکیم و عەلیم و بێ نەقص و عەیب، هەر تەصەڕوفێ بکاتە موڵکی شەهادەت و غەیب، ئەگەر قەبضە، ئەگەر بەسطە، ئەر رەحمەتە، ئەر زەحمەتە، ئەر نیعمەتە ئەر نیقمەت.... هەموو حیکمەتە فەضلە و عەدالەتە، مونەززەهـ لە نیسبەتی ظولم و قوبح و جەهالەتە، ظولم و ستەم و مالیکی عالەم؟ هەر قسەی شەطەطە! قەبیح و صاحیب فیعلی مەحموود و مەلیح؟ (ای!) وەهم و غەڵەطە!.

غەیری ئەبدەع و وەضعی بێ مەوقیع حەضرەتی حەکیم و عەلیم؟! (استغفرالله العظیم استغفرالله العظیم)

فیعلەن و حوکمەن دوورە لە فەحشا

موڵکیچ موڵکی خۆی، (یفعل مایشا)

بەر لە وروودی شەرعی شەریف حوکم بە حوسن و قوبحی ئەفعالی ئەهلی تەکلیف کە ئەمیە حەسەنە سەبەبی مەدح و ثەوابە، ئەویانە قەبیحە سەبەبی ذەم و عیقابە نازانێ و نیە، بەڵکو هەر شەریعەتی حەقە موثبیتیە و موبەیینیە.

ئــەوە ئــەر گــێڕای حــەسەن و قــەبـیـح
مــەثــەلا، قــەبـوول واجـبــەو صەریـح
هەر حوسن و قوبحێ بەو مەعنا وێتە
عــەقـڵ بـێ حـوکـمــە و تـێیـدا شێتــە
غــەیــری حــەق حــاکـم نـیــە لــەوێدا
نــەك هــەر لــەوێدا بـەڵ لـە گشت جـێدا
هەر چلۆنێ حوکم هەر حوکمی ئەویە
حـوکـمــی کـەسیـچـی وەسەردا نـیــە
لــــــــــــــــــــــــــەسەر...

# عەقیدەی کوردی

دانراوی

عەبدولعەزیزی بەردەڕەشی بانەیی

## عەقیدەی کوردی پەخشانی عەبدولعەزیزی بانەیی

لە بەرگی سێیەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا نامیلکەیەکی عەقیدەی کوردی پەخشانی مامۆستای مەزن و ڕەنجدەری کورد عەبدولعەزیزی بانەییم بڵاوکردەوە.

ئەم عەقیدەیش بۆ خۆی هەنگاوێکی دیکەی نەزانراو و نەبیستراوی پەخشانی کوردی بوو دۆزرایەوە و بە شێوەیەکی پوخت بڵاوم کردەوە، لەبەرئەوەی ئەم عەقیدەیش سەرچاوەیەکی ڕەسەنی پەخشانی کوردییە و، لێکۆڵەرەوان پێویستییان پێیەتی وام بە باش زانی ئەمیش لێرەدا جێگەی خۆی بگرێت.

ئەوەی دەبێ لێرەدا بیڵێم ئەوەیە: دوای ئەم ماوەی کە بە سەر بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەدا ڕۆیشتووە نوسخەی دیم دەست نەکەوتووە، بڕوایش ناکەم دەستم بکەوێت، خۆ ئەگەر دەستیشم بکەوێت لەم نوسخەم باشتر دەست ناکەوێت؛ چونکە خۆشبەختانە ئەم نوسخە– نوسخەی دانەرەو، مامۆستای دانەری بەو خەتە وردو خۆشەی خۆی نووسیویەتیەوە.

هەر وەك ئەم نوسخە بە خەتی دانەرەکەیەتی لە دەستخەتەکەیەوە شتێکیش دەربارەی ژیانی دەزانرێت، لەبەرئەوە جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئەم شۆڕە سوارەی بواری پەخشانی کوردی و نووسینەوەی کەشکۆڵ و شوێنەواری شاعیرانی کورد بە مێژووی ناودارانی کورد بناسێنم، هەرچەند پێشتر شتێکی کورتم لەسەر نووسیوە... ئەمەی لەسەر دەنووسم:

## ژیننامەیەکی نوێی عەبدولعەزیزی دانەری عەقیدەی کوردی

دوای دەرچوونی بەرگی سێیەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی و بڵاوکردنەوەی (عەقیدەی کوردی)یەکەی مامۆستا عەبدولعەزیزی بەردەڕەشی بانەیی، چەند زانیاریی نوێم لەسەر ژیانی ئەم مامۆستا دەستکەوت، کە ئەگەر وەك پێویست لەسەری بنووسرێت ئەوە هەڵدەگرێت نامیلکەیەك یان بابەتێکی درێژی لەسەر بنووسرێت.

## سەرچاوەی زانیارییەکان دوو جێگەن

یەکەم: نامەیەکی وردو درێژی مامۆستا عەبدولعەزیزی محەمەدییە کە دەکاتە عەبدولعەزیزی چوارەم و کوڕەزای عەبدولعەزیزی سێیەم.

ئەم مامۆستا لە بارەی بنەماڵەکەیانەوە گەلێ زانیاریی نووسیوە.

دووەم: مامۆستا حەمەبۆر لە (کەشکۆڵستان)دا وەك چەند جار نووسیومە: ڕەنجێکی فەرهادانەی دا و لە بەری ئەو ڕەنجەیدا لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر ژیانی بنەماڵەی بەردەڕەشیی بانەیی کردووە و، ژیانی زۆریانی لە ڕووی زانیاریی ناو کەشکۆڵەکانەوە ڕوون کردوەتەوە و، لە ژیانی ئەم مامۆستا – عەبدولعەزیزی سێیەم–ەدا کۆششێکی تایبەتی کردووە و، چەند لایەنی ژیانی ڕوون کردوەتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو زانیارییانەدا شتێکی کورت لە سەر ژیانی دەنووسم، بەڵکو هەلێکی دی ڕێك بکەوێت بە درێژیی لەسەری بنووسم:

مامۆستا وەك خۆی ناو و رشتەی باوباپیری خۆی نووسیوە بەم شێوەیە:

عەبدولعەزیزی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی محەمەدی بەردەڕەشیی بانەییە.

مامۆستا مەلا ئەحمەدی باوکی ڕۆژ و ساڵی لە دایکبوونی بەم شێوەیە دیاریی کردووە: شەشی مانگی (ربیع الأول)ی ساڵی ١٢٦٧ك. بەرامبەر بە ١٨٥٠ لە شارۆچکەی (بەڕۆژە) لە دایك بووە.

لەتەك محەمەد صالحی برایدا دایکیان یەکە. مامۆستا عەبدولعەزیز شاعیر و خۆشنووس و خەتخۆش بووە. بەشێکی زۆری سێ بەرگی کەشکۆڵستان بەری ڕەنجی ئەم مامۆستایەن.

شیعری زۆری خۆیشی لەم بەرگانەدا تۆمار کردووە. نازناوی شیعریی (مەحزوون)ە.

بۆ خوێندن گەلێ جێگە گەڕاوە، ماوەیەك لە دەوروبەری ساڵی ١٢٩١ك لە سلێمانی بووە. ماوەیەکیش پێش ئەوە ساڵی ١٢٩٠ لە سوورێن بووە، لەهەر شوێنێك لەم شوێنانە گوڵچن بووە و ئەدەب و مێژووی کۆکردوەتەوە، بۆ نموونە شێخ حەسەنی سوورێنی بەرزنجەیی تەنها لەلای ئەم مامۆستا بەو شێوە شیعر و شوێنەواری هەیە و، گەلێ کەس هەر ناویشیان نەبیستووە.

هەروەها ماوەیەکی زۆریش لە سابلاخ خوێندوویە و لەوێش ئەم کەشکۆڵە هاوڕێی بووە و لە ئەدەب و مێژوو زانیاریی جۆراوجۆری ئەو ناوە ئاخنیوە.

خێزان و منداڵی هەبووە، مامۆستا حەمەبۆر باسی دوو کوڕی دەکات، بەڵام بەپێی نامەکەی مامۆستا عەبدولعەزیزی چوارەم شەش کوڕی هەبووە.

بۆ کۆچی دواییشی دوو مێژووی جیاواز باس کراوە؛ بەپێی یەکێکیان- وەك مامۆستا عەبدولعەزیزی چوارەم نووسیویە- ساڵی ١٣١٠ك. ١٨٩٢ز. بە تاعوون لە شاری سابلاخ کۆچی دوایی کردووە.

بەڵام بە گوێرەی مێژوویەك کە لە کەشکۆڵەکەدا نووسراوە ساڵی ١٣٠٥ك ١٨٨٧ز لە ڕێگەی حەجدا لە (جیددە) لە لایەنی چەتەو ڕێگرەوە شەهید کراوە.

## سەرەتای چاپی یەکەم

وەك گوتمان دەستخەتی پێنجوێنی بەرهەمی ڕەنج و کۆششی دوو کەسە، یەکەمیان محەمەد حەسەن کە شتێکمان دەربارەی نووسی.

دووەمیان: عەبدولعەزیزی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی محەمەدی بەردەڕەشیی بانەییە.

ئەوەندە دەزانین کە هاوچەرخی نووسەرەکەی دیکە -محەمەد حەسەن- بووەو لە یەك سەردەمدا ژیاون. ئیتر شتێکم دەربارەی ژیانی دەست نەکەوت.

ئەوەی لەم نووسەرە بەڕێزە بەجێماوە یادگارێکی بەنرخ و پڕ بایەخە، کە بریتییە لە نامیلکەی (عەقیدەی کوردی).

**بایەخی ئەم نامیلکە لەوەدایە**

١- یەکەم پەخشانی کۆنی کوردیی ناوچەی موکرییانە - کە من پێ بزانم- تا ئێستە چنگ کەوتبێت.

٢- دوای پەخشانەکانی شێخ حسەینی قازیی و مەولانا خالید ئەمە سێیەم پەخشانی کوردییە کە پێی زانرابێت و باسی لێ دەکەین.

٣- ئەم پەخشانە بە دەستخەتی دانەر خۆیەتی و مێژووی ساڵی دانانەکەی کە ساڵی (١٢٩٥ك- ١٨٧٨ز)ە دیاری کردووە.

من کە ئەم نامیلکە بڵاودەکەمەوە، لەو ڕووەوە نییە کە چاکترین عەقیدەی کوردییە بە زمانی کوردی نووسرابێت. یان ئەگەر بمانەوێ ئێستە نەتوانین عەقیدەیەکی لەمە باشتر بنوسین. بەڵکو لەو ڕووەوەیە کە - وەك وتمان- یادگاری مامۆستایەکی مەزنی کوردە و، نموونەی شێوەی گفتوگۆو نووسینی سەردەمێکی ناوچەیەکی کوردستانە. واتە دەتوانین لە ڕووی ئەم نامیلکەوە گەلێ بەراورد بکەین و، لە بارەی زمان و شێوەی نووسینی کوردییەوە بکۆڵینەوە.

بەڵام جێگەی داخە کە شتێکی ئەوتۆ لە ژیان و بەسەرهات و خوێندن و مامۆستا و...ی دانەرەکەی نازانین. هەروەها ئەوەیش نازانین ئایا ئەم بەڕێزە نووسینی دیکەی بە

زمانی کوردی هەبووە یان نا؟ ئەگەر بوویەتی لە چ بارەیەکەوە بووەو چی بەسەر هاتووە؟ چونکە باوەڕ ناکرێ کە ئەم مامۆستایە لەو سەردەمەدا بیری لە نووسینی کوردی کردبێتەوە و، نامیلکەی کوردی دانابێت و هەر یەك جار ئەو کارەی کردبێت و، ئەو نامیلکە یەکەم و دوا بەرهەمی بووبێت بە زمانی کوردی.

یان بڕوا ناکرێ ئەم مامۆستایە لەخۆیەوە ئەم ڕچەی شکاندبێت و، کەسی دیکە لە پێش ئەوەوە بیری لەم کارە نەکردبێتەوە.

جا ئەگەر وابێت و کەسی دیکە پێش ئەو بەرهەمی کوردییان نووسیبێ، ئەو مامۆستایانە کێن و؟ بەرهەمەکانیان چی و چۆن بوون و؟ ئێستە ماون یان نا؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دیکە لێرەدا – ئێستە– بێ وەڵامن. بەڵام ئەم نامیلکە خۆی لە گیانی خۆیدا بەڵگە و کەرەسەیێکی پوخت و جوانە و لە کاتی لێکۆڵینەوەی پەخشانی کۆنی کوردیدا جێگەی خۆی دەگرێت و لێکۆڵەرەوان و مامۆستایانی زمانی کوردیش لە عاستی خۆیانەوە دەتوانن سوودی لێ وەربگرن.

بۆیە بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکە لەم ڕووانەوە کارێکی شیاو و بەکەڵکە. زیاد لەوانەیش کە باسمان کردن نامیلکەکە لە بەرگی خۆیدا کورتەیەکی عەقیدەی ئیسلامیی بە کوردییەکی سادە گرتوەتە خۆی.

## عەقیدەی کوردی

تۆ بزانە ئەی موسوڵمانێ کەوا ئیمانت ئیختیار کردوە. واجبە لەسەر تۆ کەسبی عیلم و دین بکەی، هەم ئەرکانی ئیسلام و ئیمان فێر ببی، لە هەموو واجیباتی دین لە پێشتریان بزانی، ئەگەر یەکێك لەوان ئەرکانان نەزانی –چ جای هەموویان– تۆ موسوڵمان نی. وەهەم ئەگەر موافیقی ئەوان ئەرکانان عەمەل نەکەی ئەوە لە دیندا دەغەڵی، لەسەر دینی ئیسلام نی.

موسوڵمان ئەوەتە کە ئیمان بێنێ، موافیقی ئەرکانی ئیمان یەقینی ببێ. وە هەم موسوڵمان و دیندار ئەوەتە هەموو ئەرکارنی ئیمان و ئیسلام بزانێ. عەمەلیشیان پێ بکا.

لازمە ئەرکانی ئیسلام و ئیمان بۆتان[1] بەیان بکەم.

---

(١) ڕاست وایە بوترێ: ئیسلام و ئیمانتان بۆ بەیان بکەم.

ئەی موسوڵمانینە! ئێوە بزانن ڕوکنی ئیسلام پێنجن:

**روکنی ئەووەڵ** کەلیمەی شەهادەتە.

مەعنای کەلیمەی شەهادەت ئەوەیە (أشهد): ئەمن شاهیدی دەدەم، یەعنی بە زوبان تەلەففوظ دەکەم، بە دڵ تەصدیق و ئیقرار دەکەم (ان لا إله): نییە هیچ مەعبوودی بە حەق کە لایەقی پەرستن و حەمد و ثەنا و خودایەتی بێ.

(إلا اللّه) ئیللا ئەو خودا نەبێ کەوا ذاتێکی پاك و بێ مثیل و بێ شیبه و بێ مانەندە، خودای هەموو عالەمیانە، ئەزەلییە، ئەبەدییە، بەرییە لە هەموو عەیبان و قوصووران، لە ذات و صیفاتی ئەویدا نییە نوقصان، لە ئەزەلدا بووە، عەدەم لەسەر ئەوی نەبووە، وە هەم ئەبەدیش هەر دەبێ. وەصفی ئەوی قەدیمە. هەموو مەلائیکە، هەموو پێغەمەر، هەموو مەخلووق لە ئینس و لە جین، لە کونه و لە حەقیقەتی ذاتی خودادا موتەحەییرن و جاهیلن و موتەفەککیرن.

ئیسمی ذاتی ئەوی (اللّه)یە، مەعبوودێکی بە حەقە، حاکم و خالیقی کوللی مەخلووقاتە.

هەموو عالەم لە هەموو فەقەرەیێك موحتاجی ئەوین. ئەو لە هیچ عەمەلێکدا موحتاج بە کەس نییە. لە موڵکی ئەودا بە قەدەر موویێك خەلەل و عەیب و نوقصان نییە. سەبەب بە وجوودی خۆی لە هەموو کەس غەنییە، عالەم هەموو ئەو ئیجادی کردووە. ماسیوای ئەوی بە سەبەبی ئەوییەوە مەوجوودن. فاعیلێکی موختارە، هەرچ حەز بکا دەیکا. کەس ناتوانێ ڕەددی بکا، بێ جێ و بێ مەکانە، بێ تەحەییوز، لە هەموو جێگان حازرە، لە ڕۆحی بەدەن بە ئینسان نەزدیکترە. هەیە لەویدا هەموو صیفەت و کەمال، زۆر زۆر مونەززەهو بەرییە لە عەجزو مەلال.

لەو صیفەتانە حەوتیان قەدیمن، هەرگیز لە ذاتی کەریمی ئەوی جودانین: حەیاتە، عیلمە، ئیرادەیە، قودرەتە، بیستنە، دینە، تەکەللومە، ذات و صیفاتی ئەوی پاکن لە عەیب و لە قوصوور، فیعلی ئەوی خاڵییە لە ئیجاب و فوتوور.

(وأشهد): هەم ئەمن شاهیدی دەدەم یەعنی بە زوبان تەلەففوظ دەکەم، بە دڵ ئیقرار و تەصدیق دەکەم.

(أن محمدا): بە تەحقیق ئەو محەممەدەی کەوا: عەرەبییە، قورەیشییە، هاشمییە، چاوڕەشە، ناوچاوان گوشادە، ئەبرۆ کەمانە، ماە ڕوخسار و نوورانییە وەکوو ڕۆژ[٢] صاحیب شوعلەترە.

سوور و سپییە، ڕووی ئەوی لە مانگی شەوی چاردە ڕۆشنترە، وەکوو ئاوێنە صافە، هەموو شتێك لە ڕووی موبارەکی ئەویدا دیارە، لە هەموو مەلائیکەت و بەشەرو مەخلووقی خودا شیرینتر و مەحبووبترە، قەد و بالاّیێکی کاملّی بووە، نە زۆر درێژ بووە، نە زۆر کورت، سێبەری ئەوی نەکەوتۆتە سەر هیچ شتێك، هەمیشە پەڵە هەورێك بەسەر ئەویوە بووە.

(رسول اللّه): رەسوول و فروستادە و پێغەمەر و قاصیدی خودایە بەسەر[3] هەموو جینن و ئینسانان و مەلائیکەتان، تا بەوان نیشان بدا ڕێگەی هیدایەت و خودناسین، مونقادی ئەمری خودا ببن، هەرچی خوا نەهی لیّ کردووە نەیکەن و، هەرچی ئەمری پیّ فەرمووە بیکەن، لە مەککەی بە وەلەد بووە، هەم لەویّ بوو بە رەسوول و، هەم لەویّ لەبەر قەومی کافران هیجرەتی کرد و چووە مەدینەو لەویّ وەفاتی کرد. مەرقەدی موبارەکی لە مزگەوتی مەدینەدایە.

عومری ئەوی شەصت و سیّ ساڵ بووە، پێغەمەرێتی بیست و سیّ ساڵ بووە، لە مەککە چهل و نۆ ساڵ بووە، لە مەدینە دە ساڵ بووە[4] ، کوڕی عەبدوڵلاّ، کوڕی عەبدولموطەلیب، کوڕی هاشم، کوڕی عەبدولمەنافە، ئیسمی دایکی ئامینەی کچی وەهەبە، لە طائیفەی زوهرەیە.

خۆلاصە: ئەو محەمەدە قەط تەعریفی تەواو نابیّ، ئەمما ئەمەندە لە بۆ عەوامان بەسە.

**روکنی دووەمین:** کردنی هەر پێنج فەرزە تەمام و کەمال، هەر چلۆنێك ئەهلی شەرع فەرموویانە.

**روکنی سێیەمین:** بەڕۆژوبوونی مانگی ڕەمەزانە موافیقی شەرعی شەریف.

**روکنی چوارەمین:** زەکاتدانە لە ماڵی خۆت هەرچی بە شەرع زەکاتی لیّ دەکەویّ تەمام و کەمال بیدەی.

**روکنی پێنجەمین:** حەجکردنە بە شەرتێك ماڵت ببیّ. هەر چلۆنێك شەرع فەرموویەتی. دوشمن لەسەر ڕێت نەبیّ، لە بەدەن و لە ماڵی خۆت نەترسی، وە هەم تەریدە[5] نەبیّ، ئەگەر بچی بیتکوژن.

---

(٢) بگوتریّ: (لە ڕۆژ) ڕاستە.

(٣) (بۆ سەر) ڕاستە.

(٤) ئەم قسە تەواو نییە؛ چونکە –بە گوێرەی ئەمە– تەمەنی پێغەمەر –ص– (٥٩) ساڵ دەبێت. ڕاست ئەوەیە کە (٥٢) ساڵ لە مەککە و (١١) ساڵ لە مەدینە بووە.

(٥) تەریدە: جەردەو ڕێگر.

**وە هەم روکنی ئیمان شەشن:**

**روکنی ئەووەڵ:** باوەڕو یەقینە بە خودایێ کە ذاتێکی پاك و بێ میثل و بێ شەریك و بێ قوصوورە.

ئەوصاف و ئەفعالی ئەوی خاڵی لە نەقص و لە عەیب و لە فوتوورە. ئاگای لە کارو لە ئەفعال و لە ئەقوالی ظاهیر و باطینی بەندە هەیە.

**روکنی دووەمین:** باوەڕو یەقینە بە هەموو مەلائیکەتان کە ئافەریدەی خودان، جیسمێکی لەطیف و نوورانین، پاك و بێ عەیب و بێ قوصوورن، هەموویان لە عیصیانی خودای خۆیان دوورن. هەرگیز بێ ئەمریی خودای ناکەن، لە خواردن و لە خەو و، لە هەموو خەطەر دوورن، لە کوللی مەخلووقی خودا زۆرترن.

نیە قەترەیێك لە قەترەی باران، نییە گەڵایێك لە گەڵای داران، نییە بەرگێك لە بەرگی گیاهان، نییە دانەیێك لە دانەی خیزی بیابان و دەشتان و چۆمان، نییە ئەشیایێك لە ئەشیای دەشت و کێوان... ئیللا[٦] لە ژێر تەصەڕڕوفی مەلائیکەتێکدا نەبێ.

یەعنی خوداوەندی عالەم هەر یەکێك لەوان مەلائیکەتێکی لەسەر موسەللەط کردوون[٧] تەصەڕڕوف لەو شتە دەکەن.

ئەمە هەموو بە ئەمری خودایە. کەسبی ئەوان دایم طاعەت و عیبادەت و گریانە، وە هەمیشە لەپێش ئەمری خودای خۆیان ڕاوێستاون و ئیطاعەت دەکەن.

لە هەفت طەبەقە ئەرزی، لە هەفت طەبەقە ئاسمانان نییە جێگایێك کە مەلائیکەتی تێدا نەبێ.

یەعنی بە قەدەر جێ ئەنگوستێك خاڵی نییە؛ بەعزێك لە روکووعدان، بەعزێك لە سوجووددان، بەعزێك غەرقی تەماشاکردنی جەلال و جەمالی خودان و مەستی حاڵن؛ ئاگایان لە دنیا و قیامەت و ئەرز و ئاسمانان نییە.

خوداوەندی عالەم بە فەضل و کەرەمی خۆی هەر ئینسانێ دوو مەلائیکەتی لە سەر شان داناون، یەکێ لەسەر شانی ڕاست، یەکێ لەسەر شانی چەپ. ئەوی لەسەر شانی ڕاستە عەمەلی خێر دەنووسێ، ئەوی کە لەسەر شانی چەپە عەمەلی شەڕ دەنووسێ. قەط دەقیقەیێك لە بەندە غافڵ نین.

---

(٦) ئەم (ئیللا) نەبێ باشترە.

(٧) ئەگەر (کردوە) بێ باشترە.

سەرداری هەموو مەلائیکەتان چوارن، ئەم چوارانە لە لای خودا لە هەموو مەلائیکەتان گەورەتر و موقەڕەبترین[٨].

یەکیان: حەزرەتی جیبرەئیلە، وەحی لە طەرەفی خوداوە لە بۆ هەموو پێغەمەران ئەو هێناویەتی.

دووەمینیان: حەزرەتی ئیسرافیلە، نەفخی صووری بە دەستە، کە قیامەت هات و خودا ئەمری لێ دەکا[٩] لێ دەدا، هەموو مەخلووق زیندوو دەبێتەوە.

یەکیان میکائیلە: رزقی مەخلووقات قیسمەت دەکا، حوکمی نەباتانی هەموو زەمین بە دەست ئەوە.

یەکیان عیزرائیلە: رۆحکێشانی کوللی مەخلووقی خودای بەدەستە.

حامیلی عەرشی خودا ئێستە چوارن، ڕۆژی قیامەت دەبن بە هەشت.

ئەم هەشت مەلائیکەتانە لە کن خودا زۆر موقەڕڕەبن.

مەلائیکەتی[١٠] رۆحانیی ڕەحمەتن، کەڕڕووبی مەلائیکەتی عەذابن.

**روکنی سێیەمین:** باوەڕ و یەقینە بەو کوتوبانەی کە خوداوەندی عالەم ناردوونی بۆ پێغەمەران کە صەد و چوارن.

صەد لەوان کاغەز بوون، دە لەوان خودا نازڵی کردە سەر حەزرەتی ئادەم. پەنجا لە بۆ حەزرەتی شیث، دە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم. سی لە بۆ حەزرەتی ئیدریس، تەورات بۆ حەزرەتی مووسا، ئینجیل لە بۆ حەزرەتی عیسا، زەبوور لە بۆ حەزرەتی داوود.

فورقانی موبین[١١] لە بۆ سەروەری دنیا و دین –صلوات الله وسلامه عليهم أجمعين– نازڵبوونی هەموویان حەقن[١٢] ، هەموو کەلامی خودان، هەموو شەریف و قەدیم و

---

(٨) ڕاست وایە بڵێ: موقەڕڕەبترن.

(٩) پێ دەکا ڕاستە.

زیاد لەوەیش باسی فووپێداکردنی یەکەمی نەکردووە کە بۆ مراندنی خەڵك دەبێت. وەك لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: «ونفخ في الصور فصعق من في السموات ومن في الأرض ألا من شاء اللّه، ثم فيه أخرى فإذا هم قيام ينظرون) الزمر/٦٨.

(١٠) لێرەدا تێکەڵییەك هەیە دانەر نیشانەی پاش و پێش و نوسخەی داناوە و بەو گوێرە دەبێ بە (ڕەحمانی مەلائیکەتی ڕەحمەتن).

(١١) مەبەستی قورئانی پیرۆزە.

(١٢) حەق وایە بڵێ (حەقە).

کامیلن، لاکین وەقتیٚ کە قورئان نازڵ بوو حوکمی هەموویان بەتاڵ و نەسخ و مەحو بوو. حوکمی قورئان تا ڕۆژی قیامەت بیٚ کەم و بیٚ کەسر و بیٚ زیاد دەمیٚنیٚ.

**روکنی چوارەم:** باوەڕو یەقینە دەرحەق پیٚغەمەرانی راهی دین. لە هەر زەمان و ئەییامیٚکدا خودای تەعالا شەخصیٚکی کامڵ و، پاك فیعل و، پاك طینەت و، مەقبوول و، فاضیلتر و چاکتر لە مەجمووعی ئەهلی زەمانی خۆی بە خولوق و، بە عیلم و، بەکاردانی (ناردووە)[١٣]. داویٚتی بەوی موعجیزاتی شیرین و دڵپەزیٚر، کردوویەتی بە پیٚغەمەر لە بۆ هیدایەتی مەخلووقی زەمانی خۆی، کەسیٚ لەو زەمانە قووەت و یارایی و موقاوەمەی ئەوی نەبووە.

لەو دەهرەدا کەسیٚ هەمتای ئەوی نەبوە، وەحی بۆ وی ناردووە بە جوبرەئیلدا کە عەمەلی ئەمری دین بە خەڵق بکا، هەر یەکیٚك لەوان تەعلیمی ئوممەتی خۆیی کردووە بە وەحی خودای عالەمیان.

خۆلاصە: پیٚغەمبەران لە هەموو مەخلووق گەورەترن، عەدەدی ئەوان صەد و بیست و چەهار هەزارن. پیٚنج لەوان (اولو العزم)ن: نووح و ، ئیبراهیم و، مووساو ، عیسا و، موصطەفای باصەفای باوەفای مەلیح –صلوات الله وسلامە علیهم أجمعین–.

لەو پیٚغەمەرانەی عالی هیممەتانە سیٚ صەد و سیٚزدە صاحیب ئوممەتن[١٤]. ئەوی کە مشهوورن: ئادەم و، شیث و، ئیدریس و، نووح و، هوود و، لووط و، صالیح و، ئیبراهیم و، ئیسماعیل و، ئیسحاق و، یەعقووب و، یوسف و، ئەیووب و، شوعەیب و، خضرو، یوشع و، یەسەع و، ئیلیاس و، ذالکیفل و، شەمعوون و، ئەشمەویل و، یوونس و، داوود و، سولەیمان و، زەکەریا و، یەحیا و، عوزەیر و، مووسا و، هاروون و، عیسا و، سەرداری ئەنبیاهان (محمد المصطفی) –صلوات الله وسلامە علیهم أجمعین–.

**روکنی پیٚنجەم:** باوەڕ و یەقینە بە قیامەتی، کە هەرچی حەزرەتی (محمد المصطفی) (د.خ) فەرموویەتی: لە نیشانەی قیامەت وەکوو ظاهیربوونی مەهدیی صاحیبی زەمان، لە پەیدابوونی دەججالی کەذذاب، لە نازڵبوونی عیسا پیٚغەمبەر لە ئاسمانی، لە هوجوومکردنی یەئجووج و مەئجووج، لە ظاهیر بوونی (دابة الأرض) لە پەیدابوونی دووکەڵیٚکی عەظیم لە دنیادا، لە گەڕانەوەی ڕۆژ لە مەغریبی بۆ مەشریقی، لە ڕۆچوونی

---

(١٣) ئەم (ناردوە) نەبوو بە پیٚویستم زانی و نووسیم.

(١٤) دانەر (امّتند= ئوممەتەند)ی نووسیوە. بەڵام ئەم (د)ە لە کوردیدا نییە.

ئەرز جارێك لە مەشریق و جارێك لە مەغریب و، جارێك لە جەزیرەی عەرەبان و، لە كەمیی و نەقص بوونی عیلم و، دین، لە زۆربوونی فیسق و خەیانەتی، لە سەردار و[١٥] گەورەیی بەدئەصلان و، لە سەروەریی و رەهبەریی ناكەسان.

وە هەم هەرچە پێغەمبەر فەرموویەتی لە واقیعاتی ڕۆژی حەشر لە عەلاماتی قیامی ڕۆژی نەشرو، لە ڕووخان و وردبوونی كێوان و، لە لەتبوونی ئاسمانان و، لە ڕژانە خوارێی ئەستێران و، لە تاریكبوونی مانگ و ڕۆژان و، لە تێكەڵبوون و وشكبوونی هەموو بەحر و ئاوان. هەموو حەقن بێ شك دەبێ بێنە وجوود.

هەموو مەخلووق لە جینن و لە ئینسان و هەرچە لە رۆح لەبەرە زیندوو دەبنەوە هەڵدەستن و بۆ حەشر و نەشر دەڕۆن بۆ صەحرای مەحشەر، وەكوو ئەرزی شام بێ، لەوێ كاغەزی خێر و شەڕیان دەدەنە دەست. عەمەلی چاكی و خراپی كوللی مەخلووق دێتە پای حیساب و، سوئال لە عەمەلی هەموو كەسێك دەكرێ، خێر و شەڕی هەموو كەسێك لە ترازوو دەنرێ و دەكێشرێ، بەقەدەر سەرە موویێك عەمەل بێ جەزا نابێ.

ئەمجار لە پاش ئەمانە بە فەرمانی خودای عالەمیان پردی صیراطی پڕ خەوف و بیم، كە سێ هەزار ساڵ ڕێیە: هەزار دەشتەو هەزار سەربەرەژێر، هەزار سەربەرەوژوورە، لە موو باریكترە، لە ئەڵماس تیژترە، بەسەر ئاگری جەهەننەم ڕاكێشراوە، ئەو كەسە كە عەمەلی چاكە وەك بەرق بەسەریدا دەڕوا و دەچێتە بەهەشتی قەرار دەگرێ لە جێگەی خۆی كەوا بۆی موعەییەن كراوە. ئەو كەسە كە عەمەلی خراپە ئەوەی كافرە دەلەرزن و بە زەلیلی و بە گریان دەكەونە خوارەوە، ئەوانە كە موسوڵمانن دەكەونە نێو ئاوری جەهەننەمێ كە لە هەموو ئاوران فێنكترە. پێغەمبەران و ئەولیایان شەفاعەتیان بۆ دەكەن لە جەهەننەمێ دەیان هێننە دەرەوە، دەیانبەنە بەهەشتێ، هیچ موسوڵمانێك بە ئەبەدیی لە جەهەنەمیدا نامێنێ، جەهەننەم هەفت طەبەقە و لە ژێر هەفت طەبەقەوە ئەرزی (وت!) بەهەشت هەشت طەبەقەی ئەوا لە لای ژووورووی هەفت ئاسمانا (نوت!)[١٦].

(١٥) (لە سەرداری و) باشترە.(١٥) (لە سەرداری و) باشترە.

(١٦) (ئەم) دوو وشەم بۆ ساغ نەكرایەوە، وەك خۆیان نووسیمن.

**روکنی شەشەم:** باوەڕو یەقینە کە خێر و شەڕ هەرچە صادر بیّ لە ئینسان و لە غەیری ئینسان هەموو بە تەقدیری خودان، هەر عەمەل و حەرەکەتێك کە لە ئینسان و لە غەیری ئینسان صادر دەبیّ بە ئەمری خودا لە ڕۆژی ئەزەلدا لە (لوح المحفوظ) نووسراوە، هەر لە ئەزەل هەرتا ئەبەد هەر کارێك بێتە وجوود و بکریّ و نەکریّ لە لای خودا مەعلوومە و ظاهیرە.

هەرچە واقیع ببیّ لە کەون و مەکاندا هەموو لە عیلمی ئەزەلیی خودا عەیانە هەر لە ئەووەڵ تا ئاخر. عەبد سەبەبە لە بۆ فیعلی ئیختیاریی خۆی وەکوو ئاگر سەبەبە لە بۆ سووتاندنی دار.

یا ڕەببی ئیسلام و ئیمانی (مەحزوون)ی دڵ پڕ ئەز دەرد و غەریب و سەرگەردان و عاجز و مەلوول و گونەهکار و ڕووسیاە و بێچارە... کامڵ بکەی. لەسەر عیلمی خۆت تەوفیقی بدەی، لە دونیادا موحتاجی نامەردانی نەکەی. لە قیامەت خەجاڵەتمەند و شەرمەساری نەکەی. بە ڕەحمەت و کەرەمی خۆت لەگەڵ والیدەین و ئەجداد و ئیخوان داخڵی جەننەتی بکەی، بە دیداری پڕ ئەنواری جەمالی حەزرەتی سەییدی کائینات شادیان بکەی، بە نوور و لیقای خۆت سەرئەفراز و نوورانییان بکەی.

هەر کەسێکیش دۆعایێ بۆ ئێمە بکا خوداوەندی عالەم ڕەحمیش بەوی بکا.

(صد هزاران صلاة وسلام باد برشافع أنام وآل وأصحاب کرام.)

(آمین یا رب العامین)

کتبه(١٧) وألفه عبدالعزیز بن أحمد بن محمد بن عبدالعزیز بن محمد البردرشي الباني بقصبة ساوجبلاغ لیلا، في سنة ١٢٩٥، في (ال) شهر الذی قتل (فیه) أحد من السبطین. آه.

عقیدەء کردي را گفته اند، لکن در بسیار جا موافق حدیث نبوی نبود، ودر بعض جا بسیار ترك دارد. این حقیر فقیر بی بضاعت به موافق حدیث و شرع بی ملاحظهء عقیدهء آنها این عقیده را گفتیم و قلمی نمودیم تا آنکسش بخواند و عمل بدان کند إسلام و إیمان

---

(١٧) تەرجەمەی ئەم وتەی دوایی ئاوایە:

(عەبدولعەزیزی کوڕی ئەحمەدی کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولعەزیزی کوڕی محەمەدی بەردەڕەشیی بانەیی لە شەوێکدا – یا لە شەودا– لە قەسەبچەی سابلاخ دایناو نووسییەوە. لە ساڵی ١٢٩٥ی کۆچیدا لەو مانگەدا کە یەکێك لە کچەزایانی تێدا کوژرا. (مەبەستی مانگی موحەڕەمە).

أو كامل باشد و دعای خير بجهة جامع اين حروفها بنمايد. والله أعلم بالصواب(١٨) عزيز.

كاكە حەمەبۆر دوای خوێندنەوەی ئەم باسە ڕای هاتە سەر ئەوە كە ئەو نامیلكە فارسییەیش هەر دانراوی (عبدالعزیز)ە و ئەو بەیتە شیعرەی كە من بە بەڵگەی مەبەستەكەمی دەزانم بە لای ئەوەوە وایە كە (عبدالله) نییە و (عەبدی ئەڵڵاهی كەریم)ە ئەمەیش بەیتەكەیە.

عفو كن يا رب بجاه مرسلين
ناظم جامع بر اين اركان دين
عبد مذنب (عبدالله كريم)
چشم غفران دارد از رب رحيم

بەڵام لە دوای ئەم بەیتانەوە عەبدولعەزیز خۆی دەڵێ:

عبد مذنب كاتب اين حرفها
دارد (اوهم) چشم رحمت از خدا
ای خداو خالق رب كريم
عفو كن عصيان محزون أثيم

***

بۆیە من لەسەر قسەی خۆم دەمێنم و لام وایە ئەم (او هم)ە كە مانای (عەطف) دەگەیەنێ باسەكە بە لای ڕاكەی مندا دەشكێنێتەوە(*).

(١٨) تەرجەمەی ئەم وتەی دوایی ئاوایە:

عەقیدەی كوردی گوتراوە (واتە: عەقیدەی تر بەكوردی دانراوە) بەڵام لە زۆر جێگەدا موافیقی حەدیثی نەبەویی نەبووە، هەندێ جاریش زۆری لێ بوێرراوە. ئەم هەژاری بێچارەی كەم بارە بە گوێرەی حەدیث و شەرع و، بێ گوێدان بە عەقیدەی ئەوان(*) ئەم عەقیدەم گوت و نووسیم، تا هەر كەسێ بیخوێنێتەوە و عەمەلی پێ بكا ئیسلام و ئیمانی تەواو بێت و، دۆعای خێریش بۆ كۆكەرەوەی ئەم حەرفانە بكات. ڕاستیش خوا دەیزانێ. عەزیز.

(*) لێرەدا بەسەر ئەوەدا ناڕۆم كە دانەر خۆی پێش ئەم نامیلكەی خۆیە نامیلكەیەكی عەقیدەی فارسی بە شیعر نووسیوەتەوە، كە دانراوی عەبدوڵڵا كەریم ناوێكە، دوای بەراوردكردن وا دیارە كە ئەم نامیلكە كوتومت لەو وەرگیراوە و، لە یەك دوو جێگەدا نەبێت جیاوازییەكی ئەوتۆیان نییە.

(*) ئەم قسانە لەكاتی چاپی یەكەمدا كران و منیش ئێستە وەك خۆیان هێشتمنەوە، هەرچەند وەك نووسیم، گەلێ زانیاریی تازە خرایە سەر باسی ژیانی ئەم مامۆستاو بنەماڵەو دانراوەكانی و بەرهەمەكانی.هه

**دواقسەم:**

ئەم دەقانە بەشی زۆریانم لەبەر نوسخەی پوخت و دروست و بیّ هەڵەدا نەنووسیوەتەوە، گومانم لە زۆر جێگەیاندا هەیە، بەڵام هەر ئەوەم لەدەستدا بوو و هەر ئەوەم پیّ کرا کە کردم.

هیوادارم رۆژێك لە رۆژان نوسخەی پوخت و دروستی دی دەستبکەون و ئەم دەقانە بە لێکۆڵینەوەی زانستیانەوە جارێکی دی بڵاو بکرێنەوە.

# ناوەرۆك


پێشەكی ........ ٥

وێنەی دەستخەت ........ ٨

وتەیەكیش لەسەر دەستخەتی كوردی ........ ٢٤

باسێكی دەستخەتی بەشێك لەم دەقانە ........ ٢٦

بەشی یەكەم ........ ٢٩

مەهدی نامە ........ ٣١

پێشەكیی چاپی دووەم ........ ٣٣

دانراوەكانی ئیبنولحاج ........ ٣٦

ئەو نامەی ماجستێرو دوكتۆرانەی لەسەر دانراوەكانی ئیبنولحاجی خاوەنی مەهدی نامە.. ........ ٣٨

پێشەكیی چاپی یەكەم ........ ٣٩

ناوەرۆكی نامیلكەكە ........ ٤٦

باوەڕ بە ڕۆژی قیامەت ........ ٤٦

نرخی ئەم نامیلكە ........ ٤٧

دەسنووسی یەكەم ........ ٤٨

چۆنیەتی ساخكردنەوەی ........ ٤٩

دەسنووسی دووەم ........ ٥١

ئیبنولحاج كێیە؟ ........ ٥٢

هذا رسالهٔ مهدی نامهٔ كردی لعالیجناب ملا محمد الملقب بابن الحاج. ........ ٥٥

تذكرة العوام ........ ٩٥

پێشەكیی چاپی دووەم ........ ٩٧

ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بیڵێم ئەوەیە ........ ٩٨

باسی سەرچاوەكان ........ ٩٩

چەند سەرنجێك ........ ١٠٠

پێشەكیی چاپی یەكەم ........ ١٠٢

باسێكی دەستخەتەكانی تذكره العوام ........ ١٠٥

ناوی ئەم نامیلكەیە ........ ١٠٨

كاری من لەم نامیلكەدا ........ ١٠٨

ژیانی دانەر ........ ١٠٩

وێنەی دەستخەتی مەلا محەمەدی سیوچی جەفایی ........................ ١١١
هذا رسالە؏ تذکرة العوام ........................ ١١٥
وەفاتنامەی پێغەمبەر –د.خ– ........................ ١٥٩
پێشەکی ........................ ١٦١
کاری من لەم دەقەدا ........................ ١٦٢
هەندێك وشەی ناو ئەم دەقە ........................ ١٦٢
هەندێك وشەی رێنووسی ناو دەقەکە ........................ ١٦٤
مێژووی ئەم دەقە ........................ ١٦٥
وەفاتنامە ........................ ١٦٥
ناوەرۆکی وەفاتنامەکە ........................ ١٦٦
وەفاتنامەی پێغەمبەر –د.خ– ........................ ١٦٧
بەیتی حسەین ........................ ٢٠٧
بەیتی شێخ جافر ........................ ٢٢٧
بەیتی شێخ جافر –سەرەتا– ........................ ٢٢٩
بەیتی شێخ جافر –دەقەکە– ........................ ٢٣٠
هۆنراوەی صەلەوات ........................ ٢٤١
صەلەواتنامەی ئەحمەد ........................ ٢٤٣
صەلەواتنامەی ئەحمەد –دەقەکە– ........................ ٢٤٤
کۆتایی صەلەواتنامەیەکی دی ........................ ٢٥١
دەقێك لە مەنظوومەی صەلەوات ........................ ٢٥٣
بەیتی خالید پاشا ........................ ٢٥٩
سەرچاوەی ئەم بەیتە ........................ ٢٦٢
باسێکی دەستخەتەکەی مامۆستا ........................ ٢٦٢
بەیتی خالید پاشا ........................ ٢٦٥
بەیتی میر یەحیا ........................ ٢٧٩
پێشەکی ........................ ٢٨١
ئەم نامیلکەم چۆن نووسییەوە؟ ........................ ٢٨٢
بەیتی میر یەحیا –دەقەکە– ........................ ٢٨٣
بەیتی دەروێش مصطەفا ........................ ٢٩٩
دەروێش مصطفی فرماید ........................ ٣٠٢
بیت الحشر ........................ ٣١١
بیت الحشری شەوقی ........................ ٣١٣

بيت الحشر شوقی راست مشهور به (عبازاده) است ..................................... ٣١٤
بەشی دووەم ..................................... ٣٢٣
پەخشانی کوردی ..................................... ٣٢٩
هذا رسالە[٤] عقاید از کلام سید طه شمزینی ..................................... ٣٠٥
عەقیدەی مەولەویی بە پەخشانی کوردی ..................................... ٣٣٦
باسێکی دەستخەتەکە ..................................... ٣٣٨
دەقەکە ..................................... ٣٤٠
عەقیدەی کوردی دانراوی عەبدولعەزیزی بەردەڕەشی بانەیی ..................................... ٣٤٩
ژیاننامەیەکی نوێی عەبدولعەزیزی دانەری عەقیدەی کوردی ..................................... ٣٥١
سەرچاوەی زانیارییەکان دوو جێگەن ..................................... ٣٥٢
سەرەتای چاپی یەکەم ..................................... ٣٥٤
بایەخی ئەم نامیلکە لەوەدایە ..................................... ٣٥٤
عەقیدەی کوردی ..................................... ٣٥٥
دواقسەم ..................................... ٣٦٤